# سەفەری
# ڕەش

## (( كۆژانی دەربەدەری و
## ئاوارەیییە ))

ئیسماعیل تەنیا

هەولێر ٢٠٠٢

* سەفەری ڕەش ((کۆژانی دەربەدەری و ئاوارەیی‌یە))
* ئیسماعیل تەنیا
* کۆمپیوتەری دەریا
* چاپخانەی (( ))
* تیراژ: (٥٠٠) دانە
* چاپی یەکەم
* ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی ( ) ساڵی ٢٠٠٢

# پێشکەشە بە :

– دایکی خۆشەویستم ((فاتیمە عەبدوڵڵا گۆمەشینی))

– (ژۆڤان)ی کچم و (بارۆڤ)ی کوڕم

# پێشەکی

سەفەر کردن، بۆتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی تاکی کورد، چەندان گیروگرفت و ئارێشەی کۆمەلآیەتی لێ کەوتۆتەوە. . . ئەگەر لەساڵەکانی بەرایی ئەم لێشاوەدا، بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو، باسی لێوە نەکرابێ، ئەوا ئەمڕۆ، لەکوردستان دا، لێپرسراوو دەزگا حکومیو حزبیو ئیدارییەکان بەڕاگەیاندنەکانیشەوە، سەرقاڵی باسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیەن.

دیاردەکە، ناکرێ پشت گوێ بخرێو بەهەند هەڵنەگیرێ.. . هەر لەم ڕوانگەیەوەش، من وەك تاکێکی کوردو کوردێکی کۆچبەر تاڵاوو کوژانی ئەم سەفەرەم چەشتووەو لەم ڕێگایەش دەیان دیاردەی پۆزەتیف و نێگەتیفم بینیوە.. . لەسەرەتای سەفەرەکەشمەوە، زانیاریو ڕووداوە گرنگەکانم یاداشت کردووەو نیازی ئەوەم هەبووە لەڕۆژگارێکدا بلاویان

بکەمەوە.. . پاش قوڵبوونەوەو ڕۆچوون بەناخی ئەم بابەتەدا، دەیان سەرچاوەو بەڵگەنامەم، بۆ تۆکمە کردن و پشت ڕاست کردنی باسەکەم پەیدا کردووەو سوودم لێ بینیوون و وەك سەرچاوە بەکارم هێناون.

هەندێك لەبەشەکانی ئەم کتێبە، بەکورتی، لەچەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی وڵات و دەرەوەدا، بڵاوم کردوونەتەوە، ئەمڕۆش، پاش فراوانکردن و بەدواداچوونی زێتر، دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

وەنەبێت ئەم کارەی من، تاکە کار بێت، لەبواری کۆچ و سەفەردا.. . بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستمدان، چەند برایەکی تر لەم باسە دواون و بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، جا چ وەك ووتاری ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکان، یان لەدووتوێی کتێب دا بوو بێت.. . کە گرنگترینیان ئەم دوو کتێبەن:-

١-کۆچ و سەفەر، ئاسۆ جەبار، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢-دیاردەگەرایی تاراوگە (لێکۆڵینەوەیەکە لەژیانی پەنابەران)، ڕێبوار سیوەیلی، ستۆکهۆڵم.

کتێبەکەی یەکەمم دیووەو وەك سەرچاوەش، لە زۆر شوێندا سوودم لێ بینیووەو ئاماژەم پێ کردووە. بەڵام ئەوەی کاك (ڕێبوار)م نەبینیووەو تەنها وەك ناوونیشان، لەدوالاپەڕەی (کتێبی نالی- ڕێبوار سیوەیلی)م خوێندۆتەوە.

هەڵبەتە، لە هەر باس و لێکۆڵینەوەیەکیشدا، سەرنج و بۆچوونی جیا جیا دەخرێنە ڕوو، مەرج نییە کاك (ئاسۆو ڕێبوار) ئەم کارەیان کردووە،

ئیدی نابێ کەسی تر تخوونی ئەم باسە بکەوێت.. . بەبەراوورد کردنیش، بابەت و بۆچوون و سەرنجەکانی، هەریەکێك، لەمن و کاك (ئاسۆ)، لەیەکتر جیاوازن و ئەو دیاردەیەش، ئەوەندە دەهێنێ، زێتری لەسەر بگوترێو بنووسرێو ڕێگا چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

من، بابەت و ناونیشانەکانی ناو کتێبەکەم لەیەکتر جودا کردوونەتەوەو هەوڵم داوە، بەپێی پێویست لەسەریان بدوێم. . .

لەبەراییدا، زۆر بەکورتی، لەسەر ڕەنگدانەوەی کۆچ و سەفەر لەژیانی پێغەمبەران و شارستانیەتەکان و سەرکردەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و گەلانی دنیاو هزرمەندان دواوم. لەقۆناغەکانی کۆچکردنیشدا، هەوڵم داوە، ناوبڕەیەك بۆ لێشاوی کۆچ دروست بکەم، زێتریش جەختم لەسەر سەدەی ڕابردوو -سەدەی بیستەم- کردۆتەوەو کردوومەتە پێنج قۆناغ.. . بەفراوانیش لەسەر هۆیەکانی سەفەر دواوم و بۆ شوێنی پێویست سەرچاوەی جۆر بەجۆرم بەکارهێناوە. هۆکارەکانم لەم خاڵانەدا پۆلین کردووە:-

أ- ڕامیاری: وەك" شەڕی درێژخایەنی ڕژێم دژ بەکورد، نەبوونی ئاسایش و ئاسوودەیی، پیلانە تیرۆریستیەکانی ڕژێم، پێشێل کردنی سنوورەکانی کوردستان (هەرێم) لەلایەن داگیرکەرانەوە، شەڕی ناوخۆو پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ، کۆڕەو.

ب- ئابووری، وەك" دابەزینی نرخی دراوی عێراقی، نەبوونی کار،

گەمارۆی ئابووری، کەمی موچەو گرانـی شـت و مـەك، خۆشـگوزەرانیو دابینکردنی ژیانی دوارۆژ.

جـ- کۆمەلاّیەتی، وەك:- تیرۆر کردنـی ژنـان، نـەبوونی ئـازادی تاکـە کەسی، چاولێکەری، نەبوونی شوێنی کات بەسەربردن، بێکاری، بـەرتیل و واسیتەکاری لەدام و دەزگا حکومیییەکانی هەرێم، بلاّوبوونەوەی جۆرەهـا نەخۆشـی، داوەت کـردن، چەوسـاندنەوەی کۆمەلاّیـەتی، دەزگاکـانی راگەیاندن، گۆرانیبێژەکانی دەرەوە.. .

لەسەرە باسێکی تردا، هەولّم داوە، لایەنە بـاش و خراپـەکانی کـۆچ و سەفەر لەیەکتر جیا بکەمەوەو ڕەنگدانەوەی هەر لایەنێکیان لەسەر ژیـانی کۆمەلّگای کوردەواریـدا دیـاری بکـەم. ڕێگاکـانی سەفەریـشم، بـەپێی تاقیکردنەوەی خۆم و ئەو خەلّکە زۆرەی دەرەوە، کردۆتە چـەند بەشـێکی وەك: (ڕێگـای قاچـاغ، ڕێگـای ڕەسمـی، ڕێگـای دەریـا). لـە هـەر بەشێکیشیاندا، بەچەند خالّێکی جیا جیـا باسـم لـەم ڕێگایانـە کـردووەو سنوورەکانم دیاری کردوون.

لەباسێکی تردا، باسی ڕۆلّـی ئـەو خەلّکـەی دەرەوەم کـردووە، چ وەك لەشکرێکی ئابووری بۆ بەهێزکردن و دابین کردنـی ژیـانێکی ئاسـوودە بـۆ خەلّکی کوردستان، یان وەك کاریگەرییان لەسەر سەنتەرەکانی بڕیاردان و بەقازانج شکانەوە، بۆ بەرژەوەندی نەتـەوەی کـورد.. . جگـە لەمانـەش، لەڕێگای دامەزرانـدنی کـۆڕو کۆمەلّـەو دەزگاکانـدا، کاریگـەری ئـەوانم

دەستنیشان كردووە. هەروەها بەهێنانـەوەی چـەند نموونەیـەك، لـەگۆرانی هاوچەرخی كوردیو زنجیرە تەمسیلیو كورتە فلیمێك، ڕەنگدانـەوەی ئـەم دیاردەیەم لەسەر ئەم چمكەی ژیانی نەتەوەی كورد، لەم قۆناغەدا، دیاری كردووە.

چەند سەرە باسـێكی تـریش، دوورو نزیـك، پەیوەنـدییان بـەم بابەتـەوە هەیــەو لەئــەنجامی ئــەو ســەفەرەدا لــەدایك بــوون. وەك" دیــاردەی ڕەگەزپەرستی لەئەوروپادا، باری ژنـان و خێـزان، كـوردە پەراگەنـدەكانی دونیا، تـورك لـە چ ڕوانگەیەكـەوە سـەیرمان دەكـەن، هەنـدێك ووشـەی هاوبەش لەنێوان زمانەكانـدا، سـەربردەی سـەفەرەكەی (سـەمیر غـەریب سەمیر).

بـۆ هـەر سـەرە بـاس و ناوونیـشانێك، هـەولّم داوە نموونـەی زینـدوو، سەرچاوەی دروست بەكار بهێنم.. نـاوەڕۆكی بابەتـەكانیش، پەیوەندیـەكی بەهێزو پتەویان بەژیانی خەڵكی ئاوارەو پەناهەنـدەوە هەیـە، بۆیـە نـاكرێ فەرامۆش بكرێن.. .

سەربردەی سەفەرەكەی (سـەمیر غـەریب سـەمیر)یـش، یەكێكـە لـەو سـەربردە زیندوانـەو، كـۆژانی سـەدان هـەزار كـوردی كۆچـبەرە.. . وەك نموونەیەكی واقیعی، زۆر بەڕوونیو ڕاشكاوی، باسـی یـەكێك لـەڕێگاكانی دەرچوون لە (ئەلف)ەوە تـا (ێ)، دەكـات و بـۆ دەرس و پەنـد وەرگـرتن، خستوومەتە ناواخنی كتێبەكە.. .

لەکۆتاییــشدا، پــەراوێزەکانم ڕیزبەنــد کــردووەو دواتــر بەشــێوەیەکی سەربەخۆ، سەرچاوەکانم تۆمار کردوون..

بۆیەش سەفەرەکەم، بە (سەفەری ڕەش) ناوزەد کردووە، چونکە"-

١ -لەڕێگای ئەم سەفەرە قەدەر ئامێزەو چارەنووس وونەدا، سەدان کـەس گیانی خۆیان وون کردووەو بوونەتە قوربانی ڕێگای هات و نەهات.

٢ -ئەزموونی خۆم لەم سەفەرەدا، ئەزموونێکی ڕەش و پڕ لەزیان و ماندوو بوون بووە.. .

٣ -مادام ئەم سەفەرە گیـان بەخـشینی تێدایـە، ئـەم گیـان بەخـشینەش بەهیچ قازانجێك، قەرەبوو ناکرێتەوە.

لەدواجاریــشدا، هیــوادارم، خوێنــەری ووریــاو بەدیقــەت، بابەتەکــە هەڵسەنگێنن و ئەو بۆچوونانەی لەئەنجامی خوێندنەوەدا، لەلایان دروست دەبێت، بە ڕاشکاوی بلاوی بکەنەوە.. .

لەپێشەکیشدا، من مەمنوونیانم .. .

**ئیسماعیل تەنیا**

**حوزەیرانی ٢٠٠٢ - ئەڵمانیا**

# سەرەتایەك . . .
# بۆ دیاردەی کۆچ و سەفەر

سەفەر کردن و سەر هەڵگرتن، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر، لەپێناو خۆش گوزەرانیو درێژەدان بەژیان، دیاردەیەکی بەرچاوو تایبەتە بە ژیانی هەموو گیانلەبەرانی سەر زەمین.. . دەتوانم بڵێم، لەگەڵ پەیدا بوونی ژیان لەسەر گۆی زەوی، ئەو دیاردەیەش سەری هەڵداوە. باڵندەکان، لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەواو ساردیو گەرمی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کۆچ دەکەن و هەندێکیان بە باڵندە کۆچکەرەکان، بەناوبانگن.. . زۆر لەئاژەڵ و گیانلەبەری کێویش، بۆ ڕاهاتن لەگەڵ کەش و شێوەی بەرزیو نزمی زەوی لەوارێکەوە بۆ وارێکی تر کۆچ دەکەن.. . زۆر جارانیش، ئەو ئاژەڵە کێوییانە، بەهۆی ڕاوکردن و تەق و تۆق و هەڵگیرساندنی شەڕ لەدەڤەرەکەیان، بەبێ ویستی خۆیان شوێنەکانیان چۆڵ دەکەن و بەرەو هەوارێکی تر ڕەو دەکەن.. .

مرۆڤیش، لەوەتەی پێی ناوەتە سەر ئەو زەوییە پڕ لەئاشووبە، تووشی ڕاگواستن و گێرمەو کێشەی کۆچ و سەفەر بۆتەوە.. . بڵاوبوونەوەی شارستانیەتەکان و فراوان بوونی قەڵەم ڕەوەکانیان، دیاردەی کۆچ و سەفەری لەگەڵ خۆیدا هێناوە. هەموو ئیمپراتۆریەتەکان، بەهۆی داگیرکردن و نیشتەجێ

کردنی خەڵکێکی ڕاگوێزراو، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، درێژەیان بەفەرمانڕەوایەتی خۆیان داوە.

مێژووی ئایینە کۆنەکان و پێغەمبەرانیش، بەدەر نیيە لەم دیاردەیە. حەزرەتی موسا، لەبڵاوکردنەوەی ئایینەکەیدا، بەربەرەکانیەکی زۆر کراوە.. . هەر بۆیە، کاتێك ((فیرعەون)) تاو بۆ (موسا) دەهێنێو ناچاری کۆچکردنی دەکات، موسا بەخۆیو بەشەش سەد هەزار کەس، لەژن و پیاوو منداڵەوە، میسر بەجێ دەهێڵن و لەدەریای سوور دەپەڕنەوەو بەهۆی کۆچانەکەیەوە دەبێتە خاوەن موعجیزە. هەروەها پێغەمبەران، یوسف و سلێمان و زەردەشت و.. .. هەر بەکۆچکردن، توانیوویانە، پەیامەکانیان، بڵاوبکەنەوە.

پێغەمبەری ئیسلامیش، (محەمەد - د.خ) کاتێك دەیەوێت ئایینی ئیسلام بڵاوبکاتەوە، لەلایەن ئەهلی قورەیشەوە تووشی ئەشکەنجەدان و گاڵتە پێکردن و بەربەرەکانی دەبێتەوە. بۆیە بەناچاری شوێنی لەدایکبوونی خۆی، شاری (مەککە) جێدەهێڵێو بەرەو شاری (مەدینە) کۆچ دەکات. ئەو کۆچەی (محەمەد - د.خ)، گۆڕانێکی گەورەی لەژیانی نەتەوەی عەرەب و ئیسلامدا، دروست کردو، لەو ڕۆژەوە، مێژووی کۆچی (تأریخ هجری) هاتە ناو ناوان و بووە مێژوو. هەروەها جوولەکەکان، لەسەردەمی بابلیەکاندا، پەنجا هەزارێکیان، بەگەشتێکی درێژخایەن و پڕ لەمەینەتی، بابلیان جێهێشت و چوونە شاری (قودس). سەلاحەدینی ئەیوبی، بەهۆی کۆچ و شەڕەکانیەوە، لاپەڕەیەکی بەرچاوی لەمێژووی ئیسلام و دنیادا تۆمار کردووە. هەروەها گەلانی ئیسپانیاو ئینگلیزو ئەڵمانیاو تورکە عوسمانییەکان، بەهۆی کۆچەوە، بوونەتە خاوەن شارستانیو کیانی سەربەخۆ.

کۆچ و سەفەر، ڕۆڵێکی مەزنی بینیووە، لەناودەرکردن و بڵاوبوونەوەی شوهرەتی ناوداران و سەرکردەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا.. . مارکس و

نەهرۆو غاندیو گیڤاراو دیگۆل و.. . بەهۆی درێژەدان بەخەبات و جێ گـۆڕکێ، پەیامەکانیان بڵاو کردۆتەوەو چوونەتە ناو لاپەڕەکانی مێژوو. هەروەها لەبواری فیکرو ڕامانیشدا، جێگۆڕکێو سـەرهەڵگرتن، جـێ پەنجـەی تـەواوی دیـارە، بەسـەر داهێنانەکانی هۆمیرۆس و ئەفلاتون و ئەرستۆو جان جاك ڕۆسۆو هۆگۆو بۆدلێرو ڕامبۆو لەئەدەبیانی عەرەبیشدا، شاعیرانی وەك" (إيليا أبو ماضي و جبران خليل و ميخائيل نعيم) بەهۆی سەفەرەکانیانەوە بە (شعراء المهجر) ناویان دەرکرد.

هەروەها زۆربەی هەرە زۆری گەڕیـدەو ڕۆژهەڵاتناسـەکان، بـەهۆی کـۆچ و سەفەرکردنیان توانیوویانە، زانیاری تەواو لەسـەر گـەلانی ڕۆژهـەڵات و داب و نەریت و جوگرافیای وڵاتەکانیان بڵاوبکەنـەوەو بوونەتـە (حەڵقەیـەکی وەصـڵ) لەنێوان نەتەوەو کولتوورە جیاوازەکاندا.

لەمێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیـشدا، کـۆچ و سـەفەر، کاڵایەکـەو بـەباڵای زۆربـەی هـەرە زۆری سـەرهەڵدان و بزووتنەوەکانـدا بـڕاوە. (بـارزانی نەمر)، بەهۆی کۆچەکەی بۆ سـۆڤیەت، دەنـگ و سـەدای کـوردی زێـتر بـەدنیا ناسـاند. لەمێـژووی ڕۆژنامەگـەریو ئـەدەبیانی کوردیـشدا، یەکـەم ڕۆژنامـە (کوردستان ١٨٩٨/٤/٢٢)، هەر لەپەراوێزی ئاوارەییەوە لەدایك بـوو و بـووە سەرەتایەك بۆ (مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی).

کۆچـەکەی (نـالی)و (حـاجی قـادر)یـش، نەخـشی دیاریـان هەیـە لەسـەر شیعرەکانیاندا.. . لەمێژووی نوێو تازەشدا، شاعیری گەورەو هاوچەرخی کورد (شێرکۆ بێکەس)، زۆربەی چامە درێژەکانی، لەدەرەوە لەدایك بووینـەو کـۆژانی ئاوارەییو دوورە وڵاتیان پێوە دیارە.. .

بەکورتیو بەکوردی، کۆچ و سەفەر، دیاردەیەکی مێژوو کـردەو کاریگـەریو ڕەنگرێژی تەواوی هەیە لەسەر ژیان و، ناتوانین باسی لێـوە نەکـەین و بیخەینـە پەراوێزەوە.

# قۆناغەکانی کۆچکردن

نەتەوەی کورد، لەبەر ئەوەی خاوەن دەوڵەتێکی دان پیانراو نـەبووە، لەلایـەن داگیرکەرانەوە، لەهەموو قۆناغـە جۆر بەجۆرەکانی ژیانیدا، تووشی کوێرەوەری‌و دەربەدەر کردن و ڕاگواستن بووە.. . ئەگەر سەیری مێژووەکەی بکـەین، لـەهیچ قۆناغێکدا، ئارامی‌و ئاسـوودەیی بەخۆیـەوە نـەدیووە. جـا لەبــەر ئـەوە، زۆر زەحمەت و ئەستەمە بێین و قۆناغەکانی کۆچـی کـوردان دەستنیـشان بکـەین. بەبۆچوونی مـن، ئەوەی تائێستاکە ئەنجامدراوەو دەستنیشان کـراوە، جگـە لـە بۆچوونی تایبەتی‌و تۆمار کردنی بەشێك لەکوێرەوەرییەکان، شتێکی تر نییە. ئەگەر، ئێمە تەنها لەسەدەی بیستەمەوە دەست پێ بکەین، ڕوو بەڕووی دەیـان ڕووداوی بەزۆر کۆچپێکردن و ڕاگوێزان و ئاوارە بوون دەبینەوە.. .

لەسەروبەندی کزبوون و داتەپینی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌دا، بەتایبـەتیش لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیـستەمدا، بەسـەدان کـورد، لـەخاکی بـاب و

باپیرانیـــان، لەکوردســـتانی بـــاکووردا، بـــەهۆی زەبـــرو زەنـــگ و توونـــدو تیـــژی داگیرکەرانی تورکەوە، زێدی خۆیان جێهێشت و روویان لەولاتی لوبنان کرد.. . پاش هەڵگیرسان و خامۆش کردنی شۆڕشی (شێخ سـەعیدی پـیران)یـش، دام و دەزگای رژێمی (ئەتاتورك) بەدڕندانەترین شێوە کەوتـە گیـانی شۆڕشـگێڕان و قەتل و عام کردنیان.. . بۆیە بەشێکی زۆری خەڵکـە ڕاپەڕیوەکـەی دیاربـەکرو دەوروبەری، بەناچاریو بەکۆمەڵ، بەرەو لوبنان کۆچیان کرد[1].

لەکوردســـتانی باشووریـــشدا، (پـــاش یەکـــەم ڕاپـــەڕینی بـــارزان "١٩٣١-١٩٣٢ز"، شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفاو هەموو خزم و خێزانیان هـەتا ساڵی ١٩٤٠ی زایینی بەدوورخراوەیی لەناسریە مابوونـەوەو دواتـر بـۆ شـاری سلێمانی ڕاگوێزران)[2].

هەروەها کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، بێ بەری نەبووە، لەبەرخودان و ڕاپـەڕین و تێکۆشان، لەبەرامبەر ئەوەشـدا، ڕژێمـی شاهەنـشاهی (حەمـە ڕەزا شـا)، بەتوونترین شێوە، بەرەنگاری ئەم ڕابوونە بۆتـەوەو هەرچـی لەدەسـتی هـاتبێ کردوویەتی، بۆ خامۆش کردنـی خـەڵکی ڕاپـەڕیو.. . یـەکێك لـەو سیاسـەتە چەپەڵانەی کە پەیڕەوی دەکرد، سیاسەتی دەربەدەر کردن و پـەرش و بڵاوکردنـی کوردەکان بوو لەزێدو مەفتەنی خۆیان.

ڕەزا شـا، (لەرێبەنـدانی ١٣١٦ هەتاویـدا - ١٩٣٧زایینـی- ئیدارەیـەکی بـەناوی "ســازمان پـرورش افکـار" دامەزرانـد. لـەپێڕەو کردنـی سیاسـەتی شۆوێنیستانەیدا دەیان هەزار کوردی لەکوردسـتان هەڵقەنـد، لەمازەنـدەران و خوراسان و ناوەندی ئێرانێ پەستاوتن، بەئەنقەسـت تورکـەکانی لـەجێی ئـەوان دانا، بەو کارە لەنێوان دوو نەتـەوەی دراوسـێ ئـاگری دژایـەتی قـەومی خـۆش کرد)[3].

دووباره لەکوردستانی باشووردا، بارزانییەکان، دەستیان کردەوە ڕاپەڕین و تێکۆشان دژی پاشایەتی ئەو سەردەم.. . لەکاتێکدا، بەریتانیا سەرقاڵی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، بارزانییەکان، سەرکەوتنی گەورە گەورەیان بەدەست هێنابوو. توانیبوویان، ناوچەی بارزان و دەوروبەری لەدام و دەزگای حکومی پاك بکەنەوە.. . بەڵام، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و، دەست بەتاڵ بوونی بەریتانیا، بەچەك و فڕۆکەو پسپۆڕی سەربازی دووباره کەوتەوە یارمەتی دانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق و تەنگی بەڕاپەڕینەکە هەڵچنی. بۆیە بارزانییەکان، کە ژمارەیان نزیکەی بیست هەزارێك دەبوو، بەگەورەو بچووك و ژن و منداڵەوە لە ١٩٤٥/١٠/١١دا، بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆچیان کردو لەوێ گیرسانەوە. چەکدارەکانیان، بەسەرکردایەتی بارزانی کەوتنە کۆمەك و یارمەتی دانی کۆماری مهابادو، ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی، لەپاراستن و بەرەو پێش بردنی کۆماری مهابادا. پاش ڕوخانی کۆماری مهابادیش، بارزانییەکان، بوونە دوو بەش. بەشێکیان، ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەو بەساڵداچووەکان، گەڕانەوە عێراق و، لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە لەسەرتاسەری کوردستاندا، هەر دوو سێ خێزان و لەدێیەکیان نیشتەجێو پەرش و بڵاوکردن.. . ئەوانەی تریش، کە ژمارەیان (٥٠٢) کەس بوو، بەسەرکردایەتی (بارزانی نەمر)، لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٧دا بەرەو سۆڤیەت کۆچیان کرد. بەبۆچوونی من، لەسەدەی بیستەمدا، ئەوە یەکەمین کۆچی بەکۆمەڵی کوردانە بەرەو هەندەران و ئەورووپا. لەوە بەدواوە، دەتوانین بەشێوەیەکی ڕوونتر، دەستنیشانی قۆناغەکانی کۆچی کوردان بەرەو هەندەران بکەین، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیان دەنوێنن.

١ -ساڵانی ١٩٥٨ -١٩٦٠: لەم یەك دوو ساڵەدا، پاش ڕوخاندنی ڕژێمی

پاشایەتی لەعێراقدا، دەرگای سەفەر ئاوەلا کرا بەتایبەتیش بۆ خوێندن. بەشێکی ئەو خەلکە کۆچکردووە، بەنیازی تەواو کردنی خوێندنی بالا، رووبان لەیەکێتی سۆڤیەت و ولاتانی ئەوروپا کرد.. . پاش تەواو کردنی خوێندن، هەندێکیان گەرانەوە ولات و ئەوانی تریش لەوێ مانەوە.

٢ -لەسالانی ١٩٦١ -١٩٧٠: پاش هەلوێست گۆرینی (عەبدولکەریم قاسم) بەرامبەر بەداخوازیەکانی گەلی کوردو هەلگیرساندنی شۆرشی چەکداری ئەیلول لەسالی ١٩٦١دا، دواتر هاتنە سەر کاری بەعسیە نەتەوە پەرستەکان.. .. ژیانێکی نائاسایی لەکوردستاندا خولقا، کە بووە هۆی سووتاندنی سەدان گوندو ئاوارە بوونی خەلك و کوشتنی بەکۆمەل و تالان و تەعریب و سوتماك کردنی کوردستان، لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە. ئەم وەزعە، ناوە ناوە کەمێك ئارام دەبۆوە، جار ناجاریش تاوی دەسەند.. . لەم حەدو سەدەشدا، خەلکێکی تر، بۆ پاراستنی گیان و، دابین کردنی ژیانێکی ئاسایی، رووبان لەهەندەران کرد. هەر لەم کاتەشدا، لەکوردستانی رۆژهەلات دا، شۆرشی چەکداری لەسالی ١٩٦٨دا هەلگیرساو بارەکەی ئەوێش زێتر نائارام بوو.. . رژێمی حەمەرەزا کەوتە گیانی خەلك و ناچاری کردن، بەشێکی زۆریان بەرەو هەندەران کۆچ بکەن.

٣ -پاش کارەساتی جەزائیر لەسالی ١٩٧٥دا: لەپاش خامۆش کردنی شۆرشی چەکداری چواردە سالەی کورد، بەپیلانێکی نێودەولەتیەوە، زۆربەی هەرە زۆری خەلکە راپەرپوەکە، بەئەمری واقیع رازی بوون و بەپیر بانگەوازی لێبووردنی گشتی رژێمەوە هاتن و گەرانەوە گوندو شارەکانیان و چەکەکانیان تەسلیم کردەوە.. . لەناو ئەو خەلکە تەسلیم بۆوەش، رژێمی بەغدا، بەشێکی زۆریانی دوورخستەوە بۆ باشووری عێراق. ئەو بەشەی تریش، لەبەر نەبوونی

متمانەو هەڵنەکردنیان لەگەڵ ڕژێم، ژیانی ئاوارەیی‌و دوورە وڵاتیان هەڵبژارد. هەندێکیان پەرت و بڵاوی شارەکانی ئێران کران، ئەوانەی تریش، بەماڵ و منداڵیانەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپاو کەنەداو ئەمریکا کۆچیان کرد.

٤ -ساڵەکانی ١٩٨٠ -١٩٨٨: هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق و ئێران لەئەیلولی ١٩٨٠دا، نەهامەتییەکی زۆری بۆ هەردوو وڵات هێناو هەردوو پارچەکەی کوردستانیش (ڕۆژهەڵات و باشوور)، بەشی ئەو نەهامەتیەیان بەرکەوت. خەڵکێکی زۆر، ڕازی نەبوون بچنە ڕیزەکانی سوپاو ببنە سووتەمەنی ئەو جەنگە گەورەو بێ چارەنووسە.. . هەر بۆیە، ڕوویان لەشاخەکانی کوردستان کردو، بەشێکیان لەوێوە، لەڕێگای ئێرانەوە چوونە ئەوروپا.. . کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش، بەهەمان شێوە، لەڕێگای عێراقەوە چوونە ئەوروپاو ئەمریکا.

هەر لەساڵی ١٩٨٠دا، کودەتای عەسکەری لەتورکیادا، بەسەرکردایەتی جەنەراڵ (کەنعان ئەڤرین) بەرپا بوو و ڕژێمی عەسکەرتاری هاتە سەرکار. کوردستانی باکوور، کەوتەبەر دڕندانەترین شاڵاوی عەسکەری‌و وێران کردن و کوشتن و بڕین.. خەڵکەکە ناچار بوون، گوندو شارو مەفتەنی خۆیان بەجێ بهێڵن. بەشێکی زۆریان بە ماڵ و منداڵەوە، ڕوویان لەشارە گەورەکانی وەك (ئەستەنبۆڵ و ئەنقەرەو ئەزمیرو ئەدەنە) کردو ئەوانی تریش، لەژێر ئەم ئەمری واقیعەدا مانەوە.. . هەندێکی تریش ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و ڕوویان لەئەوروپاو لوبنان کرد.

لەکوردستانی باشوور، لەگەرمەی بەهێز بوونی بزووتنەوەی چەکداری‌دا، شەڕی براکوژی لەنێو حزبە کوردستانیەکان هەڵگیرساو، وزەو توانایەکی زۆری ئەو خەڵکەی بەفیڕۆدا.. . خەڵکێکی زۆر، لەهەموو لایەنەکان، لەخەبات سارد

بوونـەوەو ڕازی نـەبوون، ئـەم شـەڕە ناڕەوایـە بکـەن و چـەکەکانیان دانـا. . . بەشێکیان، گەڕانەوەو تەسلیم بە ڕژێم بوونـەوەو بەشـەکەی تریـشیان، ڕوویـان لەهەندەران کرد.

پاش ڕووداوە جەرگبڕەکەی هەڵەبجـە لـە ١٦/٣/١٩٨٨و کۆتاهـاتنی شـەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و، شاڵاوی ئەنفالەکان و وێران کردنی پێنج هـەزار گوندو سەرلەنوێ کیمیاباران کردنی ناوچەکانی بالیـسان و جافـەتیو بادینـان، دیسان ژیان لە کوردستان زۆر بەزەحمـەت کـەوت. . هـەر کەسـێك لەلاڕێـدا بدیترابا، یەکسەر گوللەباران دەکرا. . شۆڕشـی چـەکداری کـورد، بـەرەو کـزی ڕۆیشت. . لەم ساتەوەختەشـدا، بەشـێکی زۆری خەڵکـە چـەکدارەکە، بـڕوای بەشۆڕشی چەکداری لاواز بوو و، تاك تاك و کۆمەڵ کۆمـەڵ، ڕوویـان لـەوڵاتانی ئەوروپاو ئەسکەندنافیاو پاکستان کرد.

٥ -لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا: پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقـەوە لـە ٢/٨/١٩٩٠داو دواتر شکست هێنان و دەرپەڕانـدنی، خۆپیـشاندان و نـاڕەزایی دەربڕین، لەباشووری عێراق و کوردستاندا سەری هەڵدا. لەئەنجامـدا، بەشـێکی زۆری خاکی کوردستان، لەدام و دەزگای بەغدا پاك کرایەوەو حـوکمڕانی کەوتـە دەست خودی کوردەوە. . ئەو خەڵکەی پاش کارەساتی هەڵەبجـەو ئەنفالـەکان چووبوونە دەرەوە، بەشێکیان گەڕانـەوە کوردسـتان. مخـابن، ئـەم بـارە لـەبارو ڕەخساوە، بۆ کورد درێژەی نەکێشاو، لەلایەن خودی کوردەوە، تووشی گرفـت و کۆسپ کرایەوە. شەڕی کوردکوژی لـەنێوان یـەکێتی نیـشتمانیی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـەفیعلی لـە ١/٥/١٩٩٤دا هەڵگیرسـا. . . لەئەنجامـدا، گـرتن و کوشـتن و ڕاوەدوونـانی ئەنـدام و هـەوادارانی یـەکترو، تاڵانکردنی ماڵەکانیان، لەلایەن هـەردوولاوە دەسـتی پێکـرد. وێـرای گـەمارۆ

ئابوورییەکەی نێودەوڵەتان و ڕژێم و، تەشـەنەکردنی برسـێتیەو گرانیــو قــات و قڕی، کە هێندەی تر، ژیــانی لەکوردسـتان، ئەسـتەم تـر کـرد.. . ئـەمجارەیان دیاردەی کۆچکردن، زێتر فراوان بوو.. . لەگەڵ توندو تیـژی شـەڕی براکوژیــو، پێکـدادانی ١٩٩٦/٨/٣١و شـــەڕەکانی دواتـــر، کۆچـــی بەکۆمـــەڵی کـــوردان، قۆناغێکی ترسناکی بەخۆیەوە دیت، کـە بـۆنی چـۆل بـوونی کوردسـتانی لـێ دەهات. ئەم دیاردەیە، وای لەڕۆژنامەنووسێکی سوێدی لەڕۆژنامـەی (مـیترۆ - Metro) کرد کە بنووسێت: (ئەوەی کە ئـەورۆ بەسـەر کـوردی عێراقـدا تێپـەڕ دەبێـت، ڕێـك بەپێـچەوانەی جوولەکەکانەوەیـە. ئـەوان سـالآنی ١٩٣٠و ١٩٤٠کان، هەموو سامان و موڵکی خۆیانیان لەکۆڵ خۆ دەکردەوەو ئـەورووپاو ئەمریکایان جێدەهێشت و بەهــەر شـێوەیەك بووایـە دەگەڕانـەوە ئیـسرائیل و وولاتیان چێ دەکرد، کەچی کورد هەرچی هەیە دەیفرۆشێت، هـەموو هـەوڵێك دەدات بۆ ئـەوەی ولاتەکـەی خـۆی جێبهێڵێـو بەهـەر شـێوەیەك بێـت بگاتـە ئەوروپا)[٤].

# هۆیەکانی کۆچکردن

بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچ لەنێو هەر نەتەوەو گەلێکدا، دەیان هۆکار هەیە، کەوا لەتاکەکانی کۆمەڵ دەکات سەری خۆیان هەڵبگرن و بەرەو چارەنووسی نادیار بەڕێ بکەون. ئەم خەڵکە، لەپێناو مانەوەو درێژەدان بەژیان، ئەم ڕێگایە دەگرنە بەر. . . بۆ کۆچی بەکۆمەڵی کوردانیش، هەڵبەتە دەیان هۆکارو بیانوو هەیە، کە بەرقەرار بوونی ئەم دیاردەو، زەمینە خۆشکردنی، پشت ڕاست دەکەنەوە. بەبۆچوونی ئێمە -ئەگەر زۆربەشی نەبێت- ئەوا بەشێك لەم هۆکارانە، خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەنوێنێ" -

## أ - ڕامیاری:

بەهۆی دابەشبوونی کوردستان و نەبوونی قەوارەی نەتەوەیی، هیچ کاتێك پارچەکانی کوردستان، ئارامیو ئاسودەیی بەخۆیەوە نەبینیووە. ئەوە، وێرای

چەوساندنەوەی بەردەوامی لەلایەن داگیرکەرو نەتەوە بالادەستەکانەوە. هۆکارە رامیارییەکانیش زۆرن. لەوانە" -

**١-شەڕی درێژخایەنی ڕژێم دژ بەکورد :** لەکوردستانی باشووردا، لەوەتەی دەوڵەتی پاشایەتی عێراق دامەزراوە، بزووتنەوەی کوردیش، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەخەبات و درێژەدان بەشۆڕشی چەکداری.. . ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، هیچ کاتێك ئامادە نەبووینە، لەسەر مێزی دانوستاندن، دان بەمافە ڕەواکانی کورد بنێن. هەردەم تاکە چەکی دەستیان هێرشی دڕندانەو سەرکوت کردنی کورد بووە بەهەموو شێوەکانیەوە.

بەرەنجامی ئەم کردەوانەش، کوشتنی بەکۆمەڵ و وێران کردنی دێهات و سوتاندنی ڕەزو باخ و تەبارەی گەنم و جۆی جووتیاری کوردی لێ کەوتۆتەوە.. . سەرەڕای ئاوارە بوون و سەرهەڵگرتنی بەشێکی زۆری کورد، چ بۆ شارە گەورەکانی کوردستان یان بۆ دەوڵەتە دراوسێکان و وڵاتانی تری جیهان. خۆ شەڕە هەشت ساڵییەکەی عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، نابێ فەرامۆش بکرێ.

هەروەها ئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی بێ دیفاع لەهاوینی ١٩٨٣و بۆردمان کردنی هەڵەبجەی شەهیدو زنجیرەکانی ئەنفال لە ١٩٨٨دا کە زێتر لە ١٨٢ هەزار کوردی لەژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە شەهیدو بێ سەرو شوێن کرد.. . کاتێکیش کە ڕاپەڕینی ١٩٩١ نشووستی هێناو، ڕژێم شارەکانی کوردستانی گرتەوە، بەهەزاران هاووڵاتی نەیانتوانی شارەکان بەجێ بهێڵن و ڕژێم دەستگیری کردن، کە هەتا ئێستاکەش چارەنووسیان نادیارە.

**٢-نەبوونی ئاسایش و ئاسوودەیی :** هەرچەندە لەپاش کۆچە بەکۆمەڵەکەی کوردان، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، لەلایەن کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتییەوە، بەشێوەیەکی ڕەسمی ناوچەیەکی ئارامیان بۆ کوردستانی باشوور دابین کرد، بەڵام ئەمە بەس نەبوو بۆ گەڕاندنەوەی یەکجارەکی ئاشتیو هێمنیو بەرقەرار بوونی بارێکی جێگیر لەکوردستاندا.. . دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو، پاراستنی کورد، لەهێرشەکانی ڕژێمی بەغدا، بەرەنجامی هەوڵ و کۆششی دەوڵەتی فەرەنسایە.. فەرەنسا لە ١٩٩١/٤/٢دا، نامەیەکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ناردو پێشنیاری ئەم ناوچە ئارامەی کرد. جگە لەوەش کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٩٩١/٤/٣و کۆماری تورکیا لە ١٩٩١/٤/٤دا، بەهۆی فشاری زۆری ئاوارەی کورد لەسەریان، لەنامەکانیاندا، هەمان پێشنیاریان کردو پشتگیری فەرەنسایان کرد. پاش ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە، بڕیاری (٦٨٨) پراکتیزە کراو بوو بەئەمری واقیع[٥]. لەگەڵ بوونی ئەم بڕیارەش، بەرەسمی دان بەم واقیعە نەنراوەو خەڵك لەژیانی خۆی دڵنیا نییە. خەڵکی کوردستان، لەوە دەترسێن، جارێکی تر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپێناو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، پشت لەکورد بکەن و گڵۆپی سەوز بۆ ڕژێم هەڵبکەن، ئەوکاتە هەڵەبجەیەکی ترو ئەنفالێکی تر دەست پێ بکاتەوە.

هەر لەبەر ئەوەشە، خەڵکە هەبووەکەی کوردستان، جورئەت ناکەن، پارەی خۆیان بخەنە پرۆژەی گەورە گەورە.. . جگە لەوەش، هەتا دوو سێ ساڵ لەمەوبەریش، دیاردەی دزیو ڕاوو ڕووت و ئۆتۆمۆبیل فڕاندن و ستوون و تەلی کارەبا دزین و شەو کوت و پڕوپاگەندەکانی پیاوانی ڕژێم لەکوردستاندا، نەخشی بەرچاویان هەبوو، لەبەرقەرار نەبوونی ئاسایش لەکوردستاندا.

**٣-پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕژێم**" هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕژێمی بەغدا دەست بەرداری پیلانی تۆقاندن و کوشتن و بڕین لەکوردستاندا نەبووە. ڕۆژانە، لەڕێگای ئەمن و مخابەراتەوە، خەریکی چنینی تۆڕی تیرۆریستانەیە،

تاوەکو ترس و دڵەڕاوکێ، بخاتە دڵ و دەروونی خەڵکەکەیەوە، نەهێڵێت بەئاسوودەیی بژین.

ئەگەر بێت و تەواوی ڕووداوو کارەساتەکانی دوای ڕاپەڕین، لەکوردستاندا تۆمار بکەین ئەوە ڕووبەری بابەتەکە زۆر لەوە فراوانتر دەبێت.. . هەر تەنها بۆ نموونەو بەس" کارەساتەکەی ۲۷ی شوباتی ۱۹۹۵ی زاخۆ کە زیاتر لە (۱۰۰) شەهیدو (۱۵۰) بریندارى لێکەوتەوە، کە بەشی هەرە زۆریان هاووڵاتی کاسبکارو منداڵ و خەڵکی بێ دیفاع بوون.. . هەرچەندە، ئەوکات، پارتی، یەکێتی بەم کارە تاوانبار کرد. بەپێچەوانەوەش یەکێتیو (پەکەکە) ڕژێمی عێراق و تورکیایان تاوانبار کرد.

هەروەها ڕژێمی بەغدا، لەناوچەی ئارام و ژێر دەسەڵاتی کوردانـدا، بەدەیان کەسایەتی ناسراوی کوردی تیرۆر کردووە. لەوانە" دکتۆر محەمەد باجەلان و دکتۆرە نازدار بامەڕنیو محەمەد قەرەداغیو مامۆستای زانکۆ سەلاح هەورامیو نافیع ئاکرەییو پەرلەمانتاران مامۆستا عوسمان سەرسۆرو سیروان نەورۆلیو لەئەندامی سەرکردایەتی حزبە کوردستانیەکان" خاڵە حاجی لەحزبی سۆسیالیست و فەرەنسۆ هەریری لەسەرکردایەتی پارتیو زانایانی ئایینی وەك" مەلا قادری هەمزە کۆریو سەدان کەسایەتی ڕۆشنبیریو سیاسیو جەماوەری تر.. . هەروەها بەردەوامە لەسیاسەتی ناردنی (T.N.T) بۆ کوردستان و، تەقاندنەوەی لەشوێنە گشتیو قەرەباڵغەکان، تاوەکو زیانی زۆرتری لێ بکەوێتەوە. . . هەر بەکوردە بەکرێگیراوەکان، دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، بەڵکو ئەمجارەیان لەڕێگای کارمەندی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەم دیاردەیە بۆ کوردستان دەنێرێت. نموونەی ئەمە" لەهاوینی ساڵی ۲۰۰۰دا، لەڕێگای شۆفێری ترێلەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بڕێکی زۆر (T.N.T) ناردە کوردستان. بەڵام خۆشبەختانە دەستی بەسەردا گیراو

نەتەقیەوە.. . شۆفێرەکە، عەرەبێکی توونسی بوو، پاش لێکۆڵینەوە، بێ ئاگایی خۆی لەم کارە ڕاگەیاند. هەروەها لە ٢٠٠٠/٧/١٩دا، تەقینەوەیەکی گەورە لەهوتێلی (ئەبوسەناء) لەسلێمانی ڕوویدا.. . ئەوە جگە لەتەقاندنەوەی دوکان و بارەگای ڕێکخراوە بیانیەیەکان کە لەکوردستاندا کار دەکەن.

**٤-پێشێلکردنی سنوورەکانی کوردستان لەلایەن عێراق و دراوسێکانەوە:** وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، سەرەڕای هەموو ناکۆکیو دووبەرەکییە درێژخایەنەکانیان، کە باسی مەسەلەی کورد دەکەن، هاوبیرو هاوهەڵوێستن.. . تورکیا لەم بوارەدا، مێژوویەکی ڕەش و لەمێژینەی هەیە، پێش ڕاپەڕینیش لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٣وە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ ڕژێمی بەغداو پرس پێکردنی، بەدەیان جار سنوورەکانی کوردستانی بەزاندووەو بەبیانووی ڕاوەدوونانی پێشمەرگەکانی پەکەکە زیانی زۆری ماڵیو گیانی لەکورد داوە.

مانگ نییە لەڕۆژژمێری کوردستاندا خاڵی بێت لەهێرش و پەلامارەکانی ڕژێمی عەسکەرتاری تورکیا. هەر بۆ نموونە، چەند دەست درێژیەك تۆمار دەکەین کە بەڵگەیەکە بۆ دەست تێوەردانی دراوسێکان لەکاروباری کوردستان و جێگیر بوونی بارێکی نائارام و پڕ لەمەترسیو دڵەڕاوکێ لەکوردستانی حکومەتی هەرێم دا.

- لەڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢١دا، ڕژێمی تورکیا بەپاڵپشتی زێتر لە (٣٥) هەزار سەرباز -کە سەرچاوەی باوەڕ پێنەکراو دەڵێن (١٠٠) هەزار سەرباز- هێرشێکی بەرفراوانی کردۆتە سەر باشووری کوردستان[٦].

- ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١٨، نۆزدە فڕۆکەی جەنگی تورکی نێوچەی قەڵادزێیان بۆردومان کرد کە بنکەکانی پەکەکەی لێیەو (٥٨) کەسی کوشت[٧].

- تورکیا لە ١٤/٥/١٩٩٧دا، بەپاڵپشتی (١٠-٥٠) هەزار سەربازو تانك و فڕۆكە هێرشی كردە سەر كوردستانی باشوور. ڕادیۆی لەندەنیش، ڕۆژی ١٥/٥/١٩٩٧، بەخوێندنەوەی چەند بڕگەیەكی بەیاننامەی پارتی دیموكراتی كوردستان، هێرشەكەی پشت ڕاست كردەوە[٨].

- ڕۆژنامەی (توركیش دەیلی نیوز)ی توركی، بەزمانی ئینگلیزی، لەژمارەی ڕۆژی ٢٥/١٠/١٩٩٧و ڕۆژنامەی (حوریەت)ی ڕۆژی ٢٤/١٠/١٩٩٧ نووسیوویانە" فڕۆكەكانی توركیا بەناپاڵم ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی (یەكێتیو پەكەكە)یان بۆردومان كردووە[٩].

- لە ٦/١١/١٩٩٨ بەپاڵپشتی (١٥) هەزار سەربازو (١٥٠٠) تانك و زرێپۆش، بەبیانووی ئەوەی هێزەكانی پەكەكە لەسوریاوە چوونەتە كوردستانی باشوور، ٣٠ كم چوونە ناو خاكی كوردستان[١٠].

- لە ١٩/٢/١٩٩٩دا، توركیا بەپاڵپشتی (١٠) هەزار سەربازو چەندان فڕۆكەی جەنگی جۆری كوبراو سوپەر كوبراو فڕۆكەی (F١٤) و (F١٦)، بەقولایی (١٥كم) چوونە ناو خاكی باكووری عێراق[١١].

- لە ١/٤/٢٠٠٠دا حەوت هەزار سەربازی توركی بەقولایی ٦كم هاتنە خاكی عێراقەوە.

- لە ١٧/١٢/٢٠٠٠دا، لەئەنجامی شەڕی نێوان پەكەكەو یەكێتیدا، سوپای توركیا هەتا ناوچەی ڕانیە لەدوای هێزەكانی پەكەكە هات[١٢].

ئەوە، ژمارەیەكی زۆر زۆر كەمی ئەو هێرش و پەلامارانەی هێزەكانی سوپای توركیا بوو، بۆ سەر باشووری كوردستان. ئێرانیش لەخۆشكردنی زەمینەی شەڕو، هێرشی سوپاییدا، درێغی نەكردووە بۆ سەر كوردستان. هەر بۆ نموونە:-

- لە ١٢/٥/١٩٩٣دا، ڕژێمی ئێران، نزیكەی سەد هەزار سەربازو (٥٠٠)

تانکی لەسەر سنووری باشووری کوردستان مۆڵداو نێوچەکانی پێنجوین و قەڵادزێو ڕانیەی گرت[١٣].

ئێران، لەسەرەتای ساڵەکانی ڕاپەڕینەوە، بەسوپاو هێرشی ئاسمانی هەڵێکوتاوەتە سەر باشووری کوردستان و بارەگاکانی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا)ی لەناوچەی کۆیەو زیانێکی زۆری لێداون.. . ئەمە لەکاتێکدا، کە یەکێتیو پارتی پێکەوە حوکمیان دەکرد.

- هەروەها لەهاوینی **١٩٩٦**و پێش **٣١**ی ئابی **١٩٩٦**، سوپای ئێران بەپاڵپشتی تانك و تۆپی دوور هاوێژەوە، سنوورەکانی کوردستانی بەزاندو، دەستی هەبوو لەخۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی.

- ئەوە جگە لەتیرۆرکردنی دەیان کادیری حدکاو هاوولاتی بێ گوناهی کوردستانی ڕۆژهەلات کە لەترسی زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕوویان لەکوردستانی باشوور کردبوو.

لەساڵی **١٩٩٣**دا، نزیکەی (١٣٠) کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن مەلاکانی ئێرانەوە لەباشووری کوردستانەوە بەڕێوەچووە[١٤]. هەروەها لەمانگی نیسانی **١٩٩٧**دا، داگیرکەری ئێرانی نزیکەی (٦٠) کوردی خۆرهەلاتی لەئۆردوگای بازیان دا دەرمان خوارد کرد، کە هەندێکیان مەترسی زۆریان لێدەکراو ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەغدا کران[١٥].

ئەوە تورکیاو ئێران، لەرژێمی بەغداش گەڕێ.. . کە هەموو کاتێك لەهەلێك گەڕاوە، تاوەکو بتوانێت دەستی خۆی بووەشێنێت و ناوچە ئازادکراوەکان داگیر بکاتەوە.. . باشترین نموونەش، هێرشەکەی **٣١**ی ئابی **١٩٩٦** بوو بۆ سەر هەولێرو ناوچەکانی دەوروبەری، کە لەئەنجامی لێکترازانی ریزەکانی کورد، ئەم هەلەی قۆستەوەو، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کوردستانی شەهیدو دیل و ئاوارە کرد.. . وێڕای ئەم کارەش، ناوە ناوە،

سوپایەکی زۆر لەناوچە سنووریەکان مۆڵ دەداو ترس و دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی خەڵکەکەیەوە.

**٥- شەڕی ناوخۆو پێشێل کردنەکانی مافی مرۆڤ:** هەر دوو ساڵ دوای ڕاپەڕین و نەمانی دەزگا ئەمنیو ئیداریەکانی ڕژێم لەکوردستان، بارگرژیو مۆڕە لێکردن لەنێو هێزەکانی کوردستاندا، هاتە ئاراوە.. کە نەیانتوانی کێشەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخانەو دوور لەتوونـدو تیژی، چارەسەر بکەن، یەکسەر پەنایان بۆ چەك برد. هەڵبەتە زمانی چەکیش جیاوازی لەنێوان تاوانبارو بێ تاوان ناکات.. . بەکورتی، تەڕو ووشك بەیەکەوە دەسووتێنێت. زۆربەی ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی کوردستان، ناکۆکی دوورو سەردەمی شاخ بوون و، گواسترانەوە بۆ ناو شارەکان.

گرنگترین شەڕو پێکدادانە چەکداریەکانی پارتەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان، ئەم شەڕانە بوون، کە کاریگەریەکی نێگەتیفی کردە سەر ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و بووە هۆی فراوان بوونی بازنەی کۆچی بەکۆمەڵ و سەفەری نادیار.

- مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٣، پێکدادانی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کە بووە هۆی کوژرانی (٧٠) کەس.

- مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٣، ڕوودانی شەڕی براکوژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.

- مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣، پێکدادانی هێزەکانی پارتیو سۆسیالیست لەسلێمانیو هەولێر، کە چەند کەسێکیان لەیەکتر کوشت.

- مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣، پێکدادانەکانی یەکێتیو بزووتنەوەی

ئیسلامی، کە سەدان کەسی تێدا کوژرا.

- سەرەتای مانگی پێنجی ١٩٩٤، دەستپێکردنی گەورەترین شەڕی براکوژی لەنێوان پارتیو یەکێتی..و پارتیو بزووتنەوەی ئیسلامی کە بەدرێژایی شەڕەکان، دەنگ و باسەکان وا ڕادەگەیەنن کە (٦٠٠-٢٠٠٠) کەسیان لەیەکتر کوشتووە[١٦].

- ١٩٩٥/٧/١٩، تەلەتێکستی کەناڵی دووەمی هۆڵەندا ئەمەی نووسی: لەم دە ڕۆژەی دوایی شەڕی براکوژی نێوان پارتیو یەکێتی، کە دەیان ساڵە لەئارادایە، بۆتە هۆی کوشتنی ٤٠٠ کەس کە (٤٠) کەسیان خەڵکی مەدەنین.

- لەسەرەتای ٣١ی ئابی ١٩٩٦وە تاوەکو ١٩٩٦/٩/١٢، (٣٩) هەزار پەناهەندە چوونەتە ناو ئێرانەوە.. .

- جەلال تاڵەبانی لەسەر تەلەفزیۆنی (mbc) ڕایگەیاند کە پارتی لەسلێمانیدا، (٣٥٠) کوژراوی داوە.. .

- نیسانی ١٩٩٧، شەڕی نێوان یەکێتیو بزووتنەوەی ئیسلامی.

- ١٩٩٧/٥/١٩، ڕوودانی شەڕی براکوژی نێوان پارتیو پەکەکە، سەرچاوەیەکی (INC) ڕایگەیاند کە نزیکەی (١٠٠) کەسیان لەیەکتر کوشتووە.. .

- ١٩٩٧/٥/٢٠، ڕادیۆی پارتی بڵاوی کردەوە کە لەهەولێردا، نزیکەی (٣٠٠) پەکەکەیان کوشتووە.

- ٢٠٠٠/٧/١٢، هێزەکانی پارتی بەهێز هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لەهەولێر.

- ٢٠٠٠/٧/١٤ لەئاکامی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان یەکێتیو حزبی

کۆمونیستی کرێکاری عێراق، لەسلێمانی (٥) کەسی کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەست دا.

- ٢٠٠٠/٩/١٥، دەست پێکردنی جەولەی یەکەمی شەڕی پەکەکەو یەکێتی.

- مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠١، شەڕی نێوان تاقمێکی بەناو ئیسلامی (جند الاسلام)و یەکێتی.

لەئەنجامی ئەم هەموو ڕووداوە ناوخۆییانەدا، سەدان کارەساتی دڵتەزێن و کۆمەڵ کوژی روویداوە، کە بوونەتە مایەی نیگەرانیو دڵتەنگی خەڵکی کوردو دەزگا مەدەنیو نێودەوڵەتییەکانی کە بەتەنگ پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە دێن. کەس و لایەنە ناوبژیکەرەکان و دەزگاکانی مافی مرۆڤ بەسەدان نامەو بیرخەرەوەیان لەمەڕ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا داوەتە لایەنە شەڕکەرەکان[١٧].

(إبن بلدی) لەرۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە (١٠٨)ی ١٩٩٤/١٢/٣دا، دەڵێ: (شاری هەولێر لەرووی کوشتن و بڕین و دزییەوە وەك خوارووی ئەفریقای لێهاتووە)[١٨].

هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان بەوە کرد، کە لەئەنجامی شەڕی ناوخۆدا، سەدان هەزار کەس لەهەوادارانی لایەنە شەڕکەرەکان، ئاوارەو سەرگەردان بووینەو ماڵ و موڵك و سەروەت و سامانی خۆیان جێهێشتووەو بوونەتە ئاوارەی شەڕی ناوخۆ. ئەمانە لەژیانێکدا بووینە، دوور لەهەموو پێداویستییە سەرەتاکانی مرۆڤ و، بوونەتە مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەی لایەنە خێرخوازە جیهانییەکان. گەنجی کورد، کە لەوڵاتی خۆی ئاوارە دەبێو بێ جێگاو کارو کاسبی دەمێنێتەوە، ناچارە بیر لەئەلتەرناتیفێکی تر بکاتەوە، کە ئەویش

کۆچە بەرەو هەندەران.. . دڵی خۆی بەوە خۆش دەکات: (ئەگەر هیچ نەبێت، لەوێ کار هەیەو دەتوانم ژیانێکی باشتر بگوزەرێنم.. . خۆ لەوڵاتی خۆشم هەر ئاوارەم.. .) ئەوە جگە لەو کەسانەی کە سەر بەهیچ لایەنێك نین، کە دەبینن، کەس و کارو هاوڕێکانیان شاریان جێهێشتووەو خەڵکێکی تری نامۆ شوێنی کەس و هاوەڵەکانیان گرتۆتەوە، لەشاری خۆیان، خۆیان بەنامۆو ئاوارە دەزانن.

**٦ -کۆڕەو:** کۆڕەو یەکێك بوو لەو هۆکارە لەمپەر شکێنانەی کە ڕێگای سنوورەکانی لەبەردەم تاکی کورد ئاوەڵاتر کرد.. . جاران، لەسەردەمی ڕژێم، خەڵکی بەزەحمەت و بەترسێکی یەکجار زۆرەوە، تاك و تەرا دەیانتوانی سنوورەکانی ئێران و تورکیا ببەزێنن. خۆ ئەگەر بشگیرانایە، ئەوا تەسلیم بەعێراق دەکران و چارنووسیان -مردن و لەسێدارە دان- بوو.. . خەڵکەکەش چاوی نەکرابۆوەو ئەوەندە لەسنوورەکان دەترساو وڵاتی لێکرابووە زیندان.. . بەڵام بەهۆی کۆڕەوەوە، سنوورەکان، ئەو سام و هەیبەت و پیرۆزییەی جارانیان نەماو لەمانگە سەرەتاییەکانی کۆڕەوەوە، ئەوەندە ئاسان بوو، خەڵکی وا هەبوو، هەر لەم ڕێگایانەدا بوو.. . جگە لەوەش بەهۆی کۆڕەوەوە، خەڵکی کوردستان، جۆرە پەیوەندیەکی نیشتمانیانەو دۆستانەی لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی تر دروست کردو چاوی کرایەوە.. .

## ب -ئابووری:

یەکێك لەهۆکارە بەرچاوەکانی تری کۆچ و سەفەر، هۆکاری ئابوورییە. بۆ لێکۆڵینەوەو سەرە دەری دەرکردن لەم دیاردەیە، ناکرێ ئەم لایەنە فەرامۆش بکرێ. گرنگترین هۆکارە ئابووریەکانیش، لەم خاڵانەدا خۆیان دەنوێنن:-

**١-دابەزینی پارەی عێراقی:** پێش هەردوو شەڕە گەورەکەی کەنداو کە

ڕژێمی عێراق هۆکاری سەرەکی بەرپابوونیان بوو، ئابووری عێراق بە بەراوورد لەگەڵ دوای شەڕەکان، زۆر باش و پتەو بوو.. . هەرچەندە ئەو پارە زۆرەی کە لەئەنجامی فرۆشتنی نەوت، بەرتاکی عێراقی دەکەوت، دڵۆپێک بوو لەدەریایەك، چونکە، بەشی هەرە زۆری لەکڕینی چەك و جبەخانەو بەهێزکردنی سوپا سەرف دەکرا. ئەوەی تریش، دەچووە سەر حسابی تایبەتی بنەماڵەی فەرمانڕەواو دارو دەستەکانی، لەبانکەکانی ئەوروپاو ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا، دیناری عێراقی، ڕەنگ و سەدایەکی دی هەبوو. تەنها یەك دیناری عێراقی (چاپی سویسری) ٣,٣٣ دۆلاری ئەمریکی بوو.. .

شەڕی یەکەم، ئابووری عێراقی خستە مەترسیو داتەپینەوە، بەهۆی ئەم هەموو قەرزە کەڵەکە بووەی ڕژێمی عێراقی کە لەوڵاتە ئەوروپیو عەرەبیەکانی وەرگرتبوو. هەر ئەم داتەپینەش، تووشی سەرکێشیەکی تری کردو گۆمەکەی مەنگتر کرد. وای لێهات، لەئەنجامی گەمارۆی ئابووریو شەڕی ناوخۆ، یەك دۆلار لە ١٩٩٤/٥/٢٨دا، لەبازارەکانی کوردستاندا بگاتە (٩٢) دیناری عێراقی[١٩].

**٢-نەبوونی کار:** بەهۆی هەردوو شەڕە گەورەکەی کەنداو، بواری کارکردنیش بەرتەسك بۆوە. چونکە زۆربەی پرۆژەکان لەکار وەستان. هەروەها زۆر لەپرۆژە گەورەکانی دەوڵەت فرۆشران و بوون بەکەرتی تایبەت. ئەمەش بواری کارکردنی لەبەردەم خەڵکێکی زۆری کوردستان کەم کردەوەو لەتاکێکی بەرهەم هێنەر، بوونە تاکێکی موشەخۆر. بانگ کردنی ئەم هەموو موالیدە زۆرەش بۆ خزمەتی سەربازیو لەکار کردنیان، دەرامەتی خێزانی کوردی تووشی دابەزین و تەنگژە کرد.

لەئەنجامی شەڕی ڕژێم لەکوردستاندا، زیاتر لە (٤٥٠٠) دێهات و شارو

شارۆچـكه تـﻪخت كـران و خەڵكـﻪكانيان ڕاگوێزرانـﻪ ئۆردوگـا زۆرەملێكـان. لەكاتێكـدا، ئەوانـﻪ خـاوەنی كێڵگـﻪو ڕەزو بـاخ و مـﻪڕو مـاڵات بـوون، لەئۆردوگاكانـدا، هـﻪموو شـتێكيان لەدەسـت داو، بوونـﻪ لەشـكری بێكـار. هەروەها بەسەدان پرۆژەی گەورە گەورەی وەك" بەخێوكردنی ماسـیو پەلـﻪوەرو گاوو گۆتاڵ، كەوتبوونە ناو سنووری ئەم گونـدە وێرانكراوانـﻪو خەڵكەكـﻪی بـێ كـار مانـﻪوە. بەسـﻪدان هـﻪزار دۆنم زەوی بەرهـﻪم هێنـﻪر، بوونـﻪ بـﻪيارو بەنەچێنراوی مانەوە. هـﻪموو ئـﻪم هۆكارانـﻪ، دەليقـﻪيـﻪكی گـﻪورەی بێكـاری لەكۆمەڵگای عێراقی بەگشتیو، كۆمـﻪڵگای كـوردەواری بەتايبـﻪتی، دروسـت كردو بژێوی خەڵكەكەی خستە دووڕيانی مەترسیيەوە.. .

**٣-گەمارۆی ئابووری:** كـﻪ باسـی گـﻪمارۆ دەكـﻪين، ناوەڕاسـتی سـاڵانی شەستەكانمان بەبیر دێتـﻪوە، چـونكه ئـﻪو كـاتيش، ڕژێـم گـﻪمارۆی ئـابووری خستبووە سەر دانيشتوانی كوردستان و لێ نەدەگەڕا شتوومەك و خواردەمـﻪنیو نەوت و پێداويستیيەكانی ژيان بگاتـﻪ كوردسـتان.. . ئـﻪوەی دەشگەيـشت، بەقاچاغ و نرخێكـی خـﻪياڵاوی بـوو. بـﻪكورتی" كـورد لەهـﻪموو زەمانێكـدا، گەمارۆی ئابووری لەسەر بووە.. . بەڵام ئەمجارەيان، لەئەنجامی شەڕی دووەمـی كەنداو، بازنەی ئەم گەمارۆيە، گەورەترو كاريگەرتر بـوو. نـﻪوت نەدەڕۆيـشت، هيچ جـۆرە ئـامێرو داوو دەرمـان و كـﻪل و پـﻪل و خواردەمەنيـﻪك، بـﻪگوێرەی بەندەكانی بڕياری گەمارۆی ئـابووری، نەگەيـشتنە عێـراق. بەسـﻪدان دەزگـاو كۆمپانياو بـازاڕو دوكـانی بـچووك بـچووك داخـران. چـونكە، زۆربـﻪی كـﻪل و پەلەكانيان لەدەرەوە دەهاتن. خاوەنەكانيان و كارمەندەكان بێ كار مانەوە.. . بەسەدان پرۆژەی تايبەتی وەك بەخێوكردنی پەلـﻪوەرو ئـاژەڵ، بـﻪهۆی نـﻪبوونی پێداويستیيەكان لەكاركەوتن. بەدەيان كۆمپانيای وەك" جگـﻪرەو شـيرەمەنیو مافورو ڕستن و چنين و مەڕمـﻪڕو چـيمەنتۆو.. . بـﻪهۆی نـﻪبوونی كەرەسـتە

خاوەکان و کەل و پەلی یەدەگی ئامێرەکان، لەکار وەستان و کرێکارەکانیش بێ کارو کاسبی مانەوە. ئەوەیان، بەرەنجامی گەمارۆ ئابووریی‌یە نێودەوڵەتیی‌یەکەی سەر عێراق بوو. بەلاّم دوای ئەوەی ڕژێم لەکۆتایی ساڵی ١٩٩١دا، دەزگا ئیداریەکانی خۆی لەکوردستان کێشایەوە، گەمارۆیەکی تری خستە سەر خەڵکی کوردستان. لێندەگەرا نەوت و گازو بەنزین و سوتەمەنی بگاتە کوردستان. بازگەکانی وا مەحکەم کردبوو، مێش دەربازی نەبێت. جگە لەوەش ڕێگا سەرەکیەکانی بەگردۆلکەی خۆڵ و بەرد داخستبوو.

هەروەها گەمارۆی ئابووری سێیەم لەسەر خەڵکی کوردستان، گەمارۆی حزبە دەسەلاّتدارەکان بوو.. دوای شەڕی ناوخۆ، ئەم گەمارۆیەش، کاریگەری خۆی کردە سەر خەڵکی دەڤەرەکەو ژیانی زێتر شپرزە کردن. خواردن و سووتەمەنیی‌و کارەبا، پێویستیی‌یە سەرەکیەکانی ژیان، ببوونە هەنارە شیرینەو دەست نەدەکەوتن.. . ئەوەی دەستیشی دەکەوت، بەهۆی زۆری بازگەی گومرگی حزبەکان و چاوچنۆکی قاچاخچیەکان، نرخەکەی ئەوەندە بەرز دەبۆوە کە ٨٠٪ی خەڵکی نەیاندەتوانی دەستەبەری بکەن. بۆ نموونە" لەسەرەتای شەڕی نێوان یەکێتیی‌و پارتی، قات و قڕییەکی وا دروست بوو، نرخی یەك فەردە ئارد گەیشتە هەزارو دوو سەد دینار[٢٠]. ئەوە لەکاتێکدا، مووچەی مانگانەی فەرمانبەرێك نەدەگەیشتە ٢٠٠ دینار. هەروەها لە ١٥/٤/١٩٩٤دا، نرخی شتومەك لەباشووری کوردستاندا زۆر بەرز بۆوە. نرخی یەك کیلۆ برنج بە ٢٥ دینار، ڕۆن ٦٠ دینار، شەکر ٣٣ دینار، تایت ٦٠ دینار، گۆشت ١١٠ دینار[٢١]. نرخی یەك بەرمیل نەوتیش بووە (٢٠٠) دینار[٢٢].

**٤-کەمی مووچەو گرانی شت و مەکەکان:** لەگەڵ ئەم هەموو بەرز

بوونەوەی نرخی شتوومەك و پێداویستیيەكانی ژیان، مووچەی فەرمانبەران و كارمەندانی دەوڵەتیش، هیچ گۆڕانێكی ئەرێنی بەسەردا نەهات و هەر لەیەك ئاست مایەوە. سەرەڕای ئەوەی نرخی شتوومەكەكان بە دۆلار بەراورد دەكراو دۆلاریش هەر لەبەرز بوونەوە دابوو. مووچەی مانگانەی مامۆستایەك، نەدەگەیشتە سێ (٣) دۆلار. ئەگەر بشگەیشتایە سێ دۆلار، ئەوە دەیكردە هەشت كیلۆو نیو شەكر. یان دەیكردە چوار كیلۆو نیو ڕۆن.. ئەوە ئەگەر" تەنها ڕۆن و شەكری بخواردایە، ئەوجا بەشی دەكرد. ئەوە لەسووتەمەنیو جل و بەرگ و كرێی خانوو نان و كارەباو هاتووچۆو گۆشت و.. وو.. هەر بگەڕێ. لەو سەردەمانەدا، ژیانی تاكی كورد، گەڕابۆوە قۆناغە سەرەتاییو تاریكەكانی كۆمەڵگا.

هەر ئەم گرانیو قات و قڕییەش، بووە هۆی لەدەستدانی زۆر داب و نەریت و ڕەوشتی جوانی كوردەواری. كەسایەتی، پیشە پیرۆزەكان لەكەدار كرا.. . بۆ نموونە" بەسەدان مامۆستا ناچار بوون لەسەر شەقامەكان، لەبەرچاوی خەڵك و قوتابیەكانیاندا، پاكەت و شخاتەو سابوون و خاولیو پێڵاو ووردەواڵە فرۆشی بكەن.

مامۆستایەك لەگەڵ قوتابیەكانیدا، لەسەر كوچەو شەقامەكاندا پاكەت فرۆشی بكات چ جۆرە كەسایەتیەكی كۆمەڵایەتی پیشەكەی دەمێنێت؟

وێرای ئەوەش، لەمانگە سەرەتاییەكانی فەرمانڕەوایی كوردو شەڕی ناوخۆشدا جاری واهەبوو، مامۆستایان و فەرمانبەران، حەوت هەشت مانگی دەخایاند، ئەوجا مووچەیەكیان دەدرایێ. ئەو قات و قڕیو گرانیيە، لەكۆتایی ساڵی ١٩٩٥دا گەیشتە لوتكەو خەڵك ژیانی كەوتە مەترسییەوە.

٥ -**خۆشگوزەرانیو دابین كردنی دوارۆژ:** بەهۆی بەرقەرار بوونی ئەم بارە ئابووریيە ناهەموارە، بەشێكی زۆری گەنج و ماڵباتی كورد، بیریان لەدەرباز

بوون لەم واقیعە تاڵ و نالەبارە کردەوە.. . ئەگەر هیچ نا، بۆ دابین کردنی دوارۆژی منداڵەکانیان، ڕوویان لەهەندەران کرد.. . چونکە لەڕێگای کەس و کارەکانیان، دەیانزانی ژیان لەدەرەوەی ئەم بازنەیە، جۆرێکی ترەو تام و بۆیەکی تری هەیە.. .. دەیاندیت، ئەو کەسانەی کە لەدەرەوە دەهاتنەوە، بەدۆلار ماڵە باوانیان دەبوژاندەوە.. . خانوو و ئۆتۆمۆبیل و پێداویستییەکانیان بۆ دەکڕین و بەکەیف و ماشای خۆیان سەرفیان دەکرد.. دابین کردنی ژیان و دوارۆژێکی گەشتر، هۆکارێکی تری سەرهەڵگرتنی کوردە، کە لە تەنگژە ئابوورییەکەوە سەرچاوە دەگرێت.. .. گەمارۆی ئابووری، نەبوونی کار، دابەزینی دینار، نەبوونی مووچە، بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکان، دەرباز بوون لەم بازنە پڕ مەترسییە، هەموویان لەو هۆکارە ئابوورییانەن، کە تاکی کوردی مەجبوری کۆچ و سەفەری قەدەر کردووە.

## جـ- کۆمەڵایەتی

هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانیش، تەواو ڕۆڵی خۆیان بینیووە لەتەشەنە کردنی دیاردەی کۆچ و سەفەر، لەکۆمەڵگای کوردەواریدا.. . بەبۆچوونی ئێمە، گرنگترین هۆکاری

کۆمەڵایەتی، لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن:-

**١-تیرۆرکردنی ژنان:** کۆمەڵگای کوردەواری، کۆمەڵگایەکی داخراوی باوك سالارییە. واتە: حوکمی تەواو لەدەستی پیاوەو ئافرەت ئەو ڕۆڵەی نیە کە پێویستە هەیبێ. بەشی هەرە زۆری ئافرەتانی کورد، خاوەن داهاتی خۆیان نین، ئەمەش وا دەکات کە هەردەم چاو لەدەست و ژێر دەستەو پاشکۆی پیاو بێت. جگە لەمەش، کۆمەڵگای کوردەواری تەواو پابەندە بەداب و نەریتی ئیسلامیو هەر جۆرە دەرچوونێك لەم ڕێو شوێنە بەحەرام دەزانێت و لەوانەشە

تیاچوونی جەستەیی ئافرەتیشی تیا بێت.

بەپێی ئەم داب و نەریتـە، ئـافرەتی کـورد دەبێـت لـە زۆر حـەزو ئـارەزوو دیاردەی چاولێکەری کـە حـەز دەکـات بیانکـات، چاوپۆشـی بکـات. لەگـەڵ ئەمەشدا، زۆر ئافرەتی سەرکێش هەن، هەوڵ دەدەن ئەم کۆت و داب و نەریتانە بـشکێنن و ببنـە خـاوەن دەنگـی خۆیـان و لـەبواری کـارو بەرهـەم هێنـان و رووداوەکاندا، نەخشی خۆیان ببینن. لەبەرامبەر ئەوەشدا، کۆمـەڵگای کـورد - بەشێوەیەکی گشتی - ئەم داوایەی پێ ئیستیعاب نـاکرێو دەکەوێتـە سـەنگەر گرتن لەژن. بەرەنجامی ئەم کێـشەو ململانێیـە، زۆر جـاران، بەمـەرگی ژنـان کۆتایی پێ دێت.. . هەر بۆیە دەبیـنین، دیـاردەی ژن کوشـتن، هـەتك کـردن، سـوڕگوم کـردن، لـووت بـڕین، خۆسـووتاندن، بەشـێوەیەك بـڵاو بۆتـەوە، کـە ناتوانرێت دیزە بەدەرخۆنە بکرێت.

لەڕاگەیاندنێکدا، ناوەندی ژنان (سەنتەری ژنان) لەسلێمانی ڕایگەیاند" (کـە لـــەنێوان ١٩٩١ -١٩٩٨دا (٤٣٣) ژن لـــەباکووری عێـــراق لەلایـــەن ئیسلامیەکانەوە کوژراون. ئێستا دەبێ گەیشتبێتە (٢٠٠٠) قوربانی..)(٢٣) .

بەرەنجامی ئەم توندو تیژییە، دامەزراندنی چەندان دەزگاو ڕێکخراوی سـەر بەئافرەتان و شوێنی حەوانەوەی ئافرەتە هـەڵاتووەکانی لێکەوتۆتـەوە.. . ئـەم دیاردەیە، وەنەبێ هەر لەکوردستاندا لەپەرەسـەندن دابێـت، بـەڵکو لەسـەرجەم کۆمـەڵگای ڕۆژهەڵاتـدا تەشـەنەی کـردووە، چـونکە کولتـووری ڕۆژهـەڵات، کولتوورێکە زەبرو زەنگ و توندو تیژیو هێـز تێیـدا باڵادەسـتە. هەرچـەندە نووسەری کوردی واهەیە، کە پێی وایە" (.. کۆمەڵگایـەك لەکۆمـەڵگای کـورد ئافرەتکوژ تر نیە، مەگەر ئەفغانستانی تالیبان)(٢٤) .

زۆر سەرچاوە هەن، بەرقەرار بوونی ئەم دیاردەیـە پـشت ڕاسـت دەکەنـەوە. ڕۆژنامـەی (یەکـسانی) زمـان حـاڵی (ڕێکخـراوی سـەربەخۆی ئافرەتـان*

لەیاداشـتنامەیەکدا بـۆ: ریـدیکا کۆمارسـیۆنی -بڕیـاردەری گـشتی نەتـەوە یەکگرتووەکاندا - دەڵێ: (لەساڵی ١٩٩١ەوە تاسـاڵی ٢٠٠٠ زیـاتر لـە ٥٠٠٠ ژن تیرۆر کراوە، نەك هەر تـیرۆر بـەڵکو توندوتیـژی لەئاسـتێکی زۆر فراوانـدا بەرێوە دەچێ لەوانە، لێدان، لووت بڕین، چـەقۆ لێـدان، زینـدانی کردنـی ژنـان لەنێو ماڵەکانیاندا، خۆسووتاندن.. . هتد)[٢٥].

ئەگــەر جــاران بــەهۆی داخرانــی کۆمــەڵگای کــوردەواری بــەڕووی شارستانیەکان، ئافرەتان جورئەتی دەنگ هەڵبڕینیان نەبووبێ، ئەوا ئێـستاکە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو کاڵ بوونـەوەی سـنوورەکان لەبەرامبـەر ئـەم هێزە باڵادەستەدا، ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە، هەوڵ دەدەن ببنە خـاوەن دەنـگ و ڕەنگـی خۆیـان. هـەوڵ و کۆششەکانیـشیان، ئـەم دیـاردە ترسـناکانەیان لـێ دەکەوێتەوە، کە هەرەشە لەئاسودەیی‌و ئارامی ژیانیـان دەکـات. ئـەم بەشـە سەرکێشەی ئافرەتان، بۆ خۆ دەرباز کردن لەم گێـژاوە، ڕێگـای کـۆچ و سـەفەر دەگرنەبەر، بەڵکو ئەوە خوایە، لەم بەهەشـتەی ئـەوان خـەونی پێـوە دەبیـنن و نەیان دیوە، ژیان جۆرێکی تر بێت.. .

**٢-نەبوونی ئازادی تاکە کەسی:** لەبەر ئـەوەی کۆمـەڵگای کـوردەواری، کۆمەڵگایەکی (متحفظ)ە، زۆر دیـاردەو حـەز هەیـە، هیواکـانی تاکـە کـەس ناهێننە دی. لەبواری خوێندندا، لەقۆناغی سەرەتایی‌و ناوەنـدی‌و دواناوەندیـدا، کوڕو کچ لەیەکتر جودا دەکرێن و دیاردەکە دەبێتە سیـستەمێکی گـشتی‌و تـاك دەبێت بەمەجبوری گوێ ڕایەڵ و پابەندی ئەم سیـستەمە گـشتیە بێـت. حـەز لێکـردن و خۆشەویـستی، بەشـێوەیەکی ئاشـکرا، لەکۆمـەڵگای کوردەواریـدا، دیاردەیەکی پڕ لەشەرمەو زیاد نارۆین ئەگەر بڵێین" حەرامیشە.. .

لەلای زۆر عـەشیرەت و بنەماڵەدا، هەتا ئێستاشی لەگەڵـدا بێـت، دیـاردەی گەورە بەگچکەو ئافرەت دان لە بەدەل خوێن و کچ لـە بـۆ کـوڕە مـام و.. بـاوی

ماوه. بۆ خوازبێنی، ڕازی بوونی باوکی کوڕو کچە گرنگترە لەڕازی بـوونی بـووك و زاوا.. .

لەبواری سیاسیشدا، کە ڕووداوێك سەرهەڵدەدا، تاك دەبێت پاشـکۆی حزبـە باڵادەستەکان بێت، ناتوانێت بەڕاشکاوی ڕاوو بۆچـوونی خـۆی، ئازادانـە بخاتـە ڕوو.

**٣-چاولێکەریو هاندانی خەڵکی دەرەوە:** ئەو خەڵکە زۆرەی لەدەرەوەن، کە بەسەردان دێنەوە کوردستان، ئۆتۆمۆبیل و خانوو دەکرن.. . ئـەو ماوەیـەی کە دەمێننەوە بەکەیف و ماشای خۆیـان سـەرف دەکـەن.. بەشـێکیان، زیـاد لەپێویست بەشان و بـاڵی ژیـان لەئـەوروپاو دەرەوەدا هەڵـدەدەن، وەك ئـەوەی ئەوروپا شوێنی پارە کۆکردنەوەو ڕابـواردن و خـۆش گـوزەرانی بێـت.. . هـەر لایەنە باشەکان باس دەکەن. لایەنە خراپەکان دەبـوێرن. خـۆ ئەگـەر باسیـشی بکەن، لەوانەیە کەسـی گـوێگر بەهەنـدی هەڵنـەگرێ، چـونکە ئـەو، ئەوەنـدە لـەژیانی کوردسـتان بێـزارەو تامـەزرۆی دەرەوەیـە، هـەر دیـوە باشـەکان دەخوێنێتەوەو لەمێشکی خۆی نەخشیان دەکات نـەك لایەنـە خراپـەکانیش.. . جگە لەوەش، بەشێك لەم خەڵکەی دەرەوە، هـانی بـراو کـەس و کـاری خۆیـان دەدەن بێنە دەرەوەو دەستپێشکەری یارمەتیدانیش دەکەن.. . خۆ بەشێك لـەو خەڵکەی کە سەفەر دەکەن، پارەی سەفەرەکەیان نییە، لەو برادەرو لـەم بـرادەر قەرز دەکەن، یان بە (نەقس) پارە لەحسابی بانك ڕادەکێشن.. . ئەم پارەیەش، باکەمیش بێت، لەڕۆژی ئەمڕۆدا، لەکوردستان حسابی بۆ دەکرێت.

گەنجی کورد، کە دەبینـی هـاوڕێ نزیکەکـەی سـەفەری کـردووە.. . کـوڕی هاوسێکەیان گەیشتۆتە یۆنان.. بیرۆکەی سەفەر دەکەوێتـە مێـشکیو بەهـەر شێوەیەك بێت، هەوڵی سەفەرکردن دەدات. جگە لەوەش خۆی لەکۆمەڵگایەکـدا بەنامۆ دەزانێ کە هاوڕێو برادەری نزیکی ژیانی ڕۆژانەی لەدەست چـوو بێـت..

هەندێك گەنجی هەرزەكار (دانیشتووی دەرەوە) ڕۆڵی دیاریان هەیە لەهانـدان و دەرپەڕاندنی لاوانی كوردسـتان. كـە دێنـەوە، بەقـژی درێـژ، سمێڵـی تراشـراو، پێڵاوی بەرزو قەبە -وەك ئەوەی كوردستان نەرویج بێـت بەدرێـژایی سـاڵ بـەفر بەری نەدابێت-، ملوانكەی مل، جل و بـەرگی تەسـك و ئـالآو والآ.. . ئەمانـە بەسن، بۆ لەخشتەبردنی لاوانی هەرزەكار، جگە لەوەش بەفلیمی ڤیدیۆ یان ئـەو ڕەسمانەی كە لەدەرەوە گرتوونی، مەلەوانگەی پڕ لەكچ و كوڕو شەوانی دیـسكۆو پارك و شوێنە گشتییەكان پیشان دەدات، كە جیهانێكی تەواو جیاوازە لەگـەڵ كوردستان.. . یان جارێ خۆی هەر لەكەمپە ڕەسم دەنێرێتەوە، دەستی لـەملی كچێكی قژ زەردی شان و مل ڕووت كردووە -كە ئەمـە لەئـەوروپا هیـچی تـێ ناچێت- لەپشتی ڕەسمەكەش دەنووسێت: (.. ئەمەیان برادەرمە، ئەگەر هـاتی، ئەوە پێشكەشی تۆ دەكەم..) یان لەناو (مەسعەد) ڕەسمی گرتـووە دەنوسـێت" (.. ئەوە ژوورەكەمە..) لەسوپەر ماركێت و شوێنی بەرچاویش دا دەنووسـێت" (.. ئەمەش شوێنی كارەكەمە..)، ئەوەش ئۆتۆمبیلەكەمە، لەوانەیە هـاوینێ بیگۆڕم.. . هەموو ئەو پڕوپاگەندەو ڕیكلامانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن بۆ چەواشـە كردن و فریودانی گەنجی ناوەوە. كەم كەس هەیە كـە دەچـێتەوە، باسـی دژواری ڕێگاو كولەمەرگیو ژیانی كەمپ و چاوەڕوانی وەڵامـی كـێس و ڕەفـز بوونیـو نامۆ بوون و نەزانینی زمان و مۆڕە كردنی نازییەكان، بكات.

**٤-نەبوونی شوێنی كـات بەسـەربردن:** هـەتا دوو سـاڵ لەمەوبـەریش، لەكوردستاندا هیچ شوێنێكی وا نەبوو كە خێزانی كورد، كاتی بێكاریو دەست بەتاڵی لێ بەسەر بەرێ. لە بۆ ئافرەتان هەر نەبووە.. . بەڵام خۆشبەختانە لـەم یەك دوو ساڵەی دواییدا، باخـچەو شـوێنی پـشوودان و كـات بەسـەربردن، ڕوو لەزۆر بوونە.. . هەڵبەتە نەبوونی شوێنی حەسانەوەو كات بەسەربردن، هۆیەكە بۆ بێزاریو بیركردنەوە.. . لـە زۆربـەی گـەڕەك و شارۆچـكەكان، مەلەوانگـەی

تایبەت بەئافرەتان هـــەر نیـیــە، ئەگـــــەر هەشـــبیٚ، ئــــەوەی هامووشــۆی دەکات، لەوانەیە ببێتە بنیشتە
خۆشەی بن ددانان و ناوی هەردەم لەسەر زاران بێت.

ئافرەت کاتی دەست بەتاڵ بوونی مــەجبورە هــەر لەماڵــەوە بیباتــە ســەر. شوێنی تایبەت بەخۆیان نیـیە، وەك" گازینۆو پارك و قاوەخانەو.. تاد. بۆ ژوان گرتن لەگەڵ دەستەخوشکەکەی، شوێنێك شك نابات کاتی دەســت بــەتاڵی لــیٚ بباتە سەر، جگە لەژووری ماڵەوە.. ئەگەر بچێتە بازاڕیش، نــاوو نــاتۆرەی بــۆ دەبیننەوە.

ئەگەر شوێنی شەوانەش هەبێت بۆ دانیــشتن و کــات بەســەربردن و گۆرانیــو هەڵپەڕکیٚ کردن، ئەوە شتێکی وانیـیــە ببێتــە هــۆی شــکاندنی داب و نــەریتی کــوردەواری.. . دام و دەزگــای گــشتی وەك: شــوێنی وەرزش کــردن، مۆســـیقا فێربوون، کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەسەر کۆمپیوتــەر، زمانــە بیانیــەکان، زۆر کەمە یان هەر نیـیە (بەمەرجێك بەخۆڕایی بێت یان پارەیەکی ڕەمزی بێــت).. ئەو شوێنانە ئەوەندە کەمن، بای ئــەوە ناکــات، ئــارەزووی گــەنجی کــورد تێــر بکات. نەبوونی ئەو شوێنانەش هۆکارێکن بۆ بیرکردنەوەی کۆچ و سەفەر.

٥-**بێکاری:** بەهەزاران گەنج هەیە، بە کــوڕو کــچەوە، کــە خوێنــدن تــەواو دەکــات، دانامـــەزرێت. واتــە" زێــتر لــە (١٦) ســاڵ دەخوێنێــت، شـــەهادە وەردەگرێـــت، ئـــەوجا کـــارێکی دەســـت ناکـــەوێت، بەتایبـــەتیش لـــەبواری پسپۆڕیـیەکەی خۆی.. . ناچار دەبێت کارێك بکات دوور لەلێزانین و کارامـــەیی خــۆی.. . یــان دەبێــت واســـیتەو واســیتەکاری بکــات تــاوەکو لەشــوێنێکدا دادەمەزرێت.. . ئەوەی ئەم شانسەی هەبێت، ئەوا بەختیارە، ئەگەرنا، دەبێــت ڕۆژانە بەتایبەتیش دەمەو ئێواران چەندان جار (ئەگەر لەهەولێر بێت) بــەدەوری قەڵاو شەقامی باتاو بازاڕگای ســیروان و شــێخەڵلا بێــت و بــچێت تــا ڕۆژئــاوا

دەكات. ئەم خەڵكەی شەهادەیان هەیەو بێكارن، ئەوەندە زۆرن بەبەراوورد لەگەڵ ئەوانەی دامەزراون.

**٦-بەرتیل و واسیتەكاری:** گەندەڵی ئیداری، دیاردەیەكە ڕوو لەپەرەسەندن دایە. واسیتەو بەرتیل لەهەموو شوێنێك حسێبی تایبەتی بۆ دەكرێت. خەڵك ئەگەر واسیتەی نەبێت، لەوانەیە كارەكانی بۆ مەیسەر نەبێت یان بەزەحمەت بۆی ئەنجام بدرێ. جگە لەوەش، لەبەر نەبوونی گیانی لێبووردن و یەكتر قبووڵ كردن حسێب بۆ هەڵوێستی سیاسی دەكرێت. ئەگەر یەكێك سەر بەحزبی (ب) بێت، لەلایەن حزبی (ج)ەوە حسێبێكی ئەوتۆی بۆ ناكرێت.. . دەبێت بەرتیل بدات و واسیتەیەكی زۆر بكات هەتا حزبی (ج) لەشوێنێك دایبمەزرێنیو كارەكەی بۆ ڕاپەڕێنیٚ.

**٧-بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی:** بەهۆی نائارامی باری سیاسی كوردستان و بەرقەرار بوونی گەمارۆی ئابووریو نەبوونی كارو دەیان دیاردەی نەرێتی تر، جۆرەها نەخۆشی كوشندە بڵاوبۆتەوە كە جاران بەو ڕێژەیە نەبوو. نەخۆشی دەروونیو جەڵتەی دەماغ و وەستانی دڵ و نەخۆشی گەدەو بەدخۆراكی لەزۆر بووندایە.. . بەسەدان كەس، بەهۆی تووشبوونیان بەم نەخۆشیانەوە، گیانیان لەدەست داوە.. . لەبەر نەبوونی دەرمان و ئامێری پزیشكی پێشكەوتوو چارەسەری زۆر لەم نەخۆشییانە، لەكوردستاندا ئەستەمە. بۆیە بەشێكی ئەو خەڵكە (ئەوانەی هەبووەن، یان خاوەن واسیتەن) بە هەر جۆرێك بێت خۆیان دەگەیەننە وڵاتەكانی ئەوروپا.. . بەشێكیان، پاش چارەسەر كردن دەگەڕێنەوە كوردستان و بەشێكی تریان لەئەوروپادا دەمێننەوە.

**٨-داوەت كردن:** تاك و تەراش لەگۆرانیبێژو خاوەن فكرو نووسەری كورد هەیە بەهۆی (داوەت) بانگهێشت كردن یان لێگێڕانەوە لەلایەن دەزگا ئەدەبیو

ڕاگەیاندن و هونەریەکانەوە، جا چ کوردی بێت یان بیانی، دێنە دەرەوە.. . پاش ئەنجامدانی کارەکانیان بەشێکیان دەمێننەوەو دەچنە وڵاتێکی ترو کێسی خۆیان پێشکەش دەکەن و ناگەڕێنەوە کوردستان.

**٩-چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی:** بەهۆی ئەم بارەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە خولقاوە، سەدان کەسی هەبووە نەدار بووەو بەپێچەوانەشەوە تاقمێکی تر دەوڵەمەند بووینە. هەیە ناتوانێت بژێوی ڕۆژانە دابین بکات، هەشە شاهانە دەژی.. . لەزانکۆکاندا، بەدەیان کوڕە دەوڵەمەندو لێپرسراو بەئۆتۆمۆبیلی دوامۆدێل دەسوڕێنەوەو لەزانکۆکانیشدا حسابیان بۆ دەکرێ. کەچی کوڕە هەژارەکە دەبێتە پەراوێزو ناتوانێت بەکەیفی خۆی جل و بەرگ لەبەر بکات تا بەئۆتۆمبیل ڕادەگات.. یان بەهۆی نەداریو لەبار نەبوونی بارە ئابووری‌یەکەی ناتوانێت خێزان پێکەوە بنێت، کەچی بەدەیان لێپرسراو دەبینی، لەیەك ژنەوە کردوویانە بە دوو و برادەری کچیشی هەیە. ئەم چەوساندنەوە کۆمەڵایەتیە، سەرچاوە لەئابووریەوە دەگرێت. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم دیاردەیە، گەنجی کورد بیر لەدەرەوە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە خۆی خڕ بکاتەوەو دوارۆژێك بۆ خۆی دابین بکات، تا شەمەندەفەری تەمەن لەکاروانەکەدا جێی نەهێشتووە.. ئەم چەوساندنەوە کۆمەڵایەتیە، ئەم نایەکسانی‌یە، هۆیەکە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچ لەنێوەندی لاوانی کوردستان.

**١٠- دەزگاکانی ڕاگەیاندن:** بەهۆی بڵاوبوونەوەو فراوان بوونی تۆڕەکانی ڕاگەیاندن، دووری نێوان شارستانیەتەکان کەم بۆتەوە. یان هەر نەماوە. تاکی کورد لەماڵی خۆی، بەیەك چرکە قسە لەگەڵ کەس و کاری لەئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیا دەکات و ئاگاداری تەواوی ژیانی ڕۆژانەیان دەبێت.. . بەپێچەوانەوەش. لەڕێگای زۆر بوونی مانگە دەستکردەکان، سەتەلایت ئەوەندە زۆر بووە، کەم ماڵ هەیە لەکوردستاندا نەیبێت.

لـەڕێگای ئـەم کەناڵانـەوە ژیـانی ئـەورووپاو دەرەوە بەلایـەنی ئـەرێنیو نەرێنییەوە دەبینیو ڕاستەوخۆ بێت یـان ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەرییان لەسـەری دەبێت. دەبینیێ" تاك لەدەرەوە دەنگی هەیە، حسێبی بۆ دەکرێـت، سەربەسـتی تاك بێ سنوورە، پێویستییەکانی ژیانی لەئۆتۆمبیل، خانوو، کار، یان بیمـەی بێکاری، تەلەفۆن، کارەبا، ڕادیۆو تەلـەفزیۆن، مـاڵی تـەواو، دابـین کـراوە. . . سیـستەمی خوێنـدنی ئـەوێ دەزانـێ، ڕەنـگ و ڕووی ئـەم خەڵکـەی دەرەوە دەبینـێ. . . بـاڕو دیـسکۆخانەو پەرسـتگاو شـوێنە ئایینییـەکان دەبینـێ. مەجبوری کەس نیە بۆیان باس بکات.

بەهۆی دیـاردەی جیهانگـەرایی (عولمـە) ئاگـاداری بەشـێکی زۆری ڕووداوو گۆڕان و پێشهاتەکانی دونیایە. ئەم دەزگایانە، ئاسۆی بیری فـراوانتر دەکـەن. . ئەم دونیا گەورەی بۆ بچووك دەکەنەوە. . . جگە لەوەش، تۆڕەکانی ئەنتـەرنێت، بەماوەی خولەکێك هەواڵەکان دەگوێزنەوە. . . پێـشهاتە ئـابووریو سیاسـیو کۆمەلایەتیەکان دەخەنە ڕوو. . . ئەمانە هاندەرێکن بـۆ تـاکی کـورد، تـاوەکو لەهەوڵی ئەوە دابێت ئەویش وەك خەڵکی تر بـژیو لـەم نـازو نیعمەتـەی ژیـان بێبەش نەبێت. . . ئەگەر هەرنا، بۆ منداڵەکانی دابینی بکات.

**١١-گۆرانبێژە کوردەکانی دەرەوە:** بەشێك لەم هاندان و چەواشە کردنـەش، بەر هەندێك لەم گۆرانبێژە گەنجـە کوردانـە دەکـەوێت، کـە لـەدەرەوە دەژیـن. ئەمانە بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەکانیان، خۆشترین شـوێن هەڵدەبـژێرن لـەدەریاو دەریاچـەی شـینی فـراوان، نـاو فرۆکەخانـە گـەورەو نێودەوڵەتیـەکان کـە پێشکەوتووترین ئامێری ئەلکترۆنی تێدایە. . . باخچەی خۆش و پـارکی فـراوان و ڕازاوە. . . شـەوانی کوردیـو شـاییو هەڵپـەڕکێ. . ئۆتـۆمبیلی جـوان و دوامۆدێل. . . مۆبایل بەکارهێنان. سەرەڕای هەموو ئەمانـەش" قـۆڵ لـەقۆڵ و

دەست لـەملی کـچێکی سـوورو سـپی قـژ زەردی ڕووت، گـۆرانی دەڵـێن.. .
کچەش، بەڕوویانەوە پێدەکەنێو نازیان ڕادەگرێت.

گەنجی کورد، کە ئەم دیمەنانە دەبینێ، واهەست دەکات ژیان لەئەوروپا هـەر ئـەم دیـوەی هەیـە.. . وادەزانـێ، هـەر ڕابـواردن و پیاسـە کـردن و شـایی‌و هەڵپەڕکێیە.. . دیوە تارێك و ناخۆشـەکانی تـر نـابینێ.. . ئـەوە نازانێـت، خـەڵکی واهەیـە، لەئـەوروپاش دەژی سـاڵی جارێـك ڕێـی ناکەوێتـە ئـەم فرۆکەخانەو دیسکۆخانەو کەنار دەریایانە.. . گۆرانبێژەکان، هـەر ئـەو دیـوەی ژیـانی ئـەوروپا پیـشان دەدەن کـە لای گـەنجی کـورد جێگـای سـەرنجەو لەکوردستاندا بەخەونی شەوانیش نایبینێت.

**١٢-بەشێك لەلێپرسـراوەکان:** بەشـێك لـەو کەسـانەی کـە ئێـستاکە لەکوردستاندا لێپرسراوی ئەو خەڵکەن، کەس و کارەکانیان لەئـەوروپا دەژیـن و خۆشیان لەکوردستان.. . لەلێدوان و قسەکردندا، ئامۆژگاری خەڵك دەکـەن کـە نەچنە دەرەوە، کەچی ئامادە نین کـەس و کـارو منداڵـەکانی خۆیـان بێننـەوە کوردستان.. ساڵانەش سەفەری خۆیان دەکەن و جنسیەی وڵاتـانی ئـەوروپایان لەگیرفاندایە.

# لایەنە باش و خراپەکانی کۆچکردن

دیارە، سەرهەڵدانی هەر دیاردەیەك لەنێو کۆمەڵگادا، لایەنی ئەرێنیو نەرێنی هەیە. دیاردەی کۆچ و سەفەریش، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیە بەرچاوانە کە دەیان لایەنی چاك و خراپی لێکەوتۆتەوە. . .

## أ-لایەنە باشەکان:

**١-کۆچ، کردنەوەی دەرگایەکە بەڕووی جیهاندا :** لەڕێگای چوونە دەرەوەدا، نەخشە نەگۆڕاوەکەی مێشکی گەنجی کورد دەگۆڕێت و ئاسۆی بینینی فراوانتر دەبێت. دنیاش تارمایی ئەو سنوورە بەرتەسکەی دەڕەوێتەوە. شارەزای سیستەمی بەڕێوەبردنی ژیان و هەڵس و کەوت و مافی تاکەکەس و داب و نەریتی نەتەوەکانی دونیا دەبێت.. بەهۆی هەبوون و ڕەخسانی باری ئازادی تاکە کەس، لەو وڵاتانەدا، فێرە سینگ فراوانیو قەبووڵ کردنی ڕای جیاواز دەبێت. شارەزای باش لەبواری خەبات و تێکۆشان و مێژووی ئەو نەتەوانە پەیدا دەکات. هەروەها بەهۆی دابین کردنی کارو مسۆگەر کردنی

ژیانی، بیر لەشتی گەورە تـر دەکاتـەوە. هـەر ئـەوە نیـە بەتـەنگ تێرکردنـی سکیەوە بێت و نەپرژێتە سەر لایەنی تر.

لەدەرەوە بوارەکە فراوانترە.. . دەبینیٚ تاکەکەس ئازادە، دەتوانێت نامـە بـۆ سەرکردەو گەورە بەرپرسان بنێرێت و ڕەخنەیان لیٚ بگرێت. ئامێرەکانی ئاسـان کردنی ژیان و خۆشگوزەرانیو پەیوەنـدی کـردن مـشەیە. بـچووکترین دێهـات، جیاوازی نیە لەگەڵ شارە گەورەکاندا.. . هێڵی شەمەندەفەر، هەموو شوێنێکی ژیانی بەیەکەوە بەستۆتەوە.. . تەلەفۆن، فاکس، ئینتەرنێت، بوس، مارکێـت، ئاوو کارەبا، شەقامی ڕەش، باخـچەی منـدالاٚن، پـارکی حەوانـەوەو پـشودان، خانووی رێك و پێك و تازەو مۆدێرن، قوتابخانە.. . تاد. هەر هەمووی تێدایـە. دەبینیٚ، هاوولاٚتی ئەو ولاٚتانە، بەتەنگ پاراستنی دام و دەزگـا گـشتییەکانن، بەتەنگ پاك و خاوێنی شەقام و کوچەو ژینگەو باخچەکانن. گویٚ ڕایەڵی یاساو ڕێنماییەکانن.. . جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینێت، لەنێوان نەتەوەو نەتەوەیـەکی تر.. . ڕەنگ و ڕەنگێکی تر.. . پیاوو ئافرەت.. . دەیـان دامـەزراوو دەزگـای ناحکومی هەیە کـە پارێزگـاری لـەئازادی تاکـە کـەس و ژینگـەو تـەیرو تـاڵ دەکەن.. . خـەڵکی ئـەو ولاٚتانـە، گرفتـەکانیان بـەڕێگای دیـالۆگ چارەسـەر دەکەن.. . سەرۆك وەزیرێك، بەدەنگ دەچێتە ئـەو شـوێنەو هـەر بـەدەنگێش لادەچێت.. . سەرۆکی دەزگای پۆلیس، شتێکی بچووکی لەدەست قەوما، خـۆی بەبەرپرسـیار دەزانێـت و دەسـت لـەکار دەکێـشێتەوەو داوای لێبـووردن لەهاوولاٚتیان دەکات.

گـەنجی کـورد، کـە پێـشتر لـەنێو سـنوورێکدا بـووە، جگـە لەتۆقانـدن و تووندوتیژییو خۆفەرز کردن، شتێکی ئەوتۆی نەبینیووە، ژیانەکـەی خوولانـەوە بووە لەنێو بازنـەی تـرس و گومـان و دڵـەڕاوکیٚ. کـەس نـەبووە بیخاتـە سـەر شەقامی ڕاسـت و دروسـت. لەقوتابخانەشـدا، جگـە لـەئامۆژگاریو ڕێنماییـە

سەرەتاییەکان، کە ئەویش لەرێگایەکی کۆن و ئیفلیجەوە وەری گرتووە، شتێکی تری نەبووە، ئاسۆی بیرو بینینی فراوان بکات. کە لەدەرەوە ئەم شتانە دەبینێ، هەڵبەتە، کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر ڕێڕەوی ژیانیو بیرکردنەوەیدا.

**٢ -زۆر بوون و فراوان بوونی بازنەی شەپۆلی کۆچی ئەم خەڵکە،** لەدوا ڕۆژدا، کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر سەنتەری بڕیاردان، لەم وڵاتانەدا. دەتوانن بڕیارەکان بەئاراستەی پاراستن و بەرەو پێش بردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد ببەن. هەر ئێستاکە، لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانەی کە ڕەوەندی کوردی تێدایە، دەیان ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی شارەوانیو چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئەورووپی هەیە.. . بڵێین و نەڵێین، ئەوانە، کاریگەری خۆیانیان هەیە لەسەر ڕاکێشانی سۆزو خۆشەویستی ئەو وڵاتانە بۆ نەتەوەکەمان. بەسەدان کادیرو پسپۆڕی چالاکی کورد هەیە، وەك دکتۆرو ئەندازیارو مامۆستاو ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆو سیاسەتمەدار، لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا کاردەکەن و نەخشی خۆیان هەیە لەناساندنی کوردو بەجیهانی کردنی کێشەکەی.. . ئەگەر ئێستاکە، چالاکیەکانی ئەم تاکانە، سنووردار بێت، دڵنیام لەداهاتوودا، فراوانترو بەرهەم دارتر دەبێت. وێرای ئەم چالاکیانەش، بەسەدان دام و دەزگاو سەنتەری ڕاگەیاندنیان دامەزراندووە بۆ خزمەت کردنی کولتوری کوردی.. . چەندان کەناڵی تەلەفزیۆنیو ڕادیۆی ناوچەییان هەیە.. . ساڵانە سەدان کتێب بەزمانی کوردیو زمانی ئەو نەتەوانە چاپ دەکەن.. گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی بڵاودەکەنەوە.. . سەنتەرو کۆمەڵی کولتووری کوردیان دامەزراندووە. بەشێوەیەکی فراوان یادی جەژنە میللیو بۆنە نەتەوەییەکانی وەك" نەورۆز، یادی هەڵەبجە، ڕاپەڕین، کۆڕەو.. . دەکەنەوە.

**٣-لەڕووی ئابوورییەوە،** لەڕۆژی ئەمڕۆماندا، کە کوردستان، ١٢ ساڵە بەشێوەیەکی ڕەسمی لەژێر دوو گەمارۆی ئابووریدا دەناڵێنێ، ئەو کوردە پەنابەرانە دەتوانن یارمەتیەکی بەرچاو پێشکەش بەکەس و کارەکانیان، لەناوەوەی وڵات بکەن. ئەگەر هەر کەسێك بتوانێت، تەنها یارمەتی خێزانەکەی خۆی بدات، ئەوە خزمەتێکی گەورە بەئابووری کوردستان دەکات و ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێم سووك دەکات.

جگە لەوەش، لەم گەمارۆ ئابوورییەدا، هەر ئەو کوردانەن، بەهەزاران ئۆتۆمبیلی نوێ دەبەنەوە کوردستان.. . ئەگەر یەکێك بەوێژدانەوە سەیری شەقامەکانی کوردستان بکات، ئەم جیاوازییە بەرچاوەی بەئاشکرا بۆ دەردەکەوێت کە لەنێوان کوردستان و وڵاتە دراوسێکانی وەك سوریاو ئێران و تەنانەت عێراقیشدا هەیە. لەسوریادا، تاکسی واهەیە، لەکۆنیەو بێزەوەریدا، لەهیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا بەرچاو ناکەوێت، بەسەدان ئامێرو کەل و پەلی تازەی وەك" سەتەلایت و مۆبایل و کامێرای ڤیدیۆو تەلەفزیۆن و.. . لەکوردستاندا هەیە، کە بەشێکی زۆری بەهەوڵ و کۆششی ئەو خەڵکە گەیاندراونەتەوە کوردستان.

ئێستاکە، لەکوردستاندا، خەڵکێکی زۆر لەسەر مامەڵەی خانوو کڕین و فرۆشتن دەژین.. . خەڵکێکی زۆر لەکوردستان خانوو دەکات، ئەمەش بواری کارکردن فراوانتر دەکات و بێ ئیشی کەمتر دەکاتەوە. بەم هۆیەوە، قەیرانی بێ خانوویی‌و گرانیی کرێ کەمتر دەبێتەوە. بەسەدان خانوو و باڵەخانەی گەورە کراونەتەوە، خاوەنەکانیان لەدەرەوەن.. . چەندان گەڕەکی تازە دروست کراون.. دەیان هوتێل و چێشتخانەو بازاڕگاو سەنتەری گەیاندن کراونەتەوە.. ڕۆژانە تەنها لەڕێگای سەنتەرەکانەوە چەندان هەزار مارك و دۆلار دەگاتەوە

کوردستان.. . وێرای ئەوەی ئـەو خەڵکـەی لـەدەرەوەن ڕۆژانـە دەیـان کـەس، بەپارەو پوول و گیرفانێکی گەرم سەردانی کوردستان دەکەن و بـەگیرفانی بـەتاڵ دەگەڕێنەوە.

ئەگەر، هـەر کەسـەو لەدەوروبـەرو گەڕەکەکـەی خـۆی بڕوانـێ، ئـەوەی بـۆ دەردەکەوێت کە لە ٧٠٪ی خێزانی کورد، یەکێکیان لەدەرەوەیـە وای بـۆ دوو و سێ.. بەتایبەتیش خەڵکی سـلێمانیو شارۆچـکەی ڕانیـە. هەڵبەتـە، ئەمانـە تەزوویەکی گەرم و گیانێکی زیندوو بەبازاڕەکان دەبەخشن.. . بەدەیان دوکـانی پارە گۆڕینەوە هەیە، بۆتە ئەلتەرناتیفی بانکەکان. جێ پەنجەی ئـەو خەڵکـەی لـەدەرەوەن، بەسـەر بەشـێکی زۆری ئـەم بازاڕانـەدا، دیـارە.. . خـەڵکی دەوڵەمەنـدی واش هەیـە، خـۆی لـەدەرەوە دەژی، بـەڵام سـەرمایەکەی لەکوردستاندا خستۆتە گـەڕو چـەندان هوتێـل و چێـشتخانەی گـەورە گـەورەی لەسەر نەخشەی ئەوروپا دروست کردووە.. بواری کارکردنی بۆ دەیـان کرێکـاری کورد ڕەخساندووە.

ئەمڕۆکـە، ئـەو کـڕین و فرۆشـتنەی لـەبواری خـانوو بیناسـازیدا بەرچـاو دەکەوێت، بەشـێکی هـەرە زۆریـان بـەپارەی ئـەو خەڵکـەن کـە لـەدەرەوەن. بەکورتی، لەڕۆژی ئەمڕۆماندا، ئەو کوردانە، لـەڕووی ئـابووریو کارکردنـەوە، ووزەیەکی گەورەیان لەکوردستاندا خستۆتەگەڕ.

**٤-بەشێکی کەم لەو خەڵکە،** بەنیازی تـەواو کردنـی خوێنـدن و بەدەست هێنانی شەهادەی بەرزو پـسپۆڕی پەیـدا کـردن لـەدەرەوە دەخـوێنن، تـاوەکو لـەبوارو هـەلی ڕەخـساودا بـچنەوە کوردسـتان و خزمـەت بـەدام و دەزگـا پەروەردەییو خزمەتگوزارییەکان بکـەن. ئەگـەر ڕێـژەی ئـەم جـۆرە خەڵکـە، لەڕۆژی ئەمڕۆماندا، کەم بێت، ئەوە دڵنیام لـە ١٠-٢٠ سـاڵی داهـاتوودا زۆر

زێتر دەبێت.. . چونکە منداڵی ئەو خێزانانە، ئەگەر هەمووشیان نەبێت، ئەوە بەشێکیان خوێندن تەواو دەکەن و بەبیرێکی ترو بەروانینێکی تر دێنەوە مەیدان و دەتوانن خزمەت بەنەتەوەکەیان بکەن.

**٥-هاتنی ئەم هەموو کوردە بەرێگای پاپۆرو شەپۆلەکانی دەریاو پەرینەوەی گروپ گروپی قاچاغ،** سەرنجی میدیاکانی جیهان و ڕای گشتیو حکومیان بۆ لای کێشەی ڕەوای کورد ڕاکێشاوە.. . هەر ئەم دیاردە زەق و بەرچاوە دەیان کۆبوونەوەی گەورە گەورەی نێوان پەرلەمانەکانی ئەورووپاو وەزیرانی دەرەوەو کۆنگرەو کۆنفرانسی شارەوانیەکانی لێکەوتۆتەوە.. . بابەت و گفتوگۆکانی ئەم کۆبوونەوانە، ناساندنی کوردو خستنە بەرباسی پرسەکەیان بووە.. . هەر بۆ نموونە: سەیری ئەم هەڵوێستانە بکەن، کە جیهان و ڕای گشتی حسابیان بۆ دەکات:-

- لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧دا، کەشتییەك بە (٨٠٠) پەنابەری کوردەوە گەیشتە کەنارەکانی ئیتالیا، کە زۆربەیان کوردی باشوورو باکووری کوردستان بوون.. ئەم بابەتە، مەسەلەی کوردی هێنایە بەرباس و لێکدانەوە، بووە سەر باسی زۆربەی میدیاکانی ئەورووپا. هەر لەم بارەیەوە، (کلاوس کینکل)ی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (داوای لەئەنقەرە کرد رێگا چارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە)(٢٦).

(پاپا)ی ڤاتیکانیش، داوا دەکات مەینەتی کورد لەبیر نەکرێت.. . (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال)یش داوای کرد لەجیاتی کۆبوونەوەی بەرپرسانی پۆلیس، با کۆنگرەیەك ببەسترێو تیایدا لەبارەی هەڵاتنی کوردان و یارمەتی وڵاتانی خانەخوێی پەنابەران بکۆڵرێتەوە(٢٧).

- شەوی شەممە، ٢٠٠١/٢/١٧، پاپۆڕێکی بارهەڵگر کە لەکەمبۆدیا

تۆمار کرابوو، لای دایــه کــەنارەکانی فەرەنــسا لــەنزیك شــاری ســانت رافایــل (Saint Raf hael).. . سەرنشینەکانی بریتی بوون لە(٩٠٠) نەفەری قاچاغ کــە کوردی باکوورو باشووری کوردستان بوون. ئەوەی سەیر بوو، چەند ژنێــك لــەناو پاپۆرەکەدا، منداڵیان ببوو.

ئەم کارە پڕ لەتراژیدیایە، دیسان مەسەلەی کوردی هێنایــە ڕۆژاوەو کەوتــە بەرباس و لێکۆڵینەوە لەلایەن میدیاکان و پسپۆڕو دەزگاو لایەنە حکومیەکان. گەورەترین ڕۆژنامەی فەرەنسی (لۆمۆند) سەروتاری ڕۆژی ٢٠ -٢٠٠١/٢/٢٢ی تەرخان کردبوو بۆ ئــەم تراژیدیایــە. ئــەوە جگــە لەچــەندان ڕاپــۆرت و بــاس و کاریکاتێرو لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەوشی سیاسیو کولتووری کوردان.

هەر لەم بارەیەوە سکرتێری گشتی (NAOS)، ڕێکخراوی پەنابەرانی نەروێــژ، (مــورتن تیەســن) بەئاژانــسی دەنگوباســی نەروێــژی (NTB)ی گــوت" (دیــارە زۆربەی ئەو کەســانەی کــە بــەم ڕێگایــە دەگەنــە ئــەوروپا لــەبارودۆخێکی زۆر سەختەوە هاتوون و لەهەڕەشەی مەرگ هەڵاتوون و هەندێکیشیان تەنیا لەبــەر هۆی ئابووریو چــاککردنی بــاری ژیانیــان هــەڵاتوون، بــەبڕوای مــن کێــشەکە هەریەکە، چونکە لە هەر کوێ شەڕو ڕاونان بەهۆی بیرو باوەڕی سیاسیو دینیو ڕەگەزەوە هەبێت، ئەوا باری ئابووریش تێك دەچێت.. .)[٢٨].

پاتریك دڤیژیان وتەبێژی (RRR) یەکێتی لــەپێناوی جمهوریــدا، کــە پێــشتر (ژاك شیراك) سەرۆکی پارتەکە بوو، ووتی: (.. . بۆچی دەبێت کە چــوار ملیــۆن فەلەستینی مافی دروستکردنی ووڵاتی خۆیان هــەبێت، بــەڵام بیــست و پێــنج ملیۆن کورد لەو مافە بێبەش بکرێن.. .)[٢٩].

(.. . میدیای فەرەنسایی بەهەموو لایەن و بەهەموو بەشەکانیەوە بەگــشتی دۆستانە لەسەر کورد دەدوێن. لەم کارەساتەدا ڕۆژنامــە گرنگــەکانی فەرەنــسا"

لۆمۆند، لۆفیگارۆ، لیبراسیۆن و.. . گۆڤـارو بڵاوکـراوه هەفتەیی‌یـەکان نـەك هەر بەباشی، بەڵکو زۆر بەتووندی پشتگیریی ئـەو لێقەوماوانـەیان کـردو بـەو بۆنەشەوه چەند ڕۆژێك هەریەکەیان چەند لاپەڕەیەکیان لەسەر کـوردو کێـشەی کوردو مێژوو کولتوورو هەروەها لەسەر پەنابەرەکان و سـەختی سـەفەرەکەیان نووسی.. .)[٣٠].

- کەشــتی (مۆنیکــا)، ئــەو کەشــتی‌یەیە، کــە لــەڕۆژی ٢٠٠٢/٣/١٨ لەکەنارەکانی ئیتالیا لەنگەری گرت.. . ئـەم کەشـتی‌یە بەقاچـاغ لەباشـووری لوبنان بەڕێ کەوتبوو و نزیکەی هەزار نەفەری قاچاغی بارکردبوو، کەزۆربـەیان کوردی باشووری کوردستان بوون.. . لەناو ئەو خەڵکەدا، ژمارەیەکی زۆر لـەژن و منداڵ دەبینرا.. . ئەم کەشتی‌یە، دووبارە کێشەی کوردی هێنایـەوە بـەرباس و لێدوان.

زۆربەی کەناڵە جیهانیەکان بەگشتی‌و کەناڵەکانی ئیتالیا بەتایبەتی لەسـەر ئەم باسە دوان و لەسەر زاری گەورە لێپرسراوان داخۆیانی جۆربەجۆر درا[٣١].

## ب- لایەنە خراپەکان:

**١-کەمبوونەوەی ژمارەی گـەنجی کـورد لەکوردسـتاندا،** کـە ئەمـەش بۆشاییەکی گەورە لەبواری کارو پەروەردەو زانست و پزیشکی‌و خزمەتگوزاریـدا دەکاتەوە.. . بەسەدان ڕۆشنبیرو دکتۆرو ئەنـدازیارو شـاعیرو نووسـەری کـورد کۆچـیان کـردووە، کـە ئەمــەش زیـانێکی گـەورە بەدانیـشتوانی کوردسـتان و کەمبوونەوەی دەگەیەنێت.. . جگە لەوەش مەیـدان چـۆل دەبێـت بـۆ کەسـانی ناشارەزاو کۆنەپەرست، تا لەهـەموو بوارەکانـدا بەکـەیفی خۆیـان لێبخـوڕن و کۆمــەڵگای کــورد بــەرەو ســەدە تاریکــەکان بگێڕنــەوەو لەپێــشکەوتنی شارستانیەتی جیهانیدا، دوای بخەن. هەروەها لەبواری ڕۆشنبیری‌و کولتووریـدا،

خالی بوونی ئەم هەوارە، بەکەسانی دواکەوتوو و ناشایستە پڕ دەکرێنەوە، کە بانگەشە بۆ بیروڕاکانیان دەکەن و مێشکی هەزاران گەنج، بە بیرو باوەڕەکەیان زاخاو دەدەن. . هەروەها نەمان و کەمبوونەوەی کادیری پزیشکی لەکوردستاندا، ڕێژەی بەرز بوونەوەی نەخۆشییەکان بەرزتر دەکاتەوە، بەهۆی چارەسەر نەکردنی ئەم نەخۆشیانە بەشێك لەو نەخۆشانە دەمرن و زیانێکی گەورە بەقەبارەو سەنگی نەتەوەی کورد دەگەیەنن.

هەروەها نەمان و لەدەست چوونی سەدان مامۆستای زانکۆو ئامۆژگاو قوتابخانەکان، ئاستی خوێندن و زانست لەکوردستاندا دادەبەزێنن و خوێندکارەکان مەحروم دەبن لەهەواڵ و پێشکەوتنەکانی جیهان و هەر لەو قاوغە تەسکەدا دەمێننەوە، کە لەسەردەمی بەعسدا پەیڕەوی لێ دەکرا.

**٢-لەبواری ئابووریشدا،** زیانێکی زۆر لەخەڵکی کوردستان دەکەوێت و ئەو بڕە پارە زۆرە دەچێتە گیرفانی قاچاخچیەکان. . ئەو کەسەی سەفەر دەکات، مەجبوور دەبێت خانوو و ماڵ و سامانی خۆی هەرزان فرۆش بکات و ئەوەی هەیتی بیکاتە پارەو پارەکەش بنێرێتە دەرەوەی کوردستان.

**٣-لەبواری (مرۆڤ)یشەوە،** لەئەنجامی گرتنە بەری ئەم ڕێگا سەخت و پڕ لەهەڵدێرەدا، دەیان کەس گیانی خۆیان و منداڵەکانیان لەدەست داوەو بوونەتە خۆراکی تەیرو تاڵ و ماسییەکانی دەریا. . قوربانیەکانی ئەم بوارە، ئەوەندە کەم نین چاوپۆشی لێبکرێت و بەهەند هەڵنەگیرێت. . مانگ نیە، هەواڵی ڕووداوێکی دڵتەزێنی لەم بابەتانە نەبیستین، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر ژمارەو قەبارەی نەتەوەییو زیان پێ گەیاندنی.

هەر بۆ نموونە سەیری ئەم ڕووداوانە بکەن:-

- لەڕۆژی ١٩٩٧/٣/١٦دا، گەمیەیەك کە ٢٢ کوردی باشووری تێدا بوو، لەشاری ئەنتالیای تورکیا بەڕێ دەکەوێو لەدەریای (ئیجە)دا نقوم دەبێو

(١٩) کەسیان گیان لەدەست دەدەن.

- ڕۆژی ١٩٩٩/١/٣٠، لەکاتی بەقاچاغ پەڕینەوەی کۆمەڵێك کوردی عێراقی لەسنووری تورکیاوە بۆ ناو خاکی یۆنان، کەوتنە ناو کێڵگەیەکی مین و لەئەنجامدا (٥) کەس گیانیان لەدەست داو ژمارەیەکیش بریندار بوون[٣٢].

- ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/١٠ کوژرانی (٣٠) لاوی کورد لەنێوچەی هەکاری لەلایەن ژەندرمەی تورکەوە کە دەیانویست لەسنووری تورکیاوە ئاودیو بن[٣٣].

- ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٣، لەئاکامی نقووم بوونی کەشتییەکدا لەنزیك کەنارەکانی تورکیا (٩) کەس لەسەرنشینەکانی گیانیان لەدەست دا کە (٨) لەو پەنابەرانە کوردی عێراقی بوون و ئەوی تریشیان قاچاخچیەکی تورك بووەو بەنیاز بووە بەشێوەی نایاسایی بیانگەیەنێتە یۆنان[٣٤].

**٤-کۆچ و سەفەر زۆر ئاسەواری خراپی لەنێو کۆمەڵگادا دروست کردووە**.. . دەیان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لێ کەوتۆتەوە.. . بەسەدان گەنجی کوردی کۆچیان کردووەو ژن و منداڵەکانیان لەکوردستاندا جێ هێشتووە.. . لەئەنجامی توندکردنی یاساکانی پەنابەران و ڕەفز کردنی کێسەکانیان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە کۆچیان بۆی کردووە، ئەو گەنجانە، ناتوانن ژن و منداڵەکانیان ببەن و یەکبگرنەوە.. . هەر بۆیە بەشێك لەو ژنانە، چیتر بەرگەی تەنیایی و دوور لەپیاوەکانیان ناگرن و داوای جیابوونەوە دەکەن.. . بۆیە ئێستاکە لەدادگاکانی کوردستاندا، زۆر ڕووداوی لەم بابەتە دەبینرێن.. . تەڵاق دان بەتەلەفۆن و فاکس بۆتە دیاردە.. . بڵاوبوونەوەو فراوان بوونی ئەو دیاردەیە، هەڕەشەیەکە بۆ سەر تۆکمەیی و ریزبەندی خێزان و کۆمەڵگای کوردەواری.. . جگە لەوەش، ئەم تەنیاییە، چ پیاو چ ژن لەوانەیە بەرگەی نەگرن و تووشی زۆر کارو کردەوە بن کە کاریگەری هەبێت بۆ سەر کەسایەتی کۆمەڵایەتیان.

دەیان گەنج هەیە، کە لەکوردستاندا بووە، کچێکی بەدەستگیران کردووە،

بەو ئومێدەی کە گەیشتە ئەو بەهەشتە، بتوانێت ئەویش ببات.. . بەڵام درێژبوونەوەو چاوەڕوانی ئەو دیواری ئارام گرتنە دەڕوخێنن و جیابوونەوەی لێ دەکەوێتەوە.

**٥-لەلێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کاك (ئاسۆ جەبار)دا،** کە لەساڵی ١٩٩٨دا ئەنجامی داوە، هاتووە:-

- لە ٧٦٪ی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان ئارەزووی کۆچ و سەفەر دەکەن.

- لە ١٠٪ی بەتەمای ژن هێنان و پێکەوە نانی خێزانن[٣٥].

کەواتە، لە هەر (١٠٠) کەس، تەنها (١٠) کەس بەتەمای ژن هێنانە، ئەویش لەوانەیە بارە ئابووریەکەی یارمەتیدەر نەبێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی داخوازییەکەی.

هەڵبەتە، ئەم کارە بەرەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە.. .

یەکەم: لە ٩٠٪ی کچی کورد ناتوانن ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بنێن و بگەنە ماڵ و حاڵی خۆیان، جگە لەوەش سەرئێشەو چەندان گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو ئابووری بۆ خێزانەکانیان دروست دەکەن.

دووەم: ئەم کارەش زیانێکی زۆر لەداهات و ژمارەی دانیشتوانی کورد دەدات. ئەگەر ئەو ڕاستییە بزانین کە" (ڕێژەی لەدایك بوون لەنێوان دانیشتوانی کوردستاندا، لەساڵی ١٩٨٥دا، ٤٨٪ بوو. ئەم ڕێژەیە لەڕێژەی هەموو دەوڵەتەکانی باشووری- ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکو تورکیا "٢٨٪"و ئێران "٤٢٪"و عێراق "٤٣٪"و سوریا "٤٤٪" زیاترەو بەیەکێ لەبەرزترین ڕێژەی لەدیك بوون دادەنرێت لەجیهاندا)[٣٦].

کەم بوون و نزم بوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوون لەنێو کورددا، هەڕەشەیەکە بۆ

سەر دوارۆژی نەتەوەی کورد، چونکە بەم هۆیەوە، ژمارەی کورد لەبەرامبەر نەتەوە سەردەستەکاندا، لەکورتی دەدات و لەقۆناغی بەئامانج گەیشتنیش دوورتری دەخاتەوە.

**٦-ئەو کوردانەی کە دەگەنە دەرەوەو لەکەمپەکان نیشتەجێ دەبن،**

بەهۆی کاری رۆتین و دواخستنی وەڵامەکانیان تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی دەبن و هەست بەبێزاریو پەشیمان بوونەوە دەکەن.. پاش چاوەڕوانیەکی زۆر، بەهیوای قبول کردن، چەندان هیوای سەوز لەمێشك و دڵ و دەروونی خۆیاندا دەچێنن، بەڵام ئەنجام، کە وەڵامەکانیان ڕەفز یان ڕەفزو دەرکردن دەبێت، ئەوە ئاسۆی بیرکردنەوەو هەنگاونانیان تەسك دەبێتەوەو باڵی خەمۆکیو بێزاری بەسەریاندا زاڵ دەبێت.. . ئەم دیاردە خراپە، زۆر کاردانەوەی مەترسیداری لێکەوتۆتەوە.. . هەر بۆ نموونە:-

- ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٣٠، کوردێکی عێراقی بەناوی (جاسم محمد علی) دوای ئەوەی لێپرسراوانی پەنابەران لەشاری (ڕیگنز بۆرگ)ی ئەڵمانیا، بواری هێنانی خێزانەکەیان نەداوە، خۆی خستۆتە ژێر ئۆتۆمبیلێك و یەکسەر گیانی لەدەست داوە(٣٧).

- ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١٦، کوردێك بەناوی (وەلید ئەکبەر) کە خەڵکی توزخورماتوو بوو، لەشاری (دێلەمۆند)ی سویسرادا، لەکاتی کرێکاریدا، لەنهۆمی حەوتەوە خۆی فڕی داوەتە خوارەوەو گیانی لەدەست داوە(٣٨).

- ڕۆژی ٢٠٠٢/٢/٥، لەشاری (گوپنهاگن)ی پایتەختی دانیمارك، (رەفیق سەدیق محەمەد ساڵح)ی تەمەن ١٧ ساڵان، کە خەڵکی شارۆچکەی (دیانا)ی کوردستانی باشوور بوو، پاش چاوەڕوانیەکی زۆرو وەرنەگرتنی وەڵامی کێسەکەی، لەکەمپی پەنابەران، لەگیانی خۆی بێزار دەبێت و بەپەتێك خۆی

دەخنكێنێت[٣٩].

**٧-بەهۆی دووركەوتنەوە لـەباوك و دایـك،** بەشـێكی زۆری منـداڵانی كۆچـكردووەكان، لەخۆشەویـستیو سـۆزو چـاودێری بـاوك بێبـەش دەبـن و، كاریگەرییەكی نەرێنی لەسەر دروست بوونی كەسایەتیان دروست دەبێت و، ئەو سۆزو خۆشەویستییە ئاساییەیان نابێت، بەرامبەر بەباوكیان.

**٨-بەهۆی كۆچكردنی تاكەكانی خێزان،** ئەوەی كە لەوڵات دەمێنێتەوە، فێرە ژیانی تەمبەڵیو چاو لەدەستیو پـشت بەسـتن بەخـەڵكی تـر دەبێـت. . . تەشـەنە بـوونی ئـەم دیاردەیـەش، كۆمـەڵگا لەبەرهـەم هێنـەرەوە دەكاتـە كۆمەڵگایەكی مشەخۆر، كە ئەمـەش كاریگـەری خـۆی دەبێـت لەسـەر كـارو داهاتی نەتەوەیی.

**٩-بەشێك لەو خەڵكەی كە دەچنە دەرەوە،** ڕووبەڕووی كولتوورێك دەبن، كە زۆر جیاوازی هەیـە لەگـەڵ كولتـووری كـوردی. بۆیـە، بۆیـان ئیـستیعاب ناكرێو ناتوانن تەرازووەكە بەهاوسەنگی ڕابگـرن و خـوو و ڕەوشـت و ئاكـاری كوردەواری لەدەست دەدەن.

**١٠-بەشێك لەو گەنجانە، بەتایبەتیش كە لەكەمپەكان دەژین،** كارو كردەوەی ناشیرین ئەنجام دەدەن و ڕەوشتی كـورد لەكـەدار دەكـەن. ئـەنجام وای لێدەكەوێتـەوە كـە دەوڵـەت و نەتـەوەی خانـەخوێ بەچـاوێكی سـووك و كـەم بایەخەوە، سەیری كورد بكەن.

- لەكەمپەكان، بەهۆی جیاوازی كولتوورەكان" (عەرەب، ئەفغانی، بۆسنی، ئـەلبانی، ئـەفریقی، چـینی، سـریلانكی، یۆگۆسـلافیو. . .)و لەیـەك نەگەیشتنیان، تووشی شەڕە چەقۆو ئاژاوە دەبن و ڕادەكێشرێنە پۆلیـسخانەكان و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەكرێ. . .

- هەندێکی تر، لەبەر ئەو برە پارەی پەناهەندە کە لەکەمپ وەری دەگرێت زۆر کەمەو تەنها بەشی جگەرە ناکات، پەنا دەباتە بەر دزین و کـاری نـارەوا.. هەرچەندە ئەوە لەنێو کوردەکاندا زۆر کەم دەبینرێ.

- بەشێکی تر، لەئەوروپاش، خەریکی ململانێی حزبایەتیو ناوچـەگەرێتین. زۆر جاران ململانێکان کـاری توونـدو تیـژیو بەیەکـدادان و چەقۆکێـشانی لـێ کەوتۆتەوە. بۆ نموونە لەسـالآنی ٩٥و ٩٦و ١٩٩٧دا، لەشـارەکانی (هانۆڤـەرو نۆرنبێرگ و مانهایم)دا، ئەو ململانێیە بەئاشـکرا دەبینـراو پۆلیـسی ئـەڵمانی وای لێهـاتبوو لەوێـستگەی شـەمەندەفەر (بـانهۆڤ)و شـوێنە گـشتییەکاندا، یەکسەر دەیگوت: تۆ هەولێری یان سلێمانی، بەتایبەتیش لەشاری نـۆرنبێرگ، ئەمەش بەخراپ لەسەر کێشەی کوردو ناساندنی بـەدنیای دەرەوە دەکەوێتـەوە. ئەم رووداوانە، زۆر جاران دەبێتە مانشێتی رۆژنامەکان.

- خەڵکێکی تر -باکەمیش بێت- هـەر لەبـەر ئـەوەی ئیقامـە وەربگـرن و دابووەرێنەوە، پیرەژنی وا لەخۆیان مـارە دەکـەن، کـە بـەداپیرەیان دەشـێ.. . مەجبوور دەبـن لەگـەڵ ئـەم پیرەژنانـە، ژیـان بەسـەربەرن و شـەمەندەفەرەکە لێبخورن.

**١١-خێزانی کوردی واهەیە، -هەرچەندە لەچاو تورك و نەتەوەکانی تر زۆر کەمەو بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت-** دەسـەلآت و کۆنترۆڵیـان بەسەر منداڵەکانیاندا نامێنێت و دوور دەکەونـەوە لـەداب و نـەریتی رەسـەنی کوردەواری.. . کچ هەیە بەتەنها دەژیو شـەوو نیوەشـەوان نایەتـەوە ماڵـەوە. لەشوێنە گشتییەکانی وەك دیسکۆو قاوەخانەو بارەکان، رۆژ دەکاتەوە.. .

زۆر جارانیش بـەهۆی ئـەو سەربەسـتییە فراوانـەی تاکـە کـەس لـەدەرەوە هەیتی، ژن و پیاو بەرووی یەکتردا دەتەقنەوەو جیابوونەوەی لـێ دەکەوێتـەوە. یان باوك و برای کـچی کـورد، نـاتوانن چاوپۆشـی لـە زۆر دیـاردە بکـەن، کـە

لەکوردستان یاساغ و حەرام بووە کەچی لەئەوروپا شتێکی ئاسـاییە.. . ئـەم بینەو بەردەیە، کارەساتی دڵتەزێن و ناخۆشی لێ کەوتۆتەوە، کـە میـدیاو ڕای گشتی ئەورووپای لێ وەئاگا هاتووەو ئاکاری کوردی پـێ ڕووشـاوە. دوانموونـەی ئەو ڕووداوانە، کوشتنی (فاتیمە)ی کچە کوردی کوردستانی باکوور بوو.

(فاتیمە ساهیندال)ی تەمەن ٢٦ ساڵان، لەڕۆژی ٢٠٠٢/١/٢١دا، بەدەستی باوکی خۆی لەسوێد دەکوژرێت. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامـەکانی سـویدو دەنگـۆی ناو کوردەکان، فاتیمە لەگەڵ کوڕێکی سوێدی پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە.. ئەو کچە کوردە خوێندنی باڵای لەبواری سۆسـیۆلۆژیا تـەواو کردبـوو. لـەڕۆژی ٢٠٠٢/٢/٤دا، بـەئامادەبوونی ١٥٠٠ کـەس و نوێنـەری کۆشـکی شـاهانەی سوێدو سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری ئاوێتە بـوون و کوردەکـانی سـوێد بـەخاك سپێردرا.. . ئەم ڕووداوە، تاماوەیەکی زۆر بووە سـەر باسـی میـدیاکان و ڕای گشتی سوێد.. . باوکی کچەش بۆ هەتا هەتایە زیندانی کرا.

پێش ئەم ڕووداوەش، کوردێکی تر کە خەڵکی دهـۆك بـوو، کـچەکەی خـۆی بردەوە کوردستان و لەوێ کوشتیان.. . بەڵام ئـەم ڕووداوەش دیـزە بەدەرخۆنـە نەکراو لەسوێد ئاشـکرا بـوو و هەڵلایـەکی تـری نایـەوە. ڕووبـەڕوو بوونـەوەی کولتوورەکان و ئیـستیعاب کردنیـان، کێـشەیەکی گەورەیـە، ئەگـەر کـۆنترۆڵ نەکرێت زۆر زەحمەتە بتوانی بەسەریاندا زاڵ بیت و ئارێشەی لێ نەکەوێتەوە.

ئەمانەو دەیان گرفت و ئارێشەی تر، ڕووبەڕووی پەناهەندەی کورد دەبنـەوە. ئەگەر خوو ڕەوشـت و ئاکـاری کوردانـەی پتـەوت نـەبێت، نـاتوانی بەرگـەیان بگریو کەسایەتیەکەت تووشی هەڵدێری هەزار بەهـەزار دەبێـت.. . پـەروەردە کردنی خێزانیو منداڵیش، ئەگەر لەکوردستان ڕۆژانە سەعاتێکی بووێـت ئـەوە لەئەوروپا چەندان سەعاتی دەوێت.. . واتە، ئەرکەکـە بـۆ خێزانـی کـورد، زۆر قورسترە وەك ئەوەی لەکوردستان بیت.

# ڕێگاکانی کۆچکردن

ئەو خەڵکەی کە کۆچ دەکەن، بەزۆر ڕێگادا دەڕۆن. ئەم ڕێگایانەش وەنەبێ ئاسان و بێ ناخۆشیو گرفت بێت، بەڵکو زۆر جاری واهەیە، قوربانی زۆریشی لێ دەکەوێتەوە. گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کۆچبەرەکان پێیدا سەفەر دەکەن، بریتین لە"-

**یەکەم: ڕێگای قاچاغ،** (یان ڕێگای بەپێ ڕۆیشتن): کاتێک قاچاخچی لەکوردستانەوە، وەجبە کۆدەکاتەوەو ئامادەی سەفەرکردنیان دەکات، بەزۆری بەم شێوە ڕێگایانەدا دەڕۆن:-

**أ-ڕێگای کوردستان- ئێران:**

١-لەحاجی ئۆمەرانەوە بەرەو گوندی (زێوەو کۆنە لاجان)ی دیوی ئێران، بەشاخی (لاقەمریشك)دا دەگەنە (گەلی بڵباسان).

٢-ڕێگای پاسداران: ئەم ڕێگایە، شوێن کۆنە ڕەبایەکانی سوپای عێراق بوو، بەشاخێکدا سەردەکەون کە زاڵە بەسەر شارۆچکەی خانێ (پیرانشەهر)ی دیوی ئێران.

٣ -لەقەڵادزێوە بەناوچەی (سونێ)دا تێدەپەڕن و ڕوو دەکەنە گوندەکانی (شێێو زەلێو ناوزەنگ)و ئاودیوی ئێران دەبن و بەگوندەکانی (تۆکـان و قاسمەڕەش)دا تێدەپەڕن.

٤ -لەناوچەی (کێلێ)وە دەچنە گوندی (بێورانی سەروو بێورانی خـواروو)ی دیوی ئێران.

٥ -ڕێگای سلێمانی: بەچەمی چۆماندا تێدەپەڕن و دەگەنە شاری (بانە)ی دیوی ئێران.

٦ -ڕێگـای سـیدەکان: لەسـەر سێگۆشـەی سـنوورەکانی عێـراق و ئێـران و تورکیادا، ئەم دوو ڕێگایە هەیە:-

- لەسێگۆشەی سنوورەکانەوە، بەرەو گونـدی (زێـوە)ی سـەر بەتەرگـەوەڕو مەرگەوەڕی دیوی ئێران، دەکەونە ڕێ.

- لەسێگۆشەوە بەرەو شاری (شنۆ).

پاش ئەوەی وەجبە (کە لە ١٥ -٣٠) کەسێك پێکدێت، کە بـەم ڕێگایانـەی باسمان کرد دەگەنە ئێران. . . ئینجـا لـەوێوە بـەم دوو ڕێگـا سـەرەکیە بـەرەو تورکیا دەکەونە ڕێ:-

١ -لەناوچـەی (تەرگـەوەڕ)ەوە دەچـنە گونـدی (سـێ مالکـان)ی دیـوی کوردستانی باکوورو دواتر گوندی (مەشکان)و شارۆچکەی گەوەڕ (یۆك سـێل). لەگەوەڕەوە سواری (پاس) دەبن بۆ شاری (وان) لەوێشەوە بەرەو ئەستەنبۆڵ.

٢ -لەناوچەی (مەرگەوەڕ)ەوە دەچنە گونـدی (گوڵانـە)ی کوردسـتانی دیـوی تورکیاو دواتر شارۆچکەی (شەمزینان)، لەوێشەوە بۆ گەوەڕو وان و ئەستەنبۆڵ.

جاری واهەیە قاچاخچی، وا لەگەڵ نەفەر ڕێـك دەکـەوێت کـە هـەتا شـاری (ڕەزاییە)ی دیوی ئێرانی ببات، دواتر تەسلیمی قاچاخچیەکی ئێرانـی دەکـات. ئێرانیەکـەش بـە (١٠٠) سـەد هـەزار تمـەن (ئـەوە سـاڵانی ١٩٩٦ -١٩٩٧)

وەجبەکە دەگەیەنێتە شاری (گەوەڕ)ی دیـوی تورکیـا. لەگـەوەڕەوە تەسـلیمی جاشە کوردەکانیان دەکات.. . ئەوانیش لەهـەر نەفـەرێك سـەد دۆلاریـان لـێ دەسـێنن و دەیانبەنـە شـاری وان و تەسـلیمی نووسـینگەیەکی گواسـتنەوەی سەربەخۆیان دەکەن و، پارەکەشیان بۆ دەدەن، تا ئەستەنبۆڵ.

وەجبە لەکوردستانەوە تادەگاتە ئەسـتەنبۆڵ، بەشـێوەیەکی گـشتی (٥ -٨) ڕۆژ بەڵکو زێتریش دەخایەنێت. گەلێك جـارانیش تووشـی دزو جـەردە دەبـن و ڕووت دەکرێنەوە. یان تووشی کەمینی پاسدارانی ئێرانیو ژەندرمەکانی تورکیا دەبن و دەکەونە بەر دەسترێژی گوللەو گیانیان لەدەست دەدەن.

## ب-ڕێگای عێراق- تورکیا :

ئەم دوو ڕێگا سەرەکیەیە هەیە"-

١ -لە(فیشخاپور)ی سێگۆشەی سنوورەوە بەرەو گوندی (قـەرەوڵڵا)ی دیـوی عێراق، کە لەسەر ئاوی خاپوورە، دەکەونە ڕێ. . . لەوێـشەوە دەچـنە هـەردوو گوندی (بەتەقێ)یانی سەر بەتورکیا، ئینجا بەرەو سلۆپی یان جەزیرە دەڕۆن.

٢ -لە(زاخۆ)وە بەڕێ دەکەون و بەگوندی (هیزاوە)ی دیوی عێـراق تێدەپـەڕن. گوندەکانی (کۆلیاو وەحسەرو گەتە)ی دیوی تورکیا دەبڕن و دەگەنە (سلۆپی).

گەلێك کەس هەیە، هەر لەکوردستانەوە، ناسنامەی (هویـە)ی سـاختەی - دەرنـەك، کـە دەزگایـەکی کولتـووری تورکمانـەکانی عێراقـە لـەتورکیا - دەردەکات، تاوەکو لەبازگە (سەیتەرە)کانی ناو تورکیادا، نەگیرێت.

## جـ- ڕێگای عێراق- سوریا :

کە لەفیشخاپوورەوە دەپەڕنەوە دەگەنـە گونـدی (عومـەرکان)، کـە یەکـەم گوندی دیوی سوریایە، لەسەر سنوور. ماوەی نیو سەعاتبەئۆتۆمبیلدەڕۆنودەگەنە شاری (قامشلی).. . ئەگەر بیانەوێ بچنە تورکیا، یەکسەر دەچنە شاری (نصێبین)ی دیوی تورکیا، کە تەنها تەلبەندێك لەگەڵ (قامشلی)دا، لەیەکتریان جیادەکاتەوە.

**د-لەئێرانەوە بۆ کۆمارە هەڵوەشاوەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران:**

- لەشاری (سەڵماس)ی دیوی ئێرانەوە بەرەو قەزای (باکۆ) دەچن.

- لەڕێگای (خوئی)ەوە بەرەو ئەو کۆمارانە دەکەونە ڕێ.. . کە گەیشتنە ئەم کۆمارانە، ئینجا بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەکەونە ڕێ.

**هـ- ڕێگای ئێران- پاکستان:** خەڵکێکی زۆری کوردستان و عێراق، دوای شەڕی عێراق و ئێران و ئەنفالەکان، لەئێرانەوە چوونە پاکستان.. . لەوێشەوە، بەهەزاران مەینەت و دەردەسەری، پاش چەندان ساڵ، لەنووسینگەکانی (UN) ناوو نووسکران و ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەسکەندنافیا کران.

**و- لەتورکیاوە- بۆ ئەوروپا:**

ئەو بەشە خەڵکەی کە دەگەنە تورکیا، بەشی زۆریان لەئەستەنبۆڵ دەگیرسێنەوە. ئەوەی کەس و کاری لەدەرەوە بێت، چاوەڕوانی پارە دەکات، تاوەکو بۆی دەنێرن، ئەوانی تریش چەندان ئیشی جۆر بەجۆری وەك" (قاپ شووشتن لەچێشتخانەکان، لەشوێنی شووشتنی ئۆتۆمبیل، کارگە بچووکەکانی کەرتی تایبەت،.. . تاد) دەکەن، تاپارەی دەرچوون، پەیدا دەکەن. بەزۆریش (٤ -٦)کەس پێکەوە ژوورێك دەگرن. جاری واهەیە، یەك دوو مانگ ئیش دەکەن، کەچی خاوەن ئیش پارەیان ناداتێ. قاچاخچیەکان -کە هەموویان کوردی عێراقین- وەك گورگی برسی بۆ ئەو خەڵکە لەکەمین دان.. . بەقسەی خۆش و لووس، زۆر وەعد دەدەن.. . درۆ دەکەن.. . خۆیان دەکەنە فریشتە.. . هەر هێندە کە پارەکەیان لەخەڵك وەرگرت، بەمانگ و ساڵ ئیتر نابینرێنەوە.

قاچاخچیەکانی نێوان ڕێگای تورکیاو یۆنان، چەند ڕۆژێك پێش بەڕێکەوتن، لەپارکەکانی ئەستەنبۆڵ، یان شوێنی تایبەت بەخۆیان، دەسوڕێنەوەو نەفەر کۆدەکەنەوە. پێشەکی (١٠٠ -٢٠٠) دۆلار لە هەر نەفەرێك وەردەگرن و زەوی

بگیریان دەکەن. نەفەرەکانیش، خواردنی (٧-١٢) ڕۆژی ڕێگـا دەکـرن و کۆڵـە پـشت ئامـادە دەکـەن، لەگـەڵ دەسـتە جلێکـی خـاوێن و نـویێ بـۆ دابـەزین. خواردنـەکانیش، بـەزۆری بـریتین لـە" (پـسکویت، معلبـات، ماسـی قوتـوو، هەنجیری وشککراو، سـێ چـوار کیـسە نـانی بـچووك و تـەنك تـاکو زوو کـەڕو هەڵنەهێنێت و لەکەڵك نەکەوێت، قوتی فاسـولیا یـان نـۆك، حـەلوای شـەکر، فـستق و چـەرەزات، بیبـسیو کـۆلاو فانتـاو ئـاو.. .) ئـەم خـواردن و خواردنەوانەش، بەهیچ جۆرێك نابێت نووسینی تورکی یـان هـیچ ئاسـەوارێکی وڵاتی تورکیای بەسـەرەوە بێـت، نـەوەك لـەدیوی یۆنـان بگیرێـن و بـزانن کـە لەتورکیاوە هاتوون و یەکسەر ڕەوانەیان بکەنەوە.

ژمارەی نەفەرەکانی وەجبەش، بـەپێی ویـست و شـارەزاییو لێوەشـاوەیی قاچاخچی دەگۆڕێت. بەڵام بەشـێوەیەکی گـشتی، ژمـارەی هـەر وەجبەیـەکی ئاسایی خۆی لە(١٢-٣٠) کـەس دەدات. لەئەسـتەنبۆڵەوە بـە (پـاس) بـەرەو شارەکانی تورکیا —سنووری یۆنان- بەڕێدەکەون. پێش ئەوەی بگەنە ئاوەکـەی نێوان هەردوو سنوور، دادەبەزن و بەپێ دەڕۆن. بـەزۆریش لـەم سـێ ڕێگایـەوە دەڕۆن" (ئەنیس، ئەبسەڵە، ئوزون کۆپری). کـە لـەئاوی دەسـتکرد (صـناعی) دەپەڕنەوە تووشی ئاوی گەورە دەبن، بەپێ یان بەکندر یان بەچوپ دەپەڕنەوەو، ماوەیەك بەپێ دەڕۆن، بەناو دارستان و کێڵگـەی بـرنج و گوڵەبـەڕۆژەو شـاخ و هەورازو دڕك و داڵدا تێدەپەڕن و دەگەنە یەکەم شارۆچـکەی یۆنـان، کـە نـاوی (ڤێریێ)یە. هی واهەیە هەر لە(ڤێریێ)وە سواری شەمەندەفەر دەبێـت و دەڕوات. هی واش هەیە، هەر بەپێ بەرەو قوڵایی ناو خاکی یۆنان هەڵدەکـشێ، تـاوەکو لەڕێگادا گومانی ئەوەی لێ نەکەن کە غـەریب و لایدەیە. بەزۆریش هەتا شاری (ئێگزەنتی) دەڕۆن، لەوێوە سواری شەمەندەفەر دەبن بۆ شاری (سـالۆنیك) کـە

دووەم شــاری یۆنانــە لەگەورەییــدا. لەویــشەوە، بــۆ (ئەســینا)ی پایتــەخت. لــە(ڤێــرێ)وە، تــا ئەســینا، بــەم شــارو شارۆچــکانەدا تێدەپــەڕن" (ڤێــرێ، ئەلکساندەر، پــولی، گونـدی ئیـسلامی —کوردەکـان ئـەو ناوەیـان لێنـاوە—، کۆمەتین، ئێگزەنتی، کەڤالا، .. ..و .. . ئەسـینا). کـە گەیـشتنە ئەسـینا، یەکسەر دەچنە پارکی (ئەمۆنیا) کە چەقی شاری ئەسینایەو کوردەکـان لـەوێ لەپارکێکدا کۆدەبنەوە.

## دووەم: ڕێگای ڕەسمی، یان پاسە پۆرت:

ئەو ڕێگایەش هەر قاچاغە، لەبەر ئەوەی کوردستان، وڵاتێك نییــە خــاوەن قەوارەو سەربەخۆیی بێــت و لەلایــەن جیهانــەوە دانــی پیانرابێــت. بــەڵام ئــەم ڕێگایە، بەپێ ڕۆیشتنی تێدا نییەو پاسەپۆرتی عێراقــی تــا ڕادەیــەکی بــاش، ڕێگای هات و نەهات و مەینەتی کەم دەکاتەوەو، کۆچبەر کەمتر ترسی لەسەر دەبێت تا ناو خاکی تورکیا.

**١-بە پاسە پۆرتی عێراقی،** لەخاڵی پەڕینەوەی (ئیبراهیم خەلیل) دەگەنــە تورکیا. لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاوە لەسەر سنوور (ڤیزەو دخولیە)یان بــۆ لێدەدرێت و بەشێوەیەکی یاسایی دەگەنە تورکیا. ڤیزەی مانــەوەیان لــەتورکیا لەنێوان (١٠ -١٥) ڕۆژەو لەمە بەدواوە لەناو خاکی تورکیا دەبنە قاچاغ.

**٢-ڕێگای بەغدا - ئوردون:**

لــــەم حــاڵەتــەدا، کۆچبــەر بــەشێوەیەکی ڕەسمی لەبەغدا، یــان شــارەکانی تری ژێر
دەسەڵاتی ڕژێم، پاسەپۆرتی عێراقی دەردەکات و ڤیزەی ئــوردون وەردەگرێــت. کە چووە ئوردون، سەردانی باڵوێزخانەی وڵاتە سۆسیالیستەکانی جاران -وڵاتــە هەژارەکان-ی وەك" ئۆکرانیا، بولغاریا، هەنگاریا، ڕۆمانیا.. . دەکات، تاوەکو

بەپارە ڤیزەی ئەم وڵاتانە وەردەگرێت و سەفەریان بـۆ دەکـات. لـەوێش بانـدی قاچاخچی هەیەو بەپێو بەشەمەندەفەر بەرەو وڵاتانی ئەوروپایان بەڕێ دەکەن.

**٣-ڕێگای کوردستان- سوریا :**

کۆچبەر، تەزکیەی پارتێکی کوردی یـان عێراقـی وەك" (یـەکێتی، پـارتی، شیوعی) دەستەبەر دەکات و بەناسنامەی کەسێتی لـەئاوی خـاپوور بـەرەسمی دەپەڕێتەوەو دەچێتە دیمەشق.. . لەوێوەش، قاچاخچیەکان پاسەپۆرتی عێراقـی بـۆ پەیـدا دەکـەن و ڤیـزەی وڵاتێکـی وەك" (هـەنگاریا، بولغاریـا، ڕۆمانیـا، پۆڵۆنیا،.. .) بۆ وەردەگرن. یان پاسـەپۆرتی سـاختەی بـۆ دروسـت دەکـەن و ڕەوانەی ئیتالیای دەکەن. زۆر جارانیش (بەتایبەتی سـاڵانی ٩٩-٢٠٠٠) ئـەو کوردانەی کە لەدەرەوەن و پاسـەپۆرتیان هەیـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی نـاتوانن خێزانەکانیان بەرن، ناچار دەبـن بێنـەوە کوردسـتان و نەچـنەوە دەرەوە.. لـەم حاڵەتەدا، کابرای خاوەن پاسەپۆرت، پاسەپۆرتەکەی خۆی دەفرۆشێتەوە.. . ئەو کەسەی کە دەیکڕێت، لەلایەن قاچاخچی شارەزاو، بەشـێوەیەکی وا ڕەسمەکـەی بۆ دەگۆڕن کە گومانی گۆڕینی لێ نەکرێت.. .

ئیدی کۆچبەر بەم پاسەپۆرتە دێتە سوریاو لەوێش بەرەسمی سـەفەری خـۆی دەکات، چونکە دخولیەی سوریای هەیەو گرفتێکی ئەوتۆی بۆ دروست نابێت.

**٤-ڕێگای تورکیا- ئەوروپا :-**

کۆچبەر لەڕێگای قاچاخچیەکانەوە، پاسەپۆرتی وڵاتێکی ئەوروپا دەستەبەر دەکات و ڕەسمەکەی بۆ دەگۆڕن و سواری فڕۆکەی دەکەن. زۆر جاران سەرکەوتوو نـابن و لەفڕۆکەخانـەوە گومانیـان لێدەکـەن و دەگیرێـن و بەزینـدانی ڕەوانـەی عێراقیان دەکەنەوە. یان لەسەر پاسەپۆرتی عێراقی، ڤیزەی وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان بۆ وەردەگرن و ڕەوانەیان دەکەن.

## سێیەم: ڕێگای ئاو ( دەریا ):

### ١-ڕێگای تورکیا - یۆنان:

قاچاخچی لەگەڵ گەمیەوانێکی تورك رێکدەکەوێت و لەشارەکانی ئـەنتالیاو ئەزمیرەوە بەرەو جەزیرەکانی یۆنانیان بەڕێ دەکات. کـە هـەر وەجبـەی خـۆی لـە(٢٠ -٥٠) کەسـێك دەدات. جـاری وا هـەبووە، پـێش دابـەزین، لەلایـەن پاسەوانانی سنووری یۆنانەوە تەقەیان لێکراوەو گەڕاونەتەوە تورکیـا. یـان کـە گەیشتوونەتە خاکی یۆنانیش گیراون و سنووورداشی تورکیا کراونەتەوە. گـەلێك جاران، کۆچبەرەکان، تووشی حاڵەتی مەرگ و گیان لەدەست دان دەبن، بـەهۆی شەپۆلی دەریاو نالەباری کەش و هەوا یـان لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی گەمیـەکان بچووك و کۆنن، بەرگـەی ئـەو بـارە قورسـەناگرن و نقـوم یـان وەردەگـەڕێن و سەرنشینەکانیش گیان لەدەست دەدەن.

کرێی ئەم ڕێگایەش، بەپێی ویست و خواستی قاچاخچییە. ئەگەر کۆچبەر زۆر


کەشتیەکی نەفر هەڵگری قاچاغ

بێت، ئەوا ئەوانیش خۆیان دەخەنە سەر پشت و پارە زیاتر وەردەگرن. خەڵك هەیە بە (٢٠٠) دۆلار لەساڵی ١٩٩٦دا بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتووە. هی واش هەیە بەهەمان ڕێگاو هەمان ساڵ هاتووە کەچی هەزار دۆلاریان لێ سەندووە. ماوەی گەیشتنیش، بەگوێرەی شوێنی بەڕێکەوتن دەگۆڕێو بەگشتی لەنێوان سەعاتێك تا سێ سەعات دەخایەنێت.

## ٢-ڕێگای تورکیا - ئیتالیا:

ئەم گەمیانە گەورەترن و زێتر نەفەر هەڵدەگرن کە خۆیان لە (٨٠٠-١٥٠٠) دەدات. قاچاخچیەکان کۆمەڵ کۆمەڵ کۆچبەرەکان کۆدەکەنەوەو دەیانبەنە شارەکانی کەنار دەریاو لەهوتێلێك کۆیان دەکەنەوە.. تاوەکو شەوێك، لەهەلێکدا بەڕێیان دەکەن. ماوەی (٤-٦) ڕۆژ بەڕێگاوە دەبن و هەر نەفەرەو (١٢٠٠-٢٠٠٠) دۆلار دەدات و دەگەنە کەنارەکانی دەریا لەئیتالیا.. . زۆر جاران، قاچاخچیو گەمیەوانەکان، پەلە لەدابەزینی نەفەرەکان دەکەن و فڕێیان دەدەن، لەم حاڵەتانەدا، زۆر کەس گیانیان لەدەست دەدەن. یان خۆیان وون دەکەن و هەڵدێن و پاپۆڕەکە جێ دەهێڵن.. . چونکە ئەو پارەی وەری دەگرن چەند قات زێترە لەنرخی پاپۆڕەکە. پاسەوانەکانی ئیتالیا، نەفەرەکان کۆدەکەنەوەو دەیانگوێزنەوە کەمپی کاتیو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکەن، ئینجا ئازاد دەکرێن، پاش ئەوە، خەڵکەکەش وەجبە وەجبە بەشەمەندەفەرو ئۆتۆمبیل بەرەو فەرەنساو ئەڵمانیا بەڕێ دەکەون.

لەناو ئەو کەشتیانەدا، حاڵەتی سەیرو سەمەرەی وا ڕوویداوە کە جێگای سەرنجە. لەناو ئەو خەڵکە زۆرەدا، زۆر جاران ئافرەتی دووگیان، لەحاڵەتی

سەفەرو لەناو کەشتییەکانەوە منداڵی بووە. یان لەبەر پاڵەپەستۆو قەرەباڵغی تووشی تەنگەنەفەسیو بوورانەوە بووە.

### ٣-ڕێگای ئێران- وڵاتانی دەرەوە:

کۆچبەر بەهەر شێوەیەك بێت لەئێرانەوە خۆی دەگەیەنێتە (بەندەر عەباس)و لەوێش چاوەڕوانی هەلێك دەکات و بەدزییەوە خۆی داوێتە ناو پاپۆڕێکی گەورەی بار هەڵگرەوە.. . لەشوێنێکی نەدیوی ناو پاپۆڕەکە خۆی حەشار دەدات. سەیر ئەوەیە، زۆر جاران کۆچبەر نازانێت ئاڕاستەی پاپۆڕەکە بەرەو کوێ دەڕوات.. . خواردن و خواردنەوەی لەناو ئەم پاپۆڕەیە، کاتێکی زۆر دەخایەنێت -کە خۆی لەمانگێك تا دوو مانگ دەدات- تادەگاتە شوێنی مەبەست.. . جاری واهەبووە، پاپۆڕەکە بەرەو وڵاتێکی ئەفریقی بەڕێکەوتووە. یان گەیشتۆتە وڵاتێکی ئەوروپیو ئەسکەندنافیو، لەوێشەوە، ڕەوانەی ئێران کراونەتەوەو لەوێش زیندانی کراون.

بەهۆی ئەم ماوە زۆرەی، ناو پاپۆڕو کەمی خواردن و خواردنەوە، زۆر جاران کۆچبەر گیانی خۆی لەدەست داوە.

ئەم ڕێگایانە وەنەبێت ڕێگای نەگۆڕو چەسپاو بن، بەهۆی ئاشکرا بوون و کۆنترۆڵکردنی، لەوانەیە لەکار کەوتبن و ڕێگای تر دۆزرابنەوە.. . بەهەر حاڵ، ئەوانە بەشێك بوون، لەو ڕێگایانەی کە خەڵکی کوردستان پێی دەگەنە ئەوروپاو شوێنی دڵخوازی خۆیان. بڕی پارەکەش، لەڕووی چەندێتییەوە، بەپێی هەل و مەرج گۆڕانی بەسەردا هاتووە.. .

# ڕەوەندی کورد
# باڵوێزی نەتەوەکەیانن لەدەرەوە

لەئەنجامی ئەو کارەساتە یەك لەدوای یەکانەی، کە داگیرکەرانی کوردستان، بەسەر گەلی کوردیان داهێناوە، بەشێکی زۆری ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە پەرتەوازەو دەربەدەری زێدی مەفتەنی خۆیان بووینەو لەوڵاتی غوربەت و نامۆییدا، گیرساونەتەوە. ئەگەر جاران ئاوارەکانمان، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، حسابێکیان بۆ نەکرابێت، ئەوا ئەمڕۆ حسێبی تایبەتیان بۆ دەکرێت و لەزۆر بڕیارو هەڵس و کەوتدا، سەنگی ئەوان لەبەرچاو دەگیرێت. ڕاستە جاران، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە لەکوردستاندا بەرقەرار بوو، تاکی کورد نەیدەتوانی لەشارو شارۆچکەو وڵاتی خۆی دەربکەوێت.. . ئەگەر دەریش بکەوتایە، ئەوا لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتەوە، تووشی دەیان پرسیارو وەڵام دەهات و لەوانەش بوو، زیندانی کردنیشی بەدواوە بێت. . .

ئەو کاتە، سەفەر کردن ئەوەندە ئاسان نەبوو، هەر کەسەو ئارەزووی کرد، بتوانێت ئەنجامی بدات. وەلێ ئەمڕۆ، بەتایبەتیش دوای کارەساتی هەڵەبجەو

ئەنفال و کۆڕەو، بارستاییەکی گەورەی تاکی کورد لەدەرەوەن. بلـێین و نـەڵێین، ئەوانە لـەڕووی ناسـاندنی نەتـەوەی کـوردو کێـشە ڕەواکەیـدا، ڕۆڵـی خۆیـان بینیووە.

که کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە ڕوویدا، ڕۆڵەکانی کورد، لـەدەرەوەی وڵات، ڕژانە سەر شەقامەکان و، دەستیان دایە خۆپیـشاندان و مـانگرتن و هێرشـیان کردە سەر باڵوێزخانەی عێراق و ئەو وڵاتانەی گە دەستیان هەبوو لەیارمەتیـدان و چـەکی کیمیـایی فرۆشـتن بـەعێراق. بەسـەدان بەیاننامـەو یاداشـتنامەی نارەزاییان، دایە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕای گشتی، ئەو وڵاتانـەیان هوشـیار کردەوەو کێشەی کوردیان زێترو فراوانتر بەدونیا ناساند.. .

لـە ۱۹۸۸/۳/۲۳دا، بـەبیانووی یادکردنـەوەی جـەژنی کولتـووری نـەورۆز، کوردەکان، لەشاری (فرانکفۆرت)ی ئەڵمانیادا، (وەك یادی ڕۆژی نـەورۆزو دانـی نـاوەڕۆکی تـەواو بـە نـەورۆز لـەجیاتی ئاهـەنگ لەکاتـژمێری ۱۰ی بـەیانی "الخطوط الجوية العراقيـة"یان بۆ ماوەی دوو سەعات گـرت و، ژمارەیـەکی زۆر لەرۆژنامەنووس و هەواڵدەرانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن ئامـادە بـوون و پـاش ئـەوەی پۆلیسی دۆنکی سەرمایەدار بـۆ پارێزگـاری کردنـی هاوتاوانـەکانیان، بەتـەور شووشەی جامخانەکەیان شکاندو پـەلاماری کـوردە ئاشـتی پـەروەرەکانیان داو بەرەو بەندینخانەیان ڕاپێچ کردن)[٤٠].

وەنەبێ کـوردە پەناهەنـدەکان، هـەر تـەنیا لەیـەك گۆشـەی جیهانـدا ئـەم نارەزاییو خۆپیشاندانەیان ساز کردبێ، (لەهەمان کاتدا مەڵبەندی خاچی سوور لەلەندەن بۆ ماوەی ۱۲ سەعات لەلایەن کوردە نیشتەجێ بووەکانی بەریتانیاوە گـیرا بـوو و لـە ۳/۲٦دا لەشـاری سـتۆکهۆڵم، پایتـەختی سـوێدو ئەمـستردام پایتـەختی هۆڵەنـدا خۆپیـشاندانی گـەورە گـەورە دژ بەباڵوێزخانـەی عێـراق سازکرابوو.. . لە ۳/۲۸دا لەڤیەننای پایتەختی نەمسا چەندین کورد چـووبوونە



**گرتنی (( خطوط الجوية العراقية )) لەلایەن چەند کوردێکەوە لە ۱۹۸۸/۳/۲۳دا**
**لەگۆڤاری ( پەڕەنگ ) ژمارە (۱) وەرگیراوە**

سەر باڵوێزخانەی عێراق و، چەتەوڵەکانی ڕژێمی فاشی کەوتبوونە تەقە لێکردنیان.. .)[٤١].

دەبێ ئەوەش بزانین، خەبات کردن لەدەرەوەش چی کەمتر نەبوو لەناوەوە، چونکە ئەو کاتە، ڕژێمی عێراق لەباو دابوو و دۆست و لایەنگری ئەوەندە زۆر بوو، وڵاتانی ئەوروپا لەبەر چاوچنۆکیو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، بەچەك و پارە، یارمەتی ڕژێمیان دەداو لەئاست تاوانەکاندا بەرامبەر بەگەلی کورد، چاوی خۆیانیان دەچوقاند.. . تەنانەت چەکی کیمیاییش، کە بەگوێرەی هەموو بەندەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان یاساغ بوو، وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، بەهەموو توانایەکیەوە یارمەتی عێراقی دەدا، کە دواتر دەرکەوت لە ۷۰٪ی ئەو گازە ژەهراوییە، کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا داویانەتە عێراق و ئەوەی تریش ئەمریکاو وڵاتانی تری جیهان، دەستەبەریان کردووە.

ئەو کاتە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، ئەوەندە دۆستی عێراق بوو (بەگوێرەی

بەرنامەی مۆنیتۆر Monitor، کە لەکەناڵی یەکی تەلـەفزیۆنی ئـەڵمانی پـەخش دەکرێ، کۆمپانیاکان و دەزگای پۆلیسی ئەڵمانیا، هاوکاریو یارمەتی ڕژێمـی عێراق و تورکیایان دەدا، بۆ دژایەتی کردنی کورد. . . زانیاری تـەواویان لەسـەر ئـەو کوردانـەی کـە لەئـەڵمانیادا دەژیـان، دەدا عێـراق و تورکیـاو بـۆ دەستگیرکردنیان، هاریکاریو چاوساغیان بۆ ئەو دوو ڕژێمە دەکرد)[٤٢].

ئەو کوردانەی کە لەژێر دەسـەڵات و زەبـرو زەنگـی سـەدامدا، هەڵـدەهاتن، کێسەکانیان پێشکەش بەو وڵاتانە دەکرد، کە پەنایان بۆ دەبـردن. . . وەلێ ئـەو کاتە، لەبەر پێگەی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندیەکان، دانیـان بـەو کێـسانەدا نەدەناو لەدەزگای پۆلیس و دادگاکانـدا، بەتایبـەتیش لەئـەڵمانیا، بەرپەچـیان دەدانەوەو (مەسەلەی پێشمەرگایەتیو چەك هەڵگرتن دژ بەرژێمی عێـراق، وەك کارێکی ئیرهابی "تیرۆریست"یانە سەیر دەکرێـت و. . . هـەڵهاتن لەخزمـەتی سەربازیو بەشداری نەکردن لەجەنگـدا، گوایـە "خزمـەتی سـەربازی خزمـەتی نیشتمانیەو پێویستە هەموو پیاوێك بیکات")[٤٣].

عێراقیش ئەوکاتە، ئەوەندە دەست ڕۆیـشتوو بـوو، کـە دەسـتی بەهـەموو شوێنێکی جیهاندا ڕادەگەیشت. . . ئەو کوردانـەی کـە دەگەیـشتنە دەرەوەش، هێشتاکە لەژیانی خۆیان دڵنیا نەبوون، چونکە هەر لەو سـەردەمانەدا، ڕژێمـی عێراق بەهەموو توانایەکیەوە، بـەهۆی ئـەو تـۆڕە بـەربڵاوە سـیخوڕیەی کـە لەدونیادا، بەناوی کارمەندانی باڵوێزخانەکانـەوە، بـڵاوی کردبوونـەوە، دەسـتی دەگەیشتە بینی هەموو پەناهەندەیـەك، وڵاتـانی دونیـاش، ئاسـانکاریان بـۆ دەکرد. . . لەکۆتاییەکانی سـاڵی (١٩٨٩)دا، سـیخوڕەکانی عێـراق، لـەوڵاتی ڕۆمانیادا، دوو ئەندازیاری کوردیان دەستگیر کـردو لـەناو جانتایـان نـان و بـۆ عێراقیان ڕەوانە کردنەوە. ئەو کـردەوەو دەیـان کـردەوەی تیرۆریـستانەی تـری ڕژێم، وەنەبێ پووش بەسەر کرابێ. . . ئەوەتا سـیخوڕێکی ڕژێمـی عێـراق کـە

ئێستاکە لەدەرەوە دەژی و، گوایە ڕایکردووە، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا، بەڕاشکاوی دان بەم کارانەو دەیان کاری ترسناکی دوور لەهەموو داب و نەریتێکی ئەخلاقیو سیاسیو مرۆڤایەتیدا، دەنێو، پەردەیان لەسەردا، هەڵدەماڵێ[٤٤].

پاش ڕاپەڕین و کۆڕەویش، دەلیڤەی چالاکی کوردەکان بەرفراوانتر بوو. چونکە کوردەکان لەدەرەوە بەژمارە زۆرتر بوون و ڕژێمی عێراقیش بەهۆی شەڕی کوێت و داگیرکردنی، لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، ڕژێمێکی بێزلێکراو بوو.. . ئەو پاڵپەستۆو چاودێرییەی کە لەسەر پەناهەندەکان بوو، کەمتر بۆوە. دەزگاو میدیاکانی جیهان، بەشێوەیەکی فراوان، ئەو تراژیدیایەیان دەگواستەوە هەموو ماڵێکی جیهان.. . کوردەکان لەدەرەوە، بۆ پاڵپشتی کردن و پاراستنی ئەو خەڵکە کۆچکردووە کەوتنە چالاکی نواندن. سەرنجی دونیایان بۆ کێشەی کورد ڕاکێشاو لەبازنەیەکی تەسکەوە هێنایانە دەرەوە.. . بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەو خەڵکەش، کەوتنە ڕسوا کردن و شەرمەزار کردنی ڕژێمی عێراق.

(لە ١٩٩١/٣/١٦و ١٩٩١/٤/٥، کوردە پەناهەندەکان لەشاری "بۆن"ی ئەڵمانیادا، باڵەخانەی باڵوێزخانەی عێراقیان داگیرکرد.. . هەر بۆ نارەزایی دەربڕین دژی هەڵوێستی نامرۆڤانەی کوباو یەمەن کە لایەنگیری هەڵوێستی سیاسی عێراقیان دەگرت، لەڕۆژی ١٩٩١/٤/٩دا، لەشاری بۆن، چوونە ناو باڵوێزخانەی کوباو باڵوێزخانەی یەمەنیشیان داگیرکرد)[٤٥].

هەر لەم حەددو سەدەدا، کوردە پەرتەوازەکانی هەموو دنیا، بەتایبەتیش وڵاتانی ئەوروپا سەرگەرمی چالاکی نواندن بوون.. . کە دەهاتنە ماڵەوە، ئەو تراژیدییایەیان دەبینیو، بێ خەبەر بوون لەچارەنووسی کەس و کاریان، زێتر هانی دەدان بۆ چالاکی نواندن.. . لەزۆربەی هەرە زۆری شارە گەورەکانی ئەوروپادا، چالاکییەکانیان نمایش دەکردو، خەڵکی ئەو وڵاتانەشیان بانگهێشت

دەکرد، بۆ بەشداریکردن و پاڵەپەستۆ خستنە سەر وڵاتەکانیان، تا بەهانای کوردانەوە بێن و لەم تراژیدییایە ڕزگارییان بکەن. لەمیانەی ئەم چالاکی نواندنانەدا، (لەڕۆژی ۱۹۹۱/۳/۲۲دا، کۆمەڵێك کورد لەشاری لاهای پەلاماری سەفارەتی عێراقیان داو بۆ ماوەی کاتژمێرێك کۆنترۆڵیان کرد. . . لە ۱۹۹۱/٤/۳دا، دوازدە کورد سەفارەتی عێراقیان لە برۆکسل لەبەلجیکا کۆنترۆڵ کردو ئاڵاکەی عێراقیان لەسەر سەفارەتەکە داگرت و ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە. لەهەمان ڕۆژدا بیست کورد لەلەندەن لەبەردەمی سەفارەتی ئەمریکیدا دەستیانکرد بەمانگرتن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ بارودۆخی کوردەکان لەکوردستانی عێراقدا. . لەئەڵمانیا کۆمەڵێکی دیکە لەکوردەکانی ئەو وڵاتە قونسوڵی هۆڵەندیان لەئوسنابروك کۆنترۆڵکرد. . لەمیونیخ دەستەیەکی دیکە بیرۆی خاچی سوورو مەکتەبی سێ حزبی سیاسییان کۆنترۆڵ کردو داوای کۆمەك و یارمەتی بۆ هاووڵاتییەکانیان لەکوردستانی عێراق دەکرد..)[٤٦].

لەکۆڕەپان و شەقامە گشتییەکاندا، چادریان هەڵدەداو بەڤیدیۆ، کارەساتی هەڵەبجەیان بەخەڵك نیشان دەدا. . کۆڕەویان دەخستە ڕوو. . تاوانی مەرگەسات و وێرانکردنی (٤٥٠٠) دێهاتی کوردیان باسدەکرد. . سەدان پۆستەرو بەیاننامەیان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکردو لافیتەی جۆر بەجۆریان هەڵدەواسی. . ئەم کارانەیان، تەنها لەپێناوی ناساندنی کێشەی کوردو بەجیهانی کردنی بوو. . بۆ یارمەتی کۆکردنەوەو پاڵپەستۆ خستنە سەر سەنتەری بڕیار بوو. . لەزستانی ئەوروپاو لەبەر بەفرو شڵێوەو لێزمەی باراندا، چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا. ئەو کاتە کورد، یەك هەڵوێست بوو. . بەیەك دەنگ و بەیەك ڕەنگ خۆیان نیشان دەدا. . زۆربەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان خرابوونە لاوە. . پەیوەندیان بەدەیان دەزگای خێرخوازی

جیهانیەوە دەکرد، نموونەی خاچی سووری نێودەوڵەتان و پزیشکانی بێ سنوورو کاریتاس و کلێساکان و.. و.. یارمەتیەو خۆراك و جل و بەرگ و داوو دەرمانیان کۆدەکردەوەو بۆ ئەو خەڵکە لێقەماوانەیان دەنارد.ەوە. . .

وەلێ مخابن، پاش کارەساتی شەڕی براکوژی، سستیەو لێکترازانێك کەوتە ئەو نێوەندە چالاکەو وەك پێویست، چالاکیەکان ئەنجام نەدەدران. براکوژی چۆن شیرازەی ئەندامانی یەك خێزانی لێکترازاند، بەو شێوەیەش لەنێو ئەو ڕەهەندەشدا ڕۆڵی خۆی بینیەو پارچە پارچەی کردن. بۆیە دەبینین لەم ماوەیەدا، بەتایبەتیش لەنێوان ١٩٩٤ - تاکۆتایی ١٩٩٨دا، سستیەو بێ هێزیەك بەدی دەکرا، بەتایبەتیش لەیادکردنەوەی نەورۆزو هەڵەبجەو کۆڕەوو ئاهەنگە کولتووریەکاندا.

ئەگەر لەم ماوە زەمەنیەدا، سستیەیەك بەدی کرابێ و هاودەنگیەکی پێویست لەنێو ریزەکانی ڕەهەندی کورد، لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا نەبینرا بێ، ئەوا لەدەستگیرکردنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، یەك دەنگ و یەك ڕەنگ خۆیان بەدونیا ناساند.. . لەشەوی پڕ لەبەفرو بارۆڤەو ڕەهێڵەدا، لەوڵاتانی ئەورووپاو ئەسکەندنافیا، کیشوەری بەستەڵەك و سەرجەم دونیادا، بێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی تایبەتی.. هەموویان بەسۆزو حەماسەتێکی کوردانەوە، بەشداری خۆپیشاندان و مانگرتن و کەرنەڤاڵی جۆربەجۆریان کرد.. . ڕای گشتیەو هاوسۆزی، ئەو وڵاتانەیان بۆ کێشەی گەلەکەمان ڕاکێشاو، تاکار گەیشتە ڕادەی بەشداری کردن و بەدەنگەوە هاتنی، زۆر لەپەرلەمانتێرو وەزیرو کەسایەتی پایەبەرزی نێو سەنتەری بڕیاردان.

بەم شێوە، رفاندن و پیشاندانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی تورکیا، نەك هەر سۆزو حەماسەت و هەستی جالیەی کوردی وروژاندو برینداری کرد،

بەڵکو زۆر کەسی سارد ەوە بووی خـەبات و گۆشـەگیری لەکوردایـەتی، دووبـارە ڕاکێـشایەوە نێـو خـەبات.. . دەوڵـەتی تـورك، بـەم ڕەفتـارە ترسـنۆك و تیرۆریستیەی، لەکەسایەتی ئۆجەلاندا، سووکایەتی بەهـەموو نەتـەوەی کـورد کرد.. . لەوڵاتانی وەك ئەڵمانیادا، کە ڕەوەنـدی کـورد، لەهـەموو وڵاتـانی تـر زێترە، کە هەندێك سەرچاوە بە(سێیەم کەمە نەتەوایەتی)(٤٧) دادەنێـت. هـەر ئەم بارستاییە ئەستوورەش وای کرد، حکومەتی ئـەڵمانیا لـەدەرکردنی بڕیـارو هەڵس و کەوت کـردن لەگـەڵ ئـەم کێـشەیە، دەنـگ و ڕەنگـی ئـەم قەبارەیـە لەبەرچـاو بگرێـت. جـاران، ئۆجـەلان لەلایـەن دادگـای بـەرزی ئـەڵمانیادا، داواکرابوو، بـەڵام بـەهۆی پاڵەپەسـتۆی ڕەوەنـدی کـورد لەئـەڵمانیادا، دادگـاو دەوڵـەت لەداواکـەیان پاشـگەز بوونـەوەو کـار گەیـشتە ئـەو ڕادەیـەی، کـە بەرگریشی لێ بکەن.

ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا نەخش و کاریگەری چـالاکیە زۆرو بەرفراوانـەکانی کوردەکانی پێوە دیاربوو.. . کوردەکان چوونە بەردەم زۆربەی باڵوێزخانەی ئـەو دەوڵەتانەی کە دەستیان لەم کارە ناڕەوایەدا هـەبوو.. . لـەم پێنـاوەو بـەرگری کردنـەش، لەبـەر کـۆنترۆڵ نـەکردنی خۆپیـشاندەران و پـۆلیس و دەزگـا سیخۆڕییەکانی ئەم وڵاتانە، پێکدادان و کاری توندو تیژیشی لێ کەوتەوە.. . لـە (١٩٩٩/٢/١٧)دا، سـەفارەتی ئیـسرائیل، لەشـاری بـەرلین تەقـەی لەخۆپیشاندەران کردو سێ گەنجی کوردی لێ شەهید کردن)(٤٨).

پاش گرتن و زیندانی کردنـی ئۆجـەلان، شـەقامی تورکیـو دەوڵەتەکـەیان، لەگەرمەی خۆشیو ئاهەنگ و هەڵپەڕیندا بـوون.. . ئـەوان، هـەر زوو بڕیـاری خۆیان دابوو و ئۆجەلانیان بەحوکمی ئیعدام مەحکوم کردبوو.. . وەلـێ کاتێـك ئـەو حوکمـەیان، شـێوەی ڕەسمـی وەرگـرت و، دادگـای تـورکی، حـوکمی لەسێدارەدانی ئۆجەلانی لە ١٩٩٩/٦/٢٩دا پەسەند کرد.. . ئەم بڕیـارە نـەبووە

هۆی خامۆشیو بێدەنگی ڕەوەندی کورد، بەڵکو لەهەموو لایەکەوە، دژی وەستان و پرۆتستۆیان کرد، لەبەردەم پەرلەمانی ئەورووپیشدا، چەندان شەو ئێشکیان گرت و ڕۆژیان کردەوە، تاوەکو توانیان زەخت لەسەر پەرلەمانی ئەورووپی بکەن و، تورکیا ناچار بکەن حوکمەکە جێبەجێ نەکات.

ڕەوەندی کورد بەهۆی ئەو سەنگەی، کە لەڕووی چەندایەتیو چۆنایەتیەوە هەیتی، دەتوانێت زۆر شت بکات. دەتوانێت چاوگەی زۆر بڕیارو هەڵوێست، بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەی بگۆڕێت.. . (کۆچبەر دەشێت کەسێك بێت کاریگەری لەسەر ناوەوە گەورەتر بێت لەکاریگەری ئەوانەی لەناوەوە دەژین.. ئەمڕۆ کاریگەری کۆچبەران لەسەر هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووری، چەندین جار لەکاریگەری ئەوانەی لەناوەوەن گەورەترن، بۆ نموونە، کاریگەری ئابووری کۆچبەران لەسەر ستراکتوری ئابووریو سیاسی لەکاریگەری چین و تاقمەکانی ناوەوە بەهێزترە، بەئەندازەیەك دەکرێت بڵێین ئەمڕۆ "ئابووری مەنفا" بەشێکی سەرەکی دەرماڵەی گشتی کوردستانە.. .)[٤٩].

لەڕووی فکریو کولتوریشەوە، چالاکی زۆر گەورەو بەرچاویان، ئەنجام داوە.. بەدەیان گۆڤارو ڕۆژنامەیان لەوڵاتە جیاجیاکاندا بەزمانی کوردیو زمانی ئەو وڵاتانە دەرکردووە.. .

ئەوێ سەردەمێ، خستنە ڕووی تاوانەکان لەکوردستاندا، زینداتیو باجی گیانیشی لەسەر بوو، بۆیە بەشی هەرە زۆری هەوڵەکانی ڕژێم دژی کوردو بزووتنەوە چەکدارییەکەی، لەناوەوە پووش بەسەر دەکرا.. . کەچی لەدەرەوە بەهۆی بەرقەرار بوونی ئازادیو هەوڵی ڕەوەندی کورد لەڕێگای ئەم سەکۆیانەوە، هەوڵ و تاوانەکانی ڕژێم ئاشکراو شەرمەزار دەکراو لێی لەهەڵلا دەدرا.. . هەر لەوڵاتێکی وەکو سوید بگرە، هەرچەندە ئامارێکی تەواوو زانستیمان لەبەردەستدا نیە، بەڵام بەپێی داخۆیانی ڕووناکبیران و لێپرسراوی

دەزگا کولتووریەکان، زێتر لە (٥٠-٦٠) ڕۆژنامەو گۆڤارو وەرزنامە لەو وڵاتە دەردەچێت. زێتر لە سێ (٣) هەزار کتێبی کوردی لەبوارەکانی مێژوو، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، شیعر، چیرۆك، ڕۆژنامەوانی، منداڵان،.. . بڵاوکراونەتەوە. ئەم ژمارە زۆرە، ئەگەر بەراووردی بکەین لەگەڵ باشووری کوردستان -چونکە ئەم بەشە لەڕووی کتێب و چاپکردنەوە لەهەموو بەشەکانی تر بەختەوەرتر بووە- دەبینین ئەو بزووتنەوە کولتوریەی پەناهەندەی کورد لەسوێد، بەدووەم مەڵبەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی (پاش کوردستانی باشوور) دادەنرێت.

هەروەها هەر لەسوێد، چەندان چاپخانەو دەزگای چاپەمەنی کوردی دامەزراوە، کە خزمەتێکی بەرچاوی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریو کولتوورییان کردووە.

هەر ئەم ڕەوەندە، دەیان کەناڵی ڕادیۆی ناوخۆییو تەلەفزیۆنیان دامەزراندووە. کەناڵی ئاسمانی (Med.T.v) جاران و (Medy a)ی ئێستاو (میزۆپۆتامیا)، بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کوردە پەراگەندانەیە. ئەم تەلەفزیۆنە، خزمەتێکی گەورەی کولتورو ئاوازو مۆسیقای کوردی کردووە.. لەکوردستانی باکوورو تورکیادا، بەهۆی یاساغ بوونی زمانی کوردی، بەسەدان ئاوازو گۆرانی کوردی دزراوەو بەرگی تورکییان بەبەردا کردووە.. . لەو کاتەدا، ئەم تەلەفزیۆنە، ئەم ئاوازە فۆلکلۆریە کوردیانەی بەساحێب کردۆتەوەو بەشێوەیەکی تازەو مۆدێرن پەخشی کردوون. دەیان گروپ و سەنتەری مۆسیقای کوردی لەخۆی کۆکردۆتەوەو، بەرهەمەکانیان دەگوازێتەوە بۆ کوردستان.. . بەسەدان شوێن و ناوچەی ئەسەریو مێژوویی کوردستانی، لەدنیای خامۆشیو لەبیرچوونەوە، زیندوو کردۆتەوە. بەدەیان ئاهەنگ و سیمیناری سیاسیو مێژگردی هەمە چەشنەی پەخش کردووە.. سیاسەتی حکومەتە داگیرکەرەکانی



**( لەیادی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کودستان - مەهاباد )**

**لەڕاستەوە بۆ چەپ: د.جەمال نەبەز، حسێن رەسول عەزیز، د.حسن حمە علی**

کوردستانی مەحکوم و ڕیسوا کردووە. چالاکیی جۆر بەجۆری کوردەکانی دەرەوەی نیشان داوە.. .

هەر لەم بوارەدا، دەبێ هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژە کوردانە لەبەرچاو بگیرێ، کە بەقوڕگی پڕ سۆزو ئامێرەکانیان، ئاوازو گۆرانی کوردییان، بەدونیا ناساندووەو، لەهەموو بۆنە نیشتمانیو تراژییدیەکاندا، ئامادەییان هەبووەو گیانی بەرخۆدان و نەتەوە پەرستییان، بەبەر ڕەوەندی کورددا کردووە.

پەرلەمانی کوردستان[٥٠]، هەرچەندە زۆربەی ئەندامەکانیان، هەوادارو سەر بەپارتی کرێکارانی کوردستانن، لەگەڵ ئەوەشدا، کوردی پارچەکانی تریشی تێدایەو هەوڵ و خەباتی ئەوان لەنێوەندە جیهانیەکاندا، جێگای شانازیو ئاماژە پێکردنە.

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە دواوەو، ئەوەش بەبیر خۆمان بهێنینەوە، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)، لەقاهیرە لەدوورەولاتی،لەسەردەستی ڕەوەندی

کورد لە(٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)دا، لەدایك بووە.. . یەکەم پارت و ڕێکخراوی سیاسی کوردیش، بەبۆچوونی دکتۆر (فەرهاد پیربال) (ئۆرگانی "عەزمی قەومی کوردستان"ە.. . کە لەساڵی ١٩٠٤ لەقاهیرە دامەزراوە)[٥١] لەبواری چاپخانەی کوردیشەوە، ناوبراو پێی وایە" (یەکەمین چاپخانە لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی "١٨٩٣-١٩٤٧) لەساڵی ١٩١٥ لەسوریا دامەزراوە.. .)[٥٢].

هەروەها لەبواری تێکەڵ بوون لەگەڵ کولتورە جیاجیاکاندا، توانیویانە ناسنامەی کورد بوون، لە(تورك و عەرەب و فارس) جیابکەنەوەو بەنەتەوەیەکی سەربەخۆیان ناس بکەن. چونکە خەڵکی سادەی ئەوروپا، کە دەڵێی عێراقیم یەکسەر دەڵێن تۆ عەرەبی.. . یان کە دەڵێی (خەڵکی تورکیا یان ئێران)م، ئەوان وا دەزانن تورك یان فارسی. ئەو ڕەوەندە، لەڕێگای سازکردنی ئاهەنگ و تێکەڵ بوون و هامووشۆ کردن، کولتوورو داب و نەریت و مێژووی کوردییان بەدونیا ناساندووە.. . لەڕێگای کردنەوەو ئامادەکردنی "ماڵی کورد"ێدا، جل و بەرگ و خواردەمەنی کوردییان پیشان داوە.

دەیان کۆمەڵەی هاریکاریو دۆستایەتیان لەگەڵ ئەم نەتەوانەدا دروست کردووە. جاری وا هەبووە لەنێو ڕیزی ئەو کۆمەڵانەدا، ئەندام پەرلەمان و کەسی پایەبەرزی سیاسیو ڕۆشنبیری بەرچاوی تێدا بووە.

هەر لەنێوەندی ئەم ڕەوەندەدا، بەدەیان گەنجی کورد لەبوارەکانی زانست و وەرزشکاریدا هەڵکەوتوون و پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە، کە بووەتە جێی شانازی کوردو، میدیاکان گرنگیان پێداوە.

کوردەکان، بەتایبەتیش (کوردەکانی باکور)، لەڕووی ئابوورییەوە، چاوگێکی سەرەکی بەردەوامی بزووتنەوە چەکدارییەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان بووینە.. . ئەوان، ڕۆڵێکی جوامێرانەو بەرچاویان گێڕاوەو بوونەتە دابینەمۆی بزووتنەوەکە.. . (هەر لەماوەی مانگی تشرینی یەکەم-کانوونی

یەکەمی ١٩٩٥دا، "٣٦" ملیۆن مارکی ئەڵمانیان وەك کۆمەك و یارمەتی کۆکردۆتەوەو)[٥٣] پێشکەش بەم بزووتنەوەیان، کردووە.

بەکورتی، ڕەوەندی کورد، ئەوەندە بەخاك و میللەتەکەی خۆی پەیوەستە، دەتوانین بڵێین" هەر بەجوگرافیا لەکوردستاندا دابڕاوە دەنا تەواوی ناسنامەو کۆژانی میللەتەکەی خۆی لەکۆڵناوەو ئامادە نیە لێی جیابێتەوە... هەستی نەتەوەیی و کورد بوونیش، لەدەرەوەی زێدو نیشتمان، پتر تاو دەستێنێ و گەرم و گوڕتردەبێت..

.

کوردێك ئەگەر دەربەستی نیشتمانی نەبێت، تازە ئەو دەرچووەو چی لەکوردستان داوە، خۆی تووشی ئەم ماندوو بوون و سەرئێشەو لێپرسینەوەیە بکات.. . بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیەکان و بیرو بۆچوونی بیرمەندانی ئەم بوارە، هەستی نەتەوەیی لەدەرەوە بەهێزو زاڵتر دەبێت. . . هەر لەم ڕوانگەیەوە (لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا لۆر ئەکتۆن دەنووسێت: "مەنفا بێشکەی ناسیۆنالیزمە". بەنەدیکت ئەندرسۆن ئەم بۆچوونە قبوولدەکات و لەڕاستیدا دەشیکاتە بناغەی تیوریە بەناوبانگەکەی دەربارەی ناسیۆنالیزم.. .)[٥٤] ئەدوارد سەعیدیش پێی وایە" (هەرکە ماڵەکەت بەجێ بهێڵی، لەهەر جێگایەکدا بگیرسێیتەوە، ئیدی ناتوانی بەئاسانی ژیاندەست پێ بکەیتەوەو ببیتە هاوولاتیەکی دیکە لەجێگایەکی نوێ.. .)[٥٥].

کە ئەمە ڕۆڵی ڕەوەندی کورد بێت، دەبێت هەموو پارت و گروپ و سیاسەتمەدارانی کوردیش حسێبێکی تایبەتییان بۆ بکەن و لەهەموو بڕیارێکی چارەنووس سازدا، سەنگی ئەوان لەبەرچاو بگرن و، بەهەموو هێزێك پشتیوانی لەم خەڵکە بکەن، کە بوونەتە سەربازێکی وون و باڵوێزخانەی نەتەوەکەیانن.. . با چیتریش ئەم قەوانە سواوانە لێنەدرێتەوە: (کە لای وایە نیشتمان پەروەر ئەو کەسەیە کە تەنیا لەناوەوە دەتوانێت خزمەتی نیشتمان بکات،و هەرچی چووە

ئەودیو سنوور ئیتر خزمــەتی نیــشتمانی بــۆ ناکرێـت. . . کەســێکە -ئــەوەی لایەنگیری ئەم بۆچوونەیە. أ. تەنیا - عەقلیەتی ئەکتیفیستێکی سیاسی هەیە، هێشتا لەناو فۆرمە کۆنەکانی واقیع و دونیادا دەژی، هێشتا خزمــەتی نەتــەوەو نیشتمان لەمانا زۆر کلاسیکیەکانیدا دەبینێت)[٥٦].

# ڕەنگدانەوەی کۆچ و سەفەر لەهونەری کوردیدا

کـۆچ و سـەفەر لەکۆمـەڵگای کوردەواریـدا، لـەدوای ڕاپەڕینـەوە بوویتـە دیاردەیـەك و دەیـان کێـشەو گرفتـی کۆمەلآیـەتی لـیٚ کەوتۆتـەوە.. . ئـەو دیاردەیە، ئەوەندە زەقە، بـەهیچ شـتێك پـووش بەسـەر ناکرێـت. مەوداکـەی ئەوەنـدە فـراوان بـووە، هـیچ خێـزان و بنەماڵەیـەکی کـورد نییـە، کەسـێکی لەدەرەوە نەبێت. بۆتە گرفتێك، هەزاران گـەنجی کـوردی سـەرقاڵ کـردووە. ڕۆژ نیە، لەمیدیاکانی کوردستان، لەکۆڕو کۆبوونەوەی جـەماوەری، لەچـایخانەکان، لەسەر کار، لـەزانکۆ، لـەماڵ و لـەدەرەوە، گـویٚ بیـستی هەواڵـەکانی کـۆچ و سەفەر نەبین.. .

ئاپۆڕەی خـەڵك، ڕۆژانـە لەسـەنتەرەکانی پەیوەندییـە جیهانیـەکان، خـۆی لەخۆیدا، زەق بوون و فراوان بوونی سنووری ئەم کێشەیە. وەك دەڵـێن" (هونـەر ئاوێنەی گەلە). هەر بۆیەش کۆچ و سـەفەر، بەشـێوەیەکی فـراوان، لـەگۆرانیو

ئاوازو هونەری کوردیدا، ڕەنگی داوەتەوە.

لەسەردەمانی زوو و لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کورددا، بەهۆی شەڕو داگیرکردنی کوردستانەوە، هەزاران بنەماڵەو تاکی کورد، بەزۆری زۆردارەکی، لەخاك و زێدی خۆیان هەڵقەندراون و ئاوارە کراون.. ئەوان سەردەمان، بەشێوەیەکی بەرتەسك، لەحەیران و لاوك و مەقامی کوردیدا، ڕەنگ ڕێژ کراون.. . بەڵام هیچیان وەك سەردەمی دوای ڕاپەڕین نەبووە. پێش ڕاپەڕین و سەرەتای پرۆسەی تێکدانی گوندەکانی کوردستان لەئازاری **١٩٨٧**دا، لەلایەن ڕژێمی عێراقەوەو ئاوارەکردن و بەزۆر ڕاگوێزانی خەڵکەکەی بۆتە جێی سەرنج و تێڕامانی هەندێك لەگۆرانیبێژە کوردەکان.

هونەرمەندی گەورەی کورد، (مەزهەری خالقی)، پاش تێکدانی گوندەکانی کوردستانی باشوورو دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی، ئەم واقیعەی لەگۆرانی (ئەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم) بەتەواوی بەرجەستە کردووە.. . لەگەرمەی ئەم کارەساتەدا، بەدیدێکی روون و گەشەوە دەڕوانێتە ئاسۆو پێی وایە:

**ادوژمن پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ**

**ئەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم.. .**او سەر لەنوێ دێهاتەکان بنیات دەنێتەوەو کێڵگەو باخ و بەراوەکانیش ئاوا دەکاتەوە.

(عەدنان کەریم)یش یەکێکە لەو گۆرانیبێژە داهێنەرانەی کە مۆرك و تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەم بوارەدا جێ پەنجەی دیارە.. . ئەو، بەگۆرانی (کۆچی کوردان)، مێژووی کۆچە بەکۆمەڵەکەی خەڵکی کوردستان لەبەهاری **١٩٩١**دا، تۆمار کردووە.. کە لەمێژووی گەلانی دنیادا کەم وێنەیە.. هەروەها گۆرانیەکی تری سەرکەوتووی ئەم بوارە (بەرەو ئاسۆ)ی (کامەران مستەفا)یە. کامەران، خۆزگە بەڕۆژانێك دەخوازێت کە هەموو تاکەکانی کورد بگەڕێنەوە

ولاَت و بەشداری بکەن لەئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا.

(بورهان خۆشناو)یش، یەکێکە لەو ئاوارانەی شەڕی ناوخۆو، زێتر لەهەموو کەسێك کۆژانی ئەم دیاردەی چەشتووە.. . لەناو ولاَتەکەی خۆیدا ئاوارەیەو، لەمپەرگەلێك هەیە، ڕێ لەگەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی دەگرێت.. ئەو بەپێچەوانەی زۆربەی گۆرانیبێژەکان، لەولاَتی خۆیدایە، کەچی بەهۆی شەڕی ناوخۆی کوردستان، خاکەکەی بوویتە دوو پارچەو سەدانی وەك خۆی ئاوارەو سەرگەردان بووینەو، ڕۆژانە حەسرەت بۆ زێدی لەدایك بوونیان هەڵدەکێشن.. . خۆشناو، لەگۆرانی (نەمایێ) کە لەسەر ئاوازی لاوکی (نەمایێ)ی لاوك بێژ (کاوێس ئاغا)یە، بەهەڵبەستێکی نوێوە، گوزارە لەم بارەی ئێستا دەکات. لە هەر شارێکی کوردستان بێت، مادام لەپیرە هەولێر دوورە، خۆی بەغەریب و ئاوارە دەزانێت. خۆزگە بەرۆژێك دەخوازێت، هەرچی زووترە، لەمپەرەکان بشکێن و ئەو و ئەمسالەکانی بەدڵێکی پڕ لەخۆزگەوە بگەڕێنەوە هەولێرو جارێکی تر ئەم تراژیدیایە نەبیننەوە.

(عەتا قەرەداغی)ش، لەگۆرانی (قەدەر)دا، ئاوارە بوون و لەیەکدابڕانی دەیان ژن و مێردو دەستگیران و خۆشەویست دەخاتە ڕوو.. . ئەو، دەستگیرانەکەی کۆچ دەکات، بەبزر بوون و نەمانی، سلێمانی بەچۆڵەوانی دەزانێت.. . ئامۆژگاری دەکات، کە خۆی نەداتە دەست ئەو قەدەرە نادیارەو خەمێکی تر نەخاتە سەر دیواری خەمەکانی.. . ئەگەر هەر دەشڕوات، یادگارەکانی بۆ بەجێ بهێڵێ، بەڵکو ئەوە خوایە، ببێتە مایەی سەبوریو دڵدانەوەی ژیانی تەنیایی.

(عەتا) مادام کەس و کارو هاوڕێو نزیکترین کەسی کە دەستگیرانەکەیتی،

سەفەری کردووە، باشاریش قەرەباڵغ و ئاوەدان بێت، ئەو هەر خۆی بەغـەریب و نامۆ دەزانێت، چونکە کەسێك نیە، ڕازو گلەیی خـۆی لا بـاس بکـات و ببێتـە هاودەم و شەریکی خەمەکانی" -

**(کەسێ شك نابەم تاخەم و ڕازی دڵمی لا باس بکەم**

**چۆڵ و خامۆشی ئەم شارە نازانم چۆن بێ ناز بکەم**

**ئەو دەمەی ماڵئاوایت کرد خەمێکی دیت بەنسیب بوو**

**تۆ ئەم شارەت جێ هێشتووەو من واهەست دەکەم غەریبم.. .)**

لـەکۆتایی گۆرانیەکەشـدا، پـاش هـەموو گلـەیی‌و ڕازو نیازێـك، ڕوو لەدەستگیرانەکەی دەکات و پێی دەڵێ" مـادام هـەر دەڕۆی، ئەگـەر نـزیکترین کەست لەبیر کرد، کە منی دەستگیرانتم، بەڵام توخـوا سـلێمانی لـەیاد مەکـەو بیرەوەرییەکانی بێ ناز مەکە.

(زیاد بەرزنجی)ش، لەولاتی غوربەت و تەنیاییدا، تاکە شەریك و هـاودەمی خەمەکانی خێزانەکەیتی.. . خێزانەکەشی کۆچی کردو تاهەتایە مـاڵئـاوایی لـێ کرد.. . بۆیە چەپکە گوڵێك دەباتە سەر گۆڕەکەی‌و دەڵێت"

**(تۆ هاودەردی غوربەتم بووی**

**بێ تۆ دنیام کش و ماتە**

**پڕ ئەندێشەو خەراباتە. . . .)**

(زیاد) لەم کلیپەیدا، دیمەنی گۆڕستانێکی کش و مات و پڕ لە خامۆشـیمان نیشان دەدات، کە بەکێلەکانیەوە ڕادیارە، گۆڕستانێکی مەسـیحیانەو تـەنیا تەنیا دانیشتووەو دەردی دڵی خۆی تۆمار دەکات.

(هـەیفا)ی کـچە گۆرانیبێـژیش، لەگۆرانیەکیـدا، نـامۆ بـوون و دەردە دڵـی

خۆی، بۆ دایك و باوك و براكانی باس دەكات و، پێی وایە سەفەرو ئاوارە بوون، قەدەرێكەو لەچارەی نەتەوەی كورد نووسراوە. بەئاوازێكی پڕ لەسۆزی غوربەتەوە، دەڵێ‌"

**(كوردستان هەر هیڤیا مەیە**

**بێ وڵات ژیان تنەیە.. .)**

(نوری گەرمیانی)ش لەزوویەكەوە گۆرانی (دووریتان)ی تۆمار كردووەو باسی لەدەست چوون و لەیەكدابڕانی دۆست و هاوڕێكانی دەكات.. . (سەیفەدین)یش لەگۆرانی (هەر دێمەوە)دا، جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، با دوورە وڵاتیش بێت، ڕۆژێك لەڕۆژان هەر دێتەوەو وەك گژوگیا لەبنجەوە، لەكوردستان سەرهەڵدەدات و دەڕوێتەوە.

لەسەرەتای شەستەكاندا، بەهەزاران كرێكاری تورك لەتوركیاوە، بەرەو وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتیش ئەڵمانیاو هۆڵەندا، بەنیازی كار كردن كۆچیان كرد. ئەم دیاردەیە، ئێستاكەشی لەگەڵدا بێت بۆتە بابەتێك و لەزۆر فلیم و چیرۆكی تەمسیلی توركیدا، ڕەنگی داوەتەوە.

كۆچی بەكۆمەڵی كوردانیش بەرەو قەدەرێكی نادیار، لەچەندان زنجیرە تەمسیلیو فلیم و كورتە فلیمی كوردی ڕەنگی داوەتەوە. (هاوڕێ مستەفا)ی دەرهێنەر، لەفلیمی (گێژاو – الدوامة)دا، دیمەنی پڕ لەئازارو ناخۆشی ئەو خەڵكە نیشان دەدات، كە لەدەریای (ئیجە)دا دەخنكێن یان لەهەوڵی خۆ دەربازكردن و سەرەمەرگ دان. وێرای ئەوەش، قەتارەی ڕۆیشتنی ئەو خەڵكە دەخاتە ڕوو كە بەرەو ئاسۆیەكی نادیار، تونێل و كوێرە ڕێگاو چڕە دارستان و هەورازی پڕ لەهەڵدێر دەبڕن و نازانن چارەنووسییان بەچی دەگات.

هەروەها کێشەو دیمەنەکانی زنجیرە تەمسیلی (خۆرنەوازان)، بەشێکی زۆریان گرفتەکانی سەفەرو دەنگ و باسی کۆچکردنە، کە شێوازەی چەندان خێزانی کوردی لەیەك پچڕاندووەو هەرەشەش لەسەدانی تر دەکات.. . کوڕ لەدەرەوەیە، خێزانەکەی لەکوردستانە.. . کوڕە بەهۆی سەختی ڕێگای قاچاغ و قەدەری ون، ئەندامێکی جەستەی خۆی لەدەست داوەو بۆتە تاکێکی پەك کەوتە. جورئەت ناکات، خێزانەکەی بباتە دەرەوە، چونکە لەوە دەترسێت، ڕۆژێك لەڕۆژان لێی هەڵبگەڕێتەوەو پێی ڕازی نەبێت.

ئەو واقیعە بەرچاوە، وەنەبێت هەر لەبواری گۆرانیو ئاوازو نواندندا خرابێتە ڕوو بەڵکو لەبواری شیعرو چیرۆکی کوردیشدا، کەم تازۆر، ڕەنگرێژ کراوە. قەسیدە درێژەکانی شاعیری هاوچەرخی کورد (شێرکۆ بێکەس)، هەمووی لەتاراوگەو ژیانی نامۆیی نووسراون و گوزارشت لەم دەمانە دەکەن. . . (قوبادی جەلی زادە)ش، لەکوردستانەوە، بەشداری خەمەکانی کۆچکردووان دەکات و ئاوێتەی شیعرەکانی دەکات.

**ائەو ئێوارەیە دوا تەوقە لەگەڵ یەکدی دەکەین و**

**ماڵئاوا..**

**کەچی لەسەر سنوورە سەرما بردووەکانا**

**لەنێو بەلەمە بێ سەرو شوێنەکانا**

**لەپەککەوتووخانەو مووتاشخانەو مەیخانەو مێخا سیاحیەکانی**

**ئەوروپادا**

**پێکدەگەینەوە،**

**لەوێدا شێتانە، بۆ شیعرە شیرینەکانی من و**

**بۆ ئێسك سووكی ئێوەو**

**بۆ كوردستانە ئازیزەكەمان**

**بۆ ئاوارە بوونی خۆمان**

**دەكروزێینەوە!!**

سەرچاوە: هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست، قوبادی جەلی زادە، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٥٠).

لەكۆتایی ئەم باسەدا، داوای لێبووردن لەو گۆرانیبێژو شاعیرو ئەكتەرو خاوەن كارانە دەكەم كە ناوم نەهێناون.. . چونكە“ -

- مەبەستی من، هێنانەوەی چەند نموونەیەكە بۆ پشت ڕاست كردنی بۆچوونەكانم.. . نەك باسكردن و خستنە ڕووی، هەموو ئەو هەولاّنەی لەم بوارەدا دراون.

- بەهۆی دوورە دەستی، هەر ئەوەندەم دەست كەوتووە كە باسم كردوون.. .

دیارە كورد گۆتەنیش: (مشتێك نموونەی خەروارێكە).

# دیاردەی
# ڕەگەزپەرستی لەئەوروپادا

فراوانبوونی بازنەو تەشەنەکردنی کۆچ و سەفەر، بۆ دوو هۆکاری سەرەکی (ئابووریو سیاسی) دەگەڕێتەوە. لەم ١٥-٢٠ ساڵەی دوایی سەدەی بیستەمدا، کۆچی بەکۆمەڵ گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە هەموو پێوانەیەکی شکاندووە، بەتایبەتیش دوای شەڕەکانی بەلقان و هەردوو جەنگی کەنداوو داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەت و باری نالەباری ئابووریو شەڕی ناوخۆیی وڵاتانی وەك روسیاو چین و جەزائیرو باشووری ئەفریقیاو تورکیاو یۆگۆسلافیاو دەیان پارچەی دیکەی ئەم جیهانە. ئاڕاستەو ڕووگەی ئەم کۆچانەش، زێتر بەرەو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەسکەندنافیا بووە. .. ئەم خەڵکە سەرهەڵگرتووە، لەپێناو درێژەدان بەئاسوودەیی ژیان، ڕوویان لەم وڵاتانە کردووە.. . بەو سیفەتەی لەو شوێنانەدا، تاڕادەیەکی باش دیموکراسیەت بەرقەرارەو مافی مرۆڤیش پارێزراوە.

ئەم کۆچانە، دیاردەی نازیـەت و هەسـتی ڕەگەزپەرسـتی تـۆختر کـردووە. هەرچەندە لەئەوروپادا، ڕەگی نازییەت، مەودایەکی لەمێژینـەی هەیـە، بـەڵام لەم ١٠ -١٢ ساڵەی دواییـدا، زێـتر پـەرەی سـەندووە. ئەمـەش بـەزۆری لـەو شەپۆلە خەڵکەدا سەرچاوەی گرتووە. ئەگـەر بـەراوردێکی سـەرپێیی ژمـارەی بێگانـە لەئێـستاو دە سـاڵ لەمەوبـەر بکـەین، دەبیـنین ڕێـژەی ئـەم خەڵکـە، ئێستاکە لەهەموو ولاتانی ئەوروپاو ئەسـکەندنافیادا، زۆرتـر بـووەو هەسـتی ڕەگەزپەرستیش زێترو کاریگەرتر بووە. ئەوان (نازییەکان)، پێیان وایە" -

- خەڵکی بێگانە، بەهۆی جیاوازی کولتووریو ئایینی‌یەوە، نـاتوانن لەگـەڵ عادات و تەقالیدی ئەوروپا هەڵبکەن.. . ئەگەر لێرەش لەدایك بن، هەر نـامۆن و ناتوانن تێکەڵ بەکۆمەڵگا بن و ئەو کولتوورەی ئەوروپا وەربگرن.

- ناتوانن، تەواوی یاساکانی دەوڵەت و دەزگـا خزمەتگوزارییـەکان پـەیڕەو بکەن و گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکان بن.

- هۆکاری سەرەکین بۆ پیس کردنی شەقام و شوێنە گشتی‌یەکان.

- کۆسپێکی گەورەن لەبەردەم بەرقەرار بوونی هێمنیو ئاسایشدا.

- کلیلی ماددە بێهۆش کەرەکانن، کە هەڕەشە لەژیانی مرۆڤ دەکەن.

- لەدواڕۆژێکی نزیکدا، بەهۆی زێدەبوونی زاوو زێو تۆکمە بـوونی بونیـاتی خێزانە بێگانـەکان بەتایبـەتیش ڕۆژهەڵاتییـەکان، ژمارەیـان زۆرتـر دەبێـت. بەکورتی ئەوان لەمیوانـەوە دەبنـە خـاوەن مـاڵ.. . بۆچـوون و داخۆیانـەکانی (هینگنتۆن) ئەو زەنگە بەئاشکرا لێ دەدەن.. . (ئـەو لەکۆنفرانـسێکدا سـاڵی ١٩٩٧، دەوڵەتی ئەمریکاو دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بەوە دەترسێنێ گەر بێـت و چاوێك بەسیاسەتی وەرگرتنـی پەنابـەرو کۆچـکردووەکاندا نەخـشێتەوە، ئـەوا پیاوی سپیو ڕەگەزی سـپی لـەخۆرئاوا تاسـالآنی ٢٠٢٥ دەبێتـە کەمایـەتی، ئـــەوەش واتـــــە دەست بەسەراگرتنی خۆرئاوا لەلایەن ڕەگەزی زەردو ڕەش و

ئەسەرەوە، بەمانایەکی دی مەرگی خۆرئاوا)[٥٧].

لەوڵاتێکی تری ئەسکەندنافیای وەك دانیمارك، لەکۆی پێنج ملیۆن و نیو، نیو ملیۆنیان بێگانەن. پسپۆڕەکانی کۆمەڵناسی وای بۆ دەچن، کە لەچەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا، بەهۆی زۆر بوونی زاووزێ لەنێو خێزانە بێگانەکاندا ژمارەیان دەگاتە ژمارەی دانیمارکییەکان. (پرۆفیسۆر "پاول کریستیەن مەتیسن" ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەبواری گەشەی خەڵك لەزانکۆی کۆپنهاگن پێی وایە" ڕەوتی هەنووکەیی کۆچ کردن بەرەو ئەوروپا ئەگەر بێت و بەم حاڵەتە بەردەوام بێت، لەئاییندەیەکی نزیکدا دەکارێ بونیادی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان، لەوانە دانیمارك، بشێوێنێ، بێ ئەوەی سیاسەتمەدارانی ئەوروپی لێی بەئاگا بن.. . هەروەها ڕاپۆرتی ساڵانەی نووسینگەی ئاماری سەر بەوەزارەتی ناوخۆی دانیمارك پێی وایە" پاش بیست ساڵی دیکە، واتە لەساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی خەڵکی بێگانە لەدانیمارك خۆی لەهەشت سەد هەزار کەس دەدات، کە لەچاو ژمارەی دانیشتوانی دانیمارك "٥,٥٠٠,٠٠٠" کەسە ژمارەیەکی خەیاڵیو سەرسوڕ هێنەرە)[٥٨].

لەوڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا[٥٩]، ساڵی ١٩٦٠ تەنها (٦٨٦,٢) هەزار بێگانە هەبووە. کەچی لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا ئەم ژمارەیە پێوانەی شکاندوەو گەیشتۆتە (٧,٣٤٤) ملیۆن بێگانە کە لە (٩٪)ی دانیشتوانی ئەڵمانیا پێکدەهێنن.

- زۆر بوونی بێگانە، دەرفەتی هەبوونی کار کەم کردۆتەوە، چونکە بێگانە هەموو کارێکی وەك" کەناسی، پاك کردنەوەی چێشتخانەو نەخۆشخانەو تەوالێتەکان و چاودێری کردنی پیرو پەککەوتەو بەساڵاچووەکان و ئیشی لەم بابەتە، بەنرخێکی هەرزانیش دەکەن. ئەمەش بۆتە هۆی زۆر بوونی خەڵکی بێ ئیش لەهەموو ئەوروپادا. بێکاری (بطالة)ش هەتا دێت زێتر دەبێت. بۆ نموونە

ژمارەی بێکارەکـان لەئـەڵمانیا، لەشـوباتی ۲۰۰۱دا (٤,١١٢,٦٣٨) ملیـۆن بووە کەچی لەشوباتی ۲۰۰۲دا بۆتە (٤,٢٩٦,١٥٧) ملیۆن بێکار[٦٠].

- شـەڕ، دزی کـردن، ئیـشی قاچـاغ (ڕەش)، ئـاژاوە نانـەوە لەشـوێنە گـشتییەکانی وەك" سـینەماو قاوەخانـەو دیـسکۆخانەکاندا، سەرچـاوەی سەرەکییان، بێگانەکانن.

ئەو بیانووانەو دەیـانی دی، وەڵامـی حـازر بەدەسـتی ئـەو خـەڵکی ڕەگـەز پەرستەیە، کە هـەردەم وەك بنێـشتە خۆشـەی بـن ددان دەیجوونـەوە. کاتێـك ڕێکخراوەکانی مافی مـرۆڤ و پارتـە چـەپەکان، بـەرگری لـەمافی پەناهەنـدەو بێگانەکانی دەکەن و هەوڵی رووخاندنی ئەو دیوارانە دەدەن، کە لەنێوان خـاوەن ماڵ و میوانەکاندا دروست کراون، ئەوانـە، دەبنـە بەربەسـتێك و هـەتا پێیـان بکرێ دیوارەکە ریزبەندو ئەستوورتری دەکەن.

فراوان بوون و پەرەسـەندنی ئـەو هەسـتە، دەیـان گـروپ و پـارتی بـچووك بچووکی نەتەوەییو ڕاستڕەوی توندڕەوی لـێ کەوتۆتـەوە، کـە بەپلـەی یەکـەم هەڕەشە لەژیان و ئاسایشی خەڵکی بێگانە دەکەن. لەوڵاتێکی وەك ئەڵمانیادا، کە چەقی باسەکەی ئێمەیە، نموونەی هەرە دیاری ئەو پارتە بچووکە ڕاستڕەوانە، (پارتی کۆمارییەکان RED و پارتی گەلی ئـەڵمانی DVU و پـارتی دیمـوکراتی نەتەوەیی NPD)ن، کە ئەوەی دواییان بەهۆی دژایەتی کردنی بێگانـە دەنگـۆی ئەوە هەیە کـە پارتەکـەیان دابخـرێ.. . ئـەم پارتـە (NPD) لەسـاڵی ۱۹٦٤دا لەکۆبوونـەوەی بزووتنـەوەی ڕاسـتڕەوەکاندا دامـەزراوە. داوای سـەرەکییان، گەڕانەوەی سنوورە میللییە کۆنەکانی ئەڵمانیاو سافیو پاکی خوێنی ئەڵمانە.

(NPD) لەساڵانی ۱۹٦٦ -۱۹٦٨دا، تـوانی لەپەرلـەمانی حـەوت هـەرێمی ئـەڵمانیادا بەشـدار بێـت. لەسـاڵی ۱۹٦٨دا زێـتر لـە ۳۰ هـەزار ئەنـدامیان هەبووە، بەڵام لەمە بەدواوە تادەگاتە سـاڵی ۱۹۹٤ هـەر لـەکز بـوون دابـووەو

وردە وردە خەڵکی لێ دوورکەوتۆتەوە. کەچی لەساڵی ١٩٩٥ بەدواوە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی ئەندامانیان ڕوو لەزیاد بوونە. ئەم پارتەو پارتە ڕاسترەوە هاوبیرەکانیان، گرنگترین چالاکیو دروشمەکانیان خۆی لەم کارانەدا دەنوێنێت" -

١ -شکاندن و تێکدانی گۆڕستانی جوولەکەکان.. . کاتی خۆی، لەسەرو بەندی جەنگی جیهانی دووەمدا، هیتلەری مامۆستایان، شەش (٦) ملیۆن جوولەکەی سووتاند، کە تائێستاکەشی لەگەڵدا بێت حکومەتی ئەڵمانیا باجەکەی دەدات.

٢ -ئاگر تێبەردانی کەمپەکانی پەنابەران.

٣ -ئاگر تێبەردانی ماڵە بێگانەکان، (سووتانی کرێکارە تورکە کۆچکردووەکان لەناو ماڵەکانی خۆیاندا لەئەڵمانیا دیمەنێکە تائێستاش لەویژدانی ملیۆنان کەسدا زیندووە)[٦١].

٤ -لێدان و کوشتنی بێگانەکان.. . هەر بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩١دا (٢٤٢٦)

تاوان دژی بێگانە کراوە.. . لەساڵی ١٩٩٢دا ئەم ژمارەیە دووقات زێتر زیادی کردووەو گەیشتۆتە (٦٣٣٦) تاوان.. . کەچی لەساڵی ١٩٩٩دا کەمێك کەمتر بۆتەوەو گەیشتۆتە (٢٢٨٣) تاوان.

لەکۆی سەرجەم ئەو تاوانانەدا، لەوانە (١٠) هەوڵی کوشتنی بێگانە بووە. (٣٨٦) کەس بریندار بووە. (٢٩) ئاگر تێبەردان و تەقینەوەی کەمپەکان بووە. هەر لەم بارەیەوە وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیای فیدراڵ ڕایگەیاند" کە زەبرو زەنگ دژی بێگانە لەزیاد بووندایە. هەر تەنها لەساڵی ١٩٩٧دا (٤٠٦) بێگانە بریندار کراون، ئەوە بێجگە لەو ڕووداوانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە تۆمار نەکراون. کەچی لەساڵی ١٩٩٦دا ژمارەی بریندارەکان ٣٠٧ کەس بووە.. . هەر لەدرێژەی ئامارەکەی ئەم وەزارەتەدا هاتووە کە ژمارەی توندڕەوە

ڕاستڕەوەکان لەئەڵمانیادا لەساڵی ١٩٩٧دا بوونەتە (٤٨٤٠٠) کەس، کە لەوانە (٧٦٠٠) کەسیان ئامادەی زەبر وەشاندنن بەتایبەتیش لەدژی بێگانەکان. لەهەمان ساڵدا –١٩٩٧ - (١١٧٠٠) کاری تاوانیان ئەنجام داوە، کە ٦٠٪یان دژی بێگانەکان بووە.

٥ -خۆئامادە کردن بۆ خۆپیشاندان و کۆبوونەوەو فرۆشتنی دروشم و میدالیاو بڵاوکراوەی نازییەکان.

٦ -کەڵك وەرگرتن لەتۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ پڕوپاگەندە کردن دژی بێگانەکان و بڵاوکردنەوەی بیری ڕەگەزپەرستی.

بنکەو مەکۆی هەرە سەرەکی فراوانبوون و ئەنجامدانی چالاکییەکانی ئەم پارتە ڕەگەزپەرستانە، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە.. . ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتە نازیو ڕاستڕەوانە، بەگوێرەی سەرچاوەکانی پاراستنی دەستوور بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

١ -پارتی کۆمارییەکان REP لەساڵی ١٩٩٨دا (١٥) هەزار ئەندامیان هەبووە، کەچی لەساڵی ١٩٩٩دا بۆتە (١٤) هەزار.

٢ -پارتی گەلی ئەڵمانی DVU لەساڵی ١٩٩٨دا، (١٨) هەزار ئەندامیان هەبووە کەچی لەساڵی ١٩٩٩دا بۆ (١٧) هەزار دابەزیووە.

٣ -پارتی دیموکراتی نەتەوەیی NPD لەساڵی ١٩٩٩دا (٦) شەش هەزار ئەندامیان هەبووە.

بەشێوەیەکی گشتی، بەرەنجامی هەڵمەتی دژایەتیکردنی ئەم پارتە بچووکە ڕاستڕەوانە لەلایەن کەسایەتیە ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارو بازرگان و پیاوانی سەندیکاو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژینگەوە، دەبینین ژمارەی ئەندامەکانیان کەمتر بۆتەوە.. . ئەم ڕێکخراوو کەسایەتیە دیارانەی ئەڵمانیا

پێیان وایە" ئەم هەموو تاوانە دەرهەق بەبێگانەکان، لەکەیەکی دیارو بەرچاوی شەرمەزارییە بەڕووی حکومەت و نەتەوەی ئەڵمانەوە. . . بۆیە لەهەوڵی بەردەوام دان بۆ بەرەسمی قەدەغە کردنی ئەم پارتانە. هەر ئەم هۆکارانە پالّی بەوەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ناوە، کە هەڵمەتێکی بەرفراوان دژی بنکەو مەکۆی ئەم ڕاسترەوانە ئەنجام بدات. لەئەنجامی ئەم هەڵمەت و پشکنین و دۆزینەوەی مەکۆی نازییەکاندا، پۆلیسی ئەڵمانی بەسەدان دیکۆمێنت و دروشم و کاسێت و سیمبۆڵ و گۆرانیو سروودی نازییەکانی دەستگیر کردووە، کە هەر هەموویان گوزارشت لەدژایەتیکردنی بێگانەو بەرز ڕاگرتنی خوێنی ئەڵمانی دەکەن.. . تائێستاکە پۆلیس چەند هەڵمەتێکی فراوانی دژی ئەم کۆمەڵانە ئەنجام داوە.

هەر لەم بارەیەوە، (گێرهارد شرۆیدەر)ی راوێژکاری ئەڵمانی یاساغکردنی NPD بەدوور نەزانی.. . وەزیری ناوخۆش لە ٢٠٠٠/٨/٩دا، لەلێدوانێکیدا گوتی" بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە (٤٠٠) ملیۆن مارك تەرخان کراوە.. جگە لەئیجرائاتی ئەم دوو دەسەڵاتە باڵایەش، ڕێکخراوو سەندیکاکان داوادەکەن" کار بەو کەسانە نەدرێت کە توندڕەون.

مەسەلەی قەدەغە کردنی پارتی ڕاسترەوی ئەڵمانی NPD، لەبواری سیاسەت و ئیجرائاتی دەوڵەت بۆتە شتێکی ڕەسمی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەو خۆپیشاندانەی NPD بەتەمای بووە لە ٢٠٠٠/١١/٤ لەبەرلین ئەنجامی بدات، لەلایەن کاربەدەستانی بەرلینەوە ڕەت کرایەوەو، بواری ئەنجامدانی نەدرا.

لە(نەمسا)شدا، (پارتی ئازادیخوازی نەمسا)، کە پارتێکی ڕاسترەوی توندڕەوە، لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٩ی پەرلەماندا لە ٣٠٪ی دەنگەکانیان هێناو، بەشێکی دیاری کورسییەکانی پەرلەمانیان، وەدەست

هێنا.. . هەرچەندە ئەوکات، فشارێکی زۆریان لەلایەن وڵاتانی تری ئەوروپاو ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان و، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە کرایە سەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جێگری سەرۆك وەزیرانی نەمسا، خاتوو (سۆزانا)یە کە جێگری (د.یۆرگ هایدەر) سەرۆکی پارتی ناوبراوە. ئەم پارتە ڕاستڕەوە، دژی بێگانەکانە، بەتایبەتیش دژی جوولەکەکانی نەمسایە. هەر لەبەر ئەوە، حکومەتی ئیسرائیل لەشوباتی ۲۰۰۰دا، باڵوێزی خۆی لەنەمسا کێشایەوە.. (د.یۆرگ هایدەر) دژی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا لەشوباتی ۲۰۰۲دا، سەردانی عێراقی کردو، لەمیانەی سەردانەکەیدا چاوی بە سەدام حوسێن کەوت و، پشتیوانی خۆی بۆ ڕژێمی سەدام و دەرباز بوون لەم قەیرانە، ڕاگەیاند. پێشتریش، سەردانی لیبیای کردبوو.. . ئەم دوو دەوڵەتە، (عێراق و لیبیا) لەو لیستەیەدان کە ئەمریکا بە دیکتاتۆرو تیرۆریستیان دەزانێت.

جاران، بزووتنەوەی ڕاستڕەوەکان لەلایەن سەنتەری بڕیاردانەوە، زێتر سەرکوت دەکران و بواری کارکردنیان تەسکتر دەکرایەوە. وەلێ دوای کارەساتی ۱۱ی ئەیلولی ۲۰۰۱، کە بە(ئەیلولی ڕەش) ناسراوەو هێرش کرایە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لەئەمریکا، لەهەموو جیهاندا، ڕاستڕەوەکان ئەو فشارانەی جارانیان لەسەر نەماوەو، ئەم کارە تیرۆریستییەش بووە هۆکارێك بۆ فراوان بوون و دەست بەکاربوونی زێتری ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵە ڕەگەزپەرستانە.

نازییەکان، لەڕوخساری هەر بێگانەیەك، بەتایبەتیش ئیسلامەکان، (بن لادن)ێك دەبینن. هەوڵی ئەوەش دەدەن، یاسای دژە تیرۆر بکەنە دژە بێگانە.. پاش ئەو ڕووداوە، گەنجە سەرتراشاوە ڕاستڕەوەکان، لەئەڵمانیا چەندان نامەو ئاگاداری هەڕەشە ئامێزییان خستە ناو سندوقی پۆستیماڵە تورك و ئیسلامییەکان.. . تاوەکو ڕوخساری بێگانەو ئیسلامییەکان ناشیرین بکەن،

خۆیان کاغەزو زبڵ و پیسایی فڕێ دەدەنە پارك و شوێنە گشتیەکان و شووشەی بەتاڵ فڕێ دەدەنە سەر شەقامەکان، تاوەکو ناوی بێگانە لەکەدار بکەن.

ئەوان پێیان وایە" بێگانە فرسەتی کاریان لەدەست دەدەن، هەر بۆیە لەکەناڵی ڕاستڕەوەکان هانی خەڵك دەدەن بۆ دژایەتی کردنیان. خۆ ئەگەر تاوانێك لەدەست ئیسلامێك یان بێگانەیەك قەوما، ئەوە ئەوەندە گەورەی دەکەن و دەیکەنە مانشێتی ڕۆژنامەکان و تاماوەیەکی زۆر لەسەری دەدوێن. خۆ ئەگەر ئەو تاوانە لەلایەن خودی ئەوروپییەکان، خۆیان ئەنجام بدرێ، ئەوە بچووك دەکرێتەوەو دەیان بیانووی بۆ دەهێننەوە.. . بۆ نموونە" لەڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٢٦ گەنجێکی تەمەن (١٩) ساڵەی ئەڵمانی بەناوی (ڕۆبەرت) لەشاری (ئێرفۆرت) هێرشی کردە سەر قوتابخانەکەیو (١٦) کەسی لەمامۆستاو قوتابیەکانی کوشت و دواتریش خۆی کوشت.. . لەماوەی دوو ساڵدا، ئەوە پێنجەم حاڵەتی ڕووداوی لەم جۆرەیە، لەقوتابخانەکانی ئەڵمانیادا. میدیاکان دەڵێن" ڕۆبەرت قوتابیەکی تەمبەڵ بوو.. . بەفڕوفێڵ و ساختە مۆڵەتی نەخۆشی دروست دەکردو لەقوتابخانە خۆی دەدزیەوە.. . تاکار گەیشتە ئەوەی لەقوتابخانە دەرکرا.. . ئیدی (ڕۆبەرت) لەتۆڵەی ئەوە ئەم کارەی ئەنجامدا.. . هەروەها دەیان بیانووی وەك تووش بوون بەنەخۆشی دەروونییان بۆ دۆزیەوەو پاساویان بۆ تاوانەکەی دەهێنایەوە.. . ئەو ڕووداوانە لەفەرەنساشدا، بەگەلێك شێوە دووبارە دەبنەوە. کەچی لەبەرامبەر ڕووداوێکی وەك ڕووداوی (فاتیمە ساهیندال) زێتر لەهەڵلا دەدەن و هەوڵ دەدەن کەسایەتی هەموو بێگانەو کوردێك لەکەسایەتی باوکی (فاتیمە) بەرجەستە بکەن. ئێمە

وەنەبێت بەرگری لەم کارە ناڕەوایە بکەین و پاساوی بۆ بهێنینەوە، بەڵام پێمان وایە چەند دەرهەق بەباوکی (فاتیمە) دەکرێت، دەبێت ئەوەندەش دەرهەق بە (ڕۆبەرت)و ئەمسالەکانی بکرێت.

سەنتەرێکی تری بزووتنەوەی ڕاستڕەوەکان، لەئەوروپادا، فەرەنسایە، ئەوەی لەیەکەم خوولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسادا دیمان، هەڵکشان و فراوانبوونی ئەو نێوەندەیە.. . (جان ماری لۆپین)ی سەرۆکی (بەرەی نیشتمانی فەرەنسی) ڕاستڕەوی توندڕەو، لەخوولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا، ڕکابەرایەتی (جاك شیراك)و (جۆسپان)ی کردو ئەوەی دواییانی بەزاند، پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی تەواو شکستیيان هێناو توانیان ٣٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنن. جۆسپان لەبەردەم میدیاکاندا، دانی بەشکستەکە هێناو بڕیاریدا دەست لەکاری سیاسەت بکێشێتەوە.

لەم هەڵبژاردنەدا، چەپڕەوی توندڕەوو ڕاستڕەوی توندڕەو کەوتنە ڕکابەرایەتیو چەپڕەوەکان ١١٪ی دەنگەکانیان هێنا. کەچی ڕاستڕەوەکان ١٩٪ی دەنگەکانیان هێنا.. . بەواتایەکی تر، هەستی ڕاستڕەوی، زێتر زاڵە بەسەر هەستی چەپڕەوی (جان ماری لۆپین)، چۆن لەهەشتاکاندا بانگەوازی دژایەتی کردنی پەنابەران و دەرکردنیانی دەکردو بەسەرچاوەی زیادبوونی بێکاریو تاوانی دەزانین.. . ئەو، لەم هەڵبژاردنەی ٢٠٠٢/٥/٥دا، بانگەوازەکانی بریتی بوون لە:-

- پەشیمان بوونەوە لەپارەی یەکگرتووی ئەوروپی (ئۆیرۆ)و خستنەکاری (فرەنك)ی فەرەنسی.
- دانانی ڕادەیەك بۆ بێگانەو بەپەناهەندە وەرگرتنیان.

- بــەتاڵ کردنــەوەی دوو ڕەگەزنامــە بــۆ بێگانــەکان، وەك: (فەڕەنــسیو جەزائیری)، یان (فەڕەنسیو مەغریبی)و.. . تاد. دەبێــت بێگانــە تــەنها یــەك ڕەگەزنامەی فەڕەنسی هەبێت.

- سنوور دانانێك بــۆ بنیــات نــان و کردنــەوەی مزگــەوتی موســڵمانەکان و کەمکردنەوەیان. لەگــەڵ هــەموو ئەمانەشــدا، لــەخولی دووەمــی هەڵبژاردنــدا ١٧,٩٪ دەنگەکانی هێنا.

لەهۆڵەنــداش، پــارتی ڕاســتڕەوی توونــدڕەوی هۆڵەنــدی، لەهەڵبژاردنــەکانی شارەوانی ئەمستردامدا، لەکۆی (١٥٠) ئەنــدام (٢٥) ئەنــدامیان هەیــەو بــەرە بەرە لەزیاد بوونداں، بەتایبەتیش دوای تیرۆرکردنــی (بــێن ڤــۆرتن)ی ســەرۆکی پارتەکە بەدەستی کەسێکی نەناسراوەو لە ٢٠٠٢/٥/٦دا.

لەبەریتانیادا، حکومەت لەبــەر فــشاری ڕاســتڕەوەکان، ناتوانێــت بەشــداری پارەی یەکگرتووی ئەورووپی بکات و تائێستاش ئامادە نیە، ئــەم کــارە ئــەنجام بدات. لەدانیمارکیشدا، پاش دەســت بــەکاربوونی ڕاســتڕەوەکان لەدەســەڵات و حوکمدا، فشارێکی زۆر دەخەنە ســەر بێگانــەکان، بــۆ کــار کــردن و فێربــوونی زمان.

هەروەها یاساکانی وەرگرتنی پەناهەندەو، یەکگرتنەوەی خێزانیان، توونــدتر کردووەو، بوار نادەن، ئەو هەقە بەبێگانە بدەن.

حاڵی حازر، بزووتنەوەی ڕاستڕەوی لەئەورووپادا، لەحاڵەتی گەشەســەندندایە. ئەو خەڵکەی ئەو هەستەیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی، ئاستی ڕۆشــنبیرییان نزمە.

ئەوان، پێیان وایە" لێژ بوون و خلۆر بوونەوەی شکۆی دەوڵــەتی نەتــەوەییان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر بوونی بێگانە لەوڵاتەکانیانــدا، کەچــی بــێ ئاگــان لــەوەی"

(بەبۆنەی جیهانگیرییەوە ڕاستەوخۆ دەوڵـەتی خۆشـنوودگەرایی دەکەوێتـە نـاو قـەیرانی قـوڵ قوڵـەوە. دەوڵـەت هـەموو ڕۆژێـك بەشـێك لەرووخـسارە کۆمەڵایەتیەکانی ئەدۆڕینێت و تادێت زیاترو زیاتر بەجیهان ئەبێت)[٦٢].

ئەو ڕاستڕەوانە بیر لەوە ناکەنـەوە، کـە سـەردەمانێك ئـەو بێگانانـە بـەپیر وڵاتەکانیانەوە چوون و، بەبازووی خۆیان، بەشداری بنیاتنانەوەی وڵات بووینە، نموونەی ئـەو هـەموو کرێکـارە کـوردو تورکـەی کـە لـەپاش شـەڕی جیهـانی دووەمەوە بەرەو ئەڵمانیا، کۆچیان کردو وەك هێزێکی بنیاتنەر، نەخشی ئـەوان لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە دیارە. تائێـستاشی لەگەڵـدا بێـت، بـەهۆی شەڕو ئەو زیانە زۆرە گیانییەی لەنەتەوەی ئـەڵمان کـەوت، ڕێـژەی ژن زۆرتـرە لەپیاو.

لەدوا وێستگەی ئەم بابەتە، هەر چۆنێك بێت (ئەگەر لەشـەرمی ڕووان)یـش بێت، خـەڵکی ئـەوروپا بەگـشتی بـواری ئـەوە نـادات، ئـەم گـرووپ و پارتـە نازییانـە، بـەرفراوان بـبن و دەسـەڵات بگرنـە دەسـت، چـونکە پێیـان وایـە" هەڵگیرسـاندنی شـەڕی دووەمـی جیهـانیو، ئـەو هـەموو زیانـە مرۆیی‌ـو ئابوورییانەی لەئەوروپا بەگشتیو، ئەڵمانیا بەتایبەتی کـەوت، سەرچـاوەکەی (هیتلەر)ی مامۆستاو ڕێبەری ئەم دەستەو گرووپە ڕاستڕەوانەیە.

# باری ژنان لەوڵاتانی ئەوروپادا

ناوە ناوە لەرۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، لەوڵات و دەرەوەی وڵاتدا، بابەت و وتاری جۆر بەجۆرم لەسەر (باری ژنان) بەرچاو دەکەوێت، کە هەر نووسەرەو بەگوێرەی بیرو بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی، لەسەر ئەم بابەتە دواوە. ئەوەی لەهەموو بابەتەکاندا، زێتر سەرنجی منی ڕاکێشاوە، ئەوەیە کە زۆربەی نووسەرەکان، باسیان لەناگزووریو خراپی باری ژنان و خێزان لەوڵاتدا کردووە. وەك ئەوەی وابزانن، کە ئەو کێشەیە، تەنها لەوڵاتدا بەرقەرارەو، ژنان لەدەرەوەی وڵاتدا -بەتایبەتیش ئەوروپا - های لایف دەژین و هیچ ناگزوریەکیان نیەو کەسیش پێیان نالێت" (لەسەرەوەی چاوت دوو برۆیە).

بۆ بەسەرکردنەوەو خوێندنەوەی ئەم بابەتە، منیش وەك هەر بابایەکی گۆرین، یەك دوو قسەم هەیەو، بۆ کورتکردنەوەیان، ئەم وردە ناوونیشانانە بەکار دەهێنم.

## خێزان لەئەوروپادا

خێزان، یەکەیەکی بنچینەیی پێکهاتەی کۆمەڵـە.. . لـەڕووی پێگەیانـدن و پەروەردە کردنی منداڵیشدا، بەیەکەم قوتابخانە دادەنرێت. کەچـی لەئـەوروپادا، ئەو یەکە بنچینەیی‌یەی کۆمەڵ، تووشی هەرەس هێنان و داڕزان بووە. شیرازەی خێزان تەواو پچڕاوە. جاری واهەیە، بەهۆی ساردی پەیوەنـدیو دوورکەوتنـەوە لەخێزان، خوشك و برا، دایك و منـداڵ، یـەکتری ناناسـنەوە. هـەر بـۆ نموونـە، لەکەناڵی تەلەفزیۆنی (پرۆ زیبن - ٧)ی ئەڵمانی، بەرنامەیەکی تایبەت هەیە بـۆ دۆزینەوەو بەسـەرکردنەوەی ئـەو منـداڵ و گەنجـە پەراگەندانـەی کـە لـەدایك و باوکیان دوورکەوتوونەتەوەو جارێکی تر بەیەکتریان شاد دەکاتـەوە.. . دایـك و باوك و منداڵەکان، لەبەردەم دانیـشتوان و شاشـەی تەلـەفزیۆن، دەسـت لـەمل یەکتر دەکەن و فرمێسکی شادومانی دەڕێژن. . .

بۆ بنەبڕ کردنی ئەم دیاردە ترسناکە، لەکۆمەڵگای ئەوروپی‌دا، حکومـەت و دام و دەزگا دەوڵەتیەکان، بەکەنیسەکانیشەوە، حاڵی حازر لەهـەوڵی ئـەوەدان، دووبارە خێزان بنیات بنێنەوەو سۆزو خۆشەویستی بگەڕێننەوە نێوان تاکەکانی ئەم یەکەیە.. . هەر بۆیە، لەپڕوپاگەندەو پێشبڕکێی هەڵبـژاردنی پەرلـەمان و ئەنجوومەنی شارەوانیەکاندا، زۆربەی پارتەکان، ئـەم کارتـە بـەکار دەهێـنن و لەسەر باشکردنی باری خێـزان و تۆکمـە کردنـی کۆڵەگـەکانی دا، دروشـم بـەرز دەکەنەوەو گرەو دەکەن.

لەزۆربەی خێزانەکاندا، منداڵ هەر شـیرەخۆرەیە لەسـۆزی بـاوك بـێ بەشـەو باوکی خۆی ناناسێت. بـەگوێرەی ئـەو داخۆیانـەی (دەزگـای ئامـاری فیـدراڵی ئەڵمانیا) کە ساڵی ١٩٩٩ ئاشکرای کرد، کە (لە ٢٠٪ی منـداڵان بەناشـەرعی لەدایك بوون و بێ ئەوەی دایك و باوکیان زەماوەند بکەن. لـەکۆی ٧٨٥ هـەزار

منداڵ کە ساڵی پار **١٩٩٨** لەئەڵمانیا لەدایك بوون، **١٥٧** هەزاریان لەو دایك و باوکانەن، کە پێکەوە ناژین و ژن و مێردی یەکتر نین. ئەو ژمارەیە لەچاو **٢٠** ساڵ پێش ئێستا دوو قات زیادی کردووە)[٦٣]. بەکورتی، ئەو منداڵانە، وەك کورد گۆتەنی، (زۆڵ)ن و لەچرکەیەکی رێکەوت ئاساو، بەیەك گەیشتنی دایك و باوکیان خولقاون.

زۆر جارانیش، ئەو ساردو سڕیو پەیوەندییە بێهێزەی ناو یەکەکانی خێزان، دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی دایك و باوك و نەبوونی کات، تاوەکو لەگەڵ منداڵەکانیان، کات بەسەربەرن و سۆزو خۆشەویستییان پێ ببەخشن.. . دایك و باوك، لەبەر ئەنجامدانی کاری قورس و درێژخایەنی ڕۆژانە، ناپرژێنە سەر دابین کردنی، پێویستییەکانی منداڵەکانیان. منداڵی واهەیە، لەکاتژمێر حەوتی بەیانییەوە، دایك و باوکیان دەیانبەنە (دایەنگە) یان شوێنەکانی چاودێری کردنی منداڵانی لەو بابەتە، تاخۆر ئاوا بوون، بەم شێوەیە، لەگەڵ گەورە بوونی تەمەن، خۆشەویستی دایك و باوکیش لەکورتی دەدات، تاوای لێ دێت بەتەواوی دەپچڕێت.. . (پیاو لەهۆڵەندا، بەهۆی کارکردن تەنها دوو کاتژمێر کاتی هەیە لەگەڵ منداڵەکانی کات بەسەر ببات و نۆ دەقەش ئیش و کاریماڵەوە دەکات. کەچی ئافرەت، تەنها سێ سەعات، کاتی هەیە، بۆ چاودێری کردنی منداڵەکانیو **١,٧** سەعاتیش خۆی بەئیش و کاری ماڵەوە خەریك دەکات)[٦٤].

ئەو منداڵە بێ باوکانە، کە گەورە بوون و فامیان کرد، دەبینن دایکیان لەگەڵ پیاوێکی تردا ژیان بەسەر دەبات و بێ بەرین لەخۆشەویستی باوکانە، ناچار دەبن، ماڵ بەجێ بهێڵن. جا یان بەتەنیا لەژوورێك دەژین، یان سەرگەردانی کوچەو کۆڵان و پارکەکان دەبن و، تووشی خواردنەوەی لەڕادەبەدەری ماددە بێهۆش کەرەکان و کێشانی حەشیش و کۆکائین و تلیاك

دەبن. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەو بێ سەرپەرشتی بوونیان، جاری وا هەیە تووشی خەڵکی ویژدان مردوو دەبن و، بەفڕو فێڵ و تەڵەکە، لەخشتە دەبرێن و کاری سێکسیيان لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت. نموونە بۆ ئەم بابەتە ئەوەندە زۆرە، ئەگەر بێت و یەکە یەکە تۆماریان بکەین و بیانخەینە ڕوو لەم وردە ناوونیشانەدا، شوێنی نابێتەوە. ئەم گەنج و مندالآنە، لەئەنجامی گۆشەگیریو تەنیاییشدا، زۆر جاران بیر لەخۆکوشتن دەکەنەوە. بۆ نموونە" لەوڵاتێکی وەکو بەلجیکادا، (لەساڵێکدا دوو هەزار کەس ژیانیان لەدەست داوە، کە لە ٧٥٪یان پیاون. لەفەڕەنسادا، لە هەر ٤٣ خولەکدا یەك کەس خۆی دەکوژێت. لەساڵی ١٩٩٦دا، ئەو کەسانەی بەم دەردەچوون، تەمەنیان لەنێوان ٢٥ -٣٤ ساڵیدا بوو)[٦٥].

ئەگەر سەیری ئەم ئامارە بکەین و خوردی بکەینەوە، دەبینین هەر هەموویان لەتەمەنی لاویدان و، لەئەنجامی گۆشەگیریو ڕەشبینیو ئومێد نەمان بەژیان، خۆیان بەم دەردە بردووە.. .

## کارکردنی ژنان

ڕاستە لەوڵاتانی ئەوروپادا، بەهۆی سەندنی باجی زۆر لەکارگەو کۆمپانیاو کرێکارو تاکی بەرهەم هێنەر، ژیانی ئەو کەسانە دابین کراوە کە کار ناکەن و بیمەی بێکاری وەردەگرن، یان لەسەر کۆمۆنە (سۆسیال) دەژین. بەلآم ئەو ژیانە، ئەو ژیانە نیيە کە مرۆ ئێرەیی پێ ببات، هەر (مەمرەو مەژی)یە نەك بەکەیف و ماشای خۆیو بەپای پیلان سەرف کردن.

ئەو ژنانەی کار دەکەن، وەك پیاو باج دەدەن.. . هەمان ئیشی پیاوان دەکەن.. . کاری واقورس دەکەن، کە لەگەڵ ناسکیو هێزو بازووی ئەوان

ناگونجێت. کاری بیناسازی (باوشتێله)، بۆیاغچێتی، شۆفێری ترێله، کـارتۆنی گەورە گەورە بارکردن، لەکۆمپانیاکانی ماشێن دروست کردن و سەدان شـوێن و کاریتر، کە لەگەڵ هێزی ئەواندا، نایەکسانە، ئەوان ئەنجامی دەدەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا، لـەوەرگرتنی هەقدەسـتدا، زۆر لـەپیاوان کـەمتر وەردەگرن. واتە" لەکارکردنـدا یەکـسان و لەهـەق وەرگرتنـدا نایەکـسان. ئـەو ڕاسـتییە تاڵـە، ناشـاردرێتەوەو ناتوانرێـت خـەڵکی لـێ بـێ ئاگـا بکرێـت.. لەڕۆژنامەی (ئیکۆنۆمیست)دا هاتووە" (بەپێی سەرژمێرییەك کـە لـەنێو سـێ هەزار ژندا لـە ١١ وڵاتـدا کـراوە "ئوسـتراڵیا، بـەلجیکا، بـەریتانیا، کەنـەدا، ئەڵمانیا، یابان، مەکسیك، هۆڵەندا، خوارووی ئـەفریقا، سویـسراو ئـەمریکا" بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە کە تەنیا ٨٪ی ژنـان پێیـان وایـە کـە مـافی یەکـسانیان لەگـەڵ پیاوانـدا هەیـە)[٦٦]. ئـەو بەشـەی تـر کـە لـە ٩٢٪ی سەرژمێرییەکەدا هاتووە، پێیان وایـە هـیچ جـۆرە یەکـسانیەك لـەنێوان ژن و پیاودا نیە.. . دەبێ ئەوەش بزانین، نەبوونی ئەو یەکسانیە لەوڵاتانی ڕۆژهـەڵات و جیهانی سێیەمدا نیيە، بەڵکو لەوڵاتانێکدایە کە چـەقی قورسـایی هـەموو جیهانـە لـەڕووی بانگەشـە کـردن بـۆ مـافی مـرۆڤ و دیموکراتیـو عەدالـەتی کۆمەڵایەتیدا.

تەشەنە کردن و بەرقەرار بوونی ئەم دیـاردە ترسـناك و پـڕ لەغـەدرە، هـەر لەکۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا نەبووە، لەڕووسیادا کە زێتر لە ٧٠ سـاڵ بـوو، پڕوپاگەنـدەی یەکـسانیو بنیاتنـانی کۆمـەڵگای سۆسیالیـستیو کۆمـۆنیزمی دەکـرد، بـەڕۆژی ڕوونـاك مافـەکانی ئـافرەتی پێـشێل کـردووەو هەقدەسـتی خـواردوون.. . (چـۆن دکتـۆر لەسەرانـسەری جیهانـدا مووچـەکەی لەزۆربـەی کارەکانی تر زیاترە، بەڵام لەڕووسیادا لەبەر ئەوەی ئەم کارە بەزۆری کاری ژنان

بووەو دوو لەسەر سێی دکتۆرەکان ژن بوون، هەر بەم بۆنەیەوە کـاری پزیـشکی چ لەباری بەهای کۆمەڵایەتیو چ مووچەکەی لەئاستێکی نزمدا بووە)[٦٧].

ژنان بەهۆی ئەو بارە قورسەی سەرشانیان، ناچار بووینە بۆدەستەبەر کردنـی ژیانێکی ئاسوودە پەنا بۆ کاری قورس و درێژخایەن ببەن. لەزۆربەی بوارەکاندا، شان بەشانی پیاوان لەخەباتدان. هەر ئەوەش وای کردووە ژنی ئـەوروپی خـاوەن ئـابووری خـۆی بێـت و چـاو لەدەسـتی پیـاو نـەبێت. وەلـێ لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشدا، حوکمی کۆمەڵگاو سەنتەری بڕیار لەدەست پیاوانە، هەر بۆ نموونـە سەیری ئەم ئامارە بکەن" (ئەو ژنانەی تەمـەنیان لـەنێوان ١٥ -٦٤ سـاڵیدایەو کار دەکەن بەم شێوەیەیە:

- لـەدانیمارك لـە ٧٢,٢٪ کـار دەکـەن، بـەڵام ئەوانـەی لەسـەرکردایەتی دەوڵەت و ژیانی سیاسی کار دەکەن تەنها ٣,٧٪ە.

- لەسوێد لە ٧٤,١٪ کار دەکەن، بەڵام لە ٢,٨٪ لەبواری سەنتەری بڕیـارو سیاسەتدا شوێنیان هەیە.

- لەئەڵمانیادا لە ٦١,٨٪ی ژنان کار دەکـەن، بـەڵام ئەوانـەی لەسیاسـەتدا کار دەکەن تەنها لە ٣,٧٪ە.

- لەئیتالیا، باری ژنان لەم بارەیەوە لەهەموویان خـراپترە، تـەنها ٤٣,٦٪ کار دەکەن. . . ئەوانەی لەبواری سیاسەتیش هەن تەنها ٦,٠٪ە)[٦٨].

هەر لەبواری کارکردن و نایەکسانی دابـەش کردنـی وەزیفـەدا، دیاردەیـەکی زەق لەوڵاتە پیشەسازیو ڕۆژئاواییەکانـدا بەرچـاوەو نکـوڵی لـێ ناکرێـت. . . سەنتەری بڕیار کە پیاوان خۆیانن، زۆر پۆست و شوێنی گـرنگ و دیارییـان بـۆ خۆیان پاوان کردووەو، ژنانیان لەوەرگرتنی ئەم پۆسـتانە، مـەحرووم کـردووە.. هەر لە بەڕێوەبەری دائـیرەو کۆمپانیـاوە بگـرە، تادەگاتـە پۆسـتی وەزارەت و

پەرلەمان، هەر لەدەست پیاواندایە. جارو بـار، بـۆ چاوبەسـتەکیو ڕای گـشتی بوار بەیەك دوو ژن دەدەن، ئەم شوێنانە بگرنــە دەسـت. دەنـا لــەڕووی ژمــارەو بەراوورد کردنەوە تەرازووەکە زۆر لاسەنگە.

لەولآتێکی وەکو ئەمریکاو بەریتانیادا (تەنانەت لەزۆربــەی ئـەو شــوێنانەدا کە زۆرترین ژن کاری تێـدا دەکـەن، پیـاوانن لەئاسـتی لێپرسـراویدان. بـەپێی سەرژمێری ساڵی ۱۹۹۹، لەکۆی ۵۱۱ لـەگرنگترین کۆمپانیاکـانی ئـەمریکادا تەنیا سێ ژن لەئاستی بەڕێوەبـەردا کـار دەکـەن و لەبـەریتانیا لـەنێوان ۱۰۰ کۆمپانیادا تەنیا ۳۰ ژن خاوەن بڕیارن)[٦٩].

هەر ئەم پێشێلکاریو چاوپۆشی کردنە لەمافی ژنان، لـەزۆر بـوارو دەڤـەری ژیاندا، ڕەنگی داوەتەوە.. . ژنان لەمێـژووی بزاڤـی ڕزگـاریخوازیو نەتـەوەیی‌و کولتووری تەواوی گەلاندا، نەخشی خۆیان هەبووە. کەچی بۆ یادکردنـەوەو بـەرز ڕاگرتنــی هــەوڵ و خــەباتی ئــەوان، فەرامۆشـی‌یەکی تــەواو بــەدی دەکرێــت. لەولآتێکی وەکو ئـەڵمانیادا، (لـە بـەرلین ۱۲۰۹٦ شـەقام هەیـە، بـەلآم لـەو ژمارەیەدا تەنها ٤۰۲یان بەناوی ژنانە ئەوەش تەنها لە ۳,۳۲٪ دەکات)[٧٠].

ئـەوەی مـن تێبیـنم کردبێـو دیاردەیـەکی بەرچـاو بێـت، ژنـان لـەولآتانی سەرمایەداریدا، لەیەك شـتدا سەربەسـتی‌یەکی بـەربلآویان پێـدراوە، ئـەویش لەهەڵبژاردنی (هاوسەری ژیان) دایە. بەهۆی ئـەم سەربەسـتی‌یە بەرفراوانـەش، زۆر جاران سەرچیغ دەچن و تووشی لادان و پەشیمان بوونەوە دەبن. بـۆ نموونــە، هەر لەتەمەنی (١٤) ساڵیەوە لەگـەڵ کوڕێـك دەژیـن بـەبێ (عقـد زواج)، زۆر جارانیش منداڵیـشیان دەبێـت.. . ئـەم کـوڕو کـچە لەبـەر ئـەوەی عەقـدیان نەکردووە، سەربەستن لەوەی واز لەیەکتر بێنن. لەوانەیە مـاوەی (۵ -۷) سـالآن بەنیازی شارەزا بوونی یەکتری پێکەوە بـژین، دواتـر واز لەیـەکتر دێـنن و جیـا

دەبنەوە. کوڕە ژنێکی تر دەدۆزێتەوە، ژنەش کوڕێکی تر. یەك دوو ساڵی تریش لەگەڵ ئەو کوڕە دەژیت و واز لەوەش دەهێنێ. ئەم دەست و ئەو دەست دەکات و بەمجۆرە پرچی خۆی سپی دەکات و لەدوا وێستگەی ژیاندا کە سەیر دەکات تاك و تەنیا دەژیت. بۆ سێبوریو دڵنەواییش، تووتکە سەگێك یان پشیلەیەك بەخێو دەکات و بەیانیان و ئێواران پیاسەی پێ دەکات.. . هەموو منداڵەکانیشی بەجێیان هێشتووە (ئەگەر هەیبێ)و وەك سەردەمی گەنجێتی خۆی ژیان بەسەر دەبەن.. . ئەوەی من باسی دەکەن، گشتی نیە، بەڵام خێزانێکی زۆری لەسنووری ئاسایی بەدەر بەم شێوەیە ژیانیان دەبەنە سەر.

## خواردنەوەی بەردەوام و هەڵدێران

هەر لەئەنجامی تێکچوونی شیرازەی خێزان و، نەبوونی پەروەردەی دروستەوە، تاکەکانی کۆمەڵ تووشی خواردنەوەی بەردەوام دەبن و، ساتەکانی ژیانیان، بەسەرخۆشی لەکوچەو کۆڵان و پارك و تونێل و ژێر تارمەو تەوالێتی وێستگەی شەمەندەفەرو شوێن گەلی تر دەبەنە سەر.. . لەناو ئەم خەڵکەشدا، ژنێکی زۆر دەبینرێن، کە تووشی خواردنەوەو تلیاك کێشان بووینە.. . بەمەش ژیانیان کەوتۆتە بەر ڕەشەبای مەترسیو، ببڕای ببڕ ناتوانن وازی لێ بهێنن.. . لەبەر ئەوەی ئەم کارە دەکەن و ناتوانن دەستبەرداری ببن، دەوڵەتیش نایانژیێنێو مەسروفیان ناکێشێ.. . بۆیە، ڕۆژانە لەسەر شۆستەی شەقامەکان دانیشتوون و سواڵ دەکەن. ئەم خەڵکە تەندروستیان تەواو تێکچووەو جەستەی خۆیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت. لەسەرژمێرییە گشتییەکانیشدا، ئەوانە ناونووس ناکرێن، چونکە دەوڵەت لای وایە ئەوانە مردنیان نزیکترە لەژیانیان.

# ژن و سێکس

سێکس، غەریزەیەکی هەموو گیانلەبەرانە بەمرۆڤیشەوە.. . وەك نان و ئاو پێویستە. ئەگەر مرۆڤ، بەتایبەتیش لەتەمەنێکی دیاریکراودا، ئەنجامدانی ئەو غەریزەیەی لێ قەدەغە کراو، نەیتوانی ئەنجامی بدات، لەوانەیە تووشی دەیان نەخۆشی دەروونیو لەرێ لادان و دوورکەوتنەوە لەکۆمەڵگادا ببێت. ئەنجامدانی ئەم کارەش، لەهەموو کولتوورو کۆمەڵگایەکدا، چوارچێوەی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر لەم چوارچێوانە دەرچوو، بەدیاردەیەکی شازو دەگمەن حسێبی بۆ دەکرێت. ئەم غەریزەیە ئەوەندە گرنگە، بەبێ ئەنجامدانی، هەموو لایەنەکانی تری ژیان تووشی لاسەنگی دەبێت.. . تارادەیەك، (ئەوپەڕی خۆشەویستی لەپێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاودا بەرجەستە دەبێ، بەمەرجێ ڕەنگدانەوەی ویست و ئارەزووی هەردوولا بێ، بەڵام سێکس بێجگە لەئارەزوو کردنی یەکدی هەر هۆکارێکی دیکەی لەدواوە بێ، ئەوا نەك هەر وەڵامدانەوەیەکی سروشتی ئەوینی گیانیو جەستەیی دیکە نابێ، بەڵکو هەموو ناوەرۆکێکی خاوێن و مرۆڤانە لەدەست دەدات و دەبێتە دژوارو دزێوترین شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە)[٧١].

لەزۆربەی وڵاتە سەرمایەدارەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بەهۆی کەمی ماف و ئەرکی گرانی سەرشانی ژنان، زۆر دیاردەو کاری نارەوا، باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە.. . ژنان لەبەر پێداویستییەکانی ژیان و ئەو ئازادییە بەربڵاوەی لەڕووی ئەنجامدانی سێکسەوە پێیان دراوە، بەشێکیان لەچوارچێوەی کۆمەڵگای ئاسایی دەرچوون و تووشی لەرێ لادان و بەدرەوشتیو لەشفرۆشتن بووینە.. . بەتایبەتیش، لەم نێوەندەدا، ژنانی وڵاتەکانی سۆڤیەتی جاران و ڕۆمانیاو بولغارستان و پۆڵۆنیاو چیکیو سلۆڤاکی، دەبینرێن.

دەلاڵێو نووسینگەی تایبەتی ژن فرۆشتن و بەکرێدان، دیاردەیەکی بەرچاوە. بەسەدان کەس هەیە ئەم کارە دەکات و پارەیەکی مزری دەست دەکەوێت. ئەم دەلاڵ و نووسینگانە، جوانترین و گەنجترین کچ لەو ولاتانە دەهێنن و بەپارە دەیانفرۆشن. پیاوی بەتەمەنی وا هەیە، لەبەر ئەوەی پارەدارە، ناسکترین کچی داگیرکردووە. کچەکانیش، بەپارەیەکی کەم و دابین کردنی ژیانیان رازین و لەگەڵ ئەم پیاوە پیرانە ژیان دەبەنە سەر.. . سەیر ئەوەیە، کچەکەو پیاوەکەش، کە مامەڵەیان پێ دەکرێت، زۆر جاران، یەکتریشیان نەبینیووەو نەدیتیێو نەناسی کاری سێکسی ئەنجام دەدەن. لەڕووی پڕوپاگەندەو ڕیکلامیشەوە، سووکایەتیەکی زۆر بەژنانەوە دەکرێت. لەبەشی هەرە زۆری ڕۆژنامە گەورەو بەناوو دەنگەکانی ئەوروپادا، لاپەڕەی تایبەت بەم بوارە هەیە.. . ژمارە تەلەفۆن و ئەدرەس و وێنەی ئەو ژنانە بڵاو دەکاتەوە، کە کاری لەشفرۆشی دەکەن. کۆمپانیاکان، بۆ ڕەواجی دان بەکەل و پەل و شتەکانیان وێنەی ژنی ڕووت دەکەنە ریکلام و جێی سەرنجی خەڵکی.

دەیان بەرنامەی تایبەت بەسێکس هەیە، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان پەخش دەکرێت و ژنان وەك هۆکارێك بەکاردەهێنن. چەندان کەناڵی تەلەفزیۆنی سێکسی تایبەت هەیە کە وەك ئاژەڵ مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکەن.. . ئەم کارانە، ئەگەر سووکایەتی کردن بەژنان و بێ مافییان نەبێت، دەبێت بخرێتە چ خانەیەکی ترەوە.

(تۆلگەو یانا، دوو کچی لیتوانین، دوو گەنج هاتوون بۆ ئەڵمانیا کار بکەن، بۆ ئەوەی مەرەخەسی کار کردن وەربگرن، ناچار بوون بگەڕێن بۆ مێرد کردن و خۆیان دەفرۆشت.. ئەم دوو ئافرەتە نموونەن بۆ سەدان هەزار ئافرەتی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا)(٧٢).




**نموونەیەك لەڕیكلامی ئافرەتە لەشفرۆشەكان**

**رۆژنامەی** (BiLd) ٢ / ٧ / ٢٠٠٢

زۆر لەو ژنە ڕۆمان و بولغارو پۆلۆنیو چیکیو فلیپینییانەی کە بەنیازی کارکردن دێنە ئەڵمانیا، پاش ئەوەی کار نادۆزنەوەو بێ پارەو بێ جێگاو ڕێگا دەمێننەوە، بەشێوەیەکی قاچاغ، دەست دەکەن بەکاری لەشفرۆشی.. . چونکە لەحاڵەتی مۆڵەت وەرگرتن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ باجێکی زۆر بدەنە دەوڵەت. ڕۆژانە، ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵی دۆزینەوەو ناردنەوەی ئەو ژنە لەشفرۆشە قاچاخچییانە بڵاودەکەنەوەو، بەسەرکەوتنی دەزگای پۆلیسی لەقەڵەم دەدەن.

وەنەبێ ئەو بێ مافییەی ژنان، هەر لەوڵاتانی پیشەسازیو خۆرئاوادا بەرقەرار بێت و ئێمە بەرگری لەژنانی خۆرهەڵات و وڵاتانی ئیسلامی بکەین و بڵێین" ئەوان بەتەواوی مافەکانیان شادبووینە، بەڵام حاڵەتەکە لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر لەکولتورێك بۆ کولتورێکی تر جیاوازەو بەراورد کردن و حوکم دان، شتێکی ڕێژەیییە. دەنا، لەوڵاتێکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێراندا، (لەسێبەری دەسەڵاتی ئیسلامدا نەك هەر دەڵالیکردن بۆ دۆزینەوەی ژنی سەفەری ئازادە، بەڵکو زۆر میوانخانە دەرگایان بۆ حەواندنەوەی "بووك و زاوا"ی سەفەری لەسەر گازەرای پشتە)[٧٣].

ژن و مێردایەتی سەفەریش، هەرچەندە خستوویانەتە قالبی شەرعی ئیسلامیو یاساییەوە، جگە لەسوکایەتی کردن بەژنان و بێ مافییان نەبێت، هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت. هەر لەژێر ئەم پەردەو بەو بیانووە، پیاوان دەیان سیناریۆیان ڕێکخستووە بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان و بێ ڕێزی کردن دەرهەقیان.. ئەوەتا، (حاجی سویریکی، کە ملیۆنێرێکی میسری ڕیشداری موسڵمانی سەلەفی تەمەن ٦٠ ساڵەیە، لەپشت شیشەکانی زیندانەوە، نوێژی دەکرد.. . لەیەك کاتدا پێنج ژنی هەیە.. . لەماوەی حەڤدە ساڵدا، حەڤدە ژنی هێناوە.. . هەموو ژنەکانیشی کچە هەژارو منداڵ کارن.. . ژنی وای هێناوە

تەنها یەك سەعات لەگەڵی بووەو تەلاقی داوە.. . ئەم کارەی حاجی بووە هـۆی نـارەزایی دەربــڕین لەلایــەن پــارێزەران و ڕێکخراوەکــانی مــافی مــرۆڤ و ژنانەوە)[74].

لەکاتێکـدا، دیـاردەی ژنــی ســەفەری لەئێرانــدا بەرقــەرارەو ڕەوایــی پــێ بەخشراوە، جگە لە لەشفرۆشیو ئەنجامدانی سێکس شتێکی تر ناگەیەنێت. لـەم کولتوورەدا، ڕووخسارێکی یاساییان بەبەردا کردووە. ئەوە هـیچ جیاوازییــەکی نیــە لەگــەڵ ئــەو کوچــەو شــەقامانەی شــارە گــەورەکانی ئــەورووپا کــە کــاری لەشفرۆشی تێدا ئەنجام دەدرێت. لەئێراندا ئەم دیاردەیــە، یاســاییەو ڕەوایــە، مــرۆ لــەکاتی ئەنجامــدانی، بکــەرو بــەرکار (پیــاوو ژن) تووشــی ســزادان و لێپرسینەوە نابن، با لە بۆ چەند ســەعاتێکیش بێـت.. . بـەڵام بـۆ دەسـتەبەر کردنی ئازادی تاکە کەسی، لێپرسـینەوەو سـزادان لەئارادایـە. (هـەر لەسـاڵی ۱۹۹۱دا، ۱۱۳ هەزار ژن لەسەر خۆدانەپۆشین "بۆ حجابی" گیراون)[75].

## توونـدو تیـژی دەرهەق بەژنان

لەیەکتر گەیشتن، هۆیەکی گرنگ و سەرەکی تۆکمە بوونی پەیوەندی خێزانــە، بەتایبەتیش ژن و مێرد، خۆ ئەگەر ئەم فاکتەرە بێ هێز بوو و نەما، ئەوە مـاڵ دەبێتە دۆزەخ و کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر تەواوی ئەندامانی خێـزان.. . هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، تاکی ئەورووپی ماوەیــەکی زۆر بـیر لـەم مەسـەلەیە دەکاتەوە، تاوەکو سەرەنجام ریـسەکەی لـێ نەبێتـەوە خـوری.. . کـچ و کـوڕ، ماوەیەکی دوورو درێژ بەیەکەوە دەژین، هەر لەپێناو شـارەزا بـوونی هــەڵس و کــەوت و میزاجــی یەکتریــ تــاوەکو بــزانن، لەیــەکتر نــزیکن و لــەدوا ڕۆژدا بەیەکەوە هەڵدەکەن.. . ژن و پیاوی وا هەیە، کـە خێزانــی ڕەسمــی گــرێ بەنــد پێکەوە دەنێن و دەچنە کەنیسە بۆ مارە برین، (۱۰ -۱۵) ساڵ بەیەکەوە ژیـاون

و منداڵەکانیان هەراش بووینە، لەگەڵ ئەوەشدا، مــەرج نیــە لــەژیانی خێزانیــدا سەرکەوتوو بن و تاسەر بەیەکەوە بــژین.. . ژنــی واهەیــە، بــەڕەسمی هەریــەك شووی کردووە، ئەوەندە لەشووکردنی ڕەسمی دەترسێو دەڵێ" (مرۆڤ جارێك شوو دەکات، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو پێویست بەوە ناکــات جــارێکی تــر شەنــسی خۆی تاقی بکاتەوە). ئەو ژنە شــوو ناکــات، بــەڵام تاکۆتــایی ژیــان وەك ژن و مێرد لەگەڵ پیاوێك بەهاوڕێیەتی دەژی.. . سەیر لەوەیە ژن و پیاوی وا هەیــە، (١٥) ساڵە وەك برادەر بەیەکەوە دەژیــن کەچــی هەریەکــەو بــەجیا مەســروفی خۆی دەکێشێ.. . کە دێن خواردنێــك دەخــۆن، نرخەکــەی نرخــی یــەك پاکەتــە جگەرەیە کەچی هەرکەسەو بەجیا لەکیسەی خۆی سەرف دەکات.

لەبەر ئەوەی ژنی ئەوروپی ئازادییەکی تــەواوی هەیــە لــەڕووی پێکــەوەنانی خێزان و خاوەن بڕیاری خۆیەتی، وافێر بووینە ئەگەر زانی ناتوانێت لەگــەڵ ئــەو پیاوە تاسەر هەڵبکات، بێ دوو دڵیو تووڕە بوون جیا دەبێتەوە.. . ئەم حاڵەتە ئەگەر لای خۆمان بێت، هەزاران ناوو ناتۆرە بەپلەی یەکەم لەژنەکــە دەنــێن.. . هەر لەبەر ئەم نەریتەش، ژن و پیاوی واهەیــە لای خۆمــان، ماڵەکــەیان تــەواو دۆزەخەو تروسکایی بەختەوەری تێدا نییــە، بــەڵام لــەپێناوی پــەیرەوکردن لــەم نەریتەو، دوارۆژی منداڵەکانی، چاوپۆشی لەژیان و بەختەوەری خۆیان دەکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دیاردەی توندوتیژیو لێــدان و ئەشــکەنجەدانی ژن لەلایەن مێردەکانیانەوە، دیاردەیەکی باوەو تۆمارەکانی دەزگاکــانی پــۆلیس و ڕۆژنامەکان پڕن لەڕووداوی لەم بابەتە.

لەئەڵمانیادا، (بەپێی سەرژمێری وەزارەتی خێزان دەرکەوتووە کە ســێیەکی پیاوان لەخێزاندا لەژنەکانیان دەدەن و هەڕەشەیان لێ دەکــەن و ســووکایەتییان پێ دەکــەن و لەماڵــەوە بەنــدیان دەکــەن. وەك لەڕاپۆرتەکــەدا هــاتووە ڕۆژانــە لەبەرلین ٣٥ تا ٤٠ جار پۆلیس بۆ ناوبژی کردنــی ژن و مێــرد بــانگ دەکرێــت.

هەمان سەرچاوە دەڵێ: "ساڵی ڕابردوو ١٦٣٠٠ ژن و کچ لێیان دراوەو لەشیان بریندار کراوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە". هەر لەم بارەیەوە لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٩دا لەبەرلین ٣ هەزار سکاڵا بەرز کراوەتەوە. ٤٧١ تاوانبار لەلایەن دادوەرەوە حوکم دراون.. . ژمارەی تاوانەکان هەمیشە لەزیاد بووندایەو ژمارەکە لەساڵێکدا دەگاتە ٧٠٠٠ حەوت هەزار تاوان. لەئەنجامدا ساڵانە زیاتر لەپێنج هەزار ژن و منداڵ لەدەست لێدان و هەڕەشەی لێدان، بۆ خۆ ڕزگار کردن لەباوك و مێردەکانیان پەنا دەبەنە بەر "خانووی ژنان و گەنجان" بەشێوەیەکی گشتی لەئەڵمانیادا ساڵانە نزیکەی ٤٥ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە ڕوودەدا)[٧٦].

ژنان، وەنەبێت هەر لەلایەن مێردەکانیانەوە تووشی لێدان و ئەشکەنجە دان بووبن، بەڵکو منداڵەکانیشیان (بەتایبەتیش کوڕەکانیان) سەرچاوەیەکی تری هەڕەشەو لێدان و چاوسوور کردنەوەن.. . لەم بارەیەوە، لەڕاپرسێنێکدا، گۆڤاری (فۆکس)ی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە کە (لە هەر شەش ئافرەت، ئافرەتێك لەلایەن منداڵەکانیانەوە بەلایەنی کەم جارێك لێدانی خواردووە.. .)[٧٧].

هەست و سۆزی خۆشەویستی دەربڕین لەلایەن پیاوانی ئەوروپییەوە بۆ ژنەکانیان دیاردەیەکی بەرچاوە، کەم کەس هەیە ئەگەر بەواقیعیش ئەم دیاردەی نەدیبێ، ئەوە لەڕێگای سەتەلایتەوە، دیویە.. . ژن و پیاوی ئەوروپی، لەچێشتخانە، لەپارکەکان، وێستگەی شەمەندەفەر، هەموو شوێنە گشتیو بەرچاوەکان، یەکتر ماچ دەکەن و دەست لەملی یەکتر دەکەن و تەبایی‌و خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر نیشانی خەڵك دەدەن.. . (لەهۆڵەندادا، کە لەلێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا هاتووە پیاوی هۆڵەندی ڕۆژی دوو جار هەتا سێ جار بەژنەکەی دەڵێت" خۆشم دەوێیت کەچی لەبەرامبەر ئەوەدا لەتازەترین لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە ژنانی هۆڵەندی بەرێژەیەکی زۆر دووچاری لێدان و

ئەشکەنجەی دەروونی دەبنەوە لەلایەن مێردەکانیانەوە ئەوە کەوای کردووە ڕێژەی مارەکردن و شووکردنی ڕەسمی کەم ببێتەوە)[٧٨].

ژنانی ئەوروپی وەنەبێ هەر هەڕەشەی لێدان و ئەشکەنجەدانیان لەلایەن پیاوەکانیانەوە لەسەر بێت، جاری واهەیە تووشی لەناوبردنی جەستەییو تیرۆر کردنیش دەبن.. . ئەگەر یەکێك بێت و ڕۆژانە بەدوای ئەم جۆرە هەواڵانە لەڕۆژنامەکاندا بچێت، ئەوە لەماوەی ساڵێکدا سەدان نموونەی بێویژدانی پیاوی ئەوروپی دەرهەق بەژنانی دەست دەکەوێت.. . هەر بۆ نموونە سەیری ئەو دوو نموونەیە بکەن وەك کاك (سەلام عەبدوڵڵا)ی نووسەر دەڵێت" (ئەو وەحشیگەریانەی لێرە دەیخوێننەوە، لەسلێمانی یا هەولێر ڕووی نەداوە، لەبنکەی "شارستانیەت و دیموکراتیو مافی مرۆڤ" ڕوویانداوەو بەچەندین شێوە هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبنەوە)[٧٩].

کاك (سەلام) لەباسەکەیدا زێتر لەبیست نموونەی لەگۆڤارو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیادا وەرگرتووەو بڵاوی کردوونەتەوە.. . هەروەك نموونەی ئەم دوو ڕووداوە تۆمار دەکەین:-

**یەکەم: ئینۆڵ شتات:** کریستینا (٣٩) ساڵ و هانز پیتەر (٤٢) ساڵ. پێش ٢٢ ساڵ مێردیان کردووە. ئافرەتەکە جیابووەوەو بۆ خانوویەکی تر گواستبوویەوە. پاش چەند ڕۆژێك گەڕابۆوە بۆ ماڵی پیاوەکەی، جل و بەرگەکان ببات، هاوسەرەکەی بەچەقۆ کەوتە گیانیو کوشتبووی. پاشان خۆیشی کوشتبوو. ئەم خێزانە دوو منداڵیان بەهەتیوی لەدوای خۆیان بەجێهێشت.

**دووەم: دۆرتمۆند** (لەڕۆژنامەی بیلد لە ٢٠٠١/٢/١٣). پاش دە ساڵ هاوسەری، کریستینە (٣٤) ساڵ لەپیاوەکەی جیا دەبێتەوە. لەدوا پێگەیشتنیاندا، یورگن. پ (٤٢ ساڵ، پسپۆڕی کۆمپیوتەر) کریستینە

دەخنکێنێت و لاشەکەی دەخاتە جانتایەك، بۆ ئەوەی بەئۆتۆمبیلەکەی بیبات و لەناو دارستانێك فڕێی بدات(٨٠).

## (میشی) لەساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا

(میشایلا)، کچێکی تەمەن چوار ساڵەی دایك چیکیە. دایکی میشی بەڕێکەوت لەگەڵ کوڕێك ماوەیەك پێکەوە دەژین و (میشی) بە زگ دەکەوێت.. . حاڵی حازر میشی گەورە بووەو دەچێتە باخچەی منداڵان.. . کە دەبینێ، زۆربەی منداڵەکان لەگەڵ باوکیان دێن و دەگەڕێنەوە، ئەو هەست بەبێ باوکی دەکات.. . لەساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا، لەئاهەنگێکی گەورەو ڕازاوەدا، لەنێو کۆمەڵێك دیاریو شیرینیو یاریو بووکەشووشەدا.. . لەنێو باوەشی دایك و پوورو هاوڕێکانیدا، لەهاڕژنی گریانیداو گڕناگەی گرت" (هەبێو نەبێ، ئیلاو بیلا باوکی خۆم دەوێت.. . کوا باوکی من؟!). لەنێو ئەم حاڵەتە ئینسانیەدا، زۆربەی ئامادەبووان هاوخەمی خۆیان بۆ (میشی) دەربڕیو چەند دڵۆپە فرمێسکێکیان داباراند.. . (میشی) حاڵەتێکە، لەهەزاران حاڵەتی لەم چەشنە. (ماتسی) دایکی میشی، ئەمجارەیان، بەڕەسمی مێردی بە (داڤید)ی چیکی کرد.. . سێ ساڵ لەگەڵ داڤید ژیاو کچێکی تری بوو.. . ماتسی بەدزی داڤید خەریکی کاری لەشفرۆشی بوو.. . بۆیە نێوانیان تێکچوو و لەیەکتر جیابوونەتەوە.

## سەرنج بدەن

هەر لەم شارۆچکەی کە من لێی دەژیم و لەو ئاقارە تەسکەی پەیوەندیو ناسیاوەتیمدا، سەرنج بدەن:-

* **جەسی :** پیاوێکی تەمەن ٥٢ساڵەیە. دوو کچی هەیە. بەتەنیا لەباڵەخانەیەکدا دەژیو لەگەڵ ژنەکەی جیابۆتەوە.. . حەسرەت بۆ ژیانی خێزانی هەڵدەکێشێو ئێرەیی بەخێزانە ڕۆژهەڵاتیەکان دەبات.

* **کریستینا ماریا :** ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵانە.. . کاتی خۆی ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ کوڕێك بەبێ (عقد زواج) وەك هاوڕێ لەگەڵی ژیاوە.. . کوڕە لەگەڵی خراپ بووەو لەسەر شتی بچووك بچووك دارکاری کردووە.. . ناچار لەم کوڕە جیابۆتەوە.. . دواتر لەگەڵ کوڕێکی تر بەناوی (ئەلکساندەر) ژیاوەو (عقد)ی کردووە.

ئەلکساندەر، زۆر لەگەڵی خراپ بوو، هەردووکیان لەنهۆمی ژێر ماڵەکەی ئێمە دەژیان. زۆر جاران بەدەنگی گریانی ماریەوە چووینەو دیومانە (ئەلکساندەر) ئەشکەنجەی دەدا، جارێکیان بەچەقۆ کەوتبووە گیانیو دەست و مەچەکی بریندار کردبوو.. . ئەم کوڕە دڵی لێی پیس بوو، لێ نەدەگەڕا جلی کورت و تەنك لەبەر بکات.. . زوو زووش لێی دەداو هیچ کاریشی نەدەکرد.. . بڕواشی بەیەکسانی ژن و پیاو نەبوو و هەردەم دەیگوت" (پیاو پیاوەو ژنیش هەر ژنە). ماڵی باوکی ماریەش، قسە لەگەڵ ماریە ناکەن، چونکە بەبێ ویستی ئەوان شووی بەم کوڕە کردووە، کە لەهەموو ڕوویەکەوە، لەئاستی ماریەدا نیە.. . ئەم ژن و پیاوە مانگی شوباتی ٢٠٠٢ لەیەکتر جیابوونەوە.. حاڵی حازر، ماریە لەگەڵ کوڕێکی تر دەژیو (ئەلکساندەر)یش کچێکی تری دۆزیوەتەوە.

* **دەنیس :** کچێکی بیست ساڵەیە، باڵابەرزو پێست سپیو شۆخ و شەنگە.. . پاش حەوت ئەزموونی فاشیل، لەگەڵ کوڕێکی ڕووس، ناسیاوی پەیدا دەکات و وەك هاوڕێ پێکەوە دەژین.. . دەینس زگی پڕ دەبێت.. . کوڕەکە بەمە

دەزانێت و لەدوا ڕۆژ دەترسێت، چونکە دەبێ مەسرەفی ئەو منداڵە بکێشێ بۆیە بەدزی ڕادەکاتەوە ڕووسیا.

* **بابرا:** ئافرەتێکی قەڵەوی گەنم ڕەنگی ٤٢ ساڵەیە. باوکی نەمسایییەو دایکی ئەڵمانە. لەمێردی یەکەمی دوو منداڵی هەیە، لەمێردی دووەمی منداڵێکی تر.. . لەمێردی سێیەمی کە تورکێکە، کچێکی ناو (لەیلا)ی هەیە.. . پیاوە تورکەکە لێ ناگەڕێ هاموشۆی منداڵەکانی تری بکات و یەکتری ببینن. لەمانگێکدا هەقی هەیە لەدەرەوەی ماڵ دوو سەعات بیانبینی.. . سەرەڕای ئەوەش زۆر لەگەڵی خراپەو تەنها بۆ وەرگرتنی جنسیەی ئەڵمانی ئەو ژنەی هێناوە. زۆر جاران لەماڵەوە دەری دەکات و بەهەفتەو مانگان قسەی لەگەڵ ناکات. (بابرا)، ئێستاکە لەمێردێکی تر دەگەڕێت.

دەربارەی خراپی پیاوی یەکەمیشی دەڵێ" (هەموو ڕۆژێ لێی دەدام، ئێستاش لەشارێکی تر دەژی، بەڵام کە دێتە ئێرە ناوێرم خۆمی پێ نیشان بدەم.. ).

* **مۆنیکا:** ئافرەتێکی تەمەن (٤٧) ساڵانە.. . دوو منداڵی هەیە.. . مۆنیکا دڵی بەمێردەکەی ئاو ناخواتەوە کوڕێکی هیندی کردۆتە بەدیلی مێردەکەی.. . لەگەڵ خۆیان لەماڵەوە دەژی. پیاوەکەشی زۆری پێ ناخۆشە، بەڵام لەترسی ئەوەی نەوەك لەماڵەوە دەربکرێو لەمنداڵەکانی مەحروم بکرێ، دەستی بەکڵاوی خۆیەوە گرتووە.

* **هەنریش:** پیاوێکی تەمەن (٤٨) ساڵانە. یەکەم ئەزموونی لەگەڵ ژنێکی ئەڵمانی بوو، کچێکی لێ بوو، بەڵام ئێستاکە کچەکەی نابینێو نایناسێتەوە. دووەم ئەزموونی لەگەڵ ژنێکی ڕۆمانی بوو. سێ ساڵ پێکەوە ژیان و کچێکی لێ بوو. ژنەکە ماڵ و سامانی (هەنریش)ی خوارد. یەك دوو خانووی لەڕۆمانیا کڕی. دواتر لێك جیابوونەوە. هەنریش، ئێستاکە بەتەنیا دەژیو زۆر خەم بۆ کچەکەی دەخوات، هەر کاتێك باسی منداڵ دەکرێت، یەکسەر دەست بەگریان

دەكات و باسی كچەكەی خۆی دەكات.. . حاڵی حازر، كچەكەو ژنەكەی لەشارێكی تر دەژین، كە ماوەی چوار سەعات دوورە لەمانگێكدا تەنها یەك جار كچەكەی دەبینێ.. .

## دوا وێستگەی ئەم بابەتە

١ -ئەو كەسانەی ناوم هێناون و باسم كردوون، هەموویان دەناسم و نامۆنین. ڕۆژانە دەیانبینم، ڕووداوەكانیش لەكەناڵەكانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەكاندا بڵاو دەكرێنەوە. هیچیان دەستچنی خەیاڵ نین.

٢ -لەم حاڵەتە پڕ لەسەرگەردانیو بێ مافییەی ژناندا، بەڕای من دوو هۆی سەرەكی سەرچاوەكەیەتی: -

یەكەم: نەبوونی یەكسانی لەنێوان ژنان و پیاواندا، كە ڕاستەوخۆ كۆمەڵگاو دام و دەزگا حكومییەكان لێی بەرپرسیارن.

دووەم: بەدحاڵی بوون و بەهەڵە بەكارهێنانی ئەو ئازادییەی كە پێیان دراوە، لەلایەن بەشێك لەژنانەوە.

٣ -گرانی ئەركی ژیان و كاری قورس و نەپڕژانە سەرخێزان، هۆكارێكی تری ئەم گرفتانەیە.

٤ -لەم نووسینەدا، مەبەستم ئەوە نیە بڵێم: (ژنان لەوڵاتی خۆماندا، خاوەن ماف و سەربەستین و دوور لەچەوسانەوەن). من لاریم لەبەش مەینەتی ژنان لەكۆمەڵگای خۆماندا نیە.. . لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ بڵێم" لەگەڵ ئەم هەموو دواكەوتووییەی خۆمان و پێشكەوتنەی ئەواندا، لەهەندێك حاڵەتدا، ژنان لەوڵاتی خۆماندا باری ژیان و دەروونییان زۆر باشترە لە هی ئەوان. لەزۆر حاڵەتیشدا بەپێچەوانەوە. كەواتە ئەم مەسەلەیە چ لێرە بێ و چ لەوێ یەك مەسەلەیەو پێویستی بەهەوڵ و تێكۆشان و لێ حاڵی بوون هەیە.

# کوردە پەراگەندەکانی دونیا

پاش شەڕی چالّدێران (١٥١٤)و یەکەم دابەش کردنی کوردستان، لەنێوان هەردوو زلهێزەکەی عوسمانیو سەفەوی دا، گەلی کورد تووشی مەینەتییەکی گەورە هات. ولاّتەکەی کرا بە دوو پارچە، بەهۆی ئەم سنوورە نوێیەی کە بۆی دیاری کرا، کوڕ لە باوك و مام لەبرازا دابڕان. لەساڵی (١٩١٦)دا، بۆ جاری دووەم زنجیرەی سنوورە دەستکردەکەی کوردستان، جارێکی تر تووشی پچڕان بوو و ئەمجارەیان کرایە چوار پارچە.

ئیتر لەمە بەدواوە، هاتنەدی خەونی پێکەوەنانی کیانی نەتەوەیی‌و سەربەخۆیی کورد، گەڕاوە دواتر. وەلێ، گەلی کورد، بەردەوام بووە لەدرێژەدان بە خەبات و ڕاپەڕینی چەکداری، نەیانهێشتووە داگیرکەرانی خاکەکەی بەکەمالی ئیسراحەت بگوزەرێنن. بەرەنجامی ئەم خەباتەشیان، کوشتنی بە کۆمەڵ و سەرکوتکردن و ڕاوەدوونان و بەزۆر ڕاگوێزانیان لێ کەوتۆتەوە. ئەگەرچی نیشتمانی کورد (کوردستان)، ئێستاکە لەژێر دەستی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا دایە، بەلاّم مێژوونووسی وا هەیە بەشێك لە سۆڤیەتی جارانیش

بەکوردستان دەزانێت. بە بۆچوونی ئێمەش، ئەم ڕایە دوور نییە لەڕاستی، چونکە بەشێکی زۆری سنووری کوردستانی باکوور لەگەڵ سۆڤیەت هاوسنوورەو خەڵکی هەردوو دیویش (سۆڤیەت و کوردستانی باکوور) بەکوردی دەئاخافن و دیالێکتەکەشیان یەك دیالێکتە.. کەواتە" بۆ دەبێ ئەم بەشەش کوردستان نەبێ؟!

دەبێ ئەوەش بزانین کە مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سوور) لە ۷ی حوزەیرانی ۱۹۲۳دا لەسۆڤیەت دامەزراوەو ڕادیۆو ڕۆژنامەو شانۆو خوێندنیش بەزمانی کوردی بووە[(٨١)].

بێگومان ئەگەر ئەم پارچە پارچە کردن و چەوساندنەوەو جەورو ستەمە نەبووایە، ژمارەی کورد، زۆر لەم ژمارانەی ئێستاکە زۆرتر دەبوو، کە هەر کەس و دەوڵەتێکی داگیرکەر بەچەشنێك لەچەشنەکانی دەیقەبڵێنێ، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا هاوڕێك بن.

کورد، بێجگە لەسەر خاك و زێدەکەی خۆی، لەزۆر شوێن و کەلەبەری دونیادا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەشیان یان بەزۆر ڕاگوێزراون یان ئەوەتانێ لەترسی گیانی خۆیان، سەری خۆیان هەڵگرتووەو لەم شوێنانە گیرساونەتەوە.

(وەکو گروپی ئێتنۆگرافی، لە: یەکێتی سۆڤیەت "ئەرمەنستان، گورجستان، کازاخستان، ئۆزبێکستان، تورکمێنیا، قرگیزیا"و لوبنان، ناوەڕاستی تورکیا، باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران "خوراسان"، ئەفغانستان "قەندەهار"و وڵاتی چین "لەناوچەکانی شێنسێ، هانیسوو، نینسا")[(٨٢)] دەژین.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر (۱۹۱۷)، لینین مافی ڕەوای زۆربەی نەتەوەکانی سۆڤیەتی دابین کردو مافی ئۆتۆنۆمی پێدان.. . کورد یەکێك بوو لەو نەتەوانەو مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سوور)یان دامەزراند.. . بەڵام کە (ستالین)

جلەوی فەرمانڕەوایەتی وڵاتی گرتە دەست، بەدڕندەترین شێوە، کوردو کەمە نەتەوەکانی تری چەوساندەوەو هەرچەند خێزانەو ڕەوانەی شوێنێکی دوورە دەستی کردن. کوردستانی سووریش، لەناو ناوان ڕەش بۆوە. کورد لەسەر دەستی ئەم دیکتاتۆرە ملهوڕەدا، بەشێوەیەك داغان داغان کران، کە ئێستاکە بەشێکی زۆریان زمانی کوردییان لەبیر چۆتەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو زوڵم و زۆرەشدا (بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٩، ژمارەی کورد لەسۆڤیەتی جاران بۆتە "١٥٢,٦" هەزار کەس" واتە ٠,٠٥٪ی دانیشتوانی سۆڤیەت. . . بەپێی سەرژمێریی ١٩٨٩ لە ٨٠,٦٪ی کورد، واتە ١٢٣ هەزار کەس زمانی کوردی بەزمانی زگماکی خۆیان دەزانن. . .)[٨٣]

بێگومان ئەم ژمارەیە، جێگای گومان و دوو دڵییە[٨٤]، چونکە دەوڵەتێك بەم شێوەیە ڕەفتاری کردبێ، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، دەبێت لەسەرژمێرییەکانیش ئامارەکانی بەتەواوی ڕانەگەیاندبێ. . گریمان ئەم ژمارەیە ڕاستە، (خاتوو "هانەلۆرە کیوشلەر" لەنامەی دکتۆراکەیدا، لەپەراوێزی ژمارە ٢٠ی لاپەڕە ٥٣٥دا، ئاوەها دەنووسێت: "بەپێی یاسایەکی دیمۆگرافی، نەتەوەکان هەر بەبیست ساڵ ژمارەیان دەبێتە دووقاتی خۆی")[٨٥].

کەوابێ، بەم پێیە دەبێت کوردەکانی سۆڤیەتی جاران، ژمارەیان گەیشتبێتە زێتر لە ٣٠٥,٢٠٠ هەزار کەس، کە بەلای ئێمەوە دوورە لەڕاستیەو ژمارەی کوردەکان زۆر لەم مەزەندەو بۆچوونە زێترە.

هەر لەڕابردوویەکی دوورو لەئەنجامی نەبوونی قەوارەی نەتەوەیی، کوردگەلێکی زۆر ئاوارەی پاکستانی ئێستا بووینە، بەپێی ڕاو بۆچوونی کاك (عەلی بچکۆڵ) کە ماوەیەکی زۆر لە پاکستان بووەو هامووشۆی لەگەڵ کردوون و سەرو سۆراغی ئەم باسەی کردووە، بەپێی داننانی خۆیان بەم ڕاستیە، (٣٠ هەزار ماڵە کورد لەپاکستان هەیە)[٨٦].

جێ پەنجەی عوسمانییەکانیش (١٢٩٩ -١٩٢٣)، لەپەڕاگەندە کردنی نەتــەوە ژێـر دەسـتەکان، بەکوردیـشەوە وەك ڕۆژی روونـاك دیـارە.. . لـەماوەی ٦٢٤ ساڵەی حوکمیان، هەر دەنگێك بەرهەڵستکار بووایە، ئەوا سەرکوتیان دەکرد.. یان لەناو دەبرا یان بەزۆردارەکی لەشوێنی خۆی ڕادەگـوێزران و بەسـەدان میـل لەزێدی باپیرانیان دوور دەخرانەوە. هەر دوور نەڕۆین، (لەکۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهەم، کاتێك کە هـۆزی هەمەوەنـد، لەدەوروبـەری شـاری سـلێمانی دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕاپەڕین، داگیرکەران بـەهێزێکی زۆری سـەربازییەوە، بـەرەنگاری ئـەم ڕاپەڕینـە بوونـەوەو، لەسـاڵی ١٨٩٠ی زایینیـدا بەشـێك لەڕۆڵەکانی ئەم هۆزەیان ڕەوانەی ناوچەی "ئەدەنە"ی تورکیـا کـردو بەشـێکی تریشیان بۆ شاری "تەرابلس"ی لیبیا ڕەوانە کردو لەناوچەی "الجبل الأخـضر"ی نیـشتەجێ کـردن)[٨٧]. هەرچـەندە، پـاش سـێ سـاڵ، بەشـێکیان گەڕانـەوە کوردستان، بەڵام بەشێکی زۆریشیان لەوێ مانەوەو ئێستاکەشی لەگەڵ دابێـت، زۆر بنەماڵەی کورد لە لیبیـا هەیـە.. . بێجگـە لـەوەش ژمارەیـەکی زۆرتـری کوردەکانی کوردستانی بـاکوور لەقۆناغـە جیاجیاکانـدا، پەڕاگەنـدەی لوبنـان بووینە، کە لەکۆمەڵگای لوبنانیدا، ڕەوەندێکی گەورەیان دروست کردووەو جـێ پەنجەیان بەسەرجەم گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتەدا دیـارە.. . (**محەمـەد** جـەمیل **محۆ**)ی کوڕی (جەمیل **محۆ**)ی دامەزرێنـەری پـارتی کـوردی لـەلوبنان (پـارتی) لەنامیلکەی (رؤية جديـدة للقـضية الكرديـة) کـە لەسـاڵی **١٩٧٧**دا چـاپکراوە، دەڵێ: (ژمارەی کوردەکان لەلوبنان لەنێوان **٧٥**-**١٠٠** هـەزار کەسـە)[٨٨] ئـەم بۆچـوون و خەملێنـەی (**محـۆ**)، **٢٥** سـاڵ لەمەوبـەرە.. . بـەگوێرەی ئـەو لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەی (النهار)ی بەیروتی کـە لەپاشـکۆیەکی ژمـارەی ڕۆژی **١٩٩٣/١٠/٢**دا بڵاوی کردۆتەوە، (ژمارەی کوردەکـان لـەپێش شـەڕی لوبنـان

٢٠٠ هەزار کەس بووە، بەڵام بەهۆی شەڕو پشێوی، ئێستاکە زێتر لە ١٥ هەزارێکیان ماون، ئەوانی تر بۆ ئەڵمانیاو سوێدو وڵاتانی تری ئەوروپی کۆچیان کردووە)[٨٩].

لەبارەی ئایینەوەش، گەلی کورد، گەلێکی موسڵمانە، لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکیش هەیە بە نەتەوە کوردە بەڵام بە ئایین (کۆنە زەردەشتی، یەزیدی، مەسیحی، جوولەکەیە)[٩٠]. هەبوونی هەستی نەتەوەیی، گەورەترین شوناسنامەیە.. . ئەگەر یەکێك بەکوردی قسەی کردو بەکوردی هەڵس و کەوتی کرد، خۆشی بەکورد زانی، با موسڵمانیش نەبێت، ئەوە هەر کوردە.. . هەر بەم پێوو دانگەش، بەشێکی زۆری مەسیحیو جوولەکەکانی کوردستان خۆیان بەکورد دەزانن.. . دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆچکردنی جوولەکەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٤٨و دواتر، کوتەکێکی تر بوو بەر نەتەوەی کورد کەوت[٩١]. بەپێی هەندێك سەرچاوە، ئێستاکە (نزیکەی ٦٠ هەزار جووی کوردستانی لە ئیسرائیلدا دەژین زۆربەی ئەمانە لەکوردستانی عێراق و سوریاوە هاتوون)[٩٢]. باشە، چی لەجوولەکەیەکی کوردستانی دەکەیت، تۆ هەر بڵێ تۆ کورد نیت، ئەو هەر پێ لەسەر کورد بوونی خۆی دادەگرێو دەڵێ: (من کوردم)[٩٣].

هەر لەم بارەیەوە، پێم باشە، ئەم نموونە زیندووە بهێنمەوە کە بەگوێی خۆم لەمام (عەزرا)م بیست و لەوانەشە هەزاران کەسی تریش وەك من گوێی لەجۆش و خرۆشی کوردانەی ئەم پیاوە پیرە، بوو بێت و ساتێك لەگەڵ هەستی ئەودا ژیا بێت.. . لەبەرنامەی (دیداری ئازیزان)، جوولەکەیەکی کوردستانی، بە کوردییەکی جوانی کۆییانی تەلەفۆنی کردو گوتی: (.. من، ناوم عەزرایە. خەڵکی کۆیەم، ٥١ ساڵ لەمەوبەر لەکوردستان دەرچوویمە.. . زۆر زۆر غەریبی

کۆیە دەکەم.. . ژمارەی کوردەکان لەئیسرائیل ٤٠٠ هەزار کەسەو ئاییینی‌یـان جوولەکەیە.. . "٥١" ساڵە بەکوردی قسەم نەکردووە.. . زۆر غەم دەخۆم، کـە وەزعی کوردەکان بەم شێوەیە دەبینم، بەتایبەتیش کارەساتی هەڵەبجە.. . حەز دەکەم گـوێم لەگۆرانییـەکی تـاهیر تۆفیـق بێـت.. . ئێمـە لـەم شـارەدا، ٨٠ عـائیلەی کوردین، نیوەی زیاتری کەناڵی MED. TV دەکاتەوە)[٩٤].

بەشێکی زۆری بنەماڵە کوردەکانی کوردستانی باکووریش، پـاش نـشووست هێنانی ڕاپەڕینەکانی کورد، دژی دەوڵەتی عوسمانی ئاوارەی میـسر بـوون، کـە نەخشی نەوەکانی ئەم بنەماڵانە بەسەر مێژووی سیاسی‌و کولتووری‌ـو ئـەدەبی تازەی میسرەوە دیارەو خۆشـیان دان بـەم ڕاسـتییە دادەنـێن.. . ئێـستاکەش بنەماڵەی (تەیموری‌و بەدرخانی‌و وانلی‌یەکان لەمیسردا دەژین.. . هـەروەها زۆر گوندو گەڕەك و شوێنی میسری هەیە بەناوی کـورد نـاوزەد کـراون)[٩٥]. لـەنێو ئەم کوردە پەڕاگەندانە، کە وەك (ئاردی ناو دڕکان)یان لێهاتووە، دەیـان کەڵـە پیاوی کارامەو لێهاتوو هەڵکەوتوون، کـە لـەبوارەکانی ژیانـدا جـێ پەنجـەیان دیارەو بوونەتە بەشێك لەمێژووی جیهانی.. . نموونەی ئەمانە" (ئەبو موسلیمی خوراسانی کە ناوبانگ و دەسەڵاتێکی زۆری لەئێراندا هـەبوو و ڕۆڵـی سـەرەکی بینـی لـە لـەناوبردنی فەرمانڕەواییـەتی ئەمـەوی)[٩٦] و (سـەعید نورسـی لەجەنگەکانی بەلقان و جیهـانی یەکەمـدا سـەرکردایەتیی هێزێکـی چـەکداری کـوردی کـردووە، بەمـەش ناوبـانگی دەرکـردووە کـە خـەڵکی ئەرمـەنی لەقڕکردنەکەی ساڵی ١٩١٥ ڕزگار کردووە)[٩٧].

هـەروەها شـاعیری گـەورەی عـەرەب، (ئەحمـەد شـەوقی) کـە بـە (امـیر الشعراء) ناسراوە بە نـەژاد کـوردە.. . قاسـم ئـەمین، کـە یەکێکـە لـەداکۆکی کەرەکانی مـافی ئـافرەت و نووسـەرە پێـشکەوتنخوازەکانی میـسر، یەکێکـە

لەنەوەکانی بنەماڵە پەرِاگەندەکانی کورد.. . (محەمـەد عـەلی پاشـای، گـەورە دامەزرێنەری دەوڵەتی عەلەوی‌و میسری نوێ، کوردە.. . کە لەزێـدی ڕەسـەنی خۆی -دیاربەکر- هاتۆتە میسر.. . هەروەها زۆربەی پێشڕەوەکانی بزووتنەوەی رۆشـنفکری لەمیـسرو جیهـانی عـەرەبی، کـوردن. نموونـەی: عەبـدەلڕەحمان کەواکبی‌و محەمەد عەبدەو عەباس محمود عەقاد.. .)[٩٨].

هەر لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، کوردێکی زۆر بەهۆی بەسـەرباز بوون لەریزەکانی ئەم سوپایەدا، پەرِاگەنـدەی ئـوردون بووینـەو پـاش ڕوخـانی عوسمانیەکانیش، بەشێکی زۆریـان لـەوێ نیـشتەجێ بووینـە.. . لەوێنـدەرێ، کوردەکان ڕۆڵی بەرچاویان بینیـوە لەهـەموو بوارەکانـدا.. . وەك سـەربازی‌و پۆستی سەرۆك وەزیران و وەزیری دەوڵەت و.. . تـاد. (ئـەمرۆ ژمـارەی کـورد لەئوردوندا خۆی لەنزیکەی ٣٠ هەزار کەس دەدا. ئـەم ژمـارە پێکهـاتووە لـەو کوردانەی کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سـەرەتاکانی سـەدەی بیـستەمەوە لەخاکی ئوردوندا دەژین.. . و لەم بنەماڵانـە پێـك هـاتوون" سـەیدۆ کـوردی، وانلی زازا، بەرازی، زەرەکلی، کورد عەلی، بابان، جومعـە ئـەیوبی، بـەدرخان، بروسك، زەرقاد، دەقوری، کـوردی، کـەرەك کـوردی، جەرشـە کـوردی، ریمـۆن کوردی، ئەبو رەسول، ئاغا سەعودن، خصر، شـعیمات، عـەلیکۆ، مـاردینی، شێخانی.. .)[٩٩].

ئەوەی نەمبیـستبێ (هـەبوونی کـورد بـووە لـە یۆگۆسـلافیای جـاران).. . تائێستاکەشی لەگـەڵ دابێـت، لـەهیچ سەرچـاوەیەکی کـۆن و نـوێ شـتی وام نەخوێندۆتەوە.. . وەلێ، رۆژی ٢٠/٣/١٩٩٩، یەکێك لەو کەسانەی کە ڕۆژانـە بۆ نان خواردن دێتـە ئـەو چێـشتخانە تورکـەی کـە خـۆم لەئـەڵمانیا "شـاری کرایلسایم" کاری تێدا دەکـەم، ڕازێکـی مێـژوویی لـەلا درکانـدم.. . هـەموو

جاران، به"حاجی" بانگم دەکرد، ئەمجارەیان پرسیم، ئەرێ هاوڕێ تۆ ناوت چییە؟! لەوەڵامدا گوتی: من ناوم (گۆران GORAN)ە.. . منیش یەکسەر گوتم: قەت ناوەکەت لەبیر ناکەم، چونکە شاعیرێکی گەورەی کورد ناوی (گۆران)ە. ئەویش تا ئەو کاتە وای دەزانی من تورکم.. . گۆران گوتی" گەلێك بنەماڵەی کوردی موسڵمان لەیۆگسلافیادا دەژین.. . من خۆم داپیرەم کوردەو، خەڵکی کوردستانی تورکیایە.. . هەر ئەویش ناوی لەمن ناوە (گۆران). ئەو بنەماڵانە، لەسەردەمی عوسمانیەکاندا، بەزۆردارەکی گوێزراونەتەوە وڵاتانی بەلکان و زۆربەیان کوردی نازانن، بەتایبەتیش نەوەی نوێیان. حاڵی حازر پەیوەندیم لەگەڵ گۆران هەیەو ڕۆژانە دەیبینم.. .

بەساڵێك کەمتر، دوای ئەو زانیارییانەی گۆران، کاك (فازیل کەریم ئەحمەد) لەژمارە (٢٣ -٢٤)ی ڕۆژنامەی (پەیام)دا، دەڵێت" (نزیکەی دوو هەفتە لەمەوپێش، لەگەڵ کاك سەعدون یونسی ڕێژسیۆرو ئەکتەردا، تووشی ناسیاوێکی ئەلبانی کۆسۆڤ بووین. بەهەمان شێوەی جاران پرسیاری "گۆران"م لێکرد، کە وەکو ناو لایان باوە. ئەو وتی: "گەلێك لەکۆسۆڤۆو بۆسنیا هەیە ناوی گۆرانە. ئەمانە زمانی تایبەتی خۆیان هەیەو نزیکەی حەوسەد ساڵە بۆ ئەم ناوچانە هاتوون. باوەڕ بکەم لەڕۆژهەڵاتی عەرەبستانەوە بۆ بۆسنیاو کۆسۆڤۆ بەڕێ کەوتوون. ژمارەیەکی زۆریان لەبرشتیناو پرزن دەژین. ناوچەی سنجق هەموو دانیشتوانی گۆرانن.. ")[١٠٠].

ئەگەر بەراووردی قسەکانی ناسیاوە کۆسۆڤۆییەکەی کاك فازیل و (گۆران) بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامانە:-

یەکەم: بەگوێرەی قسەی هەردووکیان، ئەمانە لەسەردەمی زوڵم و زۆری عوسمانیەکاندا، هاتوونەتە ئەو ناوچەیە.

دووەم: ئەمانە گەلێکی جیان، داب و نەریت و زمانی تایبەتی خۆیان هەیە. بەقسەی گۆران لەکوردستانی تورکیاوە هاتوون. بەقسەی ناسیاوەکەی کاك (فازیل)یش لەرۆژهەلاتی عەرەبستانەوە، کە دەکاتە تورکیاو ئێران، هاتوون.

دوای ئەم سەرەداوانە، برادەرێکی تر، کە خۆی بەتورك دەزانێ و خەلکی "مەکەدۆنیا"یە، ئەویش جەختی لەسەر ئەم ڕاستییانەی سەرەوە کردەوەو گوتی" (من خەلکی مەکەدۆنیام، تورکم. خێزانەکەم کوردی مەکەدۆنیایە. . . هەتا ئێستاکەش مالە خەزوورانم، داب و نەریتی کوردانەی خۆیان پاراستووە. ژنەکانیان تێکەلی مەجلیسی پیاوان نابن. . . پیاو قسەی دەڕوا. . . دەتوانن، دوو تا سێ ژن بهێنن، داب و نەریتی ژنەکانیان، هەمان داب و نەریتی ژنە کوردەکانی تورکیایە. زۆر بنەمالەی تری کورد، لە مەکەدۆنیا دەژین، بەلام زۆربەیان کوردی نازانن. . .).

تائیرە، مێژوویەکی کۆنی کوردە پەراگەندەکانی دونیا بوو. . . وەلێ، ئەمجارەیان و لەسەردەمی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و جیهانگیریو پێکەوەنانی قەوارەی نەتەوەییدا، کورد گەلێکی تر قەتل و عام دەکرێن و گەلێکی تریش ئاوارەی هەندەران دەبن. هەموو دنیاش، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، چاوپۆشی لەم تاوانە گەورانە دەکەن و خۆیان لەگێلی دەدەن. لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا، گەورەترین ژمارەی ڕەوەندی کورد، لەئەلمانیا دایە. . (تاکۆتایی سالی ١٩٩٩، زێتر لە ٦٠٠-٧٠٠ هەزار کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، لەئەلمانیادا دەژین، کە نزیکەی ٧٠ هەزاریان هی باشوورو ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئەوانی تر هی باکوورن)[١٠١].

بەپێی دوا سەرژمێری ولاتی سوێدیش، نزیکەی (٤٠ هەزار کورد لەم ولاتەدا دەژین کە زۆربەیان کوردی عێراقن)[١٠٢] هەروەها لەسالی (١٩٥٧ دا

تەنها ٥٠ کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان لەهۆڵەندا بوون کەچی ئێستاکە زیاتر لە ٧٠ هەزار کوردی هەموو پارچەکان لە هۆڵەندان)[١٠٣].

ئەوە جگە لەدانیمارك و نەرویــژو فنلانــدو بــەریتانیاو فەرەنــساو ئــەمریکاو کەنەداو ئوستراليياو.. . کە ژمارەیەکی زۆری ڕەوەندی کــوردی لێیــە. (بــەپێی هەندێك مەزەنەی تايبەت ژمارەی کورد لــەدەرەوەی کوردســتاندا نزیکــەی دوو ملیۆن کەسە، ئەگەر ژمارەی گشتی کورد لــەنێوان بیــست تــا ســی ملیــۆن دا بێــت، ئــەوا ژمــارەی کــوردی نــاو مــەنفا نزیکــە ١٠٪ ژمــارەی دانیــشتوانی کوردستانە)[١٠٤]. بۆچوونەکەی ئامۆژگای "جۆرج تاون"ی ئەمریکی ریکــۆردی ئەم مەزەندەیە دەشکێنێو پێــی وایــە: (ژمــارەی ئــەو کوردانــەی لــەدەرەوەی نیشتمانی خۆیان دەژین دوو ملیۆن و حەوت سەدو شەست هەزار کەســن)[١٠٥]. هەرچەندە ئامارێکی ڕەسمی تــەواوی ژمــارەی ئــەو کوردانــەی کــە لــەدەرەوەدا دەژیــن، لەبــەر دەســتتدا نیــە، بــەلام بەکۆکردنــەوەی هــەموو مەزەنــدەکان و بەراووردکردنیان، دەگەینــە ئــەو قەناعەتــە، کــە ژمــارەی ئــەو کوردانــەی کــە لەدەرەوەی کوردستاندا دەژین" لەنێوان دوو ملیۆن و نیو تا سێ ملیۆنە.

داخــوا، لەمێــژووی داهــاتوو و چــاوەڕوانکراودا، چــەندان ئەحمــەد شــەوقیو محەمەد عەبدەو خوراسانیو کەواکبیو نورسیو عەقادو زەهاویو بەشار کــەمال و سەلیم بــەرەکات و.. . لەنێوەنــدی ئــەم ڕەوەنــدە زۆرەدا هەڵبکــەوێ؟! دەبــێ ئەوانەش ببنە خزمەتکاری ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین؟! دەبێت ببنــە بەشــێك لەمێژووی ئەم وڵاتانە؟! یان ئەوەتانێ دەکەونــە خــۆو بەشوناســنامەی کــوردی دەناسرێن و سەر بەساحێبی خۆیــان دەکرێنــەوە؟! ئەمانــە، پرســیار گــەلێکن، وەڵامەکانیان لەدووتوێی لاپەڕەکانی مێژووی داهاتوومانداية.

# تورك لە چ ڕوانگەیەکەوە سەیرمان دەکەن؟!

داگیرکەرانی کوردستان، هەمیشە بەبینێکی کەم نەفەس و چاوێکی تەنگەوە، سەیری نەتەوەی کوردو کێشە ڕەواکەیان، کردووە.. . دەیان ناوو ناتۆرەی نابەجێیان بۆ بزووتنەوەکەمان هەڵبەستووە. دەمێك بەبەکرێگیراوی (سی.ئا.ئی)و دەمێکی تر بەموخابەراتی (مۆساد)ی ئیسرائیلیمان، لەقەڵەم دەدەن. کورد بەنەتەوەیەکی غەیرەو بیانی دەزانن و پێیان وایە، خاکی نییەو میوانی ئەم نەتەوە سەردەستانەیە.

ئەگەر سەیری بیرو بۆچوونی تورك بکەین و بیخەینە بەرتیشکی لێ وردبوونەوە، ئەوە چەند سەرەنجامێکمان بۆ دروست دەبێت، کە پێویست دەکات، لەسەر هەر یەکێکیان بسەنگرێینەوەو، هەڵوێست وەربگرین. تورك خۆی وەك نەتەوە، مێژوویەکی کۆن و ڕەسەنی نیە. مێژوونووس و.بارتۆلد (١٨٦٩-١٩٣٠)، یەکێکە لەو مێژوونووسانەی کە ژیانی خۆی تەرخان کردبوو

بۆ لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی، ئەو نەتەوانەی کە لەناوچەکانی دەریای قەزوێن لەڕۆژئاواوە تادەگاتە مەنگۆلیا لەڕۆژهەڵاتەوە، دەژین. (بارتۆلد)، لەو محازەرانەی کە بەزمانی تورکی لەسەر داوای (ئەتاتورک)، بۆ ساغکردنەوەی مێژوو و بنەچەی تورك، لەزانکۆی ئەستەنبۆڵ، لەساڵانی ١٩٢٦ -١٩٢٧ پێشکەشی کرد، پێی وایە" (تورك نەتەوەیەکەو لەسەدەی شەشەمی زایینییەوە دەرکەوتوون)[١٠٦] و (زۆر زەحمەتیشە پێش سەدەی شەشەم وشەی تورك هەبووبێت)[١٠٧].

پاش ئەوەی عوسمانییەکانیش، بەناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە، هاتنە ناوچەکەو ئیمپراتۆریەتەکەیان فراوان کرد، بەسەدان نەتەوەو گروپی ئەتنی جیاجیایان لەگەڵ خۆیان هێنایە ناوچەکە، کە هیچیان لەڕووی نەتەوەییەوە سەر بەنەتەوەی تورك نەبوون. ئەوانە، وەك سوپایەکی داگیرکەر هاتن و لەو ناوچانە جێگیرو نیشتەجێ بوون، کەهی خەڵکی تر بوون. لەبەر ئەوەی عوسمانیەکان بانگەشەی ئایین و ئیسلامەتییان دەکرد، زمانەکەشیان، زمانێکی تورکی پاك و هەڵبژاردە نەبوو. کە دەڵێین (تورکی عوسمانی)، بەو مانایە دێت کە ئەو زمانە تورکییە، زۆر جیایە لەو زمانە تورکییەی کە ئێستاکە زمانی خوێندن و نووسین و گفتوگۆیە لەتورکیای ئێستادا. تورکی عوسمانی، بەپیتی (ئەبجەدی عەرەبی) نووسراوەو بەهەزاران وشەی بێگانە وەك" عەرەبیو فارسیو کوردیو یۆنانیو ئەلبانیو.. . تاد تێدایە، کە نەوەی نوێ هیچ سەرەدەرییەکی لێ دەرناکات. (کۆنترین ئاسەواری مێژووییش، کە تورك خۆیان نووسیبیان و خۆیان بەتورك ناوزەد کردبێ، بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە)[١٠٨] پێش ئەو مێژووە، هیچ جۆرە کتێبێکی مێژوویی بەتورکی تەواو نەنووسراوە.

تورکەکان، بۆ نووسینەوەو ساغکردنەوەی مێژووی خۆیان، پشت بە(تۆمـارە مێژووییەکانی چین و ئەو زانیارییانـەی کـە لەسەرچـاوە ئیـسلامیو بێزەنتیـو ئەرمەنیەکاندا هاتوون، دەبەستن)[١٠٩].

ئەگەر سەیری پێکهاتەی ئێستاشیان بکەین، دەبیـنین لەچـەند نەتەوەیـەکی جیاجیا پێك هاتوون، کە هیچیان تورکی عەیار بیست و یەك نین. بەرەبـەیانی مێژووی تورك (نەك وەك نەتەوەی تورك کە ئێستا باسـی لێـوەدەکرێ) لەسـالّی (١٠٧١)ی زایینییەوە دەست پـێ دەکـات. لـەم مێـژووە بـەدواوە هاتوونەتـە ناوچەی ئەنادۆڵ و بوونەتە دانیشتوانی ئـەم ناوچـەیە. پـاش هاتنـە سـەرکاری عوسمانیـەکانیش لـە (١٢٢٩)دا، ئـەو کۆچـە شـێوەیەکی فـراوانترو چـڕتری بەخۆیەوە دیت و، کۆچی میللـەتانی ژێـر دەسـەڵاتی قەڵەمڕەوەکـەیان زێـدەتر بوو.. . چ بەئارەزوو و مگێزی خۆیان، یان بەتۆبزی بووبێـت. زۆر لـەو نەتـەوەو میللەتە کۆچکردووانەش، بەسـەربازی بـوون، لـەریزەکانی ئـەم ئیمپراتۆریەتـە هۆکارێك بووە، بۆ نیشتەجێ بوون و مانەوە.

ئەمڕۆکە تورك -ئەو تورکەی خۆیان بەتورکی دەزانن- لەچـەند نەتەوەیـەکی جیاجیای وەك: (گورجی، ئازەری، چـەرکەس، پۆڵـۆنی، یـۆرگ، لاس، تەتـەر، ئەرمەن، یەهودی، داداش، چینگەنە، بولغار، کورد، یۆنان، عـەرەب.. . تـاد) پێـك هـاتوون. (لەلێکۆڵینەوەیـەکی نـوێی بیتـەر ئەنـدرۆز بـەناوی گروپـە نەتەوەییـەکانی کۆمـاری تورکیـا (Reicher ١٩٨٩ wiesbaden) ٤٧ گروپـی نەتەوەیی لەتورکیا بەووردی ژماردووە، بـەپێی چـەند پێـودانگێکی دیکـە بـۆ شوناسنامەی نەتەوەیی دەکرێ گرووپەی نەتەوەیی دیکەش بژمێردرێ)[١١٠].

ئەو نەتـەوە جیاجیایانـە، پـشت بەپـشت لـە بۆتـەی نەتـەوەی سەردەسـت -نەتەوەی تورك- تواونەتەوەو، زمان و داب و نەریتی نەتەوایـەتی خۆیـان وون

کردووەو لەسەرژمێرییە گشتییەکاندا، بەنەتـەوەی تـورك حـسێب دەکـرێن.. .
بەتایبەتیش دوای هاتنە سەر کاری (کەمال ئـەتاتورك ١٨٨١ - ٩ نۆڤێمبـەری ١٩٣٨)، فشارو پاڵەپەستۆ زێتر خرایە سەر ئەو نەتەوەو گروپانەو زمـان و داب و نەریتیان، یاساغ کرا. نەوەو نەوەزاکانی، ئـەم نەتەوانـە، ئەمڕۆکـە زمـانی باپیرانیان نازانن و بـەتورکی دەئـاخفن و بـەتورکی بـیر دەکەنـەوەو هەڵوێـست وەردەگرن. مرۆڤ تا لەگەڵیان هەڵـسوکەوت نـەکات و نانێکیـان لەگـەڵ کـەرت نەکات، شارەزایان نابێت. لەکاتی شێنەیی‌و دوور لەموجادەلەی نەتەوەپەرستی دەڵێن:

- باوکی من گـورجی بـوو، لەگورجـستانەوە هـاتبووە تورکیـا. ئێـستاکە هەموو خزمەکانم لەگورجستانن.

- دەدە (باپیرە)م کورد بوو، هەتا مردنیش هەر بەکوردی قسەی دەکرد.

- ئێمە خۆمان بەرەچەڵەك چەرکەسین.

- وەڵڵا ئێمـەش ئـازەریین و تـورکی ئـازەری جیـاوازە لەگـەڵ ئـەو زمانـە تورکییەی ئێستاکە.

لەکاتی قسەو دان پیاناندا، خۆیان ڕاستییەکان ڕوون دەکەنەوە.. . کە دێنـە سەر گفتوگۆو ڕەسانەیەتی نەتەوەی تورکیش، خۆیان بەتاکە نەتەوەی ڕەسـەنی دونیا دەزانن و دەڵێن" (پێشتر لەگەڵ پێـشتر ڕۆیـی، گـرنگ ئەوەیـە ئێـستاکە بەتورکی قسە دەکەین و لەناو کۆماری تورکیا لـەدایك بـووین و وەتـەن داشـی تورکیاین.. . نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لەخوانە).

زمانەکەشیان، لەچەند زمانێکی جیـا جیـا دروسـت بـووە. سـەدان وشـەی عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی‌و یۆنانی‌و نەتەوەکانی تر ئاوگەلە بووینەو پاش تۆزێك سـەروگوێلاك شـکاندنی هەنـدێکیان، ئـەمڕۆ (لەفەرهـەنگی زمـانی تـورکی)

جێگای خۆیان کردۆتەوە. ئەوان دەڵێن" (.. بەو سیفەتەی عەرەب و فارس و کورد، دراوسێی تورکن، ئەو وشانەیان لەزمانی تورکی وەرگرتووە!!). ئەوە گوتمان، کورد ناناسن و خاوەن کیان نین، ئەدی خۆ میللەتێکی وەك فارس لەناوچەکەدا، لەڕووی مێژوو و پێکهاتەو کولتوورو زمانەوە، کۆنترین و دەوڵەمەندترین نەتەوەی ناوچەکەن.. . یۆنانیەکانیش بەهەمان شێوە.. . دەبێ ئەوانیش فەرهەنگی تورکییان دزی بێ؟!!

کۆمەڵناسی تورك (ئیسماعیل بێشکچی) پێی وایە؟ (.. دەزگای زمانی تورکی لەبەردەمی گەلێك وشەدا کە لەکوردییەوە هاتوونەتە ناو تورکییەوەو تائێستاش بەکار دەهێنرێن، نیشانەی (فارسی)ی داناوە. ئەمە نیشانی دەدات کە دەزگای زمانی تورکی کارکردێکی گەورەی هەیە لەزەوتکردنی زمان و کولتوری کوردیدا)[111].

زمانی کوردی، وەك هەر زمانێکی تری زیندووی جیهان، تایبەتمەندی خۆی هەیەو زۆر دوورە لەزمانی تورکی، کەچی تورکە ڕەگەزپەرستەکان نکوڵی بوونی دەکەن و پێیان وایە" شتێك نیە بەناوی زمانی کوردی. زۆڵە کوردێکی وەك (عیسمەت ئینۆنۆ) کە دوای مردنی ئەتاتورك بووەتە سەرکۆماری تورکیا، پێی وایە" (ئەسڵی کورد تاری نین، بەڵکو تۆرانین)[112]. کەچی (لەڕووی زانستیەوە ئەوە ساغ بووەتەوە کە زمانی کوردی زمانێکی هیندو جەرمانیەو یەکجار دوورە لەزمانی تورکیەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ٨٥٪ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی تورکیا قسەی پێ دەکەن، کارێکی یەکجار زۆری کردۆتە سەر زمانی تورکی هاوچەرخ. زانای ئەڵمانی "ئەندریاس تیسە"ی پسپۆڕ لەلێکۆڵینەوەی تورکیدا ئەمەی لەلێکۆڵینەوەیەکیدا کە ساڵی ١٩٦٤ لەڤیینا بڵاوی کردۆتەوە، دەربارەی وشەی کوردیو فارسی لەزمانی تورکیو

ئازەربایجانی ساغ کردۆتەوەو سەلماندوویەتی)[١١٣].

سولّتانەکانی عوسمانی، بەهۆی خۆزانینیان بەجیّ نشینی خەلیفەکانی ئیسلام، وایانکرد کە هەستی نەتەوایەتی کزو بەرەو ون بوون بچیّت.. . ئەو نەتەوانە –بەشیّکی کەمیان نەبیّت– ئیدی ئەوانی تر هیّدی هیّدی لەگەلّ بەرەو پیّش چوونی ڕەوتی میّژوو، هەستی نەتەوایەتییان لەناو چوو و لە بۆتەی تورك تواونەتەوە.

پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیاش، ئەتاتورك بەزەبری توونـدو تیژیەو سەرکوتکردن، زمان و کولتووری تورکی لەسەر هەمموو نەتەوەو گرووپەکانی تر فەرز کردو، هەمموو نەتەوەکانی بەتورك حسیّب کرد.. . وتەیەکی بەناوبانگیشی هەیە، کە دەلّیّ" (تورکیا هی تورکانە).. . ئەم وتەیە ئەمڕۆکە بۆتە سونبولی ڕۆژنامە تورکییەکان. بەکورتی هەروەك (بولەند ئەجەوید) گۆتەنی" (.. میّژووی ڕوون و ڕەسەنی دروستبوونی نەتەوەی تورك، بۆ دروست بوونی کۆماری تورکیا دەگەڕیّتەوە). ئیدی پاش ئەم زەبرو زەنگە، دەبینین هەستی نەتەوایەتی نەتەوەکانی وەك کوردو ئەرمەن، بەرەو هەلّچوون چوو.. . چەند بزووتنەوەیەکی چەکداری لیّ کەوتەوە، کەهی کورد بەرچاوترینیانن.

(لاس و چەرکەسەکان)[١١٤]یش سوودو ئیلهامیان لەچالاکی کوردەکان وەرگرت و کەوتنە خۆ بۆ خۆهۆشیار کردنەوە. ئەمڕۆکە (سەدان هەزار چەرکەس لەتورکیادا دەژین، کە ئەوان بەبنەچە زیّتر دەچنەوە سەر ئەو پەناهەندانەی کە دوای داگیرکردنی ولاّتەکەیان لەسەدەی نۆزدەی زایینیەوە لەلایەن ڕوسیاوە لەولاّتی خۆیان بۆ تورکیای (عوسمانلی) کۆچیان کردووە)[١١٥]. گۆڕانی باری ولاّتی سۆڤیەت بووە هۆی ئەوەی دووبارە لاوانی چەرکەس نەژادی تورکیا هوشیار بنەوەو مەیلی گەڕانەوەیان بۆ ولاّتی باب و باپیرانیان لەناودا

پەیدا ببێ، لەڕاستیشدا ژمارەیەکیان بۆ ئەوێ گەڕانەوە[116].

زۆر بەداخـەوەین، کـە بـەهۆی زاڵبـوونی زمـانی نەتـەوەی سەردەسـتەو تووندوتیژی نوانـدن، هەسـتی نەتەوایـەتی کزبـووە، هـەر ئـەم کزبوونـەش وای لەهەندێك زۆڵە کورد کردووە، کەچـی ئـاوازو گـۆرانی ڕەسـەنی کـوردی هەیـە بیدزن و بیکەنە تـورکی.. . چـەندان دەنگخۆشـی کـورد، نموونـەی" (ئیـبراهیم تاتلیسەزو مەعسون قرمزگول و جەیلان و.. ..) کـە ئـەمڕۆ بوونەتـە مـولکی تورك، سەردەستەی گۆرانبێژەکانن، کە خزمەتێکی زۆری کـەلتووری تورکییـان کردووەو سەدان ئاوازی کوردییان دەقەبەر شیعری تـورکی کـردووە. پـێش ئـەو گۆرانیبێژانەش، هەوڵی تری لەم جۆرە، چ لەلایـەن خـودی تورکـەوە یـان ئـەو کوردانەی کە هەستی نەتەوایەتییان نەبووە، دراوە.. . ئەم دیاردە، وای لـەزانای بەناوبانگ (م.واگێنر) کردووە بـەدوای ئـەم مەسـەلەیە دابـچێت و بگاتـە ئـەم ڕاسـتیەیە" (لەئاسـیای کۆنـدا "ئاسـیای بـچووك" زۆربـەی گۆرانییـە کوردییەکانیان بەزمانی تورکی وەرگێڕاوەتەوە)[117].

لـەبواری ئەدەبیـشدا، ڕۆماننووسـی بەڕەچـەڵەك کـورد (یەشـار کـەمال) هەرچەندە بابەتەکانی لەبازنەی نەتەوەو کۆمەڵگای کوردیدا دەسوڕێنەوە، بـەڵام موخابن بەتورکی دەنووسێو لەسـەر تـورك حـسابە. (یـەڵماز گۆنـای ١٩٣٧ - ١٩٨٤) سینەماکاری کوردیش، لەبەر ئەوەی کارەکانی بـەزمانی تـورکین، زۆر تورك هەیە بەتورك حسێبی دەکـات. خـۆ لووتکـەی بـەرزی دەسـەڵاتیش، زۆر جاران کەوتۆتە دەست کورد. بۆ نموونـە" هـەردوو سـەرۆك کۆمـار (عیـسمەت ئینۆنۆو تۆرگۆت ئۆزال) بەڕەگەز کورد بـوون، بـەڵام ئەوانـە جگـە لـەوەی کـە لەخزمەتی سیاسەتی تۆرانیزمدا بوون، بـەئاگرو ئاسـنیش هـەوڵی تواندنـەوەی نەتەوەی کوردییان داوە[118].

پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا، دەسەڵاتە یـەك لـەدوای یەکـەکانی ئـەم

ولآتە، زۆر ڕەگەزپەرستانە، مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی کورد کردووەو بەهیچ شێوەیەك دانیان بەبوونی نەناوە[119]. بۆ ڕەگ و ڕیشەی وشەی کوردیش، دەیان بۆچوون و قسەی سەیرو سەمەرەو بێ سەروبەریان هەیە، کە هیچیان ناچنە خانەی لۆژیك و زانستەوەو بۆ لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوە، وەك سەرچاوە پشتیان پێ نابەسترێت. سەیر ئەوەیە، ئەوانە، پێ لەسەر ئەم بۆچوونانە داد‌ەگرن و نکوڵی لەبوونی دەکەن. ئەوان پێیان وایە کورد تیرەیەکی تورکن و (بەهۆی ژیان لەچیاکانەوە زمانی ڕەسەنی خۆیان –زمانی تورکی. ئیسماعیل تەنیا –یان لەبیر چۆتەوە)[120]. ئەم تیرە تورکە چیانشینانەش!! بۆیە پێیان دەڵێن کورد، (چونکە کاتێك پێ لەسەر بەفر دادەگرن ئەو دەنگەی دەردەچێت" کرد.. کرد.. کرد...ە)[121]. یان دەڵێن کورد مانای (گورگ) دەگەیەنێ، چونکە لەڕێنووسی تورکیدا وشەی کورد بەم جۆرە دەنووسرێت: (Kurt). هەروەها بەتورکی بەگورگ دەڵێن" (کورت Kurt)[122]. یان وشەی کورد، مانای ئەو بەفرەیە کە لەچیا دەتوێتەوە. واتە دەنگی توانەوەو کەوتنی بەفرە.. . وشەی کورد، لەو دەنگە هاتووە کە ئێستر لەکاتی جۆ خواردندا لێی دەردەچێت.. . (وشەی کورد مانای کێوی، وەحشی، کوردی پیس، کوردی کلکدار، یاخود کوردی دووپشك.. .)[123].

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، بەئاشکرا ساویلکەییو خۆشباوەڕی کوردمان بۆ دەردەکەوێت.. . داگیرکەران، کاتێك پێویستیان بەکورد بووە، خۆیان کردۆتە برای پشت و زێتر لەهەموو شتێك بەناوی برای دینییەوە، لەخشتەیان بردوون. کاتێك کە یۆنانییەکان، بەپاڵپشتی ئەوروپا، لە ١٥ی نیسانی ١٩١٩دا، تورکیایان داگیرکرد، (ئەتاتورك) کەوتەخۆو پەیوەندی کردن بەسەرۆك عەشیرەت و نوێنەری کوردەکان لەناوچەی کوردستان.. . (دوو کۆنگرەی

لەکوردستان بەست یەکـەمیان لـەنێوان ٢٣ تـەموز - ٧ ئـابی ١٩١٩ کـە ٥٨ نوێنەری کورد لەپێنج ویلایەت ئامادەبوون.. . هی دووەمیان لەهەمان ساڵ و لـەنێوان ٤ -١١ ئەیلولـدا لەسـیواس،.. . لەهـەردوو کۆنگرەکـەدا سـەرکردەی کوردو تورك بەشـدار بـوون.. . ئـەتاتورك زۆر بـەڵێنی گـەورەو دڵخۆشـکەری بەکورد داو گوتی" ئەم وڵاتە نیشتمانی تورك و کوردە، هەر ئـەو دوو نەتـەوەش هەقی ئەوەیان هەیە قسە لەسەر نیشتمان بکەن)[١٢٤].

هەر بۆیە کوردەکان زوو لەخشتە بران و کەوتنە لەشکر ئامادەکردن و چـوونە پاڵ تورکمانەکان بۆ بەرگری کردن لەسەروەری خاکی تورکیاو، بەژن و پیـاوەوە، چەکیان هەڵگرت و شان بەشـانی تورکـەکان، دژی یۆنانیـەکان جـەنگان، وەلێ مخابن، تەمەنی ئەو بەڵێنانە، ئەوەندە درێژ نەبوون.. . هـەر پـاش ڕزگـارکردنی تورکیاو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.. . ئـەتاتورك و دام و دەزگـا سـەربازییەکەی دەستیان بەتاڵ بوو و کەوتنە گیانی کوردەکان. هەر ئەو ئەتاتورکـەی تـەموزو ئـەیلولی ١٩١٩، کاتێـك کـە لەسـاڵی ١٩٢٤ سیـستەمی خەلافـەتی بـەتاڵ کردەوە، کەوتە وێزەی کوردو ڕایگەیانـد" (.. نەتـەوەی کـورد بـوونی نیـە.. . ئەوانەی دەڵێن کوردین، کۆمەڵێك دزو جەردەی چیانـشینن، هـیچ ڕۆشـنبیری‌و هەستێکی نەتەوایەتییان نی‌یە. زمانی نەتەوایەتییان نی‌یە ئەوانـە، بـەزمانێك دەدوێن کە سەرجەم وشەکانی لەسێ هـەزار وشـە تێپـەڕ ناکـات و لـەزمانانی بێگانەوە وەرگیراون.. .)[١٢٥].

زاناو پسپۆڕە ڕەگەزپەرستە تورکەکان، ئەوەندە چاوقایم و بێ شـەرمانە پـێ لەسـەر ڕاوو بۆچـوونەکانیان دادەگـرن، هـیچ شـەرمێك لەیاسـاو بنـەمای لێکۆڵینـەوەی زانـستی ناکـەن و بۆچـوونەکانیان هـەر بەقـسەی سـەرزارەکی دەرنابڕن، بەڵکو دەیکەنە تۆمـارێکی مێـژوویی‌و سەرچـاوەیەکی لێکۆڵینـەوە.

(فەرهەنگ)، یەکێکە لەو کتێبە بەنرخانەی هەموو نەتەوەیەك، کە زمانی نەتەوەیی پێ دەناسرێتەوە.. . ئەوان، لەفەرهەنگی تورکی بۆ ڕاڤە کردن و ڕاوەستانی لەسەر وشەی (کورد)، هیچ دانامێنن و پێیان وایە: (Kurt: ناوی کۆمەڵێك لەو تورکانەی کە زۆربەیان زمانی خۆیان گۆڕیوە، بەفارسییەکی شکاو قسە دەکەن و لەتورکیاو عێراق و ئێراندا دەژین..)[126].

هەر لەسەرەتای کۆمارو دواتر، دەسەڵاتداران، بەهەموو شێوەیەك کەوتنە دژایەتی

کردنی کوردو بەتورك کردنی.. . بەسەدان هەزاریان لێ ڕاگوێستن و تێکەڵ بەناوچە تورك نشینەکانیان کردن.. . یان ئاوارەو دەربەدەری دەرەوەی تورکیایان کردن. ئەوان، ئەو هەقیقەتە باش دەزانن، کە گەلی کورد لەڕووی زاوزێو نەوە خستنەوە، زۆر لەتورکەکان لەپێشترن.. . (زۆر وێدەچێ، دوای دوو دەیەی تر نفووسی کوردەکان وەسەرەوەی نفووسی تورکەکانیش بکەوێتەوە)[127].

هەر ئەو ڕاستییە وای لێکردوون دەست بکەن بەناوگۆڕینی شارو شارۆچکەو دێهاتە کوردنشینەکان.. . بەوەندەش نەوەستاون، ڕێنماییەکانیان ناردۆتە دەرەوەو پرۆتۆکۆڵی لەم بابەتەیان لەگەڵ وڵاتە دۆستەکانیان مۆر کردووە)[128].

کاردانەوەی ئەم جۆرە زیاد بوونەو زاوزێ کردنەی کورد، لەشەستەکان وای لەسەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە (جەمال گورسەل) کردو بەئاشکرا، لەلێدوانێکیدا، پێی لەسەر پەیڕەو کردنی سیاسەتی تۆرانیزم داگرت و گوتی" (.. پێویستە تورکیا هەر بۆ تورکان بێت.. . ئەگەر وازمان لەم بۆچوونە هێنا، پاش ٥٠ ساڵی تر یەك تورك لەتورکیا نابینی.. .)[129].

حاڵی حازریش، تورك بەشی هەرە زۆریان دوژمنی سەرسەختی کوردن،

بەپێکەنینەوە دەڵێن" برام خۆ کورد ئەلف و بای نییە.. . لەمێژوودا، هیچ دەوڵەتێك نەبووە بەناوی دەوڵەتی کوردی.. . زمانێکی ڕەسەنتان نییە، ئەو زمانەش کە قسەی پێ دەکەن، هەمووی تورکیو عەرەبییە. کوردستانی چی، ئەو بزووتنەوانەی ئێوەش ناوی دەنێن (بزووتنەوەی نەتەوایەتی) ئەوانە تیرۆریستن.. . ئیسلامیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەپارتی هەڵوەشاوەی (ڕەفاه)ی جاران و (فەزیلەت)ی دووبارە هەڵوەشاوەو (سەعادەت)ی ئێستان، زۆر لەوانی تر بە (مهێپە)کانیشەوە دوژمنی سەرسەختی کوردن. ئەوان پێیان وایە لەقەتل و عامی هەڵەبجەو ئەنفالدا، سەدام لەسەر هەق بووە.. . ئێستاش سەدام بەموجاهیدێکی ئیسلام حسێب دەکەن، چونکە (بەرهەڵستی ئەمریکا دەکات..؟!!).

مهێپەکانیش، زێدە لەپێویست، زێدەڕۆیی دەکەن و هەموو شارستانیو کولتووری دونیا دەگەڕێننەوە سەر مێژوو و شارستانی تورك. زمانی تورکی بەزمانی سەردەستەی هەموو دونیا دەزانن.. . بۆ نەخشی تورکیش لەسەر ئایینی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی، دەیان بەڵگەو بۆچوونی بێ بنەما دەهێننەوە. ئەو وشە عەرەبییانەی لەزمانی تورکی بەکاری دەهێنن و بەتورکی دەزانن، کاتێك کە ئەو وشانەیان لەقورئانی پیرۆزدا، بەرچاو دەکەوێت، یەکسەر دەڵێن وشەی تورکی لەقورئاندا هەیە. بنەچەو ڕەچەڵەکی پێغەمبەر ئیسلامیش (محمد - د.خ) دەگەڕێننەوە بۆ سەر ڕەچەڵەکی تورك.

لێرەدا، پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەدی هەڵوێستی کورد چی بووە بەرامبەر بەم هەڵوێستە دوژمنکاریە؟ لەوەڵامیدا، زۆر بەداخەوە دەڵێین" بزووتنەوەی کوردی باشوور، لەو هەموو هەڵوێستە دوژمنکارییانە ناپرینگێنەوەو هەر بەرەو خۆ نزیك کردنەوە لەتورکیا هەنگاو دەنێن.. . ئەو هەموو داخۆیانە ئاشکرایانەی سەرانی تورك دژ بەو بارودۆخەی باشوور هەنگاوەکانیان شل

ناکات.. . تورکیا، هەتا ئێستاش بەهەردوو پارتییە سەرەکیەکەی کوردستان (یەکێتیو پارتی) دەڵێت" (عەشیرەتی تاڵەبانیو عەشیرەتی بارزانی).. .. بۆ (٢٠٠-٣٠٠) هەزار تورکمان لەسەرانسەری عێراقدا، دەیان پارت و ڕێکخراوو کۆمەڵەو بارەگاو دانشگاو خوێندنگاو تەلەفزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامە.. . یان بۆ کردوونەتەوە. لەشارێکی وەك سلێمانی یان کۆیەو قەڵادزێ، بەهیچ شێوەیەك تورکمان بوونی نەبووە، کەچی چەندان بارەگایان لەم شارانەدا بۆ کردوونەتەوە..

بەڵێ لەو کوردستانەی کە بەخوێنی سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد، ئازاد بووە، وێنەی (ئەتاتورك) هەڵدەواسرێ.. . ئەو ئەتاتورکەی کە دەستی بەخوێنی ڕۆڵەکانی کورد سووربوو.. . ئەمڕۆش نەوەکانی (لەو ژمارەیە، بەشێکی هەرە کەمیان تورکمانی ڕاستەقینەن) درێژە بەڕێبازەکەی دەدەن. ئەو پارتە تورکمانیانەی کە لەئەدەبیات و دەنگ و باسی ڕۆژنامەیان دا، بەهیچ جۆرێك ناوی کوردستان ناهێنن و بەباکووری عێراق (کوزەی ئیراك) ناوی دەبەن. کەچی سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی، لەچەندان بەڵگەنامەی مێژوویی، بەڕەسمیو وەك یاسا، ناوی (کوردستان)یان هێناوە. ئەگەر ئەوە بزانین، کە نەتەوەی کورد، ڕژێمی سەدام، بەدوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانن، نەك تورکمانەکان، کە بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ کوردو کێشەکەی دەکەن.

هەقیشە بپرسین، ئەو هەموو سەرکردەو حزبە تورکمانیانە، پێش ڕاپەڕین لەکوێ بوون؟! لە چ بەرەیەکدا خەباتیان دەکردو تێدەکۆشان؟ ئایا سەرکردایەتی کورد لەهەرێمی کوردستان دەیانچەوسێنێتەوە، یان ڕژێمی سەدام لەخانەقین و مەندەلیو تەلەعفەر دەیانچەوسێنێتەوەو دەربەدەریان دەکات؟!

هەڵوێست نەرمی پارتە کوردییەکانی باشوورو لاواندنەوەی ئەو تورکمانە بێ هەڵوێستانە، وایکردووە تورکیا زیاد لەبەرەی خۆی پێ ڕابکێشێو بەئاشکرا بڵێ: (زیاتر لەدوو ملیۆن تورکمان لەباکووری عێراقدا دەژین). یان (ئەگەر

حکومەتی سەدامیش ڕووخا، لەئۆتۆنۆمی زیاتر نابێ بەکوردەکان بـدرێ). وەك ئەوەی ئەوان بەرپرسی چارەنووسی گەلانی عێراق بن.

## سەیرو سەمەرەکانی ڕژێمی تورکیا

تورکیا، یەکێکە لـەو وڵاتانـەی لافـی مـۆدێرینیزم و دیموکراتی‌ـو بەرقـەرار بوونی مافی مرۆڤ لێ دەدات، کەچی لەڕاستیدا، فرێ بەسەر هەقیقەتـەوە نیـە.. . ئـەو وڵاتـە تائێـستاکەش، ئـەو یاسـا بەسەرچـووەی ئیتالیـای سـەردەمی (مۆسۆلینی ١٨٨٣-١٩٤٥) دیکتاتۆرو فاشی، پـەیڕەو دەکـات، کـە خاوەنـە هەقیقی‌یەکەی -ئیتالیا- شەرمی پێیەو لەزوویەکەوە فڕێـی داوەتـە زبڵـدانی مێژوو.. . کەچی تورکیای عەلمانی، بەیاسایەکی لـەگۆڕان نـەهاتووی (قورئـان ئاسا) سەیری دەکات.. . هەر لەبەر ئەوەی (کەمال ئەتاتورك)، زێتر لـە (٧٧) ساڵ لەمەوبەر، دایڕشتووەو لەبەرێوەبردنی دەوڵەتدا پـەیڕەوی کـردووە.. . ئـەم یاسا (ئەنا یاسا- ١٩٢٤)یە، بڕگەو پەرەگرافی وای تێدایە، شـەرمەزارییە بـۆ وڵاتێك داوای بوونە ئەنـدامی یـەکێتی ئـەوروپا بکـات و تائێـستاکەش، ئـەو یاسایە بەشتێکی پیرۆزو نەگۆڕ بزانێت.

لەسەردەمی ئەتاتورکدا، کارو کردەوەی وا کراوە، دەکرێ ئەمرۆکـە بەنوکتـە بگێڕدرێتـەوە.. . (فـێس) لـەتورکیادا، وەك ڕەمـزی ئیـسلامی بـوون سـەیری دەکرێت، ئەتاتورك یاساغی کرد.. . هەر بۆیە، لەسـەر فـێس لەسـەر کـردن و شکاندنی ئەم یاسایە، عاتیف (ئاتیف هۆجە)، لەلایەن ئەتاتورکەوە، لەسێدارە درا، بۆ چاوترساندنی هاوبیرەکانی.. . هەر بەوەش نەوەستا، بەکارهێنانی چەند وشەیەکی وەك" (حاجی، ئەفەنـدم، خـانم، پاشـا، بـەی، حـافز .. ..و .. ..)ی یاساغ کـرد، کـە بەلایـەوە بـۆنی کۆمـەڵگای ئیـسلامی لێ دێـت. بـانگ دان بەعەرەبی یاساغ کراو کرایە تـورکی.. . قورئـان تەرجەمـەی تـورکی کـرا.. . ئێستاکەشی لەگەڵ دابێت فێس و ئەو کڵاوە سپی‌یەی لەکاتی نوێژ کردن لەسـەر

دەكرێت، هەر لەخانەی یاساغ بوون دەژمێردرێت.. . هەرچەندە خەڵك بەچاو قایمی هەر لەسەری دەكەن. باسی مەسەلەی كوردو (كورد) بوونیش هەر لێ گەڕێ.. . بەرەنجامی ئەو سیاسەتە شۆفینییەی ئەتاتورك، بەشێوەیەكی بەربڵاو بۆتە میرات و كەلتووری میللەتی تورك.. . كەم تورك هەیە، پەیڕەوی كارو كردەوەو ڕەفتارەكانی ئەتاتورك نەكات.. . ئەوەندە دوژمنی كوردن، براوناكەم هیچ نەتەوەیەكی تری داگیركەری كوردستان، ئەوەندە دوژمنی كورد بێت.. . ئەم ڕەفتارە میرات ئاسا بۆگەنەیان لەپەندی پێشینان و قسەی نەستەقیش ڕەنگی داوەتەوە.. . ئەوەندە بەچاوێكی نزم سەیری كورد دەكەن، وای لێهاتووە، بەشێكی زۆری كوردە دەوڵەمەندەكانی ئەستەنبۆڵ و ئەنقەرەو ئەزمیرو ئەدەنە، هاشا لەكورد بوونی خۆیان دەكەن، كورد بوون بەلای توركەكانەوە، لەكەیەكی شەرمەزارییە.

خۆیان، بەم شێوەیە دوژمنی ئیسلام و كولتووری عەرەبن، كەچی كورد بەئیسلام نازانن.. . قسەیەكی نەستەقیان هەیە دەڵێ: (ئەگەر كورد لەگەڵ كافران بەراوورد بكەی كوردیش ئیسلامە). ئەوەش لەبیر خۆیان دەبەنەوە كە عەلامەی پایەبەرز (سەعید نەورەسی) كە بە (بەدیع زەمان) ناسراوە، كورد بووە.

لەم مێژووە بەسەرچووە گەڕێ.. . وەرە سەیری عاجباتیەكانی ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی بكە، كە خۆیان بۆ بوونە ئەندامی یەكێتی ئەوروپا ئامادە دەكەن.. . ئەم عاجباتیانە، هەڵبەستراو نین، بەڵكو ڕوواون و لەدەزگاو میدیاكانی توركیادا پەخش كراون.

* كەسك و سوورو زەرد، لەو ڕەنگانەن كە ئاڵای كوردستانی لێ پێكهاتووە. (لەیلا زانا) كە ئەندام پەرلەمانی توركیا –سەر بە پارتی DEP– بوو، لەساڵی ١٩٩٤دا لەشێوەی قردێلەكەیدا كە لەسەری دابوو ڕەنگە قەدەغەكراوەكانی كەسك، سوورو زەردی بردە ناو پەرلەمانی توركیاوە، كە

بووە هۆی نارەزایی‌و بێزاری تورکەکان، بەشێوەیەك کە بە (١٥) ساڵ زیندانی حوکمیان داو DEPیش داخرا بەو بیانووەی پارتێکەو سەر بە پەکەکەیە. لەشاری (باتمان) کە شارێکی کوردییەو مەڵبەندێکی ولاتپارێزییە تورکیا هەستا بەگۆڕینی چرای ڕێنیشاندەری هاتووچۆ لەناو شار، ڕەنگی کەسك (سەوز)یان گۆڕی بەڕەنگی شین[١٣٠].

* لە ١٩٩٩/٥/٢دا، ئاژاوەو پشێوی‌یەك لەناو دانشتنی پەرلەمانی تورکیا پەیدا بوو، هەر لەبەر ئەوەی (مەروە قەباکچی) ئەندام پەرلەمان، سەر بەلیستی پارتی فەزیلەت (حجاب)ی پۆشیبوو. . سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێوەبەری دانیشتنەکەو بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران، لەپێش چاوی کامیرا، بێ شەرمانە دەیانگوت، (دیشاردە. . دیشاردە) بۆ دەرەوە. . بۆ دەرەوە. . کەچی (مەروە) لەولاتێکی گەورەی دنیای مەسیحیەت و سەرمایەداری وەك ئەمریکا، سەربەستانە، (حجاب) دەپۆشێت.

* هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری لەتورکیادا، جگە لەتورك کەس مافێکی تری نیە. . ئەو نەتەوەو کەمە نەتەوانەی تر، دەبێت یان لەبۆتەی تورك بوون بتوێنەوە یان ئەوەتە خزمەتکاری تورك قبوڵ بکەن. . لەدەروازەی هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا، ڕووبەڕووی ئەو نووسینە دەبیتەوە کە لەسەر تەختە هەڵواسراوە" (ئای چەند بەختەوەرم کە تورکم). هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرو بۆچوونە فاشستی‌یانەش، ناوی کوردی یاساغ کراوە. . . ناولێنانی کوردی لەمنداڵان، بۆتە یەکێك لەشتە یاساغ کراوەکان.

(نەزیر)، جوتکارێکی بەلەنگازی کوردە، کاتێك کچێکیان دەبێت، ناوی دەنێت (مزگین). . بەلام دائیرەی ئەحوال مەدەنی ئەوە قبوڵ ناکات و بەویستی خۆیان (مزگین) دەکەن بە(خەدیجە). بەلام (نەزیر)، لەرێگای پارێزەرو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەساڵی (١٩٩٨)ەوە تێدەکۆشێت تاوەکو (خەدیجە)

بکاتەوە (مزگێن). بەرەنجامی ئەم هەوڵەی، دادگای تورك ئەم مافە سەرەتاییەی مــــــرۆڤی پــــــێ ڕەوا دیـــــت و لــــــە ٢٠٠٠/٣/٥دا، بڕیاری‌ـــدا" (هـــەموو کەسێك

سەربەستن لەوەی ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان بنێن).

وەڵی مخابن، بۆ خەڵکی باشووری کوردستان، کە تـــەواو سەربەســتن و خۆیـــان حوکمی خۆیان دەکەن، ئەوجا پێیان شەرمە ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان بنـــێن و، گەڕاونەتەوە سەدەکانی پێشوو.. . باوك ناوی: (شێرزاد، ئازاد، سەربەســت، هیوا، ئاکۆ)یە کەچی منداڵی بێ گوناه بە (عەبدول ئیلا، عەبدولباری، مەروە، ڕەیان، ئەحمەد، ئوسامە.. ..) ناودێر کراون.

* لە ٢٠٠٠/٣/٢١دا، چەند نووسەرێکی کورد لەشاری دیاربەکر (ئامــەد)، لەسەر بەکارهێنانی وشەی (نەورۆز) گیران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کـرا، لەبــەر ئەوەی وشەی نەورۆز، وشەیەکی کوردی‌یەو پیتی (و) لــەزمانی تورکیــدا نیــە. بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆنی جوداخوازی لێ دێت. بەپێچەوانەی ئەم ڕەفتــارە، هەر ساڵێك دواتر، لە ٢٠٠١/٣/٢٠دا ڕۆژنامەی بــەربلاوی (حورییــەت)، چــاپی ئەوروپا، بەعینوانێکی درشت نووسیبووی: (نەورۆز کـــۆنترین جەژنــە لــەدنیادا) بەدوورو درێژی لەسەر نەورۆزو مێژووەکەی نووسیبوو.. . بەڵام هــەوڵیان دابــوو نەورۆز بکەنە جەژنی هەموو میللەتانی دنیاو لەکورد بوونی بــشۆرن. وەك چــۆن ڕژێمی عێراق پاش هەوڵە بێ هوودەکانی کــرد بوویــە (چــەژنی دارو درەخــت)، ئەوانیش دەیانەوێ بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن.

* لــە ٢٠٠٠/٣/٢٤دا، دوو مـــەلای کـــورد لەشـــاری (ئـــەنتالیا)، لەنوێـــژی هەینی‌دا خوتبەیان بـــەکوردی دابـــوو.. . پـــاش ئـــەوەی پـــۆلیس بەمـــەی زانی‌ـــو کۆنترۆڵی وەزعەکەی کرد، هەردوو مەلاکەیان، دەستگیر کرد.. . (مەلا)یەکان، چاونەترسانە بەرەو ڕووی دادگا بوونەوەو گوتیان: (ئێمە تاوانمان چیە، خودا ئێمەی

بەكورد خەلق كردووە.. . برۆن لەخودا بپرسن، بۆچی ئەم خەڵكەتان بەكورد خەلق كردووە؟ !.. ئێمە چی بكەین" كە بەشێكی زۆری بەساڵداچوو و گوندنشینەكان توركی نازانن!!) پاش لێكۆڵینەوە دادگا لەشەرمی ڕوان ئازادی كردن.

* لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٠دا، یاسایەكی تازە دەرچوو، بەگوێرەی ئەم یاسایە" (یاساغە، سەگ و ژنی بەڕووپۆش بچنە كەنار دەریا). چونكە گەشتیار گەلێكی زۆر ڕوو لەم شوێنانە دەكەن. هەبوونی سەگ و ژنی بەڕووپۆش، ئاكاری توركیا ناشیرین دەكات و، گەشتیارەكان، توركیا بەوڵاتێكی ئیسلامی دواكەوتوو لەقەڵەم دەدەن.

لەدەركردنی ئەم یاسایە، مەبەستی سەرەكییان، یاساغكردنی ئاكاری ئیسلامیو بریندار كردنی هەستی ئەو خەڵكەیە كە سەر بەپارت و گروپە ئیسلامیەكانن.. . دەنا، سەگ لای ئەوروپییەكان، گیانلەبەرێكی خۆشەویست و بایەخدارە.. . لەسەر تەختی نووستن لەگەڵیان دەخەوێ.. . بۆ چێشتخانەو شوێنە گشتیەكان لەگەڵ خۆیان دەیانبەن.. .

سەیرو سەمەرە (عاجباتی)یەكانی ڕژێمی توركیا هێندە زۆرن، مرۆڤ دەبێت هیچ كاری نەبێت و بەدوای میدیاكانی توركیادا بگەڕێت و ئەم ڕەفتارە سەیرانە بنووسێتەوە.. . ئەو یاساو ڕێنماییە نوكتە ئامێزانەی دەرهەق بەگەلی كورد دەری دەكەن، تاكە مەبەستیان دژایەتی كردنیەتی.. . وا چاكە بابەتەكە بەگوتەیەكی (لودڤیگ باومان)ی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی لەڕۆژنامەی (Frankfurter Rundschau) كۆتایی بهێنین كە دەربارەی مافی گەلان، لەژێر ناونیشانی (پیاوانی نوێی جیهان) دەنووسێ" (مەنتیق دەبوایە وابا، كە توركیا پێویست بوو لەپێش چەند ساڵدا بۆمباباران بكرابایە، چونكە سوپای تورك زیاتر لە ٣٠٠٠ سێ هەزار گوندو شاری كوردانی كاول كردووەو سێ ملیۆن كوردیشی دەربەدەر كردووە. فلیم هەیە كە نیشانمان دەدات، چۆن تانكی

ئەڵمانی "سوپای میللی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات" کوردی بەستراو بەو تانکەدا تامردن ڕادەکێشن، بەڵام ئەم وێنە دزێوانەی بکوژی گەلان بەئێمە نیشان نەدرا، چونکە تورکیا وڵاتێکی ستراتیژی ناتۆیە.. .)[١٣١].

# هەندێك وشەی هاوبەش لەنێوان زمانەكاندا

لەزۆر كۆڕو مەجلیساندا، ڕەنگ نیە وشەیەكی بێگانە بەكار بهێنی، ئەوا زۆر لەو كەسانەی كە خۆیان بەڕۆشنبیرو كوردیزان دەزانن، لێت لەهەڵلا دەدەن و بەكوردی نەزان لەقەڵەمت دەدەن.. . ئەوان، لەبری ئەو وشە مەئلوف و باوانە، دەیان وشەی داتاشراویان لەگیرفانە.. . ئەم بابەتە، زۆر جاران بۆتە هۆی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە. سەرەنجامیش، گفتوگۆیەكی بێزەنتییانەی بێ ئەنجامی لێ كەوتۆتەوە.

بەندە، بەهۆی ئەو ئەزموونەی كە لەهەندەران گرفتاری بووم، لەگەڵ تاكەكانی زۆربەی نەتەوەكانی دونیا هەڵس و كەوتم كردووە.. . جا یان بەهۆی برادەرایەتی ڕەزامەندانە بوو بێت، یان ژیانی (كەمپ) ناچاری كردووم لەگەڵیان بژیم و هەڵس و كەوت بكەم.. .

ژیــانی میللــەتان، لەوانەیــە لــەزۆر ڕوویەکــەوە لەیــەکتری بــچن، هــەر لەپەیڕەوکردنی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، بڕوا بوون بە بۆچوونە ئەفسانەییەکان، تادەگاتە لەیەکچوون و هاوبەشی هەندێك وشە لەنێوان زمانەکاندا.. .

هەڵبەتە، ئەوەش زۆر هۆکاری بابــەتیو مێــژوویی‌و جــوگرافی هــەبووە، کــە بۆتە هۆی ئەم هاوبەشی‌و لێکچوون و لەیەکتر نزیك بوونە، لەوانە:-

**١-هاوسێیەتی:** بەهۆی هاوسنووری‌و ئاقار لەسەر یەکتری بوون، تاکەکانی نەتەوەکان، ناچار بووینە لەگەڵ یەکتر هەڵس و کــەوت بکــەن و زۆر ڕەوشــت و نەریتی جۆربەجۆر لەیەکتر وەربگرن.. . بەتێپەڕ بوونی زەمەنیش، ئەو نەریت و شتە لەیەکچووانە وای لێهاتووە کە ببێتە مولکی سەرجەم مرۆڤایەتی.

**٢-بازرگــانی:** بازرگــانیش هۆکــارێکی زینــدووی لەیــەکتر نزیکبــوون و، شارەزایی یەکتر بوونە.. . لەئەنجامی کڕین و فرۆشــتن و گۆڕینــەوەی کاڵاکــان، وشەو عادات و تەقالیدیشیان لەیەکتری وەرگرتووە. جا یان دەقاو دەق بەکاریان هێنــاوەو پــەیڕەوییان کــردووە، یــان کــەمێك ســەرو گوێلاکیــان شــکاندووەو سەرلەنوێ دایان ڕشتۆتەوە.. . بازرگــانی کــەناڵێکی گرنگــی تێکــەڵاو بــوون و لەیەکتر نزیکبوونی نەتەوەکانە. هــەر ئــەوەش وای کــردووە کــە مــەجبوور بــن زمانی یەکتر فێر بن، یان هەندێك زاراوە لەیەکتر بخوازن.

**٣-کارکردن:** بەهۆی باری خراپی ژیان و نەبوونی کــار لــەزۆر وڵاتانــدا، وای کردووە کە تاکەکانی ناچاربن سەرهەڵبگرن بۆ وڵاتێکی تر بــەنیازی کــارکردن و دابینکردنی ژیان.. . لەم حاڵەتەشدا، کارگەرەکان مەجبوور بووینە، زمانی ئەو وڵاتە فێر بن و تاڕادەیەك لەگەڵ نەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا بگونجێن و زۆر وشــەو زاراوەش، بەتێپەڕبوونی زەمەن، بگوازنەوە ناو زمانی دایك.

**٤-شــەڕو داگیرکــردن:** داگیرکردنــی وڵاتێــك لەلایــەن وڵاتێکــی تــرەوە، هۆکارێکی تری لەیەکتر نزیك بوونی زمان و شارستانیەتەکانە.. . جا یان بەبێ هەست کردن و ئاگا لێ بوونــەوە بــووە یــان نەتــەوەی باڵادەســت و داگیرکــەر، بەزەبری هێز، ئەم تێکەڵاو بوونەی فەرز کردووەو کردوویەتیە ئەمری واقیع.. .

**٥-ئایین:** ئایینیش ڕۆڵی خۆی لەیەکتر نزیك بوونی نەتەوەکان، دەبینێ.. . بۆ نموونە، بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە، دەیان وشەی بــەڕەگ و ڕیــشە عــەرەبی، ئاوگەلەی زمانی نەتەوە موسڵمانەکان بووە، کە هیچ جــۆرە ســنوورێك لەگــەڵ یەکتریان نابەستێتەوە.. . قورئانی پیرۆزو فــەرموودەکانی پێغەمبــەرو پــەیڕەو کردنی یاساکانی ئیسلام، خەڵکە غەیرە عەرەبەکەی ناچار کــردووە، وشــەکانی وەك" (حەج، زەکات، سەلام، گوناە، شەهید، ئیمام، شەیتان، جەهەنەم،.. .. تاد) فێر بن و بەکار بهێنن.. . ئەمەو دەیان وشــەی تــری عــەرەبی، ئەمڕۆکــە بۆتە مولکی نەتەوەکانی (فارس و تورك و کــوردو ئــەفغان و هینــدو ئــەلبانیو پاکستانیو ئازەریو.. .).

سەیری ئەم وشانە بکەن، کە لە هەر سێ زمانی نەتەوە موســڵمانەکانی وەك کــوردو تــورك و ئــەلبان، وەك یــەکن بــەدەربڕین و شــێوەوە.. . هەنــدێك لــەو وشانەش عەرەب و فارسیش بەهەمان شێوە بەکار دەهێنن" (چەخماخ، ئێلەگ، شۆفێر، بەخشیش، چ کەی، جۆراب، قەمیس، گوناە، ئەمما، بەربــەر، حــەیوان، مــەیموون.. .). ئەگــەر کــوردو تــورك بــەهۆی ســنوورەوە، لەگــەڵ یــەکتر تێکەڵییەکیان هەبوو بێت، ئەوا ئەلبانەکان، بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە بووە..

زمــانێکی وەك زمــانی تــورکی، کــە تورکــە شــۆڤینییەکان بــە(دایکــی زمانەکان)، ناوی دەبەن، لە ٢٠٪ی بگرە زێتریش، وشەکانی بێگانــەن، کەچــی ئەوان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن و دەڵێن" عــەرەب و کــوردو فــارس لــەتورکیان

وەرگرتووە. تاکە بەڵگەشیان ئەمەیە، کە سەردەمانێك ئەو نەتەوانە لەژێر ڕەشماڵی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیەکاندا بووینە. ئەم وشانەی خوارەوە، کە ئێمە ڕۆژانە لەگفتوگۆ کردن و نووسیندا بەکاری دەهێنین و گومانمان لەکوردی بوونی نیە، کەچی هەمان وشەی ناوبراو بەشێوەو دەربڕینەوە، تورك بەکاری دەهێنن.. لەوانە" (دێوانە، بێچارە، ئاوارە، زنجیر، زیندان، کەلەبچە، دوژمن، سەربەست، ئازاد، ئەشقیا، ئایندە، سەودا، یەدەگ، نیشانە، ئیش، چونکی، گەنج، هێواش، موژدە، بوز، دەوار، بەلکی، پارچە، هەفتە، دەوڵەت، بەهار، برادەر، کەنار، دەریا، هەرکەس،.. . تاد).

وشەی هاوبەش، لەنێوان زمانی کوردیو تورکیدا گەلێك زۆرە، بەوتارێکی کورتی ئاوا، ناتوانین ئاماری بەشێکی کەمی ئەو وشانە بکەین.. . ڕۆژێك لەگەڵ برادەرێك، دەستمان کرد بەژمارە کردنی وشە هاوبەشەکان، لەماوەی کەمتر لەدوو کاتژمێردا، بەبێ خوێندنەوە، زێتر لە (٣٧٠) وشەمان تۆمار کرد. ڕەگ و ڕیشەی زۆربەی ئەو وشانە کوردین و تورك بەمولکی خۆیان حسێبی دەکەن.. . نەك هەر خوێنەری وریا، بەڵکو خەڵکە سادەکەش، هەست بەم ڕاستیە دەکات.. . هەندێك لەم وشە هاوبەشانەش، ڕەگ و ڕیشەیان تورکیەو کورد وەری گرتوون و بەکاری دەهێنن. نموونەی" (ئایری، برنجی، قەتران، قەڵغان،.. . تاد).

هەر لەزمانی تورکیدا سەدان وشەی عەرەبی پەڕیوەتە ناو ئەم زمانەو هەندێکیان بەکەمێك دەستکارییەوە بەکاری دەهێنن و بەتورکی دەزانن.. ئەم وشە عەرەبییانە وەنەبێت هەر لەزمانی کۆنی تورکی سەردەمی عوسمانیەکاندا بەکارهاتبێت و بڕابێتەوە.. . ڕۆژی ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، کە تورکیا خۆی دوور لەئیسلام و نزیك لەعیلمانی دەگرێت، هەمان وشە، لەزمانی خەڵکی

سادەو رۆژنامەو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن، بەکار دەهێنرێت.. . وشەکان سەد دەرسەدی عەرەبین، کەچی تورك بەفەرهەنگی خۆیان حسێبی دەکەن.. . بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەش، سەیری ئەم وشانە بکەن، کە تورك نکوڵی لەعەرەبی بوونی دەکەن" (جدی، خارج، جواب، لازم، ساکن، دائم، نقطة، قەساب، سەروەت، شکایەت، دەولەت، تەعتیل، ئیختیدار، تەشویق، محلە، سابیت، هیوان، معامله، حەرب، قەزا، دیقەت، لطفاً، کەشف، بەیرەق، تەرەف، تەدبیر، حەرەکەت، وەحشی، موتەفیق، هەدەف، قوەت، سەفالەت، زولم، مەسەلە، مولتەجی، قەدەر، مەجلیس، تەرجیح، فرق، تقویم، خەبەر، صحیفە، ئەشیا، ئەسیر، شدەت، اعلان، تجربە، فرقە، رەئیس، إفادە،.. . تاد).

هاوبەشی لەبنەماڵەی زمانیش، ڕۆڵی سەرەکی لەیەکچوونی زمانەکاندا دەبینێ. بۆ نموونە" زمانی کوردیو ئەفغانی، یان کوردو فارسی.. . کوردیو هیندی.. . زۆر وشەی هاوبەش بەیەکترییان دەبەستێتەوە. لەڕووی ژمارەوە زمانی ئەفغانی لەیەك تا بیست وەکو کوردییە، جگە لەدەیان وشەی وەکو" (شیر، پیاز، ماست، گۆشت، ماسی، جەنگ.. .). وشەی (جەنگ) لەزمانەکانی (کوردی، فارسی، تورکی، ئەفغانی، هیندی، پاکستانی، ئازەری، گورجی، ئەلبانی.. . تاد) بەبێ هیچ دەستکارییەك لەڕووی دەربڕینەوە وەك یەك بەکار دەهێنرێت. هەروەها ئەگەر سەیری فەرهەنگی زمانی خەڵکی پاکستان بکەین، دەبینین سەدان وشەی وای تێدایە، کە بەهەمان شێوەو مانا بەخشینەوە لەزمان و فەرهەنگی کوردیشدا هەیە. سەیری ئەم وشانە بکەن، کە پاکستانیەك لەژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێت:- (کۆشش، وەرزش، گیانەوەر، گۆشت، شیر، عیشق، کەر، بێعەقل، دێوانە، دوژمن، تەماشا، مەیخانە، هەزار، نەرگز، ساڵ، نێزە، شمشێر، زنجیر، زیندان، بەندیخانە، گیان،

زیندی،.. . تاد) ئەم وشانە هەمان وشـەی فەرهـەنگی کـوردین و تاکـەکانی، لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنن.

لەڕووی بڕوا بوون بەشتە ئەفسانەییەکان و پەیوەست بوونیان، کـوردو تـورك لەزۆر شتەوە بۆچوونیان یەکە.. . هەروەها دەیان پەندو ئیـدیۆم هەیـە، تـورك ڕۆژانە بەکاری دەهێنن و بەمولکی خۆیان دەزانن.. . ئاگایان لەوە نیـە، لـەناو میللەتانی تریش، هەمان پەندو ئیدیۆم هەیـەو بـۆ هـەمان مەبەسـت بـەکاری دەهێنن. بۆ نموونە:-

- کورد دەڵێ: (دەرزی هەڵڵاویێی بەعاردی ناکەوی) واتە" ئەوەنـدە قەڵـەبالغ بوو.. .

تورك دەڵێ: (ئینە ئات سەن یەرە دوش مەس).

- کورد دەڵێ" (بەگوڵێك بەهار نایەت).

تورك دەڵێ: (بیر چیچەك ئاچمەی لەن بەهار گالمەس).

- کورد دەڵێ" (دەرزی بەخۆت وەکەو سوژن بەخەڵکی).

تورك دەڵێ" (ئینە کەندینە باتر چوال دز باشکەسنە باتر).

ئەوە لەڕووی پەندو ئیدیۆم، خۆ لەڕووی ئاوازو گۆرانیش، ئەوە هەر لەحسێب کردن نایەت. لەمبارەیەوە، پێم وایە چۆن لەڕووی سیاسییەوە غەدریان لـەکورد کردووە، لـەڕووی کولتـوورو ئاوازیـشەوە، بەچاوسـاغی هەنـدێك (زڕە کـورد) هەمان غەدریان لێکردوون. بەگوێ گرتن لەم ئاوازانە، مۆرکی ڕەسـەنی کـوردی بەدەردەکەوێت.. . ئەمانە مـولکی نەتـەوەی کـوردن. بـەڵام بـەهۆی نـەبوونی قەوارەی نەتەوەییەوە، کورد نـەیتوانیووە دەنـگ هـەڵبڕێو بەبەڵگـەی زینـدوو بەساحێبیان بکاتەوە.

ئەمەیان لەگەڵ تورك،. . . بەهۆی پێکەوە ژیـان و پەیوەسـت بـوون بەیـەك ئایین و یەك دەوڵەتیش، بەسەدان وشەی عەرەبی تێکەڵی زمانی کوردی بـووە. . تـارۆژی ئەمڕۆشـی لەگەڵـدا بێـت لـەزمانی گفتوگـۆو نووسـیندا، بـەرکار دەهێنرێن. . . خۆ زۆر وشەش، بەڕەگ و ڕیشە کـوردین و ئـەمڕۆ لەفەرهـەنگی زمانی عەرەبیدا جێی خۆیان کردۆتەوە.

ئەم دیاردەیە وەنەبێت هەر لەنێوان نەتەوە دراوسێکاندا، تەشەنەی کردبێـت، بەڵکو وشەی وا هەیە لەزمانی کوردیدا، کە لـەناو میللـەتێکی دوورە دەسـت و نامۆ بەکورد وەك سـوێد هەیـە. . . ئەمـە مایـەی پرسـین و سەرسـوڕمانە. . . چونکە هیچ لەم هۆکارانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، کوردو سوێدی بەیەکەوە نابەستێتەوە. بۆ نموونە کورد دەڵێ: (ڕێوی)، سوێدی دەڵێ (ڕێڤ). کورد دەڵـێ (لێو). سوێدی دەڵـێ (لـەب). لـەب لـەزمانی کـوردی –دیـالێکتی کرمـانجی ژووروو– بەهەمان دەربڕین و شێوەوە وەك سوێدی دەردەبڕدرێت.

**چەند نموونەیەکی تری هاوبەش، لەنێوان زمانەکانی وەك:–**

* کوردیو ئەڵمانی" کورد دەڵێ (ئاسـن). ئـەڵمان دەڵـێ (ئـایزن). کـورد دەڵێ: (نوێ). ئەڵمان دەڵێ: (نۆیـە). یـان لەهـەمووی سـەیرتر، لەحـەیرانێکی حەیرانبێژ (عارەب عوسمان)دا، وشەیەکی ئەڵمانیم بەرچاوکەوت کە دەڵێ" –

**ائەستێرەکم لێ هەرات**

**دەیدا لەلای مارکێ**

**شەوقی خۆی دەداتەوە لەگومبەتەکەی**

**شێخ جامی**

**دەیداتەوە لەقەسرێ شەمامکێ**

**حەیرانەکەی من کارمامزەکی (زوخەر) بوو**

**لە بۆ کەیفیێ دریێ خۆم دامدەبڕی لەداکیێ.. .)**

ئەو حەیرانە (عارەب عوسمان) داینەناوە تابڵێین نوێیـە، بـەڵکو فۆلکلـۆرەو لەوانەیە چـەندان پـشت لەمەوبـەر وترابێـت.. . کەچـی سـەیر لەوەیـە وشـەی (زوخــەر) لــەزمانی ئەڵمانیــدا بــەکار دێــت و بــەمانای (گــەڕۆك) دێــت. لەحەیرانەکەشدا، بۆ هەمان مەبەست بـەکارهاتووە.. . واتـە" (کارمـامزەکی گەڕۆك بوو). ئایا دەکرێ بڵێین ئـەم وشـەیە لـەڕەگ و ڕیـشە ئەڵمانیـە؟! یـان بەپێچەوانەوە؟!

* کوردیو گورجی: کورد دەڵێ (باوك یان بابـە). گـورجی دەڵـێ: (بابـەو). کورد دەڵێ" (نەنك یان نەنێ). گورجی دەڵێ (نینەو).

* کوردیــو یۆنــانی: بـەدەیان وشـە هەیـە، لـەنێوان فەرهــەنگی کوردیــو یۆنانیدا هاوبەشـە، بـەلام هەنـدێکیان بەکـەمێك دەسـتکارییەوە. بـۆ نموونـە لەفەرهەنگی کوردیدا (ژن، ئەمما، حەوت، پێـنج، مـەیمون، حـەیوان، پرتـەقاڵ، فنجان، سنوور، چا، فاسولیا، لەگەن) هەیە. هەمان وشەگەلیش لەفەرهــەنگی یۆنانیدا هەیە. . . (زنیکا، ئەمما، ئێفتا، پێندا، مەیمون، هـەیڤان، پورتـەقال، فنجـان، سـنوورکە، چـا، فاسـولیا، لێکـانی). هـەروەها لـەڕووی ئـاوازو مۆسیقاوەش، گوێم لەچەندان ئاوازی گۆرانی یۆنانی بـووە، کـە هـەمان ئـاوازو مۆسـیقای کوردیـان هــەبووە. گـۆرانی (جـوانی جـوانی) حەسـەن زیـرەك و (دەمەگری مەگری) تیپی زانکۆی سلێمانی کۆتـایی حـەفتاکان، یـەکێکن لـەو نموونانە.

* کوردیو ڕووسی: وشەگەلێکی تر هەیە، لەهــەردوو فەرهــەنگی کوردیــو ڕووسیدا هاوبەشن، وەك: کورد دەڵێ" (سوپاس، نییە، بـرۆ.. .). ڕووس دەڵـێ:

(سپاسیبا، نێتۆ، برۆڤی.. .).

لەئـەنجامی هێنانـەوەی ئـەم وشـانەو بـەراوورد کردنیـان، دەگەینـە چـەند سەرەنجامێك کە دەتوانین کرۆکی مەبەست لەم خاڵانەدا، ڕوون بکەینەوە:-

١ -زمان هۆکارێکی گرنگی لەیـەکتر گەیـشتنە.. . سـەرەتای مرۆڤایـەتی، یەك زمان هەبووە دواتر بەهۆی دابەشـبوون و لـێکتر جیابوونـەوە، لـق و پـۆپی تری لێ بۆتەوەو، بەرە بەرە گەشەی سەندووەو، گۆڕینی بەسەردا هـاتووە. هـەر ئەوەش وایکردووە، زمانگـەلێکی دونیـا، ئەگـەر بەچـەند وشـەیەکیش بێـت، لەیەکتر بچن.. . نموونەی کوردیو سوێدی یان کوردیو ئەڵمانی. کەواتە زمـان، مولکی هەموو مرۆڤایەتییە.

٢ -پەیوەندی نێـوان کـوردو عـەرەب و پێکـەوە ژیانیـان، بـەهۆی ئـایین و داگیرکردنەوە، وای کردووە وشەگەلێکی عەرەبی بچێتە ناو زمـانی کـوردی، کـە ئەسڵ و ئەساسیان عەرەبییە.. . هەر بەمجۆرەش، وشەگەلێکی کوردی چۆتە ناو زمانی تورکی، چونکە لەڕووی پێکهاتەی مێژووییـەوە، کـورد کـۆنترن لـەتورك بەتایبەتیش لەم ناوچەیە.

٣ -چۆن بۆ تورك و عەرەب شیاوە، ئـەم وشـانە بـەمولکی خۆیـان بـزانن و لەفەرهەنگی خۆیان تۆماری بکەن.. . بۆ ئێمەی کوردیش دەیان قات شیاوترە، ئەم وشانە بەهی خۆمان بزانین و خۆمانی لێ بکەینە ساحێب، نەك خۆمانی لـێ نەبان بکەین.. . چونکە ئێمە نەتەوەیەکی بـێ قـەوارەین و هەڕەشـەیەکی فـرە لایەنیمان لەسەرە.. . وێرای ئەوەش بەگوێرەی پێویست، لەبەر ئەم هۆیە گرنگ و ژیارییە، نەمانتوانیووە بەڵگەی زیندووی مێـژوویی بپـارێزین و بـۆ بـەراوورد کردن، ئەمڕۆکە پێی بچینە مەیدانەوە.

# سەربردەی سەفەرەکەی

# (سەمیر غەریب سەمیر)

لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٥)م.. . خێزاندارم و کچێك و کوڕێکم هەیە. وەك زۆربەی خەڵکی کوردستان، پاش کارەساتی شەڕی براکوژی، لەئایاری ١٩٩٤، بڕیاری سەفەر کردنم دا.. . هەرچەندە باری گوزەرانم، لەچاو زۆربەی خەڵکی، مامناوەندی بوو.. . پڕیشکی شەڕ، بەشێوەیەکی لاوەکی بەرماڵەکەی منیش کەوت و تووشی زیانی ماددی بووم.. . لەفەرمانگەش، وەك زۆربەی کارمەندانی دەوڵەت، (٦ -٧) مانگ مووچەی مانگانەمان پێ نەدەدرا.. . بەکورتی، بارێکی لەبار بوو، بۆ سەفەر کردن. هەرچەندە، من بابایەکی خاوەن سۆزێکی ناسکم و بەزەحمەت بۆم دەکرا، دەست بەرداری وڵات و شارو کەس و کار ببم.. . بەڵام بڕیارێك بوو، سوور بووم لەسەر جێبەجێ کردنی.. . کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی ١٩٩٥/٧/٢٣، لەهەولێر بەڕێ کەوتم و کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتمە شاری دهۆك.. . لەبەر شەڕو باری ئاسایش، تاگەیشتمە دهۆك، تووشی (٢٣) بازگەی پشکنین هاتم. لەدهۆك و زاخۆ خەریکی

معامەلەی دەرچوون بوون. (بەرەی تورکمانی) تەزکیەی منی کردبوو و ئەوان منیان بەڕێ دەکرد. پاش نیوەڕۆی ١٩٩٥/٨/٢، لەخاڵی (ئیبراهیم خەلیل)ی سنوور دەرچووم و کاتژمێر (٥,٤٠)، گەیشتمە شارۆچکەی (سلۆپی)، دیوی تورکیا. کاتژمێر (٦,٣٠)ی سەر لەئێوارە، بەپاسێکی گەورە، لەسلۆپییەوە بەڕێ کەوتم و (٦)ی بەیانی ١٩٩٥/٨/٣، گەیشتمە شاری (ئەدەنە). ئەو شەوە لەناو پاس، بەبێ دەنگی زۆر گریام، چونکە" کە لەهەولێر بەڕێ کەوتم، دایکم و باوکم و خوشکەکانم، لەکاتی بەڕێ کردنمدا، ماچیان کردم و گریان.. . هەروەها هەردوو منداڵەکەم بیرکەوتەوە، کاتێك کە ڕۆیشتم، لەمنیان شاردەوە تاوەکو ڕۆیشتنی من نەبینن.. . ئەم دیمەنانەم دەهێنایەوە پێش چاوی خۆم، بیرم لەم سەفەرە چارەنووس نادیارە دەکردەوە، زێتر فرمێسکم لەچاوان دەهاتە خوار.. . بۆ بەرز کردنەوەی ورەو، تین دانە بەرخۆش، ئەم دیمەنانەم دەهێنایە پێش چاوی خۆم، کە لەئەنجامی شەڕی ناوخۆوە تووشی ببووین.. . ئەو ڕۆژەم دەهاتەوە بیر، کە لەگەڕەکەکەمان، هەردوو لایەنی شەڕکەر، گەڕەکەکەمانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو قازیفەو، لەئەنجامدا، گەنجێکی بێ تاوانی تەمەن (١٧) ساڵەی هاوسێمان، کە لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی دەیخوێند، شەهید بوو.. . دەرگاو پەنجەرەکانی ماڵەکەی منیش، بەرکەوتن و شکان.. . زرمەی قازیفەو خرمەی دەستڕێژی تەقە، منداڵەکانی تاساند بووم.. . ژنەکەم لەو ڕۆژەوە تووشی دڵەڕاوکێو نەخۆشی دەروونی ببوو.. . (بورهان سابیر)ی هاوپۆلی زانکۆشم، هەر بەهۆی شەڕەوە، دوو سێ مانگ بەر لەسەفەرەکەم، گوللەیەکی وێڵ بەری کەوتبوو شەهید ببوو.. . ئەم دیمەنانەش، سوورتری دەکردم لەسەر سەفەر کردن. ئەو کاتەش، گەرمەی شەڕی (کلاّو قاسم و کەپکی حەمەد ئاغا) بوو.. .

لـــەڕێگادا، بـــەزۆر شـــارو شارۆچـــکەی کوردســـتاندا، تێپـــەڕین. لەوانـــە" شارۆچکەی (قزلتەپە) کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بوو، هەتا چاوبڕ دەکات، هــەر شینایی‌و بەراو بوو.. . زۆربەی کێڵگەکان، بەپەمۆ چێنرا بــوون.. . بەتەنیــشت شاری (قامشلی)، کوردســتانی باشــووری بــچووکیش دا تێپــەڕین.. . بــەهۆی خراپی پاسەکان و ڕاوەســتانیان لــەڕێگادا، کاتــژمێر (١٢)ی شــەو گەیــشتینە ئەستەنبۆڵ. لەسلۆپی‌یەوە تائەستەنبۆڵ، بــەم شــارو شارۆچــکانەدا تێپــەڕین" (جەزیرە، نسێبین، قزلتەپە، وێران شــەهر، ئورفــە، نــەزیپ، غــازی عــەنتاب، ئەدەنە، ئەنقەرە.. .) لەجەزیرەوە هەتا نسێبین، بەکــەناری ســنووری ســوریادا ڕۆیشتین، لەنسێبینەوە شاری قامشلی دیــوی ســوریا، دیــاربوو. دووری نێــوان شارەکانیش بەکیلۆمەتر، بەم شێوەیە بوو" (زاخۆ تاماردین ٢٤٤کم)و (ماردین تائورفە ١٨٣کم)و (ئورفە تا غازی عــەنتاب ١٤٥کــم)و (غــازی عــەنتاب تــا ئەدەنە ٢١٠کم)و (ئەدەنــە تــا ئەنقــەرە ٤٨٦کــم)و (ئەنقــەرە تــا ئەســتەنبۆڵ ٤٥٨کم) بوو.. . ڕێگای نێوان ئەستەنبۆڵ و زاخۆ، ١٧١٤ کیلۆمەترە.

لەبەر ئەوەی ناوەخــت و نەشــارەزاش بــووین، جێگــاو ڕێگایــەکمان دەســت نەکەوت تا ئــەو شــەوە لێــی بخــەوین.. . بڕیارمانــدا بــچینە تەکیــەی (شــێخ عوســمانی بیــارە)، کــە ببــووە شــوێنی نووســتن و حەوانــەوە بــۆ کوردەکــان، بەتایبەتیش ئەوانەی پارەیان نەبوو.. . ئێمە سێ خێزان و چوار گەنج بووین.. . چووینە تەکیە، جمەی دەهات لەخەڵك. هەر لەوێ ژنەکانیان ناردنە نــاو ژنــان و ئێمەشیان ناردە نــاو پیاوەکــان، کــە هــۆڵێکی گــەورەی دوورو درێــژ بــوو.. . (١٢٠-١٥٠) کەســی تێدا دەبــوو.. . کاتــژمێر چــواری بــەیانی وەك نیزامــی عەسکەری، لەخەویان هەســتاندین بــۆ نوێــژ کــردن.. . نوێژکــەرو نوێژنەکــەر، باوەڕدارو بێ باوەڕ، بەزۆر دەبوایە نوێــژ بکــات. دەنــا شــوێنی لــەم تەکیــەدا،

نەدەبۆوە. خەڵکی وا هەبوو، لەبەر پیسی، مەرجەکانی نوێژکردنی تێدا نەبوو، بەڵام لەبەر شوێن و نان خواردن و حەوانەوە، هەڵدەستاو نوێژێکی قیتی دەکرد.. . لەدڵەوەش بڕوای پێ نەبوو.. . شەو لەبەر پرخە پرخ و بۆنی هەناسەو ئارەقەو گۆریەو کێچ و ئەسپێ، خەومان لێ نەکەوت.. . بەیانی زوو دەرچووین و چووینە هوتێلێك.. . ئیدی ڕۆژ بەڕۆژ خەریکی گەڕان و سوڕان بووین، بەدوای قاچاخچی تاوەکو دەرمان بکات.

ڕۆژی ٨/١٩، قاچاخچیەکمان لێ پەیدا بوو، ناوی (شۆڕش) بوو.. . بە (شۆڕشە سمێڵ) ناسراو بوو.. . خەڵکی سلێمانی بوو.. . کوڕی شێخ مستەفا بەرزنجی بوو.. . بەقسەی خۆی، بنەماڵەیەکی هەبووەو ناوداری سلێمانینە.. . ئەو گوتی" هەر نەفەرەی دەبێت (١٠٠) سەد دۆلار بدات وەك پێشەکی، ئەوەی تریش لەلای (حاجی تۆفیق)ی تەکیە بخەوێنێ، کە گەیشتنە یۆنان، حاجی پارەکە دەداتە من.

لەگەڵ (شۆڕشە سمێڵ) ڕێککەوتین و کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ٨/٢١، بەپاسێك لەئەستەنبۆڵەوە بەرەو ناحیەی (ئوزون کۆپری)، سنووری یۆنان، بەڕێ کەوتین. ژمارەمان (٢٢) کەس بوو.. . لەڕێگادا تاریك داهات. کاتژمێر (٩)ی شەو گەیشتینە ناو دارستانێك. ئەو شەوە لەدارستانەکەدا ماینەوە، کە هێشتاکە (٢٢) کم مابوو بگەینە سەر ئاوەکەی نێوان یۆنان و تورکیا.. . پیاوێکی تورکی تەمەن (٣٠) ساڵەمان لەگەڵدا بوو.. . خەڵکی ناوچەکە بوو و چاوساغ و قاچاخچی بوو.. . کابرا ناوی (عبدالواحد) بوو. ئەو شەوە، بارانێکی زۆر لێی داین. لەبەر مێشوولەش، خەومان نەبوو. (عبدالواحد) چووە شارو نانی بۆ هێناین. بۆ بەیانی هەواڵ هات و گوتیان" سنوورەکان، توند کراون.. . ڕێگا ناخۆشە، بۆیە دەبێ بچنە شاری (ئوزون کۆپری)و یەك دوو ڕۆژ خۆتان ون بکەن، تا ڕێگا ئاسایی دەبێتەوە. گوتیان: بۆ خێزانەکان، یەك دوو ماڵمان

هەیەو بۆ گەنجەکانیش، هوتێلێکمان بەکرێ گرتووە. هەموومان چووینە شارو یەك دوو ڕۆژ ماینەوە.

کاتژمێر (٤,٣٠)ی ئێوارەی ١٩٩٥/٨/٢٤، ژمارەمان ببووە (٢٧) کەس، بەلۆریەك بەڕێ کەوتین و دوو کاتژمێری پێچوو، لەناو کێڵگەیەکی گوڵەبەڕۆژە، لەقەراخ گوندێك دایانبەزاندین. (واحید) ئێمەی تەسلیمی سێ ڕێبەری تر کردو خۆی گەڕایەوە.. . لەناو گوڵەبەڕۆژان، تاریك داهات و دوو کاتژمێرێك بەپێ ڕۆیشتین.. . هێشتا مابوو بگەینە ئاوەکە، کەمینێکی جەندرمەی تورك دەنگیان داین و، چەند دەسترێژێکیان بەسەردا هاویشتین، بەنیازی ڕاوەستان و ترساندن. هێندەی پێ نەچوو، سێ ئیڤاو جێبێکی سەربازی هاتن و پاش پشکنین، ئێمەیان بردە سەربازگەیەك و زانیاری تەواویان لێ وەرگرتین.. . لەگەڵ تەقە کردن، سێ ڕێبەرە تورکەکە هەڵاتن و خۆیان لەئێمە شاردەوەو دەستگیر نەکران.

بۆ بەیانی ئێمەیان ناردە ناحیەی (مەرج) بۆ دادگایی کردن.. . دادگایی کردنەکە، هەر شتێکی ڕۆتین و ئاسایی بوو، چونکە ڕۆژانە دەیان کوردو خەڵکی قاچاغ لەم دەڤەرە دەستگیر دەکران.. . لە(مەرج)ەوە بەرەو (ئاسایش)ی شاری (ئەدرنە)بەڕێ کراین.. . لەوێش هەر نەفەرەو وەك بەرتیل (٢٥) دۆلاریان لێ ستاندین و بەپاسێك بەرەو ئەستەنبۆڵیان بەڕێ کردینەوە.

ئەو سەفەرەمان فەشەلی هێناو قسەو بەڵێنەکانی کابرای قاچاخچی هەمووی درۆ بوون.. . چونکە پێشتر ئەو دەیگوت" (پاسەوانی سنوورەکانمان، هەمووی بەپارە گرتووە.. . کەس دەنگتان لەگەڵ ناکات.. . هەر ٢٠ دەقەیەك بەپێ دەڕۆن.. . لەسەر ئاوەکە ئۆتۆمبیل چاوەڕوانیتان دەکات.. .)و زۆر درۆو دەلەسەی تریش، کە ئیشی ڕۆژانەی قاچاخچیەکانەو خەڵکی پێ تەفرە دەدەن. پاش ئەو سەفەرە فاشیلە، هەر هەمان قاچاخچی، بەهەزاران بەڵێن و قسەی

خـۆش و درۆو دەلەسـە، لەخـشتەی بـردین و (٦) شـەش هـەزار مـارکی لـێ ستاندین، تاوەکو بەفڕۆکە بەرەو ئەڵمانیا بەڕێمان بکات.. . هەر ئەوڕۆو سبەی پێ کردین، تاخۆی لێمان شاردەوەو پارەکەمان ئێوە خۆش.

پاش ئەوەی بـێ ئومێـد بـووین لەپارەکـە، بـاڵی ڕەشـبینیو بـێ هیـوایی بەسەرماندا کشاو نەمانـدەتوانی چـی بکـەین. مەسـرەفی شـارێکی گەشـت و گوزاری وەك ئەستەنبۆلیش گران بوو.. .

ئەو کاتـە، ١٩٩٥/٩/١، نرخـی سـەد (١٠٠) دۆلار (٤,٨٠٠,٠٠٠) چـوار ملیۆن و هەشت سەد هەزار لیرەی تورکی بـوو.. . نرخـی شـتومەك و خـواردن بەمجۆرە بوو:- (یەك سەموون ٩ هەزار لـیرە، یـەك لـیتر ئـاوی خواردنـەوە ١٥ هەزار لیرە، یەك کیلۆ ماست ٤٠ هەزار لیرە، کیلۆیەك تەماتە ١٥ هەزار لـیرە، کیلۆیەك برنج ٤٥-٥٠ هەزار لیرە، شووتییەکی ئاسایی ٥٠ هەزار لیرە، خـۆخ ٥٠ هەزار لیرە، یەك ساردی ٢٠-٦٠ هـەزار لـیرە.. ). مووچـەی مانگانـەی فەرمانبەران و کارمەندی مامناوەندیشی لەنێوان (١٢-٢٠) ملیۆن لیرە بوو.

ئەستەنبۆڵ، شارێکی گەورەیە، دەریـا کردوویـەتی بـەدوو بـەش. بەشـێکی کەوتۆتە ئاسیاو بەشەکەی تریشی کەوتۆتە ئەوروپا.. . ئـاوو هـەوای شـێدارو فێنکەو خەڵك هاوینانیش لەژوورەوە دەخەون. بەین نابەین، چەند پەڵە هەورێك لەئاسمان یەك دەگرن و دەبێتـە شەسـتە بـاران و لافـاو هەڵدەسـتێ. ژمـارەی دانیشتوانی (٨) ملیۆن زێترە.. . خەڵکێکی زۆری بێگانـە، بەشـێوەی ڕەسمیـو قاچاغ لەم شارەدا گیرساونەتەوە.. . یەك دوو بازاڕی گەورەی وەك" (ئەکسەراو لالەلی) تێدایە، کە پڕە لەخەڵکی گەشتیارو ژنـە سـۆزانی ڕووسـیو بولغـاریو ڕۆمانی، ئەمانە زۆربەیان کاری لەشفرۆشی دەکەن. نـاوە نـاوە پـۆلیس لێیـان بەخۆ دەکەوێت و سنووورداشیان دەکاتـەوە.. . هـەر ماوەیـەکی پـێ دەچـێت، دووبارە دەگەڕێنەوە تورکیا.

هەر لەبەیانییەوە تاکاتژمێر (٢)ی شەو (١٠-١٥) کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە. هەندێکیشیان تا بەیانی بەردەوامن. فلیمە بێگانەکان، هەمووی دۆبلاژی تورکی کراون.. . زۆر بەدەگمەن فلیمێك دەبینی، بەزمانی تورکی نەبێت.. . بەختی ئێمە، لەهەفتەیەکدا، سێ چوار ڕۆژ ئاو دەبڕا.. . ناچار دەبووین بە دەبە ئاو بکڕین.. . ناوە ناوەش، لەگەڵ هەڵکردنی باران و ڕەشەبادا، کارەباش دەبڕا. . . پڕۆگرامی ژیانی ڕۆژانەمان، تەواو تێکچوو بوو.. . شەوو ڕۆژ خەریکی کۆنکان و یاری ناپلیۆن بووین.. . گفتوگۆو دەمەتەقێی ڕۆژانەشمان، لەم بازنە بۆشەدا دەخولایەوە“- (چمان لەخۆمان کرد.. . زۆر پەشیمانین.. . بچینە لای فلان قاچاخچی باشە.. . بە چ ڕێگایەکدا دەربچین.. . خەڵك بە پەشیمانیمان، بڕوا ناکەن.. . وەڵڵا ئەو سەری مانگە دەرنەچم دەگەڕێمەوە.. . بۆ منداڵەکانمان گریانمان دێت.. . وەڵڵا ناگەڕێمەوە، لەبن لۆمەی خەڵکی دەرناچم.. . تاد).

بازاڕەکانی ئەستەنبۆڵ شێتێکی زۆری لێیە، کۆمەڵێك شێت، شەوانە لەژێر پردێك دەنووستن و پێکەوە دەژیان.. . دەوڵەمەندێکی تورك شوقەیەکی بۆ گرتن و لەیەك شوێن کۆی کردنەوە. ئافرەتێکی شێتیش لەگەڕەکی (ئەدرنە قاپی) هەیە، زۆر سەیر دەژی.. . کۆمەڵێك پەڕۆو پاتاڵی لەخۆی کۆکردۆتەوەو پاڵتۆیەکی گەورەشی هەیەو بەسەر پشیلەکەی دادەدات. . .

ڕۆژنامەکانی تورکیا، زۆر گرنگی بەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو ئاگاداریو شتی بازرگانی دەدەن. بۆ نموونە“- ڕۆژنامەی (حوریەت)، ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٣١، (٤٢) لاپەڕەیە، (٢١) لاپەڕەی بۆ ئاگاداریو پڕوپاگەندە تەرخان کردووە.

گروپێکی مۆسیقی بچووك هەیە، کە لەدوو کوڕو کچێك پێکهاتوون.. . هەموو ڕۆژانی هەینی لەشەقامی (فاتح) ئاهەنگ دەگێڕن. کوڕەکان،

یەکێکیان گۆرانی بێژو عود ژەنە، ئەوی تریان کەمانچە ژەنە. کچەکەش گۆرانیبێژە.. . هەرسێکیان نابینان.. . ئەم گرووپە ڕەزامەندی ئاهەنگ گێڕانیان، لەشارەوانی وەرگرتووە.. . گۆرانیەکانیان، هەموو خەم و پەژارەو کۆژانی خۆیانە.. . خەڵکەکەش بەزەیی پێیاندا دێتەوەو پارەیان بۆ فڕێ دەدەنە ناو جانتاکەی بەردەمیان.. . خەڵکی واهەبوو، بەرگەی گوێ گرتنی نەدەگرت و بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە، شوێنەکەی بەجێ دەهێشت.

پاش بێ ئومێد بوون لەسەفەرو کەمبوونی پارە، بڕیارمدا کارێك بکەم.. . ڕۆژی ١٧/١٠/١٩٩٥، بەهۆی خێزانێکی کوردەوە، لەئوتوویەکی هەڵمی کارم دۆزیەوە.. . ئیشەکەی من لەدەرەوەی دوکان بوو.. . لەگەڵ کوڕێکی ناو (یاسین)، کە خەڵکی قەزای دوکان بوو، ڕۆژانە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە (٢٦) هوتێل دەگەڕاین.. . لەو هوتێلانەدا، سەرچەف و خاولیو بەرگە سەرینمان کۆدەکردەوەو لەفەردەمان دەکرد.. . دوای ئێمەش ئۆتۆمبیلێك و دوو کەس دەهاتن و باریان دەکرد بۆ دوکان.. . لەوێش دەشوران و ئوتو دەکران. (٢٧) ڕۆژ ئەو کارەم کرد.. . لەژیانمدا ئیشی وا قورسم نەکردبوو.. . ڕۆژانە (١٠) کاتژمێر بەپێوە وەستان و گەڕان.. . لەهەندێك هوتێل تووشی سەرچەفی وا پیس دەبووین، بێزمان دەهاتەوە.. . تومەز ئەو هوتێلانە، شوێنی ئەو ژنە لەشفرۆشانە بوون، کە بەقاچاغ ئەو کارەیان دەکرد.. .

لە ٢١/١١/١٩٩٥، ئەو کارەم بەجێ هێشت و چوومە سەرکارێکی تر، کە ئیشی دروست کردنی جانتاو کەمەر بوو.. . ڕۆژانە لەکاتژمێر ٨ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە کارم دەکرد.. .

٢٠/١٢/١٩٩٥، لەشاری ئەستەنبۆڵ، گەرمەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانە.. . چونکە ڕۆژی ١٢/٢٤ دەنگدان دەست پێ دەکات. بۆ ئەم مەبەستە پارتەکان، لەکۆڵان و گەڕەك و شەقامەکاندا، وێنەو لافیتەو دروشمیان

هەڵواسیووە.. . جگە لەوەش لەتەلەفزیۆن، لێپرسراوی پارتەکان، ڕووبەڕووی یەکتر قسە دەکەن و کەم و کوڕی یەکتر دەخەنە ڕوو.. . بەئۆتۆمبێل دەسوڕێنەوە، لەبڵندگۆ دروشمەکانیان دەخوێننەوە.. . شەڕە هێلکە دەکەن.. . جوێن بەیەکتر دەدەن.. . بەڵام هەر بەینێکی پێ دەچێت سارد دەبنەوە.. . وەك لای خۆمان، لەیەکتر تووڕە نابن و ئەندامانی یەك خێزان لەسەر جیاوازی بیروڕا، دەمانچە لەیەکتر ڕاناکێشن.. .

(١٩٩٦/١/٢٠)ە، شەوەکەی زۆر بێزار بووم، لەگەڵ ئەو دوو برادەرەی لەگەڵیان دەژیم، تووشی مناقەشە هاتم و نەگەیشتینە یەك.. . خولگەی بیرکردنەوەیان لەگەڵ بیرو بۆچوونی من جیاوازە.. . ئەوان پێیان وایە، ئەم وەزعەی ئەمڕۆ تووشی کورد بووە، هەموو کوردێك لێی بەرپرسیارە.. . بۆیە هەردەم دەڵێن" (.. پێمان بکرێ قەومیەتی خۆمان دەگۆڕین.. . حاشا لەکورد.. . ماڵ و منداڵ و کەس و کارمان دەربازدەکەین و تف لەکوردو کوردستان و ئەوکەسەی کە کوردیشی خۆش دەوێت.. .) منیش پێم وایە کورد حەیاتە.. . مرۆڤ، ستەمە، تاوانە، دوور لەخاك و مەملەکەتی خۆی بژی.. . تاوانە منداڵەکانت لەژینگەیەك گەورە ببن، کە ببێتە هۆی ئەوەی زمانی دایك نەزانن و سەرەدەری لەجوگرافیای وڵاتی خۆیان دەرنەکەن. پێم وایە یەك سەعات ژیان لەنیشتمان، سەد ساڵ ژیان لەئەوروپا دێنێ.. .

لە (١٩٩٦/٤/٣)ەوە، لەشڕە خانوویێکدا، بەتەنیا مامەوە.. . ٤/٥ بارانێکی زۆر باری.. . ژوورەکەم هەمووی دڵۆپەی دەکرد.. . لەبەر دڵۆپە، شەش قاپ و مەنجەڵێکم دانا، هێشتا هەر پێ ڕانەدەگەیشتم.. . کوڕ دڵی بەوەش خۆشە کە لەتورکیایە.. . بەتەما بووم واز لەنووسینی یاداشتەکانی ئەمڕۆ بهێنم، کەچی لەبەرنامەی (ئیبۆ شۆ)دا، سێ ئافرەتی تورك، پێکەوە

گۆرانیەکی تورکیان لەسەر ئاوازی گـۆرانی (کـە دەڵـێن ئـەمڕۆ دەشـت و کیـۆ شینە)ی کوردی دەگوت.. . دڵۆپەش هێدی هێدی کەم دەبێتەوە.. .
لەدوکانی ئیش کردنم، بەمنەوە (١١) کەسین.. . (کەمال)، منـداڵێکی رووح سووکی ٩ ساڵانەی کورد بوو، شاگرد دوکان بوو.. . زۆر زیت و قسە زان بـوو.. . لە هـەر دوکـان و شـوێنێکی گـشتی تورکیـاش، وەك عـادەت، وێنەیـەکی گەورەی ئەتاتورك هەڵواسراوە.. . ڕۆژێك کوڕێك لە کـەمالی پرسـی"- کـەمال ئەو ڕەسمەت خۆش دەوێ؟! لەوەڵامدا، کەمال گوتی" (نەخێر، خۆمن تورك نـیم، بۆچی ئەتاتورکم خۆش بوێت.. .). هـەموومـان پێکـەنین و خـاوەن ئیـشەکەش بەپێکەنینەوە گوتی" کەمال ڕاست دەکات.. .
١٩٩٦/٥/٢٥، بۆ دووەم جار، ڕێگای سەفەری یۆنانم گرتەبـەر. ئـەمجارەیان لەگـەڵ قاچاخـچییەکی منـداڵ کـار، ناسـراو بـە(دلێـر قژدرێـژ). بەپاسـێك لەئەستەنبۆڵەوە بەڕێ کەوتین، بەڵام لەدووڕیانەکەی شـاری (کیـشان) گیرایـن و بردراینە پۆلیسی شاری (ئەبسەلە).. . پێش لێپرسینەوە، ئەوەندەیان لێـداین، بەقەڵـەم نانووسـرێ.. . لـەو (٣٨) کەسـە، دوو ژنیـشمان لەگەڵـدا بـوو.. . خۆشبەختانە، ژنەکان و من و برادەرێکـی سەرسـپی لێـدانمان بەرنەکـەوت.. . نازانم هۆی چیبوو؟! دەقەو سـەعات (ئایـەتول کورسـیم) دەخوێنـد.. . لەبـەر خۆمـەوە دوعـام دەکـرد.. . هەرچـۆنێك بێـت لێـدانمان نـەخوارد.. . پـاش لێپرسینەوە، بردراینە شاری (ئەدرنە)، لەوێش هەندێك پارەیان لێ وەرگـرتین.. کەل و پەل و گیرفـان و نـاو پـشتەملە کـراس و قایـشی پـشت و گۆریـەو ژێـر پێڵاویان، بەدوای پارەدا دەپشکنی.. . چونکە خەڵکەکە، لەترسی گـیران، ئـەو پارەی پێیان بوو، لەم شوێنانەدا، دەیانشاردەوە.. . کوڕێکمان لەگـەڵ دابـوو، دووسـەد دۆلاری بـچووك کردبـۆوەو خـستبوویە نـاو قـەپاغی شووشـەی ئـاو

خواردنـەوە. . . قەپاغەکـە تەپـەدۆرێکی بـچووکی تێدایـە. . . تەپەدۆرەکـەی دەرهێنابوو، پارەکەی خستبووە ناو، ئینجا تەپەدۆرەکـەی خـستبۆوە شـوێنی خۆی. . . من و برادەرێکش ئەو پارەی پێمـان بـوو، دابوومانـە ژنێـك لـەو دوو ژنەی لەگەڵماندا بوو، کە منداڵێکی شیرخۆرەیان پێ بوو. . . ژنەکـە، پارەکـەی خستبووە ناو قووتووی شیری منداڵەکە. . .

۱۹۹٦/٦/۱۸، بۆ سێیەم جار ڕێگای یۆنانم گرتـەوە بـەر. . . ئەمجارەشـیان لەگەڵ هەمان قاچاخچی گـۆڕین. . . (۱۸) کـەس بـووین. . . بـەئۆتۆمبیلێکی مقەپەتی بچووك، سەعات سێی شەو بەڕێ کەوتین. . . دوو عائلەشمان لەگەڵـدا بوو. . . کە هەریەکەو منداڵێکیان پێ بـوو. . . سـەعات ۸ی بـەیانی لـەنزیك سنووری ئاوەکە گەیشتینە دارستانێك. . . ڕۆژەکەی ماینەوە، شەوەکەی ٦/۱۹ بەڕێنوێنی (شەعبان)ی تورك بەرەو سەر ئاوەکە بەڕێ کەوتین. . . بەبێ دەنگیو دوو دوو کەوتینە ڕێ. . . شەعبان لەسەر ئاوەکە، چوار چوار سـواری چـوپێکی بچووکی کردین، کە هەر لەمەنجەڵی ساوار کولاندن دەچـوو، ئێمـەی پەڕانـدەوە خاکی یۆنان. ماوەی ئاوەکە هەر (۱۰۰) مەترێك دەبوو. . . ئـەو شـوێنە سـێ گۆشەی سـنووری نێـوان تورکیـاو یۆنـان و بولغاریـا بـوو. . . یەکـەو (۱۰۰) دۆلارمان دایە شەعبان و بـەجێمان هێـشت. . . کاتـژمێر (۱)ی شـەو داخلـی خاکی یۆنان بـووین، هـەتا کاتـژمێر (٤) بـەیانی، بـەپێو بەسـووکە غـاردان ڕۆیشتین، تاگەیشتینە پشت گوندێك کە چڕە دارسـتانێکی لـێ بـوو. . . دونیـا ڕۆشـن ببـۆوە. . . بۆیـە لـەناو دارسـتانەکەدا، ماینـەوە. . . بـەیانی گوێمـان لەدەنگی مەلا بانگدان بوو. . . دیـار بـوو گوندەکـە موسـڵمان بـوون. . . نـاوە ناوەش گوێمان لەدەنگی تراکتۆرو فیکەی شوان دەبوو. . .

کاتژمێر (۸)ی شەوی ٦/۲۰، بەڕێکەوتین و زۆر ماندوو بـووین. . . لـەکوێرە

ڕێگایەکدا، لەناکاو تووشی تویێتایەکی فەلاحی بووین.. . ئێمە لەترسان خۆمان فڕێ دایە ناو دڕك و داڵی کەنار ڕێگاکەو خۆمان شاردەوە.. . تویێتاکەش ڕاوەستاو لایتی لێدا، لەغەڵبە غەڵبی نەفەرەکانی ناو تویێتاکە دیار بوو، ئێمەیان تەواو نەدیبوو و بەڕەوە سەگیان حسێب کردبووین.. . تویێتاکە ڕۆیشت، ئێمەش ڕێگاکەمان گۆڕی‌و بەناو وەردو دڕك و داڵ و کێڵگەی بڕنج و گوڵەبەڕۆژە بەغاردان بەڕێکەوتین.. . شەو لەقەراغ گوندێك تووشی گۆماوێك بووین، بەو تاریکی‌یە دەبەکانمان پڕ ئاو کردو خستمانە کۆڵە پشتەکانمانەوە.. . هەر ئەو شەوە لەڕێگادا، ئاوەکەمان تەواو کرد.. . بۆ بەیانی کە سەیری دەبە بەتاڵەکانمان کرد، وردە کرمی بچووك بچووکمان دیت، تومەز ئاوەکە ئەوەندە پیس و کرماوی بوو.. . دەستمان کردە پێکەنین و گوتمان" میکرۆب و کرمیش دەرەقەتی ئەو خەڵکە نایەت.

کاتژمێر (٤)ی بەیانی لەدەوروبەری گوندێك لامانداو تەویلەیەکی وڵاخانمان دیتەوە.. . هەر تاریك بوو، چووینە ناو تەویلەکەو پڕ بوو لەپاشماوەی ئاژەڵ و تیسکەخوری‌و زبڵ.. . دوو کونی بچووکی تێدا بوو.. . بەڕۆژ سەیری دەرەوەمان دەکرد.. . هات و چۆی خەڵك و ئاواییەکەمان دەدیت... دیسانەکەوە، کە تاریك داهات، کاتژمێر ٨,٣٠ی شەو بەڕێکەوتین و ڕێگامان ون کرد. کەوتینە سەر سەربازگەیەك و بەپڕە پڕ، خۆمان دەرباز کرد.. . بووە چەقە لولانی سەگ و لایت لێدانی سەربازگەکە... بەیانیەکەی لاماندایە ناو دارستانێك و لەبەر برسێتی‌و مێشوولە، خەومان لێ نەکەوت.. . کاتژمێر (٨)ی سەر لەبەیانی، شوانێك بەخۆیی‌و بزنەکانی، بەسەرمان وەربوون.. . شوانەکە، تەمەنی حەفتا ساڵێك دەبوو. لێی پرسین" ئێوە چین و لێرە چی دەکەن؟! قاچاخچیەکە، شڕە یۆنانیەکی دەزانی، یەکسەر گوتی" ئێمە کوردی

عیراقین و دەمانەوێ بچین بۆ ئەوروپا، شوانەکە گوتی، تاڵەبانین، یان بارزانین؟!
ئێمەش گوتمان، هیچیان نین و دەمانەوێ دەربازبین. گوتمان" خەبەری پۆلیسمان لێ مەدە، لەخاکی ئێوە نامێنینەوەو دەڕۆین.. . نازانم چۆن ڕازی بوو، چونکە خەڵکی یۆنانی زۆر نیشتمانپەروەرن، شوان و ڕاوکەرەکانیان، کە خەڵکی بێگانەو نامۆ ببینن، دەم و دەست خەبەر دەدەن و، هەندی بلێی یەك و دوو، مەفرەزەی پۆلیست بەسەر وەردەکەن.

ئەو ڕۆژە، لەوێ ماینەوە، کە تاریك داهات، بەڕێکەوتین، ئەم شەوەیان بەتەواوی پەکم کەوتبوو.. . ئەوەندەی بەسەر دارو بەردی سکەی شەمەندەفەر ڕۆیشتبووم، ژێر پێم هەمووی ببووە برین. هەردەم کیلۆمەترێك، لەدوای خەڵکەکەوە بووم.. . دەمویست خۆم تەسلیمی ڕەبایەکانی یۆنان بکەم، برادەران لێ نەدەگەڕان. لەڕێگادا، ئەو خەڵکە لەقەراخ گوندەکاندا، مەڕو بزن و مریشك دەدزن و سەری دەبڕن.. . ئێمەش، لاماندایە تەویلەیەك و سەیرمان کرد هەمووی بەراز بوو، بەپڕە پڕ هەڵاتین. بەیانیەکەی، لەتەنیشت گوندێك، شوێنەکە کەمێك نەدیو بوو، لاماندا.. . من و دوو عائیلەکە، بڕیارماندا چیتر بەپێ نەڕۆین و بچینە وێستگەی شەمەندەفەرو سوار بین.. . بەو کەمە ئاوەی خواردنەوە، کە پێمان بوو، ڕیش و سمێلمان تراشی، تاوەکو لەخەڵکی ئەوروپا بچین. ئەو قاتە جلە پاکەی بۆ دابەزین پێمان بوو، لەبەرمان کردو کاتژمێر ١٢,٣٠ی نیوەڕۆ شۆڕبووینەوە گوندەکەو چووینە وێستگەی شەمەندەفەر.. . شەمەندەفەر هات و سوار بووین.. . هەر بەسووکە ئیشارەت بلێتمان بڕی. کاتژمێر ١,٣٠ گەیشتینە شاری (ئەلکساندەر پولی). لەوێ، هەر حەوتمان" (دوو عائیلەکەو من) دابەزین و چووینە شوێنی بلێت بڕین.. . گرفتی ئەوە

بوو، چۆن داوای بلیت بکەین، چونکە یۆنانیمان نەدەزانیو یەکسەر ئاشکرا دەبووین کە خەڵکی لایدەو قاچاخین.. . بەجیاجیا پەرت بووین، تاوەکو کەس گومانمان لیّ نەکات.. . پیرەژنێکی یۆنانی پێش من چووە پێش پەنجەرەی بلیت برین و بۆ شاری (سالۆنیك)، بلیتێکی بری.. . منیش هەر لەدوای ئەو، هەمان مەبلەغی پارەم داو بەئیشارەت گوتم" یەك بلیت بۆ سالۆنیك. کابرا گوتی" سالۆنیك؟! بەسەر لەقاندنەوە گوتم" (نێ)، واتە" بەڵێ. پیرەژنەکەم کردە نیشانە، دەچووە هەر شوێنێك، منیش قەرە بەقەرەی ئەو دەرۆیشتم، چونکە نەمدەزانی ژمارەی کورسیو شەمەندەفەرو فارغۆنەکە بدۆزمەوە.. . ئەگەر پرسیاریشم بکردایە، ئاشکرا دەبووم.. .

کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەرۆ، شەمەندەفەر هات و دوای پیرەژن کەوتم، چونکە ژمارەی بلیتەکەمان لەدوای یەك بوو.. . پیرەژن چووە چ فارغۆنێك، منیش چوومە هەمان فارغۆن و لەتەنیشت ئەو دانیشتم. دوو عائیلەکەش سوار بوون، بەڵام دیار بوو لەبەر منداڵەکانیان دەستیان کردبووە قسەو کەشف ببوون، پۆلیس سەرکەوت و دەستگیری کردن. کاتژمێر (٩)ی شەو گەیشتینە شاری (سالۆنیك) کە شارێکی گەورەیەو لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەدوای (ئەسینا)وە دێت.

ئەو شەوە، پارەی یۆنانی (دراخمە)م پێ نەمابوو.. . بانقی ناو (محطەی قطار)یش شەو بوو، قەپات کرابوو.. . ناچار شەو مامەوەو تابەیانی هەر لەدەوروبەری وێستگەی شەمەندەفەر دەسورامەوە. کە بەیانی هات و دەوام دەستی پێکرد (٥٠) دۆلارم گۆڕیەوەو بلیتی (ئەسینا)م بری. بەشرە ئینگلیزییەك قسەم کرد. گوتم" من ئیسپانیم و لەئەسینا ئیش دەکەن، دەمەوێ

بگەڕێمەوە ئەسینا.

کاتژمێر (٨)ی بەیانی ٦/٢٤، لەسالۆنیك بەڕێکەوتم و کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتمە ئەسینا، بەهۆی بەدخۆراکیو ترس و لەرزو ماندوو بوونەوە، ئەو هەفتەیەی لەڕێگا بووم، کێشم (٩) کیلۆ دابەزیبوو. جگە لەوەش، خواردنەکەی ڕێگامان، هەمووی شیرینی بوو، خوێ لەلەشم نەمابوو، تووشی پاڵەپەستۆ دابەزین ببووم.. . تاڕادەیەك، نەمدەتوانی هاوسەنگی خۆم ڕابگرم. لەناو شەمەندەفەر، لەنێوان سالۆنیك و ئەسینا، پیاوێك و پیرەژنێکم لەتەنیشت بوو.. . بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبم، هیچ قسەم نەدەکرد، خۆم وا نیشان دەدا، کە خەوم لێکەوتووە.. . جارو بار پیرەژنەکە میوەو بیبسی دەردەهێناو فەرمووی لێ دەکردم، منیش وەڵامم نەدەدایەوە، گوایە خەوتووم.. . ئاگام لێ بوو، ژنەکە لەگەڵ پیاوەکەی تەنیشتی قسەی دەکرد دەیگوت" ئەوە چی کرد لەگەڵ خەو، لەو ڕێگا دوورەدا، دوو قسەی نەکرد.

لەئەسیناش، هەر بەشڕە ئینگلیزییەکە، گەیشتمە نزیك ناوچەی "ئەمۆنیا"، چونکە سەنتەری کوردەکان بوو.. . دوو جار پرسیارم کرد.. . جاری سێیەم، لەسەری کۆڵانێك، کوڕێك دانیشتبوو، پرسیم" (وێر ئیز ئەمۆنیا)؟ کوڕەکە دیار بوو، ئەو فلیمەی زۆر دیتبوو، یەکسەر گوتی: خەڵکی کێندەری؟! لەخۆشیان خەنی بووم و گەیشتمە ناو کوردەکان و چەند برادەرێکم دۆزیەوەو شوێنی خەوتنم لای ئەوان دابین کرد.

پاش ماوەیەك، لە ١٩٩٦/٧/١٤، ناچار بووین، شوێنەکە جێ بهێڵین.. . بۆیە هاتمە پارکی ئەمۆنیا بۆ خەوتن و حەوانەوە. پارك، باخچەیەکی بچووك بوو، کوردەکان هەر کەسەو بەتەختەدارو مقەبا، بۆ خۆیان شوێنێکیان دروست

کردبوو.. . که تەنها لـەکۆڵێتی مریـشکان دەچـوو.. . هەنـدێکیان بەئاسـتەم دەتوانرا، سەری تێدا ڕاست بکرێتـەوە.. . لەکـەپری سـەر پـەرێزی جووتیـاران دەچوو.. . ئەم پارکە نزیکەی ٧٥٠ کەسی تێدا بـوو.. . شـەوو ڕۆژ دەمـەقاڵێ لێ دەکرا. لەناو ئەو خەڵکەدا، زۆر خەڵکی بێ ڕەوشت و فاشیلی تێدا بـوو. زۆر ئیشی خراپیان دەکرد، لەدزی کردنەوە تا نێربازی (فـرن). ئـەو بەشـە خەڵکـە، شەوان هەڵیاندەکوتایە سەر سوپەر مارکێتان و تاڵانیان دەکرد.. . تا بەیانیش مەشروبیان دەخواردەوە، کە جاری واهـەبوو شـەڕە چـەقۆی لێ دەکەوتـەوە.. . هەر لەم شوێنەدا، سێ چوار سەرتاشی لێ بوو، لەگەڵ چەند دوکـانێکی کۆلیـت ئاسا، کە بریتی بوون" لە نانەواخانەو کەبابخانەو نۆکـاو فرۆشـیو چێـشتخانەی شلەو برنج و ناوساجی دروست کردن و.. .

لەسـەرەتادا، ئـەم کۆمەڵگەیـە، بـچووك و کـەم بـوو، خـەڵکی یۆنـانی



کە پرەکانی پارکی ئەمۆنیا ١٩٩٦- ئەسینا

بەتایبەتیش کەنیسەکان دەهاتن و خێریـان پـێ دەکـردن، خـواردن و بـەتانیو پاکەت و کۆنە جلکیان بەسەردا دابەش دەکردن.

نێربـازی زۆر دەکـرا، لەزۆربـەی پارکـەکان کـە دادەنیـشتی، قونـدەرەکان لەدەوروبەرت دەسوورانەوە.. . لێت نزیك دەبوونەوە، قسەیان لەگـەڵ دەکـردی، تادەگەیشتە ئەوەی تەکلیفی کاری سێکسیت لێ بکەن. جارێکیـان لەگـەڵ دوو برادەر، (ج)و (ش) دانیشتبووین، پیاوێکی تەمەن دەوروبەری (٤٥) ساڵی هاتە لامـان و کەوتـە قـسەکردن. (ج)ی هاورێمـان ئینگیزییـەکی باشـی دەزانیـو لەکاروباری ئاینیش خەلفیەتێکی باشی هەبوو و سەری لێ دەردەچوو.. . کـابرا گوتی" وەرن سوارم بن. (ج) گوتی" وەرە بۆم روون بکەرەوە، ئێوە بۆ ئەم کـارە نائاساییە دەکەن و لەرێ لاتان داوە؟ کابرا بێ سێو دوو کـردن گـوتی" (.. . ئێوەش وەك من ئەو غەریزەتان هەیـە، بـەڵام ئێـوە موسـڵمانن و دینەکـەتان رێگاتان نادات.. . دەنا ئێوەش وەك من حەزتان لێیە، لەبەر کولتوورو عـادات و تەقالیدتان، لەیەکتر دەترسن و ناتوانن بەئاشکرا ئەم کارە بکـەن.. . هـەموو مرۆڤێك ئەو غەریزەیەی هەیە.. . من لەگەنجێتیدا، لەگـەڵ ژنـان ئـەم کـارەم کردووە، ئێستاکە حەزم لەم جۆرەیە.. .).

کابرا بەهەموو توانایەکیەوە دەیویـست قەناعـەت بەئێمـە بکـات. گـەنجی کوردی واش هەبوو، شەوانە لەپارکـەکان چـاوەروانی ئـەو کەسـانەیان دەکـردو لەگەڵیان دەچوونە ماڵەوە... نانێکی باشیان دەخوارد، خۆیان پـاك دەشوشـت، کارەکەیان دەکردو برێك پارەشیان وەردەگـرت... کورێـك هـەبوو، وەرزشـکار بوو... بەئاشکرا دەیگوت" (.. . من کەسم لـەدەرەوە نیـیـە یارمـەتیم بـدات، ناشتوانم ئاوفرۆشتن و دەستفرۆشی بکەم.. . تاقەتی راوە راوی پۆلیسانم نیـیـە..

ئەو کارە دەکەم و پێی دەردەچم.. .). هەرواش بوو، سێ سەد دۆلارێکی کۆکردەوەو پاسەپۆرتێکی ساختەی کڕیو ڕەسمی خۆی لێداو بەڕێکەوت.. . لەکۆنترۆڵ دەرچوو و گەیشتە شوێنی مەبەست.

له ١٩٩٦/٨/١، لەگەڵ کاك (ج)و مامۆستا (ش) دەستم بەئاوفرۆشتن کرد. له ١٠ی بەیانیەوە تا (٤)ی ئێوارە ئاومان دەفرۆشت. ڕۆژانە نزیکەی چوار هەزار دراخمەمان پێ دەبرا... کوڕێکی هەولێری هەبوو، بەئۆتۆمبیل چەند کارتۆن ئاوێك و دوو قالب بەفرو (٣-٤) تەپەدۆری لەفلکەیەك بۆ دادەنایین... ئێمەش ئاوەکەمان دەخستە ناو تەپەدۆرەکان و بەفرمان تێدەکرد، تاسارد دەبوو، ئینجا دەمانفرۆشت.

ئەو ڕۆژەی گەرم بوایە، ئاو باش سەرف دەبوو، لەترافیك کە گڵۆپی سوور پێ دەبوو، ریزی ئۆتۆمبیلەکان زۆر دەبوو، بەخێرایی دەچووین و ئاومان بۆ دەبردن.. . هەبوو تینووی بوو، دەیکڕی.. . زۆر جارانیش، هەبوو هیچ پێویستی بەئاو نەبوو، بەڵام کە دەیدیت، دوو زەلام بەکۆڵێك سمێڵەوە ئاو دەفرۆشن، بەزەیی دەهاتەوەو ئاوەکەی دەکڕی.. . ئەو حاڵە زۆر لەناو ژنەکانیاندا هەبوو.

یۆنانیەکان، ئەوەندە دوژمنی تورك بوون، هەرکە دەتگوت" کوردم.. . یەکسەر جوێنیان بەتورکیاو چیلەر دەدا.. . لەجیاتی (١٠٠) سەد دراخمەش، زۆر جاران (١٥٠-٢٠٠)یان دەداو دەیانگوت" (.. . بە بۆمبای بدەن و لەتورکیای بدەن.. .) وایان دەزانی هەموو کوردێك پەکەکەیەو دوژمنی تورکیایە. تا ٩/١٤ لەم کارەدا، بەردەوام بووم.. . دواتر دنیا سارد بوو و ئەو کاسبییەش باوی نەما.





که پرەکانی پارکی ئەمۆنیا ١٩٩٦- ئەسینا

پێش تێکدانی پارکی ئەمۆنیا، نزیکەی (٨٠٠-٨٥٠) کەسی تێدابوو. لەبەر ئەوەی زۆربەی پێویستییەکان، لەم پارکەدا دابین دەکرا، زۆر جاران یۆنانیەکان دەهاتن و بەپێکەنینەوە دەیانگوت" (کورد پەکی ناکەوێت، خۆی پێویستی خۆی دابین دەکات).

لەناو تەنەکە، بەتەختەدار ئاگرو دوو دەکرایەوە بۆ چێشت لێنان و چا کردن.. . چەند کەنیسەیەکیش هەبوو، هەموو رۆژانی یەك شەموان، بەخۆڕایی خواردنیان دەدایە ئەو خەڵکە.. . ژیان لەم پارکەدا، ئاسایی نەبوو.. خەڵك هەبوو ئیشی دەکرد، هی واش هەبوو، کاری دەست نەدەکەوت، یان هەر نەیدەکرد. ئەم شوێنە کاتیو وێستگەی دەرچوون بوو.. . قاچاخچیەکان ئارامیان لەخەڵکی بڕیبوو.. . شەو نەبوو، (٤-٥) شەڕ لەسەر پارە نەکەن، لەگەڵ ئەو نەفەرانەی کە لەتورکیاوە هێنابوویان. کە دەبووە شەڕو پێکداپڕژان و سەرشکاندن، کار دەگەیشتە ئەوەی دەرو جیرانەکان، تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن،

چونکە خەڵکی ئەویٚ شەڕی لەو بابەتەیان بەخۆوە نەدیتبوو. شەڕە چەقۆو تەختەدارو غەڵبە غەڵبی نیوەی شەوان، جیرانەکانی هەراسان کردبوو. ئەم دیمەنە ناشیرینەی سەنتەری شاریش، زۆر ناشیرین و ناشارستانی بوو.. . بەتایبەتیش بۆ گەشتیارە بیانیەکان، هەر بۆیەش، شارەوانی ئەسینا بەهاوکاری لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی مرۆڤ دۆست و دژ بەرەگەزپەرستیو چەپی یۆنانی، لەڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/١٥، ئەم خەڵکەیان ناونووس کردو گواستنیانەوە بۆ کەمپی (سان ئەندریۆس) کە کەوتبووە سەر دەریاو سەعاتە ڕێیەك بە (پاس) لە ئەسیناوە دوور بوو. ژیان لەو کەمپە کەمێك باشتر بوو.. . قەرەوێلەو بەتانیو دۆشەك دابەش کرا.. . ڕۆژانە، دوو ژەم خواردن دابەش دەکرا.. . لە هەر چادرێکدا (٦-٩) کەسی تێدا دەژیا. کۆمیتەیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو خەڵکە هەڵبژێردرا.. . پارتە کوردییەکان (یەکێتیو پارتیو پەکەکە) ناڕاستەوخۆ دەستیان خستە ناو کاروباری خەڵك و دەستیان کردە حزبایەتی کردن. لەم کاتەدا، ژمارەی کەمپەکە خۆی لە (١٠٠٠-١٢٥٠) کەس دەدا. لەوێش دزی کردن و هەڵکوتانە سەر سوپەر مارکێتان درێژەی هەبوو.. . لەگوندەکانی نزیك کەمپەوە، مریشك و عەلەشیش و کاوڕ دەدزرا.. . ئەو کەمپە (مخیم کەشفی) دیدەوانی بوو، هی وەزارەتی پەروەردە بوو، شارەوانی ئەسینا بەکرێی گرتبوو.. .

لە ١١/٧دا، کوردەکانی کەمپ (٦٩) کەسیان مانیان لەخواردن گرت. داواکانیان بریتی بوون لە" (پێدانی هەقی پەناهەندەیی سیاسیو چاککردنی باری ژیانیان). لە ١١/٨دا، پاش ئەوەی دەسگاکانی ڕاگەیاندن و پارتە بەرهەڵستکارەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەردانیان کردن، پاش

قەناعەت پێهێنان و ڕازی کردنیان، چەند داوایەك وەك" (شەش مانگ ئیقامە دان و کارتی ئیش کردن و چاککردنی خواردن)یان بۆ جێبەجێ کراو مانگرتنەکەش شکا.

لەسەرەتای مانگی (١٢)ی ١٩٩٦دا، هەڵبژاردنێکی تر لەکەمپ ئەنجام درا، بۆ دەست نیشان کردنی خەڵکێك، بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبردنی کەمپەکە. یەکێتیو پارتیو پەکەکە، کەوتنە جوولە جوول و چالاکی نواندن، هەر لایەنەو دەیویست خەڵکی خۆی دەرچێت و نفوزی خۆی زیاد بکات. (٧٠٤) کەس بەشداری دەنگدانیان کرد. (٢١) کەس خۆی هەڵبژارد بوو. لەئەنجامدا (٧) کەس دەرچوون و (٤) کەسیش وەك یەدەگ. لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەسینا - بەشی بیانیەکان و کارمەندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامادە بوون.

ئەم کەسانەی خوارەوە دەرچوون:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ - | ڕزگار محمد قادر | ٥٥٩ | دەنگ | یەکێتیو پەکەکە |
| ٢ - | ئەبو عەلی (فەیلی) | ٥٠٠ | دەنگ | یەکێتی |
| ٣ - | قادر عەلی | ٢٣٥ | دەنگ | یەکێتی |
| ٤ - | فرمان عمر حسین | ٢٢٨ | دەنگ | یەکێتی |
| ٥ - | کاروان ڕەفیق | ٢٢٨ | دەنگ | پارتی |
| ٦ - | دڵشاد کوێستانی | ٢٢٥ | دەنگ | یەکێتیو پەکەکە |
| ٧ - | د.قاسم | ١٦٣ | دەنگ | پەکەکە |

یەدەگەکانیش ئەمانە بوون:-

١ - عەدنان (ناسراو بەعیرفان) ١٦٠ دەنگ یەکێتی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ - | هاوار | ١٥٢ | دەنگ | پارتی |
| ٣ - | ئاڤان | ١٤٩ | دەنگ | یەکێتی |
| ٤ - | جەمال مستەفا | ١٤٩ | دەنگ | یەکێتی |

یۆنانیەکان، ناوە ناوە سەردانی کەمپیان دەکرد، هەندێکیان بەنیازی شارەزا بوون لەکولتووری نەتەوەی کوردو، هەندێکی تریان، یارمەتیو کۆنە جل و بەرگیان، بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد. لەناو ئەو خەڵکەدا، کەسانی وایان تێدا بوو، زۆر شارەزای مێژووی کورد بوو. ڕۆژێکیان، پیرە ژنێك هاتە چادرەکەی ئێمە، پاش قسەو باس و یەکتر ناسین گوتی" من لەلەندەن خوێندنی زانکۆ - بەشی کۆمەڵناسی -م تەواو کردووە. زۆر بەدرێژی باسی گەشتەکەی زەینەفۆن و شکست خواردنی لەکوردستاندا کرد.. . هەروەها باسی شۆڕشەکانی بارزانیو قازی محەمەدی کرد.. . لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی" (..لەدەم و چاوی ژنەکانتاندا، خەمباریو بێ هیوایی دەخوێنرێتەوە، دەڵێی تازە لەزیندان دەرچووینە.. . پیاوەکانتان، ماندوو بێ زەوقن.
کورد لەسەردەمی عوسمانیەکاندا، دژی لەشکری یۆنان جەنگاون و زیانی گەورەیان بە یۆنان گەیاندووە.. . لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پێم وایە، کورد گەورەترین نەتەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە خاوەن کیانی خۆی نیە.. . پێویستە بە مافەکانی خۆی بگات.. .).
نەك ئەو پیرەژنە، زۆربەی خەڵکەکە، لەدەم و چاوی کوردەکاندا، بێ ئومێدیو ڕەشبینیيان دەخوێندەوەو بەئاشکرا باسیان دەکرد.. . ئێمەش بەپێی توانا، بەهۆی برادەرێکی ئینگلیزی زان، باسی ئەو هەموو کارەسات و مەینەتیەمان کرد، کە بەسەر کورددا هاتووەو، ئەنجامی ئەو ڕەشبینیو بێ

ئومێدیەشمان، بۆ ئەو چەوساندنەوەو کارەساتانە گێڕایەوە، کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر کورددا هاتووە.. .

پـــاش هەڵبـــژاردنی دەســـتەی سەرپەرشـــتی کردنـــی کـــەمپ، گروپێـــك لەخوێنـدکارانی زانکـۆی ئەسـینا، بـەنیازی ناسـینی ئـەو خەڵکـە، سـەردانی کەمپیان کردو، کوردەکانیش، ئاهەنگێکی خۆشی گۆرانیو مۆسیقایان بۆ سـاز کردن.. . چەندان گۆرانی بەجۆش و خرۆش، سروودی نیشتمانی لەلایەن هـەردوو گۆرانیبێژ" (تەنیا ئیدریس و دلْشاد کوێستانی) پێشکەشی ئامـادەبووان کـرا.. . خوێندکارەکانیش وەك کوردەکان کەوتنە چەپڵە لێدان و سەماکردن.. . پـاش تـەواو بـوونی ئاهەنگەکـە، خوێنـدکارەکان گوتیـان" (.. . ئێمـە، جـاران واماندەزانی، ئێوە خەڵکێکی بێ کولتـوورن و بەچـاوی دۆم و قـەرەج سـەیرمان دەکـردن.. . وەلێ ئـەمڕۆ دەرکـەوت کـە ئێـوە گـەلێکی کـۆن و خـاوەن کەلەپوورێکی ڕەسەنن لەگۆرانیو مۆسیقادا.. .). دوای ئەوە، بەچەپڵە ڕێـزان و خۆشیو شادییەوە، شاندی خوێندکارەکان بەڕێ کران.

ئـەو کوردانـەی کـە لەکـەمپ نیـشتەجێ بـوون، هـەموویان چـاوەڕوانی دەرچوونیان دەکرد. هەبوو پارەی هەبوو، لەسەر ئەوە ڕاوەستابوو کـەی وەجبـە بەڕێ دەکرێ، بڕوات.. . هەشبوو پـارەی نـەبوو، هـەوڵی دۆزینـەوەی کـارێکی دەدا، تـاوەکو (٥٠٠ -٦٠٠) دۆلارێـك کۆبکاتـەوەو بـڕوات. زۆر جـارانیش یۆنانیەکان، بۆ ئیش کـردن، کوردەکانیـان دەبـرد بـۆ پرتـەقاڵ ڕنـین و شـوانیو کاروباری کرێکاریو بۆیەکاریو.. . تاد.

یۆنانیەکان، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکەکـەدا هـەبوو.. . زۆر جـاران ئەوان تەزکیەی خەڵکیان دەکردو لیستەیان دەدایە یۆنانیەکان بۆ ئـیش کـردن.. ئەوان ناوەکانیان دەنووسیو دەیـانگوت" (.. . ئەوانـە مرۆڤـی بـاش و دەسـت

پاکن، بەڵکو کاریان پێ بکەن.. .) هەر برادەرانی پەکەکەش تەلەفزیۆنێکی ڕەنگاو ڕەنگیان بەسەتەلایتەوە، پێشکەش بەکەمپ کرد.. . تەلەفزیۆنەکە، لەهۆڵێکی گەورە داندرا بوو، خەڵك شەوانە سەیریان دەکرد.. .

لەیۆنانەوەش زۆر ڕێگای دەرچوون هەبوو، وەك"

**١-شاحنە**" قاچاخچیە کوردەکان، لەگەڵ شۆفێری شاحنەیەك ڕێك دەکەوتن.. . بەئاگاداری شۆفێرەکە، چادری شاحنە بارکراوەکە دەکرایەوەو خەڵکەکەیان دەخستە ناوی.. . وارێك دەکەوتن، ئەگەر کەشف بوون، دەبێ خەڵکەکە بڵێن" (ئێمە بەدزی شۆفێر چووینەتە ناو شاحنەکەو ئەو ئاگادار نیە..).

**٢-بن شاحنە**" کاتێك کە شاحنە بارکراوەکان، لەبەندەرەکانی یۆنان، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، نۆرەیان بێت و، بچنە ناو کەشتیەکان.. . خەڵکێك بەدزییەوە، دەچنە بن شاحنەکەو خۆیان حەشار دەدەن. ماوەی سێ ڕۆژ لەبن ئەو شاحنەیە دەمێننەوەو، شاحنەکەش لەناو کەشتیەو دواتر لەسەر شەقامی قیر دەڕوات.. . ئاگای لەوە نیە، نەفەرێك لەبن شاحنەکەیە.. . کە گەیشتە ئیتالیا، شۆفێرەکە لەڕێگادا بەنیازی پشودان لادەداتە چێشتخانەو قاوەخانەو بەنزینخانەکان.. . کابرای بن شاحنەش، ئەوە بەهەل دەزانێ و دێتە دەرەوە.. . بەڵام کە دێتە دەرەوە، جل و بەرگ و دەم و چاوی تەواو ڕەش بووە لەبەر دوکەڵ و تۆزی ڕێگا.. . فلیمێکە لە بۆ خۆی. ئەو ڕێگایە زۆر ترسناکە، جاری واهەبووە نەفەرەکە خۆی بۆ کۆنترۆڵ نەکراوەو لەژێر شاحنەکەدا کەوتۆتە خوارەوەو گیانی لەدەست داوە.. . ئەمەیان ترسناکترین حاڵەتی دەرچوونەو سەرکێشیەکی سەیرو سەمەرەیە.

**٣-بە پاسە پۆرت:** خەڵكێك هەیە، پاسەپۆرتێكی بیانی (بەزۆریش یۆنانی) پەیدا دەكات و ڕەسمی خۆی لێ دەدات و بەكۆنترۆڵدا دەڕوات. ئەمەش خۆو بەختە. جاری وا هەیە كەشف دەبێت و دەگێڕدرێتەوە. جاری واش هەیە دەردەچێت. پاسەپۆرتە یۆنانیەكانیش، بەزۆری لەو كەسە سەرخۆش و (مدمن)انە، بەنرخێكی هەرزان دەكڕدرێت.. . چونكە ئەوان، لە بۆ پارەو دابین كردنی ماددە بێ هۆش كەرەكان، پاسەپۆرتەكانیان دەفرۆشن.

**٤-كەشتی:** نەفەرەكان بەدزییەوە دەچنە ناو كەشتیەكان و لەشوێنە نادیارو كون و، قوژبنەكان، خۆیان حەشار دەدەن.

**٥-فڕۆكە:** بەپاسەپۆرتێكی ساختە (مزور)، سواری فڕۆكە دەبێت.

یۆنان ولاتێكی خۆش و سەرنج ڕاكێشە. هاوینان پڕ دەبێت لەگەشتیاری بیانی.. . كەش و هەوای كەمێك لەكەش و هەوای كوردستان دەچێت. داب و نەریتی خەڵكەكەش، زێتر لەخەڵكێكی ڕۆژهەلاتی نزیكن. لەگەڵ ئەوەشدا، دیاردەی (نێربازی) لەیۆنان، بە بۆچوونی من لەهەموو شوێنێك زێترە... ئەگەر سەیری دەورو پشتی ئەو تەوالێتانە بكەیت، كە لەسەنتەری شارەكان و پاركەكاندا هەیە، چەندان كەس دەبینی چاوەڕوانی خەڵكێك دەكەن بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە.. . یەكەمجار سەیرت دەكەن، مجامەلەت دەكەن، لە بەهانەیەك دەگەڕێن تاوەكو دەرگای گفتوگۆ بكەنەوە.. . ئینجا داوات لێ دەكەن. كوردەكان لەناوخۆیان، ناوێكی نهێنیان لەم كارە ناوەو پێی دەڵێن (فرن). ئەگەر یەكێك ئەو كارە بكات، دەڵێت" (فلان كەس كاری فرن دەكات).

ئەو دیاردەیە، لەسەرتاپای ئەوروپادا، بەشێوەیەكی جۆر بەجۆر بلاوبۆتەوە. لەولاتانی وەك دانیمارك و هۆڵەنداو بەریتانیاو هەندێك لەویلایەتەكانی ئەڵمانیادا، یاسای تایبەتی پێ دەرچووەو بەئاشكرا ئەنجام دەدرێت. كوڕێك و

کورێك وەك ژن و مێرد، پێکەوە دەژیـن. یـەکێکیان ڕۆڵـی ئـافرەت دەبینێـو ئەوەی تریان ڕۆڵی پیاو.. . بەپێـچەوانەش، کـچ و کـچ بەهــەمان شـێوە، ئـەم دیاردەیە، پێی دەڵێن" (تانتاریە).

لەکــەمپی یۆنــان، وەك هــەموو خــەڵکێك، ســەعات (١)ی شــەو ١٢-١٩٩٦/١٢/١٣، بڕیاری سەفەرکردنمدا.. . گرووپی ئێمــە (٥٦) کـەس بـووین. هەر کۆمەڵەو لەشوێنێك کۆکرابوونەوە. چەند دەسـتە کێـك و دەسـتە جلێکـی پاك و یەك دوو دەبەی ئاو خواردنەوەو چـەند دەبەیـەکی بۆشـیش بـۆ میزکـردن ئامادە کراو، چوار چوار بەتاکسییەك بەرەو شوێنی شاحنەکە کەوتینـە ڕێ.. . شاحنەکە، تانیوەی لە (دەبە تورشی) بارکرابوو. مقەبایان خستبووە سەر دەبـە تورشییەکان و ئەو خەڵکەیان تێکرد. سەعات (٧)ی بەیانی، شاحنەکە بـەرەو بەندەری (پاترا)ی یۆنانی کەوتە ڕێگا. گەیـشتینە پـاترا. لـەوێ ماینـەوە، تـا سەعات (٩)ی شەو، ئینجا شاحنەکە چـووە نـاو کەشـتییەکە.. . خەڵکەکـە بریتی بوون لـە" پاکـستانیو مـەغریبیو کـوردو سـوری.. . نـەدەبوو بـەهیچ جۆرێك فزەت لەبەر بێ، چونکە پاسەوانی کەشتییەکە، بـەین نابـەین دەهاتـە دەوروبەری شاحنەکان و ئاگادارییانی دەکرد. کەشتییەکە بەڕێکەوت و ئێمەش لەناو شاحنەین.. . بەو چلەی زستانە، هەمووومان ئارەقـەمان کردبـوو، دەرەوە سارد بوو، ژوورەوەش لەبەر هەناسەدان و بۆنی میـز گـەرم بـوو.. . چـادرەکە بەهۆی ئەو هەڵمە دووکەی ناوەوەو سـاردی دەرەوە بخـاری کردبـوو و لەشـێوەی دڵۆپـە تـك تـك دەهاتـە خـوارەوە. هــەمووومان مگێـزی خواردنمـان نـەبوو، مەعیدەمان تەواو گیرابوو.. . ماوەیەکی زۆر، نزیکەی (١٨) سەعات ڕۆیـشت و گەیشتە بەندەرێکی ئیتالیو کەشتییەکە ڕاوەستا.. . شـاحنەکانیش هاتنـە دەرەوەو لەشەقامی قیڕدا کەوتنـە ڕێگـا. سـەعات (٧,٣٠)ی شـەوی ١٢/١٤

لەشــارێکی بــچووکی ئیتالیــا بــەناوی (بــشیلیا)، لەچــۆلەوانیەك شــاحنەکە ڕاوەستاو، شۆفێرەکە هاتە خوارەوەو چادرەکەی لەسەر کردینەوە.. . ئێمــەش، بەخێرایی دەست و بردمان کردو خۆمان فڕێدایە خوارەوە. ئــەو خەڵکــە، گــروپ گروپ، بەناشارەزایی بــەو دەشــت و دەرە وەربــوون و هــەر گروپــەو بەلایەکـدا ڕۆیشتن. ئێمە (٨) کەس بووین، چووینە گوندێك و وێستگەی شــەمەندەفەرمان دۆزییــەوە. ســەعات (١٢)ی شــەو ســواری شــەمەندەفەر بــووین و بەشــاری (ناپولی)دا، تێپەڕین. ســەعات (٦,٣٠)ی بــەیانی ١٢/١٥ گەیــشتینە شــاری (ڕۆما). چووینە ئەو کەنیسەیەی کە کوردەکان لێی کۆدەبوونەوە، بەڵام بەختی ئێمە قەپات کرابوو.. . هــەر لەدەوروبــەری کەنیــسەکە، لــەژێر تارمــەی ریــزە دوکانێك (٤ -٥) کوردمان دۆزییەوە، کە شەو بــەو ســەرمایە لەســەر مقــەبادا دەنووستن. کوردەکان گوتیان" (.. . لێرەوە دەرچوون زۆر ئاسانە، ئــەوەی ٢٠٠ دۆلارێکی پێ بێت، دەگاتە ئەڵمانیا). ئەوان نەخشەی ڕێگایــان بــۆ کێــشاین و خستمانە باخەڵمان، کە تەواو لــەڕێگای پاڵــەوانی حیکایەتــە ئەفــسانەییەکان دەچوو.

سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ، چووینە وێستگەی شەمەندەفەری شــاری (ڕۆمــا)و بۆ شاری (ڤانتیمینا)، بلیتمان بڕی. ئەو شارە، دوا شاری ئیتالیایەو دەکەوێتە ســەر ســنووری فەرەنــساوە.. . ســەعات (٨,٢٠)ی ئێــوارەی هــەمان ڕۆژ، گەیشتینە ئەو شارە سنوورییە. هەر ئەو دەمە، بــەپێ بەڕێکــەوتین و بەپــشت خــاڵی پــشکنین (ســیطرة)ی نێــوان ئیتالیــاو فەرەنــسادا ڕۆیــشتین و چــەند توونێلێکمــان بڕیــو ســەعات (١١)ی شــەو گەیــشتینە شــاری (مۆنتیــۆن)ی فەرەنسی، ئەو شــەوە تاســەعات (٥,١٠)ی بــەیانی ١٢/١٦ هــەر لــەکۆلان و دەوروبەری وێستگەی شــەمەندەفەر، دەســووڕاینەوە. بــۆ بەیانیەکــە، دەرگــای

وێستگە کرایەوە. چووین بۆ شاری (نیس)، بلیّتمان بڕی. سەعات (٨)ی بەیانی گەیشتینە (نیس)و لەبەر ئەوەی لەیەکتر کۆبووینەوەو غەلّبە غەلّبمان دەکرد، پۆلیسێکی مەدەنی (هەویە)ی پۆلیسی پیّ نیشان داین و گوتی" (من پۆلیسی فەرەنسیم، تکایە پاسەپۆرتەکانتان بدەن. . ) ئێمەش گوتمان" (کوردی عیراقین و هیچمان پیّ نیە). پۆلیسەکە تەلەفۆنی بۆ بنکە کردو دوو جێبی پۆلیس هاتن و، دوو دوو بەیەکەوە کەلەبچەیان کردین و بۆ بنکەی پۆلیسیان بردین. پاش لێکۆڵینەوەو بینەو بەردەو درۆو دەلەسە کردنێکی زۆر، توانیمان پۆلیسەکە ڕازی بکەین. . کچە تەرجومانێکی عەرەبی میسری بۆ دۆزینەوە. هەر بەتەلەفۆن کچەکە لەئێمەی دەپرسیو وەڵامەکانی ئێمەی دەدایە لێکۆڵەرەوەکە.

پاش ئەوەی تەواو بووین، وەرەقەیەکی بۆ کردین، کە تا (٢٤) سەعاتی تر دەبیّ فەرەنسا بەجیّ بهێڵین. . بەو مەرجە مەمنوون بووین. سەعات (١,١٠)ی نیوەڕۆی ١٢/١٦ بەرەو شاری (ستراسبۆرگ) بەڕێکەوتین کە (١٠٤٦) کم لە نیسەوە دوور بوو و نزیکەی (١٢) سەعاتێك دەبوو. سەعات ١٢,٢٥ گەیشتینە (ستراسبۆرگ) هەر بەو شەوە، لەوێش چوار سواری تاکسی بووین و، بەرەو شاری (کێل)ی ئەڵمانیا کەوتینە ڕێگا. (کێل و ستراسبۆرگ)، گەرەکەکانیان تێکەڵەو بەزەحمەت سنورەکان لەیەکتر جیا دەکرێنەوە. لە (کێل)ەوەش، دیسان چوار تاکسیمان گرت و سەعات (٢,٣٠)ی شەو گەیشتینە شاری (کارلسرۆ)ی ئەڵمانیا. یەك دوو ڕۆژ دواتر، خۆم تەسلیمی کەمپ کردو، پاش لێکۆڵینەوەو تەواو کردنی دادگایی کردن، بۆ یەك دوو شاری تریان گواستمەوەو بەهەشت (٨) مانگ (ئیقامەی ئینسانی - ٥١)م وەرگرت.

# پەراوێزەکان:

١) صلاح عصام أبو شقرا، الأكراد شعب المعاناة نافذة على واقعهم في لبنان والعالم، بيروت، ١٩٩٩، ص٦٠.
٢) حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٠٨.
٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.
٤) ئەمجەد شاکەلی، ڕۆژهەڵاتناسی زانستێکی کۆلۆنیالیستانەی ڕۆژاوایە، ڕۆژهەڵاتناسیش لەباشترین حاڵدا دژی ڕۆژاواییەن، ڕۆژنامەی (میدیا) ژمارە (١١٣)، ٢٠٠٢/١/١، ل٧.
٥) پروفیسور د.خلیل اسماعیل محمد – دلشاد مصطفى وەسانى، خط ٣٦ بين الحقيقة والخيال، گولان العربي، العدد (٤٧) نيسانی ٢٠٠٠، ص١٠٧.
٦) نزار آغريي، كاكا والجدار، الأكراد بين منازلة الجدران وتفيئها، دار الجديد وكوردنامه، ١٩٩٦، بيروت، ص١٢١.
٧) ئاسۆ جەبار، کۆچ و سەفەر، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٥٦.
٨) ئیسماعیل تەنیا، ڕۆژژمێری تایبەتی.
٩) (mbc)، کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی، ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٩.
١٠) میدیاکانی جیهان و ڕۆژژمێری تایبەتی (ئیسماعیل تەنیا).
١١ – رجائي فايد – أحمد بهاءالدين شعبان، أجلان الزعيم.. والقضية، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٩٨.
١٢) ئیسماعیل تەنیا، ڕۆژژمێری تایبەتی.
١٣) ئاسۆ جەبار، کۆچ و سەفەر، ل٢٥٣.
١٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٤.
١٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٥.
١٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣.
١٧) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٥٤و ٢٥٥و ٢٥٦و چەند لاپەڕەیەکی دواتر... زۆربەی ڕووداوەکانی شەڕی براکوژی لەم کتێبە وەرگیراون، کە ئەویش لەکتێبی (هاوڕێ نامە)ی (هاوڕێ باخەوان)ی وەرگرتووە.

١٨) شێرزاد هەینی، هەولێر تادبلن، هاڤیبوون، ژمارە (٥)، ١٩٩٩، ل١٩٣.
١٩) شێرزاد هـەینی، هـەولێر تـادبلن، بەشـی دووەم، هـاڤیبوون، ژمـارە (٤)، ١٩٩٨، ل١٩٠.
٢٠) کۆچ و سەفەر، ل٢٥٤.
٢١) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٥.
٢٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٢.
٢٣) نامۆ عەزیزو تیلمـان مـوولێر، لـەولاتی ژنکـوژە ئاییتنییەکانـدا، وەرگێڕانـەوەی: هێدی، گۆڤاری (هاوار)، ژمارە (٩)، ساڵی ٢٠٠٠، ئەڵمانیا، ل١٦.
٢٤) فاروق ڕەفیق، خۆرئاواو (ئەو)ەکانی موسڵمان وەکو (ئەوەی خۆرئاوا)، ڕەهەند، ژمارە (٨)، ساڵی ١٩٩٩، ل٧٠.
٢٥) کۆچ و سەفەر، ل٢٦٣.
٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.
٢٧) هەمان سەرچاوە، ل٢١٣.
٢٨) ڕۆژنامەی (پەیام)، ژمارە (٣٢)، نەورۆزی ٢٠٠١، لەندەن، ل٨.
٢٩) هەمان سەرچاوە، ل٩.
٣٠) هەمان سەرچاوە.
٣١) کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپاو عەرەبی، بەتایبەتیش تەلەفزیۆنەکان.
٣٢) کۆچ و سەفەر، ل٢٢٤.
٣٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤.
٣٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٤.
٣٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
٣٦) د.عەبـدوڵڵا غـەفور، جوگرافیـای کوردسـتان، چـاپی دووەم، هـەولێر، ٢٠٠٠، ل١٦٠.
٣٧) کوردێـک لەئـەڵمانیاو کـوردێکی تـر لەسویـسرا خۆیـان کوشـت، مانگنامــەی (سەکۆ)، ژمارە (٤٤)، ئابی ١٩٩٩، ل١.
٣٨) هەمان سەرچاوە، ل١.
٣٩) کەناڵی ئاسمانی (K.Tv)، دەنگ و باس، ٢٠٠٢/٢/٨.
٤٠) زاگـرۆس، زایەڵــەی ویـژدان، گۆڤـاری (پـەڕەنگ)، ژمـارە (١)، سـاڵی ١٩٨٨، ئەڵمانیا، ل٢٨.

٤١) هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

٤٢) محمد عامر دێرشەوی، سیاسة المانيا تجاه الأجانب، ١٩٨٨، المانيا، ص٥٥.

٤٣) پەڕەنگ، ژمارە (١)، ل٢٤.

٤٤) کۆنە سیخوڕی عێراق (حوسێن سومێدە)، لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ" ((بۆم دەرکەوت مەبەستی سەرەکیی‌و ڕاستەقینەی باڵیۆزخانەکان، دەستگیر کردن و ڕفاندنی دوژمنەکانی سەددام حوسێنە، ئەمە هۆی بنەڕەتیی بوونی دام و دەزگای خەفێتیی‌و، بگرە حکومەتی عێراقی خۆیشی بوو. تەنانەت ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵاتیش لەپلەی دووەمدا دەهات. ئەوەشم زانی کە باوکم ئەو ئەرکەی، هەر نەبێ لەپۆڵۆنیاو برۆکسل، بەئەنجام گەیاند بوو. هەمیشە وای بۆ دەچووم کە کاری باوکم و چالاکییەکانی، زۆر لەئەرکی دیپلۆماسییانەی پتر بەخۆوەگرتبوو. دەمەتەقێم لەگەڵ کارمەندانی باڵیۆزخانەکەدا ئەوەی بۆ یەکلایی کردمەوە. ڕۆژێکیان دوو پیاوی سەر بە خەفێگەرێتی لەهۆڵی (إستعلامات)ی باڵیۆزخانەکەدا وێستابوون و زۆر بەکوڵ پێدەکەنین و سوعبەتیان دەکرد. لێم پرسین چ باسە.
یەکێکیان دەستی بۆ سنووقێکی گەورە درێژ کرد کە (تاخمی ماڵەوە)ی لەسەر نووسرابوو، گوتی: (تەماشای ئەو سنووقە گەورەیەی ئەوێندەر بکە). خەیاڵێکی دڵتەزێنم بەمێشکدا هات. گوتم" (چییەتی؟).
یەکێکیان بەدەم پڕمەی پێکەنینەوە گوتی" (وایە، تاخمە کورسییەکەو دانیشتوویەکی لەسەرە). پێکەنینەکەیان بەمە زیادی کردو بەلاڕانی خۆیانیاندا دەکێشا. وەك یەکێ تێگەیشتبێ، گوتم: (ئەها، ئەو ڕێبوارە بەختەوەرە کێیە؟و باسی وام بیستبوون بەڵام هێشتا زەحمەت بوو باوەڕ بکەم).
"یەکێکە لەکوردە زۆڵەکان، لەپرخەی خەودایەو دەچێ لەو بەغدا جوانە پشوو دەدا.")).

بۆ درێژەی ئەم باسەو کردەوەکانی باڵۆیزخانەکانەی عێراق لەدونیادا، بڕوانە"
– حوسێن سومێدەو کارۆڵ جێرۆم، بازنەی ترس، کاوێز عەبدوڵڵا، لەئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (میدیا) ژمارە (١٧) چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل٦٨–٧٠.

٤٥) محمد عامر دێرشەوی، سیاسة المانيا تجاه الاجانب، ص٤٥.

٤٦) مەریوان وریا قانع، ناسیۆنالیزمی دوور مەودا (کورد لەدەرەوەی کوردستاندا) دۆخی هۆڵەندا، ڕەهەند، ژمارە (٩–١٠)، ساڵی ٢٠٠٠، ل٨٩.

٤٧) محمد عامر دێرشەوی، سياسة المانيا تجاه الاجانب، ص٤٢.
٤٨) ئیسماعیل تەنیا، ڕۆژژمێری تایبەت.
٤٩) بەختیار عەلی، کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی، خوێندنەوەیەك لەوێنەو ئەفسانەکانی سەفەرو تاراوگە بووندا، بەشی یەکەم، ڕەهەند، ژمارە (١٢-١٣)، ٢٠٠١، ل٣٠.
٥٠) ئێستاکە بۆتە" (کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان).
٥١) مەریوان وریا قانع، ڕەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ل٨٤.
٥٢) هەمان سەرچاوە، ل٨٤.
٥٣) محمد عامر دێرشەوی، سياسة المانيا تجاه الاجانب، ص٦٢.
٥٤) مەریوان وریا قانع، ڕەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ل٧٥.
٥٥) ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕووناکبیر، وەرگێڕانی" ئەبوبەکر خۆشناو، ٢٠٠١، سلێمانی، ل٩٣.
٥٦) بەختیار عەلی، ڕەهەند، ژمارە (١٢-١٣)، ل٣٠.
٥٧) فاروق ڕەفیق، ڕەهەند، ژمارە (٨)، ل٦٦.
٥٨) شۆڕش خالید ئاژگەیی، مەلتی دانیمارك، گوڵان، ژمارە (٢٩٥)، ٢٠٠٠/٩/٧، ل٣٦.
٥٩) بۆ ئەمانەت، ژمارەو تاوانەکان و شتە بەڵگەیی‌یەکانی تایبەت بەم بابەتەی پەیوەندیدار بەئەڵمانیا، لەژمارە (٢٠، ٢٣، ٤٥، ٤٦، ٤٧)ی مانگنامەی (سەکۆ) وەرگیراوە، کە لەبەرلین دەردەچێت.
٦٠) گۆڤاری:
Wirtschhafts Magazin der IHK HEILBRONN- Franken. Nr- ٤. April ٢٠٠٢. P٥٠.
٦١) ڕەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ساڵی ٢٠٠٠، ل٧٢.
٦٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٦.
٦٣) سەکۆ، ژمارە (٣٨)، دوا لاپەڕە.
٦٤) مجلة (إستيقظ)، ٨ نيسان، ٢٠٠٢، ص٧.
٦٥) ڕۆژنامەی (Turkiya)ی تورکی، ١٩٩٩/٢/٦، ل١٢.
٦٦) هەڵاڵە رافع، ژنان لەبازاڕی کاردا، پەیام، ژمارە (٢٧-٢٨)، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠، ل٢٤.
٦٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

٦٨) سەکۆ، ژمارە (٣٨)، کانوونی یەکەمی ١٩٩٩، ل٩.
٦٩) پەیام، ژمارە (٢٧ –٢٨)، ل٢٤.
٧٠) سەکۆ، ژمارە (٤٣)، ل٩.
٧١) حەمەسەعید حەسەن، کتێبێکی بەخوێن نووسراو، گۆڤاری (هاڤیبوون) ژمارە (١٠)، ٢٠٠٢، ل٢٥.
٧٢) سەکۆ، ژمارە (٤٩)، نیسانی ٢٠٠١، ل٩.
٧٣) هاڤیبوون، ژمارە (١٠)، ل٢٩.
٧٤ – کەناڵی ئاسمانی (الجزیرة)، برنامج (مراسلو الجزیرة)، ٢٠٠٢/١/٢٥.
٧٥) عەبدوڵڵا ئیبراهیمی، ژن بەژنە دابێکی دزێوی چەوسانەوەی ژن لەکۆمەڵی کوردەواری، گۆڤاری (هەوار)، ژمارە (٣)، خاکەلێوەی ١٩٩٨، ئوسترالیا، ل٣٥.
٧٦) سەکۆ، ژمارە (٤٥)، ئەیلولی ٢٠٠٠.
٧٧) مجلة (إستیقظ)، ٨ نیسان ٢٠٠٢، ص٧.
٧٨) بێوار، ژمارە (٦٩)، ئازاری ٢٠٠٢، ل٥.
٧٩) سەکۆ، ژمارە (٤٩)، نیسانی ٢٠٠١، ل٩.
٨٠) هەمان سەرچاوە.
٨١) ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کوردو ڕوسیا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، ل١٤٥ ول١٩٥.
٨٢) د.ڕەشاد میران، رەوشی ئاییزیو نەتەوەیی لەکوردستاندا، چاپی دووەم، کوردستان – هەولێر، ل٧.
٨٣) ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کوردو ڕوسیا، ل١٦٢.
٨٤) هەر بۆ نموونە" بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئامۆژگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی– زانکۆی (جۆرج تاون)ی ئەمریکی، کوردەکانی سۆڤیەت یەك ملیۆن و نیوە. سەیری کتێبی" (سیاسة المانیا تجاه الاجانب، ص١١) بکە، کە ئەویش ئەو زانیارییانەی لەکتێبی (مصطفی البارزاني زعیم الحرکة القومیة الکردیة المعاصرة، عبدالقادر بریفکاني، القاهرة، ١٩٩٦) وەرگرتووە. کتێبەکەی (بریفکانی)یش لەساڵی ١٩٩٦دا چاپکراوە... ئەم بۆچوونەی ئامۆژگای ناوبراو دەبێ پێش چاپکردنی ئەم کتێبەی بریفکانی بێت. کەواتە" دەبێ ژمارەی کوردەکانی سۆڤیەت، ئێستاکە لەملیۆن و نیوێك زێتر بێت.
٨٥) د.جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥، ل١.

٨٦) بێوار، ژمارە (٣٣) نیسانی ١٩٩٩، ل١٥.
٨٧) ئیسماعیل تەنیا، چەند پووشێك بۆ هێلانەیەکی تر، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٦٦.
٨٨) صلاح عصام أبو شقرا، الأكراد شعب المعاناة، ص٦٨.
٨٩) هەمان سەرچاوە، ل٦٩.
٩٠) ئەمین زەکی بەگ، پێیۆ لەسەر ئەوە دادەگریۆ کە مەسیحیو جووەکانی کوردستان بەنەژاد کوردن... بڕوانە" (رەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستاندا)، ل٣٦. هەروەها د.جەمال نەبەز پێی وایە هەر کەسێك خۆی بەکورد بزانێو هەست بەکورد بوونی خۆی بکات خەڵك بڵێن و نەڵێن ئەوە کوردە... بڕوانە" (گۆڤاری هاڤیبوون، ژمارە ٩، ٢٠٠١، ل١١٠).
٩١) لەم بارەیەوە، (شاعیری گەورەو کۆچکردووی عێراق "جەواهیری" ووتوویەتی: "بەڕاستی شێخەکانی مقاماتی عێراقی زۆربەیان یەهودی عێراقی بوون، بەڵام ئەوان ئێستا لەوێن!! چیرۆکێکی دوورو درێژە، چۆن ئێمە ئەوانمان دا بەئیسرائیل، خۆیان دایانن بەئیسرائیل –وڵاتە عەرەبەکان، ئیسماعیل تەنیا –و ئێستاش دێین باسی نیشتەجێ کردنی یەهوود دەکەین. سی چل هەزار گەنج و پیاوی کارامەو ڕۆشنبیری جوولەکەی عێراقمان دا بە ئیسرائیل".).
بڕوانە کتێبی" جوولەکەکانی کوردستان، ئەحمەد باوەڕ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ل١٠٩.
٩٢) ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستاندا، ل٣١.
٩٣) هەمان سەرچاوە، ل٣١.
٩٤) MED.TV، بەرنامەی (دیداری ئازیزان)، ١٩٩٨/٤/٣، کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ بەکاتی ئەڵمانیا.
٩٥) رجائی فاید – احمد بهاءالدین شعبان، اوجلان الزعیم... والقضیة، ص١٨.
٩٦) ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستاندا، ل٤٨.
٩٧) هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٩٨) اوجلان الزعیم.. والقضیة، ص١٨.
٩٩) ڕزگار هەمەوەندی، کوردەکانی ئوردون و ڕۆڵیان لەدروست کردنی ئوردوندا، گۆڤاری (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٢)، ٢٠٠٠، ل٣٤–٣٥.
١٠٠) فازیل کەریم ئەحمەد، گۆرانەکانی کۆسۆڤۆ، (پەیام)، ژمارە (٢٣–٢٤)، مایس و حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل٨.

١٠١) medyaTV، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (غیاث الدین سایان)ی ئەندام پەرلەمانی ویلایەتی بەرلین کە سەر بە پارتی (PDS)ی ئەڵمانیایە، شەوی ١٩٩٩/١٢/١٥.
١٠٢) K.TV کەناڵی ئاسمانی، دەنگ و باس، ٢٠٠١/١/٦.
١٠٣) بێوار، ژمارە (٤٠-٤١)، نۆڤێمبەرو دێسێمبەری ١٩٩٩، ل٤.
١٠٤) ڕەهەند، ژمارە (١٢-١٣)، ساڵی ٢٠٠١، ل٧٧.
١٠٥) سياسة المانيا تجاه الأجانب، ص١١.
١٠٦) و. بارتولد، تأريخ الترك في آسيا الوسطى، ترجمة: د.احمد السعيد سليمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٦، ص١٧.
١٠٧) نفس المصدر، ص٤٤.
١٠٨) نفس المصدر، ص١٧.
١٠٩) نفس المصدر، ص١٨.
١١٠) مارتین فان بروئینێسن، ڕاپەڕینی عەلەوییە کوردەکان لەتورکیا، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: گوشاد حەمەسەعید، گۆڤاری (هاڤیبوون)، ژمارە (١٠)، ساڵی ٢٠٠٢، ل٣١.
١١١) ئیسماعیل بێشکچی، تێزی تورك بۆ مێژوو تیۆری زمانی خۆرو کێشەی کورد، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٠٨.
١١٢) د.فؤاد حمه خورشيد مصطفى، القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، كوردستان، اربيل، ٢٠٠١، ص٩٩.
١١٣) د.گویندتەر دێشنەر، کورد: گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، گۆڕینی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٩٩، ل١٠٠.
١١٤) ئیسماعیل بێشکچی، پێی وایە" ئەم دوو نەتەوەیە بەرەچەڵەك کوردن. بڕوانە کتێبی" تێزی تورك بۆ مێژوو، ل٢٠٢.
١١٥) هاڤیبوون، ژمارە (١٠)، ل٣٢.
١١٦) هەمان سەرچاوە، ل٣٢.
١١٧) حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، ئاوریلی ٢٠٠١، هەولێر، ل٣٩٤.
١١٨) ئینۆنۆ، کاتێك کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بووە، لە ٣٠ی ئابی ١٩٣٠دا، دەڵێ" (تەنها نەتەوەی تورك هەقی ماف و داواکردنی ڕەگەزی تورکی‌و نەتەوەپەرستی لەم وڵاتەدا هەیە). بڕوانە" اوجلان الزعيم... والقضية ، ص٢٢.

١١٩) بەپێی بۆچوونی نووسەرانی عەرەب وەك" رجائي فايدو احمد بهاءالدين شعبان، کورد لە ٣٠٪ی هەموو رووبەری تورکیادا دەژین و ژمارەیان دەگاتە ٢٠ ملیۆن کەس. بڕوانە کتێبی: أوجلان الزعيم... والقضية، ص٢٠.

١٢٠) نزار آغري، كاكا والجدار، ص١٢٧.

١٢١) نفس المصدر، ص٢٨٠.

١٢٢) ئیسماعیل بێشکچی، تێزی تورك بۆ مێژوو، ل٩٤.

١٢٣) هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

١٢٤) القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، ص٧٠.

١٢٥) أوجلان الزعيم والقضية، ص٣٨-٣٩.

١٢٦) تێزی تورك بۆ مێژوو، ل٢٠٧.

١٢٧) حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ل٣٤٧.

١٢٨) تورکیا لەگەڵ هۆڵەندا لەسەر ئەم شتانە بەوردی ڕێکەوتووەو زمانی کوردی وەك چۆن لەتورکیا یاساغە ئاوا لەڕێگای پەیمانی هجرەی نێوان تورکیاو هۆڵەنداوە، لەهۆڵەنداش یاساغە... بەپێی ئەو پەیمانەی لەگەڵ تورکیا بەستوویەتی هیچ زمانێکی دیکە بەڕەسمی ناناسێت بۆ قسە کردن لەگەڵ کرێکارە کۆچکردووەکانی جگە لەهۆڵەندیو تورکی... لەمە خراپتر ئەوەیە گەر کوردێکی تورکیا مامەڵەی کەوتە لای دەوڵەتی هۆڵەندیو زمانی هۆڵەندی نەزانی ئەو موتەرجیمەی بۆ بانگ دەکرێت تورکە نەك کورد... جگە لەمە کوردەکانی تورکیا لەهۆڵەندا ناتوانن ناوی کوردی لەمناڵەکانیان بنێن گەر هاتوو قونسوڵیەتی تورکی لەهۆڵەندا ئەو ناوە پەسەند نەکات، ئەم قونسوڵیەتە لیستی تایبەتی ناوی تورکی لایەو ئەو ناوانەی لەو لیستەیەدا نەهاتوون ناتوانرێت لەمنداڵان بنرێت. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە" ڕەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ساڵی ٢٠٠٠، ل٧٢.

١٢٩) أوجلان الزعيم والقضية، ص٩٢.

١٣٠) کاوە ئەمین، کەسك، سوور، زەرد، پەیام، ژمارە (٢٣)، ئازاری ٢٠٠١، ل١٩.

١٣١) سەکۆ، ژمارە (٣١)، ئایاری ١٩٩٩، ل١.

## سەرچاوەکان:


١) ئاسۆ جەبار، کۆچ و سەفەر، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢) ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کوردو ڕوسیا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩.

٣) ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠.

٤) ئەمجەد شاکەلی، ڕۆژهەڵاتناسی زانستێکی کۆلۆنیالیستانەی ڕۆژاوایە، ڕۆژهەڵاتناسیش لەباشترین حاڵدا دزی ڕۆژاواییە، ڕۆژنامەی (میدیا) ژمارە (١١٣)، ٢٠٠٢/١/١.

٥) ئیسماعیل بێشکچی، تیزی تورك بۆ مێژوو تیۆری زمانی خۆرو کێشەی کورد، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٦) ئیسماعیل تەنیا، چەند پووشێك بۆ هێلانەیەکی تر، هەولێر، ٢٠٠٠.

٧) ئیسماعیل تەنیا، ڕۆژژمێری تایبەت.

٨) ئیدوارد سەعید، ڕۆڵی ڕووناکبیر، وەرگێڕانی" ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠١.

٩) مجلة (إستيقظ)، ٨ نيسان ٢٠٠٢.

١٠) بەختیار عەلی، کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی، خوێندنەوەیەك لەوێنەو ئەفسانەکانی سەفەرو تاراوگە بووندا، بەشی یەکەم، ڕەهەند، ژمارە (١٢-١٣)، ٢٠٠١.

١١) بێوار (مانگنامە)، ژمارە (٣٣، ٤٠-٤١، ٦٨).

١٢) پەیام (ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٢)، نەورۆزی ٢٠٠١، لەندەن.

١٣) پەڕەنگ، ژمارە (١)، ١٩٨٨، ئەڵمانیا.

١٤) د.جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

١٥) کەناڵی ئاسمانی (الجزيرة)، برنامج (مراسلو الجزيرة)، ٢٠٠٢/١/٢٥.

١٦) هاڤیبوون (گۆڤار)، ژمارە (٩)، ٢٠٠١، ئەڵمانیا.

١٧) هەلاڵە رافع، ژنان لەبازاڕی کاردا، پەیام، ژمارە (٢٧-٢٨)، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠.

١٨) و. بارتولد، تأريخ الترك في آسيا الوسطى، ترجمة: د.احمد السعيد سليمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٦.

١٩) گۆڤاری:
Wirtschhafts Magazin der IHK HEILBRONN- Franken. Nr- ٤. April ٢٠٠٢. P٥٠.

٢٠) زاگرۆس، زایەڵەی ویژدان، گۆڤاری (پەڕەنگ)، ژمارە (١)، ساڵی ١٩٨٨، ئەڵمانیا.

٢١) حەمەسەعید حەسەن، کتێبێکی بەخوێن نووسراو، گۆڤاری (هاڤیبوون) ژمارە (١٠)، ٢٠٠٢.

٢٢) حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، هەولێر ٢٠٠١.

٢٣) حوسێن سومێدەو کارۆڵ جێرۆم، بازنەی ترس، کاوێز عەبدوڵلا، لەئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (میدیا) هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.

٢٤) کاوە ئەمین، کەسك، سوور، زەرد، پەیام، ژمارە (٢٣)، ئازاری ٢٠٠١، لەندەن.

٢٥) کەناڵی ئاسمانی K.Tv (تەلەفزیۆنی کوردستان)، ٢٠٠٢/٢/٨.

٢٦) د.گویندتەر دێشنەر، کورد: گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، گۆڕینی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.

٢٧) مارتین فان بروئێنێسن، ڕاپەڕینی عەلەوییە کوردەکان لەتورکیا، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: گوشاد حەمەسەعید، گۆڤاری (هاڤیبوون)، ژمارە (١٠)، ساڵی ٢٠٠٢.

٢٨) MED.TV، بەرنامەی (دیداری ئازیزان)، ١٩٩٨/٤/٣.

٢٩) medyaTV، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (غیاث الدین سایان)ی ئەندام پەرلەمانی ویلایەتی بەرلین، ١٩٩٩/١٢/١٥.

٣٠) کەناڵی ئاسمانی (mbc)، ١٩٩٧/١١/٩.

٣١) مەریوان وریا قانع، ناسیۆنالیزمی دوور مەودا (کورد لەدەرەوەی کوردستاندا) دۆخی هۆڵەندا، ڕەهەند، ژمارە (٩-١٠)، ساڵی ٢٠٠٠.

٣٢) محمد عامر دێرشەوی، سیاسة المانیا تجاه الأجانب، ١٩٨٨، اربیل.

٣٣) نامۆ عەزیزو تیلمان موولێر، لەوڵاتی ژنکوژە ئایینییەکاندا، وەرگێڕانەوەی: هێدی، گۆڤاری (هاوار)، ئەڵمانیا، ژمارە (٩)، ساڵی ٢٠٠٠.

٣٤) نـزار آغـري، كاكـا والجـدار، الأكـراد بـين منازلـة الجـدران وتفيئهـا، دار الجديـد وكوردنامه، بيروت، ١٩٩٦.
٣٥) سەكۆ (مانگنامە – بەرلین)، ژمارەکانی (٢٠، ٢٣، ٣١، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧).
٣٦) د.عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠.
٣٧) عەبـدوڵڵا ئیبراهیمـی، ژن بەژنـە دابێکـی درێـوی چەوسـانەوەی ژن لەکۆمـەڵی کوردەواری، گۆڤاری (هەوار)، ژمارە (٣)، خاکەلێوەی ١٩٩٨، ئوستراليا.
٣٨) فاروق ڕەفیق، خۆرئاواو (ئەو)ەکانی موسڵمان وەکو (ئەو)ی خۆرئاوا، ڕەهەند، ژمارە (٨)، ساڵی ١٩٩٩.
٣٩) فازیل کەریم ئەحمەد، گۆڕانەکانی کۆسۆڤۆ، پەیام، ژمارە (٢٣–٢٤)، مایس و حوزەیرانی ٢٠٠٠.
٤٠) د.فؤاد حمه خورشيد مصطفى، القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، اربيل، ٢٠٠١.
٤١) صـلاح عـصام أبـو شـقرا، الأكـراد شـعب المعانـاة، نافذة علـى واقعهـم في لبنـان والعالم، بيروت، ١٩٩٩.
٤٢) د.ڕەشـاد مـیران، ڕەوشـی ئـایینیی‌و نەتـەوەیی لەکوردسـتاندا، چـاپی دووەم، هەولێر.
٤٣) رجائی فایـد – احمـد بهاءالـدين شـعبان، اوجـلان الـزعيم... والقـضية، القـاهرة، ١٩٩٩.
٤٤) ڕزگار هەمەوەندی، کوردەکانی ئوردون و ڕۆڵیان لەدروست کردنی ئوردوندا، گۆڤاری (کوردستانی ئیمڕۆ)، هۆڵەندا، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠٠٠.
٤٥) شـۆڕش خالیـد ئاژگـەیی، مـەلتی دانیمـارك، گۆڤـاری (گـولان)، ژمـارە ٢٩٥، ٢٠٠٠/٩/٧.
٤٦) شێرزاد هـەینی، هـەولێر تـادبلن، گۆڤـاری هـاڤیبوون (٤)، ١٩٩٨ – ژمـارە (٥)، ١٩٩٩، بەرلین.
٤٧) ڕۆژنامەی (Turkiya)ی تورکی، ١٩٩٩/٢/٦.
٤٨) پروفیسور د.خليل اسماعيل محمد – دلشاد مصطفى وەسانی، خط ٣٦ بين الحقيقة والخيال، گولآن العربي، العدد (٤٧) نيسانی ٢٠٠٠.

## کتێبە چاپکراوەکانم:

١) پەردەی شەرم، شیعر، سلێمانی، ١٩٨٢.

٢) کەلەشێری شپی‌و کەلەشێری ڕەش، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لەعەرەبیەوە، بەغدا، ١٩٨٦.

٣) تەکان، شیعر، ١٩٩٠، بەغدا.

٤) ڕۆڵی ئەدەب لەشۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا، ب.دەوەن، هەولێر، ١٩٩١.

٥) بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لەنێوان ١٩٧٥ -١٩٩٣، هەولێر، ١٩٩٨.

٦) کاردۆ گەڵاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، هەولێر ١٩٩٨.

٧) دەروازەیەك بۆ ناسینی (سمایلە باشە)ی شاعیر، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨) چەند پووشێك.. . بۆ (هێلانەیەکی تر) کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی‌و ڕەخنەییە، هەولێر، ٢٠٠٠.



# ناوەڕۆك

١- پێشەكی . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٥
٢- سەرەتایەك بۆ دیاردەی كۆچ و سەفەر . . . . . . . . . . . ١١
٣- قۆناغەكانی كۆچكردن . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٤
٤- هۆیەكانی كۆچكردن . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٢١
٥- لایەنە باش و خراپەكانی كۆچكردن . . . . . . . . . . . . ٤٦
٦- ڕێگاكانی كۆچكردن . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٦١
٧- ڕەوەندی كورد بالۆیزی نەتەوەكەیانن لەدەرەوە . . . . . . . . ٧١
٨- ڕەنگدانەوەی كۆچ و سەفەر لەهونەری كوردیدا . . . . . . . . ٨٤
٩- دیاردەی ڕەگەزپەرستی لەئەوروپادا . . . . . . . . . . . . ٩١
١٠- باری ژنان لەوڵاتانی ئەوروپادا . . . . . . . . . . . . . ١٠٣
١١- كوردە پەراگەندەكانی دونیا . . . . . . . . . . . . . . . ١٢٣
١٢- تورك لە چ ڕوانگەیەكەوە سەیرمان دەكەن . . . . . . . . . ١٣٣
١٣- هەندێك وشەی هاوبەش لەنێوان زمانەكاندا . . . . . . . . . ١٥٠
١٤- سەربردەی سەفەرەكەی (سەمیر غەریب سەمیر) . . . . . . . ١٥٩
١٥- پەراوێزەكان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٨٧
١٦- سەرچاوەكان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٩٥
١٧- كتێبە چاپكراوەكانم . . . . . . . . . . . . . . . . . ١٩٨